**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٢٣

ساڵی/ ٢٠٢١ – بەرگی سەدو بیست و سێ

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٣

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

---

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(٢٠٢١)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: ١٢٣
چاپی یەکەم: ٢٠٢٣
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد،، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:
چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە ٢٠٢١/١٢/١ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢١/١٢/٧ ل ٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢١/١٢/٨ ل١٢١

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی**

**چوارشەممە رێکەوتی ١\١٢\٢٠٢١**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)
# چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمە ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکانی (٤٧،٤٨)، بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤،٥٥،٥٦،٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێککەوتی (٢٠٢١/١٢/١) بەم شێوەیە بێت:

١-دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنیـیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمی ماددەکان (٩٠،٩١،٩٣،٩٦،٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢-خستنە رووی بەدواداچوونی هەردوو لیژنەی ناوخۆ، ئاسایش، ئەنجومەنە خۆجێییەکان، لیژنەی پەروەردە، خوێندنی باڵا و توێژینەی زانستی سەبارەت بە خۆپیشاندانی خوێندکاران.

٣-خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧،٨٨،٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٩)ی وەرزی پایزە، لە ساڵی سێیەم، لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکەین، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش زیاتر لە جارێك هێرشی کردۆتە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەو هۆیەوە بەداخەوە (٨) پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون، چەند پێشمەرگەیەکیش بریندارن، بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سەرەرای ڕاگەیاندنی نیگەرانی قوڵمان پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکارە سەربەرزەکەیان دەکەین، خوا سەبوریان بدات، انشاءالله جێگەی شەهیدەکان بەهەشت دەبێت و، انشاءالله بریندارەکانیش بە زووترین کات چاك دەبنەوە، ئومێد دەکەین وەکو پەرلەمانی کوردستان خوێنی ئەو شەهیدانە ببێتە هەوێنی یەکریزی گەلی کوردستان بەئاراستەی خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان، بەئاراستەی پاراستنی خاك و خەڵکی کوردستان، بەڕێزان ئەوەی ڕوودەدات ئاماژەیەکی ڕوونە کە بۆشایی ئەمنی گەورە لەنێوان سنووری هەرێمی کوردستان سنووری ناوچە کوردستانییەکان هەیە، بۆیە داوا لە هەردوو حکومەتی

عێراقـی و حکـومەتی هەرێـم دەکەیـن بە هاوئـاهەنگی ئەو بۆشـاییانە پـڕبکەنەوە ئەو کەلێنـانە پڕبکەنەوە، هاوکـات داوا لە وەزارەتـی پێشـمەرگە دەکەیـن کە پێداویسـتی لۆجسـتی و سـەربازی زیاتر بگەیەنێتە سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بۆ ڕێزگرتن لە روحی پـاکی شـەهیدەکانمان بفەرمـوون دەقیقەیەك بەپێوە رادەوەستین، فەرموون، ئێستاش دا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردسـتان دەکەم بەرنامەی کاری کۆبوونەوە پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشـوو، نـاوی ئامـادەنەبووان بخوێنێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێـی حـوکمی مـاددەی (٥) بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی (١٦)، بـڕگەی سـێیەم لە مـاددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چـوارەم، پێـنجەم لە مـاددەی (٢٠)، ماددەکـانی (٤٧،٤٨)، بـڕگەی یەکەم لە مــاددەی (٥٢) ماددەکــان (٥٤،٥٥،٥٦،٥٧) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردســتان دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان بڕیاریـدا بەرنـامەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (٩)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم، لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی چوارشەمە، رێککەوتی (٢٠٢١/١٢/١) بەم شێوەیە بێت:

١-دەنگـدان لەسـەر پـڕۆژە یاسـای کۆمپانیـا ئەمنیـیە تایبەتەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان، بەپێـی حوکمی ماددەکان (٩٠،٩١،٩٣،٩٦،٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢-خسـتنە رووی بەدواداچـوونی هەردوو لێـژنەی نـاوخۆ، ئاسـایش، ئەنجـومەنە خۆجێییەکـان، لێژنەی پەروەردە، خوێندنی باڵا و توێژینەی زانستی سەبارەت بە خۆپیشاندانی خوێندکاران.

٣-خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پـڕۆژە یاسـای سەرپەرشـتیکردنی پڕۆژەکـانی کشـتوکاڵی لە هەرێمـی کوردستان، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧،٨٨،٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

-پوختەی دانیشتنی ژماری (٨)ی ئاسایی:

بەپێـی حـوکمی بـڕگەی دووەمـی مـاددەی (٢٠،٥٢) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (٨)ی ئاسـایی خـولی پـایزە، سـاڵی سـێیەم، لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆ، رۆژی چوارشـەمە، رێککەوتـی (٢٠٢١/١١/٢٤) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کار، پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادە نەبـوو بە مـۆڵەت و بـێ مۆڵەت لەلایەن بەریز سکرتیری پەرلەمان.

٣-دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤-خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

٥-دواخسـتنی خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پـڕۆژە یاسـای سەرپەرشـتیکردنی پڕۆژەکـانی کشـتوکاڵی هەرێمی کوردستان.

٦-کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

-لیستی ئامادە بوون و ئامادەنەبووی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی، (٢٠٢١/١١/٢٤).

ناوی ئەندامان:
هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەنها بەڕێز (دابان محمدحسین) ئامادە نەبووە.
١-باپیر کاملا سلێمان.
٢-جەلال محمد امین.
٣-احسان محمد سلیم.
٤-جلال محمد عبدالله.
٥-جمال حویز مصطفی.
٦-جیهاد حسن ابراهیم.
٧-دیاری انور حمە رحیم.
٨-سعید مصطفی تەتەرخان.
٩-سلمە فاتح توفیق.
١٠-سیپان سالم حسن.
١١-عبدالستار مجید قادر.
١٢-هاوڕێ بناء محمد.
١٣-هدیە مراد حیدر.
١٤-هیمداد صباح بلال.
١٥- (کاظم فاروق نامق) ئامادەنەبوو بە بڕیاری (٢٠٢١)
بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بەبێ مۆڵەت لە کۆبونەوەی لێژنە هەمیشەییەکان ئامادە نەبوون:
لێژنەکان:
-لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی (٢٠٢١/١١/٢٩) مۆڵەتیان پێدراوە:
١-لەنجە ابراهیم عبدالرحمن
٢-فاهیك کمال صوغومون
٣-شاخوان رؤوف مصطفی
-لێژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر (٢٠٢١/١١/٢٩):
١-مسلم عبدالله رسول
٢-لقمان حمد حاجی (مۆڵەت)
-لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری (٢٠٢١/١١/٣٠):
١-لیزا فلك الدین صابر (مۆڵەت).
٢-سەرکۆ ئازاد حسین (مۆڵەت).
-لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری (٢٠٢١/١١/٣٠):
١-عثمان کریم سوارە (مۆڵەت).
٢-سیپان سالم حسن (ئامادەنەبوو).
-لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان (٢٠٢١/١١/٣٠):

١- محسن حسين مصطفى (مۆڵەت).
٢-رزگار عیسا سوار (مۆڵەت).
٣-کاوە عبدالقادر حسن (مۆڵەت).
-لێژنەی کاروباری یاسایی (٢٠٢١/١١/٣٠):
کاوە عبدالقادر حسن (مۆڵەت).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار دەکەین، ناوتان دەنوسرێ ئێستا، سەرۆکایەتی لێژنەی ناوخۆ، سەرۆکایەتی لێژنەی یاسایی، فەرموون، ناوی ئەو بەڕێزانە بنوسە کە دەستیان بەرز کردۆتەوە، فەرموون سەرۆکایەتی هەردوو لێژنە، بەڕێزان ناوەکانتان دەنووسین، بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار جێبەجێ دەکەین، دواتر وەرتان دەگرین، بەڕێزان ئەم بابەتە دەنگدانە ئێستاش هەر هەموو لە ژوورەوەن ئەوپەڕی نیو سەعاتی پێویستە هەر بەپێی ئەم پەیڕەوەش نە قابیلە بۆ دواخستن و نە قابیلە بۆ هیچ دەبێت لە ماوەی هەفتەیەکدا دەنگی پێبدرێت، دوایی ئەمانەی کە ناوتان نوسیوە هەر هەمووتان وەردەگیرێن، پێش ئەوەی بچینە سەر بڕگەی دوو، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عیداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان:
بابەت/ راپۆرتی دەنگدان

لێژنەی کاروباری یاسایی، لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان رۆژی سێشەمە رێککەوتی (٢٠٢١/١١/٣٠) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ کۆبونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون سەبارەت بە پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لێژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەیە:
-پێشنیاری یەکەم: ناونیشانەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:
پڕۆژە یاسای کۆمپانیاکانی پاسەوانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
-پێشنیاری دووەم: وەك خۆی
پڕۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ناونیشان بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ (١) کەس، سەبارەت بە پێشنیاری دووەم وەك خۆی؟ بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (١)، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

سەبارەت بە ماددەی (١) سێ پێشنیار هەیە:

-پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی هەشتەمی ماددەکە لابرێت.

-پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی حەوتەمی ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:

حەوتەم:

کارمەند: ئەو کەسەیە کە لە کۆمپانیایەکی ئەمنی تایبەت کاردەکات بەپێی گرێبەستێکی پەسەندکراو لەلایەن فەرمانگەیەکی یاسایی.

-پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی:

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

١-هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢-وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

٤- بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە وەزارەت.

٥- فەرمانگەی یاسایی: فەرمانگەی یاسایی لە وەزارەت.

٦- کۆمپانیا: ئەو کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتانەیە کە لە هەرێم دامەزراوە یان لقی کۆمپانیایەکی بیانی تۆمارکراو لە هەرێم بەپێی یاسی کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (٢١)ی ساڵی (١٩٩٧)ی هەموارکراو بەرکار لە هەرێم کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مۆڵەتدراوە.

٧- کارمەند: ئەو کەسەیە کە کاری ئەمنی دەکات لە کۆمپانیا بەپێی گرێبەستێکی پەسەندکراو لەلایەن فەرمانگەی یاساییەوە.

٨- سەگی پاسەوانی: ئەو سەگەیە کە بۆ کارەکانی پاسەوانی و ئەمنی بەکاردێت.

٩-مۆڵەت: ڕێگەپێدانی کارکردنی کۆمپانیای ئەمنی تایبەتە لەلایەن وەزارەتەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (١) سێ پێشنیار هەیە هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە؟ بەدەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) چوار پێشنیار هەیە:

-پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی لەگەڵ زیادکردنی دوو بڕگە بە زنجیرەی پێنجەم و شەشەم.

پێنجەم: ڕەخساندنی هەلی کار.

شەشەم: ڕێکخستنەوەی کاری پاسەوانی تایبەت.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:
دووەم: کاری کۆمپانیا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکان و پاراستنی گیان و سەرو ماڵی هاووڵاتیان و شوێنی کۆمپانیاکان و دامەزراوەکان و دام ودەزگاکان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم،
پێشنیاری سێیەم ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی چوارەم لابرێت.
پێشنیاری چوارەم وەك خۆی:
ماددەی (٢) :
ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتی یە لە ڕێکخستنی:
یەکەم: ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێم.
دووەم: کاری کۆمپانیا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکان و پاراستنی گیان و سەر و ماڵی کەسەکان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.
سێیەم: چاودێری و پشکنین و بەدواداچوونی کاری کۆمپانیا بۆ مسۆگەرکردنی پابەندبونیان بە یاسا و ڕێنماییەکان.
چوارەم: ئەو ڕەسم و گەرەنتینانەی کە کۆمپانیا پابەندن بە پێشکەش کردنیان و ئەو سزایانەی لەکاتی سەرپێچیکردن دەسەپێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (٢) چوار پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ (٣) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ (٤) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە؟ بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) چوار پێشنیار هەیە:
-پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بکرێتە یەك بڕگە و بەم شێوەیەی خوارەوە:
ماددەی (٣):
نابێت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت کۆمپانیای ئەمنی دابمەزرێت یان خزمەتگوزاری ئەمنی پێشکەش بکرێت یان وەك لقێکی کۆمپانیای بیانی تۆمار بکرێت.
-پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەم شێوەی لێبکرێت:
یەکەم: نابیت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت هیچ کۆمپانیایەك دابمەزرێت یان لقی کۆمپانیایەکی بیانی تۆمار بکات.
-پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی
ماددەی (٣):
یەکەم: نابێت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت کۆمپانیایەك دابمەزرێ یان لقی کۆمپانیایەکی بیانی تۆمار بکرێت.

دووەم: نابێت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت هیچ کۆمپانیـایەك خزمەتگوزارییە ئەمنییەکـان پێشـکەش بکات.
-پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند
بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان کە بە لێژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشـنیار کـراون لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـان لە دانیشـتنی خوێنـدنەوەی دووەمـدا ئەم پێشـنیارانە دەخەیـنە روو داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.
ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی یەکەمی ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:
یەکەم: نابێت لە هەرێم بەبـێ رەزامەنـدی وەزارەت و پـاش لاری نەبـوونی ئەنجـومەنی ئاسـایش کۆمپانیایەکی ئەمنی دابمەزرێت یان لقێکی کۆمپانیایەکی ئەمنی بیانی تۆمار بکرێت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سـوپاس، بەڵـێ بەڕێـزان مـاددەی (٣) چـوار پێشـنیار هەیە، هەر بەرێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە؟ کەس لەگەڵـی نیـیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە؟ (٤)کەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمە؟ بە دەنگی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە:
-پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی چوار لە بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:
چـوار: سـەنەدی خـانووبەرەیەك کە بـۆ بارەگـای کۆمپانیـا گونجـاو بـێ بەمەرجێـك دوور بێـت لە شوێنی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیان.
پێشنیاری دووەم وەك خۆی
ماددەی (٤):
داواکاری وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت دەکرێت بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:
یەکەم: ئەگەر کۆمپانیـاکە نیشـتمانی بێـت پێویسـتە ئەمـانەی خـوارەوە هـاوپێچی داواکـارییەکە بکرێت:
١- بەڵگەنامەی دامەزراندن کە مەبەستەکەی تێدا روون کرابێت.
٢- ناوی دامەزرێنەرانی.
٣- ناوی بەڕێوەبەری رێپێدراو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری کۆمپانیای پشکدار.
٤- سەنەدی خانوبەرەیەك کە بۆ بارەگای کۆمپانیا گونجاو بێت.
٥- لیســتێك بەنــاو و ژمــارە و جــۆری ئەو چەك و کەلــوپەلە ســەربازیانەی لەگەڵ ســەرچاوەی دابینکردنیان کە کۆمپانیا پێویستی پێیەتی.
٦- لیستێك بەناوی جۆری ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە کۆمپانیا خاوەنیان پێویسـتی پێـی دەبێـت لەگەڵ دیاریکردنی چۆنیەتی بەدەست خستنیان.

٧- لیستێك بەناوی جۆری ئامێرەکانی پەیوەندی بێ تەل و فریکوێنسی بەکارهێنانیان لەگەڵ چۆنیەتی بەدەست خستنی ئەو ئامێرانە و خەسلەتەکانیان.
٨- بەڵگەنامەیەکی سپاردنی بارمەتەیەکی نەختینەیی لەلایەن یەکێك لە بانکە حکومەیەکان لە هەرێم وەك گرەنتییەك بۆ بەرژەوەندی وەزارەت بە بڕی (٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار.
دووەم: ئەگەر لقی کۆمپانیای بیانی بێت پێویستە ئەمانەی خوارەوە هاوپێچی داواکارییەکە بکرێت:
١-بەڵگەنامەی تۆمارکردنی لقی کۆمپانیاکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەرێم.
٢- وێنەیەك لە گرێبەستی دامەزراندن و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمپانیای سەرەکی یان ئەوەی جێگایان دەگرێتەوە.
٣- وێنەیەك لە بەڵگەنامەی تۆمارکردنی لقی کۆمپانیا لە هەر وڵاتێك کە تیایدا تۆمارکراوە.
٤- لیستێك بەناوی ئەندامانی کارگێری کۆمپانیا رەگەزنامە هەر یەکێکیان و ناوی ئەو کەسانەی لەجیاتی کۆمپانیا بە واژوو کردنیان راسپێردراون.
٥- وێنەیەك لە راسپاردەی بەڕێوەبەری لق لە عێراق کە بەشێوەیەکی کردەیی تیایدا نیشتەجێ یە بەجۆرێك لەلایەن کارگێری کۆمپانیا دەرکرابێت لەگەڵ نمونەی واژووکەی.
٦- وێنەیەك لەدواین ژمێری کۆتایی کۆمپانیا لەگەڵ دوو وێنە لە راپۆرتی ئەنجومەنی کارگێری یان دەستەی گشتی کە هاوپێچ یان پاشکۆی ئەم ژمێرانەیە.
٧- ژمارەی ئەو چەکانی کۆمپانیا پێویستی پێیان دەبێت لەگەڵ جۆر و ژمارەکانیان وتەقەمەنی و شوێنی دروستکردنیان.
٨- ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان و جۆرەکانی و شوێنی دروستکردنیان و ژمارەی تابلۆ و تۆمارکردنیان، بەو مەرجەی بەناوی کۆمپانیا تۆماربکرێن لە فەرمانگەی هاتوچۆی تایبەتمەند.
٩- خستەرووێك بە ئامێری بێ تەلەکان کە جۆر و ژمارەی زنجیرەیی و شوێنی دروستکردن و خەسلەتە هونەریەکانی دیکەیان لەخۆ بگرێت بەو مەرجەی تەنیا بۆ پەیوەندیکردن تەرخان کرابێت و ملکەچ دەبێت بۆ پشکنینی وردی لەلایەن وەزارەتەوە.
١٠- بەڵگەنامەی سپاردنی بارمتەیەکی نەختینە لەلایەن یەکێك لە بانکە حکومیەکان لە هەرێم وەك گرەنتییەك بۆ بەرژەوەندی وەزارەت بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دیناری عێراقی.
سێیەم: پێویستە ئەو بەڵگەنامانەی لە خاڵەکانی (٢،٣،٤،،٥،٦)ی بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە دەق نووسکراوە لە نیشتیمانگەی کۆمپانیاکە پەسەند کرابێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە با بفەرموێ دەست بەرز بکاتەوە؟ (٣) کەسی لەگەڵ، هەر کەسێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ بەدەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٥) دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەكەم: ماددەكە وەك خۆی تەنیا بڕگەكانی (یەكەم، سێیەم) بەم شێوەیەی خوارەوەی لێبكرێت:
یەكەم: پێویستە لەسەر لایەنی تایبەتمەند بڕوانێتە داواكاری پێدانی مۆڵەت لە ماوەی (٦٠) رۆژ لە رێككەوتی وەرگرتنی داواكارییەكە.
سێیەم: داواكاری لەكاتی چارەسەركردنی هۆی رەتكردنەوەی بۆی هەیە داواكارییەكی نوێ پێشكەش بكات.
پێشنیاری دووەم وەك خۆی:
ماددەی (٥):
یەكەم: پێویستە لەسەر وەزارەت بڕوانێتە داواكاری پێدانی مۆڵەت لە ماوەی (٦٠) رۆژ لە رێككەوتی وەرگرتنی داواكارییەكە.
دووەم: لە حاڵەتی رەتكردنەوەی داواكاری پێویستە بڕیاری رەتكردنەوە نووسرا و هۆداربێت و لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (١٥) رۆژ لە رێككەوتی بڕیارەكە بە داواكار رادەگەێنرێت.
سێیەم: داواكار لەكاتی نەمانی هۆی رەتكردنەوە بۆی هەیە داواكارییەكی نوێ پێشكەش بكات.
چوارەم: ئەگەر وەزارەت رەزامەند بێت لەسەر داواكارییەكە ئەوا پێویستە لەسەری ئەم رەزامەندییە بە داواكاری مۆڵەت رابگەینن بۆ دانانی رەسمی مۆڵەتی دیاریكراو كە لە خشتەی پاشكۆی ئەم یاسایە دا هاتوون بەو مەرجەی لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٣٠) رۆژ لە رێككەوتی پێراگەیاندنی بە رەزامەندی رەسمەكە بدات، لەكاتی نەدانی رەسمەكە كە لە ماوەی دیاریكراودا بەبێ پاساوێكی رەوا ئەوا بڕیاری پێدانی مۆڵەتەكە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، ماددەی (٥) دوو پێشنیار هەیە، چەند كەس لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە دەست بەرز كاتەوە؟ یەك دەقە با لە لیژنەی یاسایی بپرسین، بەڵێ بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی، پێشنیاری كاك (بەڵێن)، فەرموو.
**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
لەسەر ماددەی (٥) نۆ ئەندام پەرلەمان قسەیان كردییە كاك (بەڵێن) تەسەلسولەكەی یەكەم كەس بوو، روونكردنەوەی داوە، لەگەڵ پێشنیاری كردییە بەبێ پاساوێكی رەوا مەسح بێ، چۆن (٨) كەس؟ نا ئەوە لای منە دڵنیابە، لەسەر ماددەی (٥)، (٩) ئەندام پەرلەمان قسەیان كردییە، جەنابت یەكەم كەسی تەوزیحت داوە لە بەشی یەكەمی قسەكردنت، بەشی دووەم داوات كردییە بێ پاساوێكی رەوا مەسح بێ، ئەوە تەفاصیل لای من هەیە، بۆ ئەوەی كاك (بەڵێن) دڵنیا بێت، (شیرین) خان جەنابت قسەی كردییە، كاك (كاروان)، شێخ (ظاهر)، كاك (د.ریبوار)، كاك (مم)، (سەرچنار) خان، (د.شایان)، (د.اسماعیل)، نازانم یەعنی من هیچ گومانم نییە، هیچ یەكێك لەو برادەرانە پشتگیری جەنابتی نەكردییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٥) دوو پێشنیار هەیە پێشنیاری یەکەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ (٢)کەسی لەگەڵە، چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (٦)، فەرموون.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەباەرت بە ماددەی (٦) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:

یەکەم: مۆڵەت بەپێی هەر دوو ماددەی (٤)، (٥)ی ئەم یاسایە بۆ ماوەی (٢) ساڵ دەدرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:

یەکەم: مۆڵەت بەپێی ماددەی (٤)، (٥)ی ئەم یاسایە بۆ ماوەی (١٨) مانگ دەدرێت.

پێشنیار سێیەم: وەك خۆی:

ماددەی (٦):

یەکەم: مۆلەت بەپێی هەردوو ماددەی (٤)،(٥)ی ئەم یاسایە بۆ ماوەی (١) ساڵ دەدرێت.

دووەم: مۆڵەتی کۆمپانیا بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە نوێ دەکرێتەوە.

١-پێشکەشکردنی داواکارییەکی نوسراو لەلایەن بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی کۆمپانیا لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی ئاراستەی وەزیر دەکرێت بەر لە (٣٠) ڕۆژ لە کۆتای هاتنی مۆڵەت.

٢- پێشکەشکردنی پشتگیرییەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیا کە تیایدا پشتراستی بەردەوامی کۆمپانیاکە بکات لە کارکردنیدا.

٣- پێشکەشکردنی وێنەیەك لە گرێبەستەکانی کۆمپانیا لە ماوەی کارکردنیدا.

٤- بەڵێننامەی ئەستۆپاکی لە بەڕێوەبەرایەتی تایبەتمەندیەکانی باج.

٥- دانانی ڕەسمی نوێکردنەوەی دیاریکراو بەپێی خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٦) سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەم؟ (٣) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ (٣) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە؟ بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (٧)، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) پێنج پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی حەوتەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:

حەوتەم: ڕێژەی هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێم (٩٠%)، (٩٠%)ی کارمەندانی کەمتر نەبێت، ئەگەر کۆمپانیای نیشتمانی بێت و (٧٥%) کارمەندانی کەمتر نەبێت ئەگەر لقی کۆمپانیایەکی بیانی بێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی لەگەڵ زیادکردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی هەژدەیەم و بەم شێوەیەی خوارەوە:

هەژدەیەم: پاراستن و خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی کردن و زانیاریە نیشتمانییەکان کە پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.
پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی حەوتەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:
حەوتەم: رێژەی هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێم (٩٠%)، (٩٠%)ی کارمەندەکانی کەمتر نەبێت، ئەگەر کۆمپانیای نیشتمانی بێت و (٧٠%) کارمەندانی کەمتر نەبێت، ئەگەر لقی کۆمپانیای بیانی بێت.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەل زیادکردنی بڕگەیەك بە زنجیرە هەژدەیەم و بەم شێوەیەی خوارەوە:
هەژدەیەم: لە ئەستۆگرتنی خەرجییەکانی چارەسەری کارمەندان لەلایەن کۆمپانیاوە بۆ ئەو کارمەندانەی کە لە کاتی ئەرکدا رووبەرووی هەر جۆرە رووداوێکی نەخوازراو دەبنەوە.
پێشنیاری پینجەم: وەك خۆی:
ماددەی (٧) کۆمپانیا پابەند دەبێت:
یەکەم: دابینکردنی هەڵواسگەی تاخم رەختی رێکخراو بۆ چەکەکان و کۆگەی کەلوپەل و تەقەمەنییەکان گۆڕەپان بۆ ئۆتۆمبیلەکانی لە دەرەوەی ناوچەکانی نێشتەجێ بوون.
دووەم: دروستکردنی داتا بەیسێك بۆ گشت چالاکییەکانی کۆمپانیا و سەرجەم ئەو زانیاریانەی پەیوەندیان بە کارمەندان و ئەوانەی تر کە لەلایان کاردەکەن ئۆتۆمبیل و چەك و تەقەمەنی و کولوپەلەکانی.
سێیەم: رێکخستنی دۆسیە بۆ سەرجەم کارمەندان و ئەوانی تر کە لەلایەن کۆمپانیا کاردەکەن لە داتای هەر یەکیان لەخۆ بگرێت.
چوارەم: هەبوونی پێنووسی بازرگانی کە بە یاسا بڕیاری لێدراوە، ئەم تۆمارانەی خوارەوە رێك بخات.
یەکەم: تۆمارنامەی چەك و کەلوپەلی دیکە کۆمپانیا و چۆنیەتی بردنە دەرەوەی چەکەکان و بەکارهێنانیان.
دووەم: تۆمارنامەی جولە و هاتوچۆی کارمەندان و ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیا.
سێیەم: هەر تۆمارنامەیەکی دیکە کە وەزارەت داوای بکات.
چوارەم: زانیاری بداتە وەزارەت دەربارەی ئەو ئۆتۆمبیلە قەلغان (درع) کە کۆمپانیا خاوەنیانە یان بەکاریان دەهێنێت.
پێنجەم: وەرگرتنی رەزامەندی پێش وەختی وەزارەت بەر لە گرێبەستەکان لەگەل هەر کەس و لایەنێك بە پێدانی وێنەیەکی گریبەستەکە بە وەزارەت لە ماوەیەك لە (١٥) رۆژ تێپەر نەکات لە رێککەوتی ئەنجامدانی.
حەوتەم: رێژەی هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێم (٩٠%)، (٩٠%)ی کارمەندانی کەمتر نەبێت ئەگەر کۆمپانیای نیشتمانی بێت و (٥٠%)، (٥٠%)ی کامەندانی کەمتر نەبێت ئەگەر لقی کۆمپانیا بیانی بێت.
هەشتەم: دامەزراندنی هیچ کارمەندێك بەبێ رەزامەندی وەزارەت.

نـۆیەم: پابەنـدکردنی کارمەنـدەکانی بە پۆشـینی جلـوبەرگی تـایبەت بە کۆمپانیـا کە لەلایەن وەزارەت دیاری کراوە، پێویستە ئارم و یان لۆگۆی کۆمپانیا و ئـاڵای کوردستانی لەسـەر دانرابێ، نابێـت جلـوبەرگی کارمەنـدانی کۆمپانیـا لێکچـوو بێـت لەگەڵ جلـوبەرگی هێـزە ئەمنییەکـان و هێزەکانی پێشمەرگە.

دەیەم: رادەسـتکردنەوەی چەم و تەقەمەنییەکـان لەلایەن کارمەنـدانەوە بە کۆگـای کۆمپانیـا لەدوای کۆتایی هاتنی هەر ئەرکێك.

یـازدەیەم: ئاگـادارکردنەوەی وەزارەت و فەرمانگەکـانی ئاسایشـی پارێزگاکـان سـەبارەت بە هەر تاوانێك کە لە سنووری کاری کۆمپانیا روو دەدات یان گومانی رووداني لێ دەکرێت.

دوازدەیەم: بەکـار نەهێنـانی هێـز دژی هەر کەسـێك یـان کـۆمەڵە کەسـێك بـێجگە لە حـاڵەتی بەرگریکردنـی رەوا نەبێـت بەپێـی حوکمەکـانی یاسـای سـزادانی عێراقـی ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو بەرکـار یـان هەر یاسـایەکی دیـکە کە جـێگەی بگـرێتەوە یاسـاکانی دیـکەی پەیوەندیدار.

سێزدەیەم: دڵنیـایی کردنـی تەئمین بەرامـبەر بەو مەترسـیانەی دەرەنجـامی چالاکیەکـانی لەلای کۆمپانیای دڵنیای متمانە پێکراو لە هەرێم.

چواردەیەم: دانانی ئەو رەسمانەی لە ئەستۆیەتی بەپێی خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایە.

پـازدەیەم: دروسـتکردنی ناسـنامەی کارمەنـدەکان لە وەزارەت و نـوێکردنەوەی بەشـێوەیەکی ساڵانە.

شـازدەیەم: دەرکردنـی ناسـنامەی هەڵگرتنـی چەك بـۆ کارمەنـدان لە وەزارەت بـۆ نـوێکردنەوەی بەشێوەیەکی ساڵانە.

حەڤـدەیەم: دەرکردنـی بـاجی بەکارهێنـانی ئۆتـۆمبیلی کۆمپانیـا لە وەزارەت و نـوێکردنەوەی بەشێوەی ساڵانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، سـەبارەت بە مـاددەی (٧) پێـنج پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم کێـی لەگەڵە؟ (٢) کەس، پێشنیاری دووەم کێـی لەگەڵە؟ (١) کەس، پێشـنیاری سـێیەم کێـی لەگەڵە؟ بە دەنگـی (٧٣) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـەند کـرا، پێشـنیاری چـوار چەنـد کەسـی لەگەڵە؟ (١) کەس، پێشـنیاری پێنجەم چەند کەسی لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری سێیەم پەسەند کرا.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی:

ماددەی (٨):

ئەو کارانەی کۆمپانیا قەدەغەکراون:

یەکەم: هەر چالاکییەك لە دەرەوەی چوارچێوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان.

دووەم: بەکارهێنـانی چەك و تەقەمەنـی و ئامێرەکـانی پەیوەنـدی بـێجگە لەو بـوارانەی رێـگە پێدراون.

سێیەم: بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلەکانی کۆمپانیا لە دەرەوەی ئەو ناوچانەی بۆیان دیاریکراوە.
چــوارەم: خاوەنــداریەتی یــان بەکارهێنــانی هەر ئۆتــۆمبیلێکی قەلغــان مەگەر بە رەزامەنــدی وەزارەت هێنــرابێتە نــاوەوەی هەرێــم ئەگەر هاوردەکرابێــت یــان لەلایەن کــارگەی مۆڵەتــدراو لەلایەن وەزارەتەوە لەناو هەرێم کرابێت بە قەلغان.
پێنجەم: بەردەستکردن یان عەمبارکردن یـان مـامەڵە پێکردنـی چەکـی ئـاگری مـۆڵەت پێـنەدراو، چەکی جەنگی و کەرەستەی شیاو بۆ تەقە یان تەقەمەنی.
شەشـەم: هەر چـالاکییەك بێـتە مـایەی هەرەشـە کـردن لە ئاسـایش و سـەقامگیری هەرێـم یـان یەکێتی گەل و خاکەکەی.
حەوتەم: دروستکردنی رێکخستنێکی سەربازی یان ناسەربازی.
هەشتەم: هەر کارەك بێتە مایەی دەست تێـوەردان لە کاروبـاری نـاوخۆی هەر وڵاتێکـی دیـکە یـان لێدانی بەرژەوەندییەکانیان.
نـۆیەم: هەڵسـان بە هەر کارێـك ببێـتە مـایەی دەسـت درێژیکـردن لەسـەر مـاف و ئازادییەکـانی هاووڵاتیانی هەرێم.
دەیەم: خاوەنــداریەتی ئەو چەکە قەبــارەی فیشــەکەکانی زیــاتر بێــت لە (٧ملـم/٦٢) جـگە لەو دەمانچەی قەبارەی فیشەکەکانیان (٩ملم).
یازدەیەم: خاوەنداریەتی یان بەکارهێنانی چەکی بێدەنگ.
دوازدەیەم: گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی کەلـوپەلی سـەربازی لە شـوێنەك بـۆ شـوێنەکی دیـکە بەبێ رەزامەندی پێش وەختەی وەزارەت.
پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەندە:
١-مــاددەکە وەك خــۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریــانەی خــوارەوە لە بڕگەکــانی دووەم و ســێیەم و نۆیەمدا.
دووەم: بەکارهێنـانی چەك و تەقەمەنـی و ئامێرەکـانی پەیـوەنیکردن بـێجگە لەو بـوارانەی رێـگە پێدراون.
ســێیەم: بەکارهێنــانی چەك و تەقەمەنییەکــانی کۆمپانیــا لە دەرەوەی ئەو ناوچــانەی بۆیــان دیاریکراوە.
نـۆیەم: هەر کـارەك ببێـتە مـایەی دەسـت درێژیکـردن لەسـەر مـاف و ئازادییەکـانی هاووڵاتیـانی نیشتەجێی هەرێم.
٢- زیادکردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی سێزدەهەم بۆ ماددەی ئەم شێوەیەی خوارەوە:
سێزدەیەم: گواستنەوەی هەر زانیارییەك کە پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە هەیە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سەبارەت بە ماددەی (٨) دوو پێشنیار هەیە بەڕێزان، بەڵێ (گوڵستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزی کە خاڵی پێنجەمی خوێندەوە لە پێشنیاری یەکەمدا خاڵی پێنجەم لە دێری دووەمدا پێ نەدراو ئەو بە پێدراو خوێندییەوە، چونکە ئەوە دەچێتە پرۆتۆکۆل، دەڵێ (چەکی ئاگری مۆڵەت پێ نەدراو) گوتم ئەوە بۆ ئەوەی راست بێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕیزان ماددەی (٨) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ (١) ئەندامی لەگەڵە، پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (٩)، فەرموون.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (٩) حەوت پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی (٩) لە بڕگەی یەکەمدا لابدرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی (٣) لە بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

٣- بەلانی کەم خوێندەواری هەبێت.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی (٣) لە بڕگەی یەکەم لابدرێت.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵەکانی (١،٢) لە بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:

١-نیشتەجێی هەرێم و ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان بێت.

٢- تەنیا لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٥٥) ساڵ زیاتر نەبێت.

پێشنیاری پێنجەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵەك بۆ زنجیرەی چوار بۆ بڕگەی دووەمی ماددەکە زیاد بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

٤- ناوبانگی چاك بێت و بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابرۆبەر حوکم نەدرابێت.

پێشنیاری شەشەم: وەك خۆی:

ماددەی (٩):

کارمەند پێویستە ئەم مەرجانەی تێدابێت:

یەکەم: ئەگەر عێراقی بێت:

١-نیشتەجێی هەرێم بێت.

٢- تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت، لە (٥٠) ساڵ زیاتر نەبێت.

٣- بەلایەنی کەم دەرچووی قۆناغی بنەڕەتی بێت.

٤- لە پشکنینی تەندروستی دەرچووبێت بەپێی راپۆرتی لێژنەیەکی پزیشکی پسپۆر لە وەزارەتی تەندروستی بەو مەرجە تەندروستیانەی کە وەزارەت دیاریان دەکات.

٥- بە سەرکەوتوو دەرچووبێت لە خولەکانی پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێری و تەکنەلۆژیای زانیاری لە وەزارەت.

٦- ناوبانگی چاك بێت و بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابرووبەر حوکم نەدرابێت.

٧- فەرمـانبەری حكـومی نەبێـت لە راژەی تەمەنـی یـان سـەربازی بەشـێوەی هەمیشـەی یـان گرێبەست.
٨- دەستبەرێكی كەسی وەك بارمتە بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیـۆن دینـاری عێراقـی پێشكەش بە وەزارەت بكات یان ئەم بڕە پارەیە لەسەر ژمێرەی وەزارەت تۆمار بكات.
٩- رەزامەندی لایەنی ئەمنی وەربگرێت بۆ دامەزراندنی.
١٠- دەسـتەبەر كرابێـت لەلای بەڕێـوەبەرایەتی دەسـتەبەری كـۆمەڵایەتی تایبەتمەنـد بەر لە گرێبەست كردن لەگەڵیدا.
١١- لەو خولانەی مەشق و راهێنـان دەربچێـت كە لەلایەن وەزارەتەوە رێـك دەخرێـت و جێبەجـێ دەكرێت.
دووەم: ئەگەر بیانی بێت:
١-رەزامەندی وەزارەت وەربگرێت.
٢- دەستەبەرێكی كەسی وەك بارمەتە بە بڕی (٧٠٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن دینـاری عێراقـی پێشكەش بە وەزارەت بكات یان ئەم بڕە پارەیە لەسەر ژمێرەی وەزارەت تۆمار بكرێت.
٣- بەڵـگە نـامەیەك لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی لقـی كۆمپانیـا پێشـكەش بكرێـت بـۆ ئامـادەكردنی كارمەنـد لەبەردەم دەسـەڵاتە تایبەتمەنـدەكان لەكـاتی داواكردنـی بەرپرسـیاریەتی كۆمپانیـا بەشێوەی پێكەوەیی دەبێت لەو كردارانەی لە هەرێم ئەنجامی دەدات.
پێشنیاری حەوتەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند:
مـاددەكە وەك خـۆی تەنیـا خاڵەكـانی (٢،٣،١٠) لە بـڕگەی یەكەمـی ئەم مـاددەیە بەم شـێوەیەی لێبكرێت:
٢- تەمەنی لە (٢١) ساڵ كەمتر نەبێت و لە (٥٠) ساڵ زیاتر نەبێت.
٣- توانای خوێندنەوە و نوسینی هەبێت.
١٠- دەستەبەر كراوبێت بەپێی یاسا بەركارەكان لە هەرێم.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێـزان مـاددەی (٩) حەوت پێشـنیار هەیە، هەر بەڕیزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەكەمە؟ (١) كەس، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە؟ كەسـی لەگەڵ نیـیە. هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری سێیەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمە؟ (٢) كەس، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری شەشەمە؟ كەسـی لەگەڵ نییە، هەربەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری حەوتەمە؟ بە دەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان پەسـەند كرا.
**بەڕێز جەلال محمد امین:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٠) دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەكەم: ماددەكە لادەبرێت.
پێشنیاری دووەم وەك خۆی:
ماددەی (١٠):

کۆمپانیا بۆی هەیە سەگی پاسەوانی بەکاربهێنێت بەم مەرجانەی خوارەوە:
١-جۆر و ژمارەی دیاریکراو بێت.
٢- راهێنراو بێت و بەڵگەنامەی راهێنانی لەگەڵدابێت.
٣- ئەگەر هاوردەکراو بێت پێویستە پاسپۆرت و بەڵگەنامەی خاوەنداریەتی سەرچاوەی هاوردەکردنی لەگەڵدا بێت.
٤- شوێنی تایبەت بە بەخێوکردنی ئامادە کرابێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (١٠) دوو پێشنیار هەیە، یەکەم لابرێت؟ (٦) کەس، پێشنیاری دووەم بمێنێتەوە وەکو خۆی؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (١١) بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١١) دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنیا پێشەکی ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:
لەکاتی سەرپێچیکردنی کۆمپانیا بۆ حوکمەکانی ماددەی (٧،٨)ی ئەم یاسایە لێژنەیەك بۆ هەیە ئەو رێکار و سزایانەی خوارەوە بسەپێنێ.
پێشنیاری دووەم وەك خۆی:
ماددەی (١١):
لەکاتی سەرپێچیکردنی کۆمپانیا بۆ حوکمەکانی ماددەی (٧، ٨)ی ئەم یاسایە وەزیر بۆی هەیە ئەم رێکار و سزایانەی خوارەوە بسەپێنێ:
یەکەم: راگرتنی چالاکی کۆمپانیا بۆ ماوەیەکی کاتی.
دووەم: هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت.
سێیەم: دەست بەسەرداگرتنی هەموو یان بەشێکی بڕە پارەی بارمتە بەپێی قەبارەی پێشێلکردنەکە بەپێی لێکەوتەکانی.
چوارەم: پێبژاردنێك بە بڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار بەرامبەر بە دواکەوتنی هەر رۆژێك لە نوێکردنەوەی مۆڵەت.
پێنجەم: پێبژاردنێك بە بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار بەرامبەر بە دواکەوتنی هەر رۆژێك لە نوێکردنەوەی ناسنامەی کارمەندەکان و هەڵگرتنی چەك و باجی ئۆتۆمبیلەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١١) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم کێی لەگەڵە؟ (٢) کەسی لەگەڵە، پیشنیاری دووەم چەند کەسی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. بەڕێزان بۆ ماددەی (١١) دەست بەرز بکەنەوە چەند بەڕێزی لەگەڵە؟ پێویست ناکات گومان هەبێت، بە (٦٦) دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفى :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٢) سێ پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنها بڕگەی چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:
چوارەم: لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت ئۆتۆمبێلە قەلغانەکان بفرۆشرێتە کۆمپانیایەکی ئەمنی دیکە مۆڵەت پێدراو یان یان بنێرێتە دەرەوەی هەرێم بە ڕەزامەندی وەزارەت. بە پێچەوانەوە لەلایەن وەزارەتەوە بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێتە کۆمپانیایەکی تر ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت.
پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:
ماددەی (١٢):
لەکاتی هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی کۆمپانیا بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان پاکتاوکرنی پێویستە لەسەر کۆمپانیاکان:
یەکەم: گشت مۆڵەتەکانی چەك و مۆڵەتەکانی ڕێگەپێدان بە ئۆتۆمبێلەکان و ناسنامەکان بۆ وەزارەت بگەڕێنرێتەوە.
دووەم: رادەستکردنی سەرجەم چەك و تەقەمەنی و ئامێرە بێ تەلەکان کە دەبێتە مولکی وەزارەت.
سێیەم: تۆمارکردنی بڕە پارەی دەستەبەری سپاردەکراو لە ژمێرەی وەزارەت وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی هەرێم.
چوارەم: لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتنی هەڵوەشانەوەی مۆڵەت ئۆتۆمبێلە قەلغانەکان بفرۆشێتە کۆمپانیایەکی ئەمنی دیکە مۆڵەتدراو بە ڕەزامەندی وەزارەت بە پێچەوانەوە لەلایەن وەزارەتەوە بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێتە کۆمپانیایەکی تر ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت.
پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری لێژنەی تایبەتمەند:
ماددەکە بەم شێوەی لێبکرێت:
ماددەی (١٢):
یەکەم: لەکاتی هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی کۆمپانیا بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان پاکتاوکردنی کۆمپانیا لەبەر هەر هۆیەك بێت پێویستە لەسەر کۆمپانیا گشت مۆڵەتەکانی چەك و مۆڵەتەکانی ڕێگەپێدان بە ئۆتۆمبێلەکان و ناسنامەکان بۆ وەزارەت بگەڕێنرێتەوە.
دووەم: لەکاتی پاکتاوکردنی ئارەزوومەندانەی کۆمپانیا پێویستە لەسەر کۆمپانیا لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتی پاکتاوکردنی سەرجەم چەك و تەقەمەنی و ئامێرە بێ تەلەکان و ئۆتۆمبێلە قەلغانەکان بفرۆشێتە لایەنێکی دیکە لایەنێکی دیکەی مۆڵەتدراو بە ڕەزامەندی وەزارەت وە بە پێچەوانەوە لەلایەن وەزارەتەوە بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێتە لایەنە مۆڵەتدراوەکان و ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت کە وەزیر دەری دەکات.
سێیەم: لەکاتی هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی کۆمپانیا وەك جێبەجێکردنێك بۆ حوکمی بڕگەی دووەم ماددەی (١١)ی ئەم یاسایە پێویستە لەسەر کۆمپانیا سەرجەم چەك و تەقەمەنی و ئامێرە بێ

تەلەکـان و ئۆتـۆمبێلە قەلغانەکـانی رادەسـت بکـات و دەبـنە مـوڵکی وەزارەت و بـڕە پـارەی دەستەبەری سپاردەکراو لە ژمێرەی وەزارەت وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینـەی هەرێـم تۆمـار دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، مـاددەی (١٢) سـێ پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە؟ (٢) کەس، هەر بەڕێزێـــك لەگەڵ پێشـــنیاری دووەمە؟ کەســـی لەگەڵ نیـــیە، هەر بەڕێزێـــك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

ماددەی (١٣):

لەکاتی سـەرپێچیکردنی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە جـگە لە حـوکمی ماددەکـانی (٧،٨) وەزیـر بـۆی هەیە کۆمپانیـا سـزا بـدات بە پێبژاردنێـك کە لە (٣٠٠٠٠٠٠) سـێ ملیـۆن دینـار کەمتـر نەبێـت و لە (٢٠٠٠٠٠٠) بیست ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مـاددەی (١٣) هەر بەڕێزێکـی لەگەڵە وەك خـۆیەتی ئیـزافەی نیـیە؟ بە دەنگـی (٦٧) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

ماددەی (١٤):

ئەو رێکار و سزایانەی کە لە ماددەکانی (١١،١٢،١٣)ی ئەم یاسایەدا دەقنووس کـراون رێگـر نابێـت لە داواکردنــی قەرەبــوو لە کۆمپانیــای ســەرپێچیکار لە بــری ئەو زیانــانەی دەرئەنجــامن بــۆ چالاکیەکانی بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٤) بەڕێزان یەك پێشـنیازە وەك خـۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٨) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە لادەبرێت.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی:

ماددەی (١٥):

یاسای سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا رێگر نـابن لە سـەپاندنی هەر سـزایەکی توونـدتر کە لە یاسـا بەرکارەکانی هەرێمدا هاتبن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (١٥) پێشنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە ماددەکە لابرێت؟ (٢) بەڕێز، پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە ماددەکە وەکو خۆی؟ بە (٦٤) دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە لابرێت.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:

ماددەی (١٦):

هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی بۆی هەیە تانە بدات لەو بڕیارانەی پاڵپشت بە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەچن بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٦) دوو پێشنیار هەیە، بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ (١) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. (شیرین امین) تێبینییەکی بۆ ناردووم، ڕاست دەکەی ئەوە دووبارەکردنەوەیە نا پەیڕەوی بوو، لە ماددەی (٩٦) دەڵێ دەبێ (٥) ئەندام داوای بکە، تۆ ڕاست دەکەی من غەڵەت بووم، تەواو، زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٧) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:

ئەو بڕە پارانەی لە پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەدەگیرێن وەك داهاتێك بۆ گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێن بەو مەرجەی ڕێژەی (١٥%) بۆ وەزارەت تەرخان بکرێت بە مەبەستی پەرەپێدانی پێکهاتەکانی وەزارەت.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:

ماددەی (١٧):

ئەو بڕە پارانەی لە پیادەکرنی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگیرێن وەك داهاتێك بۆ گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێن بەم مەرجەی ڕێژەی (٣٠%) بۆ وەزارەت تەرخان بکرێت بۆ مەبەستی پەرەپێدانی پێکهاتەکانی وەزارەت و دابینکردنی پێداویستییەکانی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧) دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ (٦) ئەندامی لەگەڵ، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٨) سێ پێشنیار هەیە:
پیشنیاری یەکەم: ئەم ماددەیە بکرێتە بڕگەیەك لە ماددەی (٣) بە ریزبەندی سێیەم.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:
پێویستە لەسەر هەر کۆمپانیایەکی ئەمنی تایبەت کە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە دامەزراوە یان تۆمارکراون لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٦٠) رۆژ خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا بگونجێنن.
پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی:
ماددەی (١٨):
پێویستە لەسەر هەر کۆمپانیایەکی ئەمنی تایبەت کە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە دامەزراوە یان تۆمار کراون لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٩٠) رۆژ خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا بگونجێنن.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ماددەی (١٨) سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ (٢) ئەندام، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە؟ بەدەنگی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (١٩)، فەرموو.
**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٩) هیچ پێشنیارەك نییە.
ماددەی (١٩): پێویستە وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی (١٩) هیچ پێشنیارێك نییە هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٧٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (٢٠) بخوێننەوە، فەرموون.
**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٢٠) هیچ پێشنیارەك نییە
ماددەی (٢٠): پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی (٢٠) وەك خۆی فەرموون دەست بەرز بکەنەوە؟ بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢١) فەرمووو.
**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٢١) هیچ پێشنیارەك نییە:

ماددەی (٢١): کار بە دەقی هیچ یاسایەك و بڕیارەك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢١) بەڕێزان هەر کەسێك لەگەڵیەتی با دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (٢٢)، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٢) هیچ پێشنیارەك نییە:

ماددەی (٢٢): ئەم یاسایە لە ڕێککەوتی بڵاوکرنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر کەس لەگەڵ ماددەی (٢٢) وەکو خۆی هیچ پێشنیارەك نییە با بفەرموێ دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. هۆکارەکانی دەرچوواندن بخوێنەوە کاك (جەلال)، فەرموو.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: هۆیەکانی دەرچوواندن بەم شێوەیەی لێبکرێت:

لەبەر گرینگی و هەستیاری کاری کۆمپانیا ئەمنیەکان و کاریگەری راستەوخۆ و ناراستەوخۆیان لەسەر گیان و سەرو ماڵی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان و گەشەسەند و فراوانبوونی کەرتە خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکان بۆ بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە پرۆسەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:

هۆیەکانی دەرچوواندن:

دوای ئەوەی رێگە درا بەکەرتی تایبەت کە خزمەتگوزاریە ئەمنییەکان لە هەرێم پێشکەش بکەن لەبەر گرینگی و هەستیاری کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر گیان و سەر و ماڵی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیاری هەیە بۆ هۆیەکانی دەرچوواندن کێ لەگەڵ یەکەمە، (٤) ئەندام، پێشنیاری دووەم کێی لەگەڵە بەڕێزان؟ بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەامن پەسەند کرا. بەڕێزان کۆی یاساکە بە پاشکۆکەیەوە چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. پیرۆزبایی لە خۆمان و لە گەلی کوردستان دەکەین بەبۆنەی پەسەند کردنی یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق. زۆر سوپاس بۆ لێژنە تایبەتمەندەکان بەڕێزان لێژنەی یاسایی دەتوانن بچنەوە شوێنی خۆیان، لێژنەی پەروەردە دێن ئێستا وەرتان

دەگـرین، ناوەکـان دەخـوێنمەوە، (د.اسـماعیل)، مامۆسـتا (ابـوبکر)، (مـژدە) خـان، (هلـز) خـان، (سەرچنار) خان، (د.عثمان)، (گوڵستان) خان، کاك (بەڵێن)، کـاك (عثمـان سـێدەری)، کـاك (رزگـار)، (روپـاك) خـان، کـاك (یاسـین)، (شـیرین امـین)، کـاك (زکـری)، کـاك (سـیروان)، کـاك (ریڤینـگ)، (د.رێبوار)، کاك (جەلال)، (مم اسکندەر)، کاك (علی)، کاك (دیاری)، کاك (ریڤینگ)، فەرموو.

**بەڕێز رێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤی خودی، براستی وەکو لێژنا پێشـمەرگە خۆشـحال بـوین مە وێـنێن شـەهیدێن خـو رێزگـرتن دناڤـا هـۆلا پەرلەمانێـدا شـەر شاشـەیا پەرلەمـانێ دیـتن، بـۆمە هەمیـا خـۆش بـوو جێگـای وان بەهەشت بیتن انشاءالله سـەلامەتیا بـۆ بریندارا دخـازین، دوو فەرمانـا سـەرۆکایەتیا پەرلەمـانی دوهیا ئەم وەکو لیژنا پێشمەرگە لیژنـا شـەهیدان چـوون سـەردانێت بنەمـالا سـەربەرزێن شـەهید لحەلەبچە، عەربەت، سەیدسادق، لسلیمانی ژ سەرا بیرینـدارا براسـتی ئەمە لـوێرێ دیتـی بەحـس کەم هەنـدەکی ژی بێـژم دڤێـت ئەم پەرلەمانتـار ئەم خەلکـی کوردسـتانێ ژبێشـمەرگە و مالبـاتێن شەهیدا گەلەکی فێر ببی، براستی قوتابخانەکا نیشـتمانییە بەلکـی هەوا پێشـمەرگە هەر هەنـدەك سەر بە لایەنەکی ڤە بن یێ بریندار یێ شەهید بەس ناڤ مالباتا هیچ مەتشـتەك پـێڤە دیـار نەکـر تەنـێ هەسـتا وان هەسـتەکا کوردسـتانی بـوو، نیشـتمانی بـوو، تەنـێ ورا وان هنـدا بەرز بـوو کـو ئەڤێـت مـای ژی تـو وی رێکـا قوربـانی بـدەن بـۆ ئازادیـا خەلکـی کوردسـتانێ و پاراسـتنا خاکـا کوردستانێ، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانێ ئەم هەمی دزانین کەم و کوریێن پێشمەرگەی زۆرن بەلکـی ئەم نەشـێن هەمیـا وەسـا براشـکاوی ژی بێـژین هەم ژی مەحکەمکرنـا سـەنگەرا، هەم ژچەك و تەقەمەنی هەم ژی پێداویستی لۆجستی هەم دەرماڵە هەم خانەنشینی هەم پلە بەرزی ئەم وەکـو لێژنا پێشمەرگە لزۆربەیا شخانەڤینا حەتـا سـحێلا بەلکـی لحـدودێن دی ژی ئەمـێ دگەریـاین ئەو کەم و کوڕی زۆر جارا ژمەیێ داینە وەزارەتا پێشـمەرگە مەیـێ دایـنە جێێـت پەیوەندیـدار ئەمـێ دگەل رونیشتین بەس مخابن زۆریش وان ژی دووبارە دبن، سێ سـاڵە ئەم لڤێـرێینە پـڕۆژە یاسـا بـۆ رێزگرتنـا پێشـمەرگەی شۆرشـێن، پێشـمەرگەی دێـرین مخـابن ئەم نەشـیاینە شـبەر هەبوونـا ململانێی سیاسی بینینە ڤێرێ دیسان رۆژەك بوو پێشـمەرگە بریـارەك یاسـاك مەیـا دروسـت کـری سێ ساڵە لێژنا پێشمەرگەیە ئەم نەشیاینە بینینە بینینە ناڤ هۆلا ژبەر هەندێ داخـازێ دکەیـن لایەنێـت سیایی لسەر ڤان تشتا کۆك بن، هزرەکا پێشمەرگاتی بەری خۆ بدەنێ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (رێڤنگ) دەقەیەك زیاترم دایتێ لەبەر ئەوەی ئێوە سەردانتان کردبوو، داواکاریەکە چییە؟

**بەڕێز رێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاریــا مە ئەڤەیە هاریکــارین دگەل مەدا لیژنــا پێشــمەرگە دگەل جیهەتــێن بریــارێ هەم لســەرۆکایەتیا هەرێمـێ، هەم لە حوکمەتـا هەرێمـا کوردسـتانێ، ئەنجـومەنی وەزیـران، هەم لە وەزارەتا پێشمەرگە کۆمبونەکا فراوان بۆمە رێك بخەن کو ئەم بشـێین سـەر ڤـان کەم و کوڕیێـت هێزا پێشمەرگەی کوردستانێ هەمیا بئاخڤی بگەهینە بڕیارەکی ئەڤە داخازا مەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێوە یاداشتێك پێشكەشی سەرۆكایەتی بكەن، ئێمە پێویستمان بە كۆبونەوەیەكی فراوانی لەم شێوەیەیە، كاك (د.ڕێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بابەتێـك هەیە راسـتییەكەی بـۆتە مـایەی نیگەرانـی زۆرێـك لە خەڵكیش بـابەتی گرانـی نرخـی نەخۆشخانە تایبەتەكانە، دیارە ئەمە شـەكوایەكە بەشـێك لە هاووڵاتیـان داوایـان كـردووە رۆژانە قسە لەسەر ئەو بابەتە ئەكرێ، راسـتیەكەی ئەوەیە نەخۆشـخانە تـایبەتە ئەهلییەكـان هەم نرخـی خزمەتگوزاریەكـان گـرانە، هەمـیش مـانەوە لەوێ، نەخۆشـخانە هەیە یەك شـەو مـانەوە لەوێ (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە، من نازانم خاوەنی ئەم نەخۆشـخانەی كوردسـتان بە سـوید و ئەمریكـا و لەنـدەن تێگەیشـتوون ئەگەر ئـاوا بەرخـود بـكەن لەگەل ئەو بـابەتە، تێگەیشتنێكی هەڵە هەیە لەو بابەتەپێیان وایە هەر كەسێك روو لەم نەخۆشخانانە بكات هەمـوو خەڵكی دەوڵەمەندن، ئەمە بەراستـی تێگەیشتنێكی هەڵەیە، خەڵكـی هەیە بـاری دارایـی باشـیش نییە لەناچاریـا رەنـگە قەرزیشـی كردبێـت سـەردانی ئەم نەخۆشـخانەی مـردووە، بـۆیە مـن لێـرە داوادەكەم باشـتر رێـك بخرێـت لە بەرژەوەنـدی گشـتیدا بێـت بەتـایبەتی نەخـۆش لە هەرێمـی كوردستان داوا دەكەم ئەو بابەتە بەدواداچوونی بۆ بكرێت بـۆ ئەوەی بە شـێوەیەكی باشـتر رێـك بخرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی نەبوو بەڵام خەمی گشتییە، كاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە (٨/٢٩) من و هەر دوو بەڕێزان كاك (شاخەوان)، (گولستان) خان، یاداشتێكمان دا لەسـەر كارێكی نایاسایی لە ناوچەی پیشەسازی لە عەربەت كە دروسـتكردنی كـارگەیەكی بەبـێ مـۆڵەت، من قسە بۆ جەنابت دەكەم ئەمڕۆ رێوڕەسـمی كـردنەوەی كـارگەكە كـراوە، لەبەر ئەوە داوا دەكەم جـارێكی تـر ئـێمە هەر وەكـو لێـژنەی نەزاهەش لەسـەر داوای بـرادەران رەوانەی لێـژنەی سـامانە سروشـتییەكان، لیــژنەی وەبەرهێنانمــان كــردووە بــۆ بەدواداچــوون و دروسـتكردنی ئەو كــارە نایاساییە گەورەیە لە سلێمانی، داوا لە جەنابت دەكەم جارێكی تر هەردوو لێـژنەكە راسـپێریتەوە بۆ ئیجرائات وەرگرتن، بۆ خستنە بەر بەرپرسیاریەتی، یەك وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، دوو دەسـتەی وەبەرهێنـان كە ئـێمە دوێنـێش لای (د. عمـر شـوكری) بـووین، پێـنج شـەمەش لای كـاك (كمال مسلم) بووین هەتا ئێسـتا مـۆڵەت مەعـمەلەكە ئەمـڕۆ بە رەسـمی كـراوەتەوە بەبێ ئەوەی ئەو (١٦) دائیرەیەی كە پێویست دەكات چاودێری دروستكردنی كارگەكە بكەن ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو لێــژنە ئەو نووســراوەی لیــژنەی نەزاهەتــان بــۆ هــاتووە لە كــاتێكی قیاســیا بەدواداچوونەكانتان بكەن، سوپاس كاك (بەڵێن)، كاك (ذكری)، فەرموو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، بۆ بۆ بەرز ڕاگرتنا ئالای بیرۆزا کوردستانێ هزارەهان قەهرەمانێت وەلاتێ مە وەکو ئەڤێت کو نوکە شەهید بی گیانێ خۆینێ پاکژینێ کرییە قوربانی ئاخا پیرۆزا کوردتانێ، لێ مخابن لبن سێبەرا ئەڤی ئالاینێ پیرۆز ناعەدالەتیا هەی، دزیا هەی، گەندەلیا هەی، سەدانم لبەن ئەڤێ سێبەرا ئالاینێ پیرۆز پۆستێ خۆ بو بەرژەوەندیا خۆ بکارتینن دژی خەلکی فەقی و هەژار بکا دینن، پێویستا حکومەتا هەرێما کوردستانێ عەدالەتێ بچەسپینی، هەموو خەلك وەکو ئێك بژیت، هەموو خەلك وەکو ئێکی ئازاد بی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوەی وتت نیزامی نییە، ئەوەی نیزامی نەبێت بەڕێزان پێتان ناخۆش نەبێت دیڵێم بۆ موستەقبەل تەسجیل بێت، لە نەزانیمان نییە کە ئەزانین ئەوە نیزامی نییە، کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بەڕێز وەزیری پێشمەرگە لەگەڵ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری عێراق ئامادەی کۆبونەوەیەك بێت لێرە، کۆبونەوەکە داخراو بێت لەبەر ئەوەی ئەو مەترسیانەی کە لەسەر پێشمەرگە هەیە لەناوچە کێشە لەسەرەکان هەیە، بۆشایی ئەمنی هەیە، پێداویستی سەربازی زۆر زۆرە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەو دانیشتنەدا هەموو ئەمانە بخەینە ڕوو، چونکە وەکو برای بەڕێزم کاك (ڕێڤنگ) باسی کرد ئەو مەشاکیلانەی کە لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا هەیە هەمووومان لەم ماوەیە لەم خولە هەمووومان داوەتە وەزارەت، بەڵام ئەنجامێکی زۆر کەمی هەیە ئێمە دڵخۆش نین بەو ئەنجامە، بۆیە داوا دەکەین کەوا بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری عێراق دانیشتنێك بکرێت لەم پەرلەمانە دانیشتنەکە داخراو بێت هەموو ئەو گرفتانە بخەینە ڕوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نیزامی نییە بە نووسراو ئاراستەمانی بکەن، (هلز) خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددا (٥٦) برگا (٢) خالا پێرەوی دکەم بریارا ئەنجومەنێ وەزیران ژمارا (٥٦) لە (٢٠١٥/١٢/٢١) کو بڕیار هاتە دان پلە بەرزکردنا فەرمانبەرا بهێتە ڕاگرتن تاکو بووجا (٢٠١٦) دهێتە پەسەند کرنێ، ئەڤ پلە بەرزکردنە مافەکی هاوولاتیێ کوردستانییە، چونکە ئەڤ چەندین ساڵە خزمەتێت دکات بەرامبەری هندێ کو پلە بەرزکردنا وێ بێتە کرنێ، سەرەرای هەندێ کو دەستخۆشیی لهێزێت ناوڤخۆ و پێشمەرگە دکەین کو بڕیار بۆ وان هاتە دان کو فەرمانبەرێ دیتر تر مافێت ژی هەی، بەر هندێ دیڤ ماددا (١٨) کو ئەرك و دەسەڵات جەنابێ تەنە، خالا دووەمدا جێبەجێکرنا یاسا و پەیرەوێ ناوڤخۆ کو ئەڤ بڕیارە دەرکەتی دژی یان بێژن سەرپێچیا یاسای ژمارە (٢٤) ساڵا (١٩٦٠) هەموار کرییە کو پێتڤیا جەنابێ تە ڤێ دەسەڵاتێ بکابینیتن بۆ

ڕێگریگرتن یان ئەم بێژین بەردەوامیدان ڤێ بڕیارا هەنێ بڕیارەکا نەیاساییە بڕیارەکا دژی بەرژەوەندیا گشتییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان روونکردنەوەیەك لە سەر ئەو بڕگەیەی ماددەی (١٨)، (جێبەجێکردنی یاسا و پەیڕەوە لەناو پەرلەماندا) نەك من بتوانم فەرمان بکەم شتێك کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لێ داوە هەڵبوەشێتەوە، کاتی خۆشی (طارق حرب) کەوتە ناو هەمان هەڵەوە، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتی هەیە، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی حکومەت هەڵوەشێنێتەوە ئیتر سەرۆکی حکومەت بۆ هەیە؟ دەڵێ جێبەجێکردنی یاسا و پەیڕەو، مەبەستی ئەوەیە لە سنووری ئەو صەلاحیەتانەی کە دەستوور و یاسا بە سەرۆکی پەرلەمانی داوە، سوپاس بۆ بەڕێزت، سوپاس بۆ پێشنیارەکەت، مامۆستا (عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، دەست خۆشی لە جەنابت دەکەم وەکو تەعلیق سەرەتا بەس تا خاڵە پەیڕەوییەکەی دەڵێم بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدانی کوردستان و هەروەها هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، هەم لیژنەی شەهیدان و هەم لیژنەی پێشمەرگە کە خزمەتی کوسوکار و شەهیدانیان کردووە، بەڵام بەداخەوە جەنابت لەگەڵ ناوی شەهیدەکان هەر لەو هەفتەیە عقید (مراد) شەهید کرا جەنابت باست نەکرد، داوا دەکەم ئێستا سانیەك بۆی هەستینەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ناتوانین.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵە پەیڕەوییەکەم نەگوت، جەنابت لە ماددەی (٢) بڕگەی یەکەم جەنابت ئیش و کارو پیشەت لەسەر ئەو یاسایانە و چاودێری یاسا و هەروەها بەدواداچوونی ئەو سیاسەتەیە جەنابت چی بۆ دەکەی؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیشی من نییە ئەوە حکومەت لیژنەی تەحقیقی داناوە، مامۆستا (عثمان) روحیان شاد بێت ئەوانەی کە لەو حادیسەدا تووش بوون...

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عقید (مراد)ی دەڵێی؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموویان روحیان شاد بێت، بە عقید (مراد)یشەوە خوا لێیان خۆش بێت، خوا سەبووری کەسوکاریان بدات، ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە، جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو

شەهیدانەی هەموومان دەزانین لە سەنگەر شـەهید بـوون، لەگەڵ ئەو ئـازیزانەی کە لەو رووداوە شەهید بوون...

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی پێت وایە شەهید نییە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان!

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی چی مامۆستا (عثمان) ئەو موناقەشەیە ڕێپێدراو نییە بۆ بەڕێز، نوقتە نیـزامیەکەت بڵـێ، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەم شەهیدیشن، هەم مەغدوریشن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە رەئی خۆت دەڵێی، نوقتە نیزامیەکەت بڵێ.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبا جەنابت هەڵوێستێکت هەبێت، بۆ دوارۆژ، بۆ مێژووی جەنابت ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عثمان) تۆ قسە دەکەی یان ناکەی تۆ شتەکەت لەبەینـی مـن و تۆیـا خەریـکە دەکەی بە شەخصی، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا بمکردایە شەر هەر ئێستا هەڵدەستام لەکاتی رەسـمەکان، بەس نـایکەم بە شـەر، شەخصـیش نییە، بەڵام ئەوە دەمێنێت بۆ دوارۆژ بۆ خۆت وا باشە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەراستی نوقتە نیزامی نییە، قسەکاتی تۆ هەموویان شەخصین، (گوڵستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە چوارچێـوەی (١٦)ە رۆژەی بەرنگـاری تونـد و تیـژی بەڕێـزت ئاگـادار دەکەمەوە لە چوارچێـوەی ئەو سەردانانەی ئێمە بۆ ئاسایشی گشتی هەولێر کردمان ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە لەوێـن زیاتر لە (٥) ساڵە گیراون، رووبەڕووی دادگا نەکراونەتەوە لەنـاو شـەش هـۆڵی ئاسایشـی گشـتی راپرسـیەکم کـرد لە یەکێـك لە هۆڵەکـان زیـاتر (٩٠%)ی ئەوانەی لەوی بـوون تـا ئێسـتا دادگایـان نەدیوە، وێڕای ئەوەی کە بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی گشتی خـۆی لەبەردەمـی ئەنـدامانی پەرلەماندا دانی بەوە دانا کە (٨٥%)ی دۆسیەکان هەتا ئێستا ئاراسـتەی دادگاکـان نەکـراون بـۆیە مـن لە بەڕێـزت داوا دەکەم تەنسـیقێك لەگەڵ ئەنجـومەنی دادوەری بـکەی، بـۆ ئەوەی بتـوانن لە کـاتێکی نزیـك ئەو دۆسـیانە یەکلایـی بکـرێتەوە، ئەو کەسـانە ئەگەر دۆسـیەکەیان بە ئاراسـتەی

ئازادبوون بوو لەبەر ئەوەی هیچ تەعویزێك نیـیە بۆیـان، بەشێكیان هەر هیچیـان لەسـەر نیـیە و ماوەیەكی زۆر ماونەتەوە، لەبەر ئەوەی دۆسیەكە یەكلای نەكراوەتەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (مم اسكندر)، فەرمـوو، بەڕێـزان ئەوانە بە یاداشـن بـدەن، وەڵاهـی ئەوانە هیچیـان نـوقتەی نیزامی نین.

**بەڕێز مم اسكندر مم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بنـاڤێ یەزدان، مە یاسـا ژمـارە (٩) سـاڵا (٢٠٠٧) یاسـا تـایبەت مـافی ئیمتیازاتێـت كەسـوكارێت شـەهیدان و ئەنفالكریـا لهەرێمـا كوردسـتانێ هەنە، ئەڤ یاسـایێت جهـێ دەسـت خۆشـییە هەر یاسایەكی كو پشتگیریێ لكەسوكارێت شەهید و ئەنفالكری هەر زەحمەتكیشەی ڤی وڵاتی بـكەت جهێ دەست خۆشییە، لێ ئەوە جڤێ مخابنییە بەڕێـز جەنابـا سـەرۆكا پەرلەمـانێ دنـاڤ یاسـایێدا ئاماژە پەككەڤتی سەنگەرا تێتن كو شەهیدێ زندینە، لێ ئەڤرۆكە مافێ دانا خاندنێ بێ بەرامـبەر بو قوتابخانە و زانكۆیـێت ئەهلـی بهیچ رەنگەكـی بـۆ پەككەڤتـی سـەنگەر نەهـاتیە دان خـوردكێ یاسـایێدا ژی شـەهیدێ زنـدینە، پەككەڤتـی هەیە هەردوو پێـت خـۆ ژدەسـتداینە، شـیانێت كـاری نەماینە بەس ئەڤ مافە نینە، ژبەر هنـدێ داخـازێ دكەیـن لیژنـا تایبەتمەنـد دیڤچونـا ڤـی بـابەتی بكەن وی ئەڤی مافی لچوارچێڤەی یاسایێ بگەڕینەڤە، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (جەلال پەرێشان)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن لە دوو جەلسـەی ئاسـایی پەرلەمـان سـەبارەت بە لێبـووردنی گشـتی بەنـدكراوان داوام كـرد بەڕێزتـان ئامـاژەت بەوە كـرد كە لیژنەكـانی تایبەتمەنـد یاداشـت پێشـكەش بـكەن، نـازانم ئەو یاداشـتە چـی لێهـاتەوە ئەوە یەكیـان، دووەم هەموومـان دەزانـین لە زانكـۆ ئەهلـی و زانكـۆ حكومیەكـان كـۆلێژی یاسـا كە ئێـوە بەڕێزیشـتان كـۆلێژی یاسـات تەواو كـردووە چـوار سـاڵتان دەخوێند، ئێستا بوویتە (٥) ساڵ، ئێمە وامان دەزانی ساڵی پێنجەم زیـاد دەكرێـت دەرسـی زیـاتر ئاسایی لەرووی یاسایی بۆ خەڵك، كەچی هەمان دەرسـی جـارانە، بەڵام ئەوە بـوویتە سـوغرەكی دیكە لەسەر قوتابیان، من پێشنیاری ئەوە دەكەم ساڵی پێنجەم لە دادگاكـان بەشـێوەی پراكتیكـی ئەوانە ئامـادەی خۆیـان دەربـڕن، چـونكە لە كۆتاییـدا ئەوانە هەر دەگەڕێـنەوە دادگـا، ئیشـیان لە دادگـا دەبـی، ئەوەی تـر گواسـتنەوەی راژە لە نێـوان وەزارەتەكـان بەڕێـز سـەرۆكی پەرلەمـان هەموومان دەزانـین یەعنـی ئەمـن لەگەڵ ئەوە نـیمە ئەوی (عبئـی) مـادی هەبێـت بگوازرێتەوە، بەڵام خەریجـی بنیـان كە هەموومـان دەزانـین دەرس دەڵێـتەوە كەچـی لە فەرمـانگەی كارەبـایە، خەریجی ئاداب ئینگلیزی لە ئەندازەی پاركەكانە، دیسان دەڵێمەوە یەعنی پسپۆڕی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەوانە هەمووی دەتوانن بە یاداشـت پێشـكەش بـكەن، هیچـی خـاڵی پەیـڕەوی نییە، ئەوەی لێبوردنی گشتیش وابزانم تازە یاداشتی لێژنەی تایبەتمەندمان بـۆ هـاتووە، دەتـوانی

دواتر لەلای (منى) خان زیاتر لەسەر ناوەڕۆکەکەی قسە بکەی بەڕێزم، کاك (عثمان سێدەری)، فەرمووو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دوای بەداوداچوونێکی مەیدانیمان بۆ سەردانیکردنی هەموو میحوەرەکان، هەروەها لە دوێنێدا سەردانیکردنمان بۆ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدەکان و بریندارەکانیش، دیارە بە پێویستی دەزانین وێڕای پاڵپشتیکردنمان لە قسەکانی کاك (رێڤنگ)، کاك (رزگار)، کە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لێژنەی پێشمەرگە و هەروەها سەرۆکایەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجام بدرێت بۆ چارەسەری ئەو لەمپەرانە و بۆ کەم کردنەوەی زیانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەروەها بۆ بەهێزکردنی ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش پێشنیار دەکەین پڕۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگەی دێرین خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت و بکرێت بە یاسا کە ئەوە لە روانگەی مەعنەوییەوە دەتوانێ گر و تاوێکی باشتر بدات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆیە ئێمە پێمان وایە پەلە بکرێت لەم پڕۆژەیە گرینگیەکی خۆی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (یاسین)، فەرمووو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بە حوکمی ئەوەی کە ئەندامی لێژنەی ناوخۆم، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم، بەڵام نوێنەری خەڵکی رانیەم، دیارە ئێمە کە لە سەرەتا کە دروست بووین بۆ ئەوە دروست بووین بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت، بەڵام بە داخەوە لە کورردستان یاسا سەروەر نییە، رۆژی پێنج شەمە ئەو کارەساتەی لە (رانیە) قەوما یەعنی لە هیچ شوێنێکی دونیادا نەبووە، کەسێك هات چەند کەسانێکی لەوێ شەهید کرد گرینگ ئەوە نییە کێیە و کێ نییە گرینگ ئەوەیە ئەو کردەوەیە، یەعنی بەراستی نە سەرۆکایەتی هەرێم نە سەرۆکایەتی حکومەت نە سەرۆکایەتی پەرلەمان نە یەك ئەندام پەرلەمان هەتا بەرپرسێکی ئەو حکومەتە لەسەر ئەو کارەساتە نەهاتە دەنگ، یەعنی ئیدانەیان نەکرد، بەراستی رانیە بۆتە قەصابخانە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی ناکرێت کەسێك کە دەعوایەکی یاسایی لەسەر بێت ئەتۆ بەو شێوازە رەفتار بکەی، یەعنی بەراستی ئێمە وەکو رانیەی بەراستی بێزار بووین بە زەییمان بەخۆمان دێتەوە، نەچاو ئەوەی لەجیات هەموو شارەکان نمونەی شار بین لەناو ئەو شەقامە جوانە کە لە شەقامی گوڵەباغە ئێمەیان خوێنباران کرد، یەعنی منداڵەکانمان ناوێرن بچنە بازاڕێ، ئەمە داو دەکەین یاسا سەروەر بێت لەو وڵاتەی، یەعنی بەدەر لەوەی ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقەیە کاك (یاسین)، تۆ پیاوێکی زۆر بەڕێزی لەسەر سەرمت دادەنێم ئەندامی پەرلەمانی مافێکت هەیە وەکو هەر ئەندامێکی تری پەرلەمان یەك دەقەت هەیە، بڕۆ موئتەمەڕی صحوفی بکە حەز دەکەی سەعات و نیوێك قسەی لەسەر بکە لێرە یەك دەقەیە، کاك (یاسین) بەقوربان

برای من ئەزیزی من برۆ ئەوانە لە موئتەمەری صحوفی بیڵێ لێرە یەك دەقەیە و قسەکەتت تەواو کرد ئەی هاوار، لێرە نیزام هەیە، شتی خۆی هەیە، بۆ هەموو دانیشتنێك تۆ ئەم بەزمە دەست پێدەکەی بەقوربان، یەك دەقەیە دەقەکەت تەواو بووە دەبێت مەجال بدەی بە رەفیقێکی ترت، کاك (سیروان)، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم پاڵپشت بە دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) قسە دەکەم بەپێی ئەو دەستوورە عێراقیە دەڵێ (هەموو هاووڵاتیەك مافی ژیانێکی شکۆمەندانە و شەرەف مەندانەیان هەیە) پێویستە لەسەر دام و دەزگای دەوڵەت ئەوەی بۆی دابین بکات مەبەستی من لەوەیە بێگومان هەموومان دەزانین ماوەیەکی زۆرە هاووڵاتیانمان بە هەر هۆکارێك سەفەریان کردوو کۆچیان کردووە لە سنوورەکانی بیلاڕوسیا و پۆڵەندا ئەچەوسێنەوە نەخواردن، نە شوێنی گەرم، تەعەدایان لێ دەکرێ، هێرشیان لێ دەکرێ، من بەبیری جەنابتان دێنمەوە پاپای (فاتیکان) دوێنێ یان ئەمڕۆ لەوپەڕی دونیاوە دەڵێت ئەم هاووڵاتیانە وەکو دامە و شەترەنج بەکاردێنن بۆ مەبەستی سەربازی و سیاسی، زۆرینەی ئەو خەڵکانە داوای هاوکاری دەکەن، من دەزانم جەنابتان هەفتەی پێشوتر داوای ئەوەت کرد کە لیژنەیەك پێك بێنن بچنە ئەوی بە هەر هۆکارێك بێ لیژنەکە نەچوبی یان چۆنە ئەوە نازانم، بەڵام من دەمەوێت بڵێم بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پەرلەمانی کوردستان هەیەتی داوا لە رێکخراوە جیهانیەکان بکەین بەلایەنی کەمەوە هاوکاری مرۆییانەیان بۆ دابین بکرێت هەتا ئەو کێشە سیاسییە چارەسەر دەبێت...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سروان)، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من پێشەکی هاوڕای برای بەڕێزم (د.رێبوار)م سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ چارەسەری گرانی نرخی نەخۆشخانە ئەهلییەکان، هەمووشمان دەزانین کە ئەوانەی گرانن هی کێن، هەمووی هی بەرپرسە باڵاکانی هەرێمی کوردستانن ئەوە یەك، دوو ئەوە ساڵێك و یەك مانگە دیسانیش دەیڵێمەوە بە گۆڕی شەهیدان شەرم لە پێشمەرگە دەکەم، شەرم لەناوی پیرۆزی ئەوان دەکەم، شەرم لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەکەم، چونکە پێشمەرگە بووم هاتوومەتە پەرلەمان بەڕێز شەرۆکی پەرلەمان، ئەوە چەندەمین جارە مایك بکەمەوە بە هەمووتان بڵێم بکەن بە خاتری خودا بەرگری لە پێشمەرگە بکەن، دەقەیەك مەوەستن بۆیان، رێز لە مردنیان مەگرن، کە زیندوون با رێزیان بگرین، باشە بۆ بیست و یەك بە حەفت لە کوردستان هەبی بۆ خاتری خوا، ئێستا ئێمە سەردانی چەندەمین جارە ... لیژنە با پێك بهێنرێت زوڵم لە پێشمەرگە دەکرێت زوڵم! ئەمن ئەگەر پێشمەرگە بووم کە زیندوو بووم رێزم بگرن، کە مردم فرمێسکی تیمساحیم ناوێت بەراستی، ماومە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەم دەقەیە کاك (سروان)، (شیرین) خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئاماژە بە یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەرئەنجامی خۆپیشاندان بابڵێن لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر دەستی فێرخوازان لە زانکۆ و پەیمانگاکان وە پاش کۆتایی هاتن بە خۆپیشاندان بەداخەوە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەدەر لە یاسا بەرکارەکان، بەدەر لەوەی کە بەپێی فەرمانی دادگا و یاسا ژمارە (١) چالاکوان و خۆپیشاندەر بەشێوەیەکی ڕەش بگیرانە دەستگیر کراون من بۆخۆم بەدواداچونم کردووە یەعنی هیچ مادده و هیچ یاسایەك نییە بەو شێوازە و بەو ماددانە کە ئاماژەی پێبکرێت کە ئەو کەسانە دەستگیرکراون یەعنی بەداخەوە چالاکوانی وا دەستگیر کراوە تۆمەتەکەی ئەوەیە کە لەکاتی خۆپیشاندانا ڕەسمی لەگەڵ کەسایەتییەك گرتووە، سەرباری ئەوەش کە دەبینی بەو شێوازە کە هێز دەجولێنرێت بەرامبەر بە خۆپیشاندەر بەرامبەر بە چالاکوان، بەرامبەر بە خەڵکی ئازادیخواز، دەبینین لە ناوچە کێشەلەسەرکان لە ناوچە کوردستانیەکانی ئەم سنوورانە، من بۆخۆم بەپێی ماددەی (٥٨) پرسیارم ئاراستەی تیمی حکومەت کردووە ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(شیرین) خان لە بڕگەی دوای ئەوە مناقەشەی ئەو بابەتە دەکرێت، زۆر سوپاس گیان، (سەرچنار) خان، فەرموو

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی دیباجەی دەستووری عێراقی بریندارانی هەڵەبجە بەڵگەیەکی زیندووە جینۆسایدی گەلەکەمانە، ئێستا ئەگەر جەنابتان ئاگادار بن بریندارانی هەڵەبجە یەعنی بەتایبەتی هەڵەبجە و شارەکانی تریش لە باروودۆخێکی زۆر خراپدان یەعنی خەریکە تەحەمولیان نامێنێت، هیچ چارەسەرێکیان بۆ ناکرێت نە لە دەرەوە نە لە ناوەوەی هەرێم، هەردوو وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئیهمالیان کردوون، یەعنی بە دەم داواکاریەکانیان ناڕۆن هەتا یاسای چاکسازی خەریکە مینحەکانیشیان دەبڕن کە بۆ چارەسەر بەکاری دێنن ئەو پارەیە، لەبەر ئەوە من داوا لە جەنابت دەکەم هەردوو لیژنەی کاروباری شەهیدان لەگەڵ لیژنەی تەندروستی ڕابسپێری بۆ ئەوەی بچنە هەڵەبجە و بەدواداچون بۆ کاروباری، بۆ ژیانی نارەحەتی ئەو بەرکەوتوانە بکەن هەم لەلایەن حکومەتەوە ئیهمال کراون، هەم ئیتر تواناشیان نەماوە لەوە زیاتر، با گرفتەکەیان لەوە زیاتر گەورە نەبێت، بەدواداچوونێك بۆ ئەو بابەتە بکەن، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە یاداشتێکی نووسراو بیدەرە سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی ئێمە قسە لەگەڵ هەردوو لیژنە بکەین، (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ئەوەی کە جێگەی باسە ئێستا مقۆ مقۆیەك هەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بەوەی کە داهاتی نەوت لەلایەن پارتییەوە داهاتی ناوخۆ لەلایەن یەکێتییەوە ناگەڕێنرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی کە هەردووکیان هەیکەلیەتی حکومەتەکە پێك دێنن کە سەرۆك و جێگری حکومەتەکەن، داوا لە بەڕێزتان دەکەم خەڵك بەوە مەشغوڵ نەکرێت لێژنەی تایبەتمەند راسپێرن سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لەو بابەتە، خاڵی دووەمیشم ئەوەیە ئەوڕۆ یاداشتێك پێشکەش دەکەین سەبارەت بە برا پێشمەرگەکانمان، کە ئەو زرێپۆش و ئەو چەکانەی کە لەناو شارەکاندا ماڵە بەرپرسی پێ دەپارێزرێت یاخود ئەو هێزانەی کە بۆ خۆپیشاندەرەکان بەکار دەهێنرێت، دەهێنرێتە شەقام بنێرێتەوە بەرەکانی جەنگ بۆ ئەوە برا پێشمەرگەکانمان چیدیکە شەهید نەبن، سەرۆکی پەرلەمان یەك پرسیارم هەیە ئەویش ئەوەیە کە خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ بۆچی ناخرێتە بەرنامەی کارەوە؟ نایەتە پەرلەمانەوە عەزیەت نەبێ؟ سەبارەت بە پێوەری دەمێکە یاداشت دراوە هەموو مانگێك خەڵك باجی لەسەر زیاد دەبێت، هەموو مانگێك سزای لەسەر زیاد دەبێت... سەبارەت بە فەرمانبەری گرێبەست . وانە بێژ... دەرچووی دانەمەزراو... سەبارەت بە نەوت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخەر ئەو هەموو سەبارەتە لە یەك دەقەدا ناکرێت، سەبارەت بە پڕۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکان... کاك (علی حمە صالح)، فەرمووە.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، جگە لە چەند جارێك یاداشت داوای لیکۆڵینەوەمان کرد بۆ چەندەمین جار نەکرا، من خۆم لێکۆڵینەوەکانم تەواو کردووە، بەڵگەکانم هێناوە کە ئێستا خستمە روو بەدڵنیاییەوە هیچ شتێك لە کوردستان لەوە مەنتقی تر نییە، چ مەنتقێك لەوەدایە داهاتی ناوخۆ مانگی (٢) سێ سەد و حەفتا و چوارملیار بووە بۆ تەمویلی مووچە، مانگی پێشوو بۆتە سەد و شەست و چوار ملیار، ئەم مانگە ئەوەش نەهاتووە تا ئیستا سفر هاتووە تا ئێستا سفرا کێ باوڕ بەمە دەکا؟ داهاتی سلێمانی لە سەد و شەست و یەك ملیاری مانگی دوو مانگی پێشوو حەفتا ملیار و پێنج سەد و بیست بووە بۆ تەمیلی مووچە، ئەوەی تری چی لیهات؟ داهاتی هەولێر لە سەد و هەشتا شەش ملیارەوە نەوەد و سی ملیار و چوار سەد و سی ملیۆن بووە، واتە نزیکە نەوەد و سێ ملیار کەمی کردووە، ئەمە کەمی کردووە خۆ بۆ پڕۆژە نییە، ئەوە پڕۆژەکانی سلیمانی هەمووی وەستا، قسە لەسەر دوو ئیدارەییە، یەك پڕۆژە لە سنووری پاریزگای سلێمانیدا جێبەجێ دەکرێت لە (١٠٠م) بۆ ریگەی کەلار راپەڕین ئەبی لە داهاتی سلێمانی خۆی بێ، هی هەولێر و دهۆکیش دەبێت لە داهاتی خۆی بێ، ئێ ئەگەر داهاتی لایەك کەم بوو ئیتر دەبێ پڕۆژەی ئەو ناوچەیە بوەستوێت، ئەمە دوو ئیدارەیەکی وازحە، هەموو خەرجیەکانی سنووری سلێمانی هەموو خەرجی خواردن نەخۆشخانە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (علی) قسەکانت رەنگە قسەی زۆر باش بن، زۆر بەسوود بن، بەڵام یەك دەقەم لەبەردەستە من، ئێستا لەگەڵ لیژنەی دارایدا قسە دەکەین، چۆن لەگەڵ لیژنەی پەروەردە و ناوخۆ هەفتەیەکمان بۆ دانان و خستمانە بەرنامەی کار بەهەمان شێوە ئەوانیش یەك هەفتەیان بۆ دادەنێین، هەفتەی داهاتوو ئەیخەینە بەرنامەی کارەوە دەبێت حازریان کردبێت، لیکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتانە، (سوسن) خان، فەرموو

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای پشتیوانی لە قسەکانی کاك (رێڤنگ)، کاك (عثمان) بۆ دانانی دانیشتنێکی تایبەت بۆ بانگێشکردنی وەزیری پێشمەرگە، بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی پێشمەرگە سەنگەرەکان، داوا دەکەم کە قسەکانی کاك (عثمان) کە ئەندامی لیژنەی یاساییە لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، چونکە بەراستی ریزگرتن لە شەهیدانی کوردستان واجبی سەرشانی هەموو گەلی کوردستانە نەخاسمە ئەو شەهیدانەی کە لە سەنگەرەکانی بەرگری لە خاك و وڵات و نیشتمان شەهید بوون و گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی، بوینە قەلغان بۆ وڵات و هاووڵاتیانی کوردستان، بۆیە ناکرێت شەهیدەکانمان کە لە جەبهە شەهید دەبن بخرێنە پاڵ ئەو کەسانەی کە فەرمانی گرتنیان هەیە، ئەمەش جێگای قەبوڵکردن نییە کە ئەندامێکی لیژنەی شەهیدان بڵێت نابێت رێزیان لێبگیرێت، بۆیە داوا دەکەم قسەکانی لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، چونکە رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان ئەوە واجبی سەرشانی هەمووماننە چ خاسمە پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەگەر بیوتایە نابێت رێزیان لێبگیرێ دەمان سڕیەوە، بەڵام ئەو وتی دەبێت رێز لەویتریش بگیرێ، تەواو تەواو، (روپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەپێی مادده (٧٩) لە پەیڕەوی ناوخۆوە قسە دەکەم، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازە بڕیارێکمان پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی کرد دوای رێکاری پەیڕەوی هات بۆ لێژنەی یاسایی، لێژنەی یاسایی ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەو مەجالەی مەجالتان دەدەم وەکو ئەو (١٥) دەقەیە کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دادەنرێ بۆ عەرزکردنی خەمەکانی خەڵك و شئونی عامە ئەگینا نوقتەی نیزامی لە (٥٠) کەس کە قسە دەکات سیانیان نوقتەی نیزامییە، تەواو تەواو، ناوتان دەنوسم بەس بۆ ئەوەی تەنفیسێکە و قسەی خۆتان بکەن، ئەگینا نوقتەی نیزامی ئەگەر ئەوەندە نوقتەی نیزامی لەسەر ئێمە هەبێت هەر نابێت جەلسە بکەین، خۆشمان دەزانین لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکانیشا ئیقراری ئەوەت کرد کە بەڵێ دەزانم نوقتەی نیزامی نییە بەڵام ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن بەس ئەوەمان لەبەر دەستە، (روپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز رووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی مادده (٧٩) له لێژنەی یاسایی پێشنیازە بڕیارەکە بۆ رەخساندنی هەلی کار بۆ کرێکارانی خۆماڵی نێردرا بۆ دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی تایبەتمەند بەڵام لە وەرزی رابردوو نێردراوە تا ئیستا وەڵامەکەی نەهاتۆتەوە، بە چ پێوەرێك مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشنیاز وە یاسایانە دەکرێ، پێشنیازە بڕیار دەکرێ کە بۆ حکومەت دەنێردرێ بۆ نایەنێرێتەوە، ئەو دوو وەرزی یاسادانانە تاوەکو ئێستا حکومەت نەیناردۆتەوە، ئیمڕۆ خراوەتە بەرنامەی کاری کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر بڕیارە بریارێکی لەبارەوە بدرێت دەبێ وەڵامی پەرلەمان بدرێتەوە، ئایا چارەنووسی ئەو پێشنیاز بڕیارە چی بەسەر هاتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بو پێشنیازە بڕیارە پێشنیازە بڕیارێکی زۆر بەجێیە دەستتان خۆش بێت ئەوانەی کە ئیمزاتان کردووە، جێگەی ئیهتمامی سەرۆکایەتی و فراکسیۆنەکانی تری پەرلەمانی کوردستانیش بووە، بەڵام بەرمەبنای یاسا بەرکارەکان لە هەرێم و بەدیاریکراوی یاسای کار کە هیچ رێگریەك نییە لەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیار بدا ئەوان خۆیان بڕیاریان داوە (٧٥%) بە ئیجباری ئەبێ کرێکاری خۆماڵی بێ، ئەمرۆ ئێمە لە کۆمپانیا ئەمنییەکان لەوە زیاتریشمان بڕیاردا، بڕیارماندا (٩٠%) بێت، کەواتە لەسەرووی ئەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیشە، رەنگە لەبەر ئەوەی ئامانجەکە هاتۆتە دی پێویستمان بە پێشنیازە بڕیارەکە نەبێت، ئەگینا لە راستیا زۆر باش بوو، پێشنیازێکی بەجێ بوو، جێگای دەست خۆشیشە. کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەبەر رۆشنایی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای شەهیدان دەمەوێت ئەمەت پێ پیشان بدەم ئەوە ژیان و گوزەرانی خێزانێکی شەهیدی شەڕی دژی داعشە ئەمە خێزانەکەیەتی دوای ئەوەی کە چەندین جار هەوڵی داوە هیچ شتێکیان بۆ نەکردووە ئێستا خیرخوازان دەچن پارەی بۆ کۆدەکەنەوە، خێزانێی شەهیدی دژی شەڕی داعش لەم هەرێمی کوردستانە ئەمە ژیان و گوزەرانی کەسوکاری شەهیدانە لەم هەرێمی کوردستانە! ئاوا ئاساکان لە هەرێمی کوردستان جیبەجێ دەکرێت و خزمەتی کەسوکاری...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە جێگای خۆتەوە قسە مەکە کاك (بالانبو)، بەڕێزان دوای کاك (دیاری) ناوەکەمان دەداتی.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو شتەکانم داوە ئێستاش پێت دەڵێم، لە هەموو شوێنێك بڵاوبۆتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تۆ رێگا دەدەی خەڵك تەداخول بکات...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەزانی بۆ؟ لەبەر ئەوەی بوو بە عادەت، پێی دەڵێم بەبێ مۆڵەت كاك (باڵانبو) لەشوێنی خۆتەوە قسە مەكە، زۆر جاریش ئەوەم بە تۆ وتووە، دەفەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تۆ قسەكانم پی مەبڕە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو، حەق ناخۆشە لە خۆیەوە.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چی؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نانا قسەم نەكردووە تۆ هەموو قسەكانت پی بڕیم، لێم گەڕێن با یەك دەقەی خۆم قسە بكەم كاكە، ئێ سی سانیە قسەم كرد...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێ وەڵا كاك (دیاری) نازانم بۆ توڕەی، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێ ڕەحمەتت لێ بێ تۆ نایەڵی قسە بكەم، ئی وەڵاهی ئەگەر لەسەر هنی خۆم قسە بكەم وەڵا قسە ناكەم، ئەڵێم ئەوە ژیان و گوزەرانی كەسوكاری شەهیدانە لەم هەرێمی كوردستانە، خێزانی شەهیدێكی شەڕی داعش كە ژیان و گوزەرانی ئێمە پاراستووە، ڕوحی خۆی لەپێناوی ئەم نیشتمانە داناوە، پارەی نییە ئەوە ژیانییەتی لەبەردەم مردنایە، كەس نییە چارەسەری كا، بۆ وەزارەتم ناردووە بۆ هەموو دونیام ناردووە، دەڵێم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دەكرێ ڕێز لە یاساكان بگرین ناكرێت بەم جۆرە خزمەتی كەسوكاری سەربەرزی شەهیدان بكەین لەم هەرێمی كوردستانە، ئەمە قسەكەمە ئیتر بۆ پێم دەبڕن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە قسەكەت، ڕاست دەكەی ناوەكەمان بدەرێ بە لێژنەی شەهیدان دەڵێین بەدواداچون بكەن، دڵنیا بە، بە ڕەسمی بمان دەرێ بڵێ ناوی فلانە لە فڵان شوێنە (سوسن) خانوو ڕەفیقەكانی لە لێژنە رادەسپێرین، مامۆستا (عمر) فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەداخەوە ئێستا دۆخی تاڵانی، گەندەڵی، خراپ بەکارهێنان، دەست بەسەرداگرتنی داهاتی هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێك وەزیرەکانی حکومەت بەیاننامە لەسەر یەك دەردەکەن، لە کاتێکدا هەزاران هاووڵاتی لە دۆخێکی برسیەتی و هەژاریان، یەکەمەکانی زانکۆ چاوەڕێی دامەزراندنن، فەرمانبەرانی گرێبەست چاوەڕێن، وانەبێژان چاوەڕێن، پلە بەرزکردنەوە پێنج ساڵە وەستاوە، گەنجی زانکۆ داوای (٦٠) هەزار دەکات بە شەق و لیدان و فیشەك لە سلێمانی وەڵامی دەدرێتەوە، ئێمە هەموو ئەو کێشانەمان کردە پێشنیازە بڕیارێك لە (٩/٢) پێشکەشی ئێوەی بەڕێزمان کرد، بەپێی بڕگەی دووەمی ماددەی (٧٩) ئەبوو ئێوەی بەڕێز لەگەڵ لیژنەی یاسا لە (١٤) ڕۆژدا وەڵاممان بدەنەوە، دوای سێ مانگ وەڵاممان ئەدەنەوە کەلێنی یاسایی نیيە، ئەگەر کەلێنی یاسایی نییە ئەم فەوزایە لە حکومەتدا چییە؟ حکومەت چۆن دەتوانێ بە قەرارێکی خۆی هەرچی یاسایە رایگرێت، ئایا پەرلەمان لە حاڵێکی ئەم جۆرە کە مەرجەعی خەڵکی کوردستانە، کە باڵاترین دەسەڵاتە تەماشاکار بێت بۆ حکومەت، پارەی ئەم وڵاتە تاڵان دەکرێ پەرلەمان تەماشاکار بێت، نابێت قەرارێکی هەبێت، ئێمە بڕیارەکەمان جارێکی تر پێشکەش دەکەینەوە تکایە لە وادەی یاسایدا بیخەنە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دڵنیابە دەیخەینەوە بەردەم لیژنەی یاسایی بەپێی ماددەی (٧٩)، مامۆستا (ابوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە روانگەی ماددەی (٥٦)ەوە دوو نوقتە نیزامی دەگرم، ئاماژە بە ماددەی (٩٢) بەڕێزت سیفەتی ئیستیعجالت دا بە یاسای چەك ئەمڕۆ خوێندکارێکی تر لە سلێمانی بە چەك خۆی کوشتووە، بۆیە ئەبێ پەلە بکرێت لە ئامادەکردنی ئەو یاسایە، دووەم ئاماژە بە بڕیاری ژمارە (١٧) ساڵی (٢٠١٤) کە بڕیارێکی تایبەتە بە دۆخی پێشمەرگە، بەداخەوە لەو بڕیارە تەنها یەك بڕگەی جێبەجێ کرا ئەویش لەکاتی شەڕی داعشدا کە پێویستتان پێی بوو یەکەم وەزارەت مووچەیان وەردەگرت، من وەکو ئەندامێکی لیژنەی پێشمەرگە داوای کۆبونەوەیەکی داخراوی پەرلەمان دەکەم کۆبونەوەی فراوان لە پەیڕەوا شتی وا نییە، کۆبونەوەیەکی داخراو لەبەر رەهەندی ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە ئێمە لەو لیژنەیە سێ ساڵە بە یاداشت، بە سەردانی مەیدانی، بە چوون بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بە چوون بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، یەعنی بە ئیعترافی خودی سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە گەندەڵی و بندیوارێکی زۆر لەو وەزارەتەدا هەیە داوای ئەو کۆبونەوەیە دەکەین بەپەلە ئەنجام بدرێت، ناکرێ بەراستی ئێمە بەدیار خوێنی رۆڵەکانی نیشتمانەکەمان و پێشمەرگە قارەمانەکانەوە تەماشا کەر بین، تەنها بە ئیدانە بوەستین، دۆخی پێشمەرگە پێویستی بە یەکلاکردنەوەیەکی زۆر هەیە، ئێستا زستانە پێداویستی هاوینیان بۆ جێبەجێ نەکراوە، لە هاوینیشدا پێداویستی زستانیان بۆ جێبەجێ ناکرێت بەداخەوە! زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان راوێژێك دەکەین بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئەو کۆبونەوەیە حازر بکەین، کاك (حکمت)، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا هەر روونکردنەوەکی حەزم کرد بێخمە ئارا، سەبارەت ئەو دەوامـا پێشمەرگە، کو پێشمەرگێت زێرەڤانیێ بیست و یەك رۆژ بحەفت رۆژ کو دەوامێ دکەن، هەرە لێژنا پێشمەرگە ژی یەعنی ئەڤ بابەتا ئەم گەلەك مەدیڤچونا لسەر کری لێژنا ناڤخۆ ژی ژبەرکو پێشەمرگێن زێرەڤانیی یێن فریاکەوتن عایدی وەزارەتا ناڤخۆنە، لێژنەیەك هاتە دروستکرن و دیڤچوون کرن پشتی هەنگێ ژئەنجومەنێ وەزیران و ژ وەزارەتا ناڤخۆ ودیسا ژبەرپرسێت زێرەڤانیێ جا پاسە بۆمە هات کو ئەوان پێشمەرگە پێش ساڵەکی یا ئیمزا کری کو یا قەبیل کری، کو دەواما وانا حەفت رۆژ بەبیست و یەك رۆژ بی یەعنی حەوت رۆژ ئیجازە بی بیست و یەك رۆژ لدەوامێدابن، بەس لڤێرێ دیسا یەعنی ئەم هەمی لگەل هەندێنە واجبێ وانە ژی وەکو وا پێشمەرگێت دی لێبێتن، ئەگەر بکرێتن یەعنی جارەکا دیترێ ژی دیڤچوون لسەردا بێتە کرن وەکی پەرلەمان بشێن داخازەکی بکەن، گەلەك مەمنون بین، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله رحمان الرحیم، خالا من پشت بەست بیاسایا ژمارە (٢) ساڵا (٢٠٠٨) یا چاڤدێریا دارایی، مە گولێت بیتن ما بەینا دەمی و دەمی داخو یانیا تێت هەڤ دژ لسەر داهاتێ کوردستانێ، فلان شاری هندە داهاتە، فلان شاری هندە داهاتە، ئەم نزانین باوەر ژکیش لای بکەین، ئەڤی داخاوێ نییە بێژیتن یان ئەڤی وەڵامی بداتەوە جوابا وی بداتەوە، بەرسڤێ بداتە ڤە، ئەڤە ژی هەمی سەبەبە چنکی یاسا ناهێتە بجێئینان یاسایا ژمارە (٢) ساڵا (٢٠٠٨) دبێژیت ساڵانە راپۆرتا چاڤدێریا دارایی بوو پەرلەمانی بێتە پێشکەش کرن، بزانی کو ئەڤ راپۆرتە لبەر دەستی مە با وی وەختیدا هەمی دزانین کیش شاری، کیش پارێزگەهێ داهاتێ خۆ دروستایی وەرگری، دروستایی نەوەرگرین، ژبەر هەندێ ئەز داخاز دکەم پەرلەمان تەئکیدی لسەر هەندی بکات، ئەڤە ساڵا سێیێیە لپەرلەمانیدا حەتنا ڤێ گاڤێ راپۆرتا چاڤدێری نەهاتییە، خاڵا دوێ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاتەکەت تەواو بوو، سەبارەت بە بابەتی یەکەمت بەڕێزان لێژنەی داراییداوایا کردبوو بە رەسمی داوای ئەو راپۆرتە بکەین بەشێوەیەکی دەوری دەبێت چاودێری دارایی بینێرێت بۆ پەرلەمان، هەمووتان ئەو راستییە دەزانن موودەی چاودێری دارایی تەواو بوو، هەمووشتان دڵنیام بەدواداچوونتان کردووە ئەو راستییە دەزانن زۆربەی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکانیان ماوەیان تەواو بوو، ئێمە ئەم هەیکەلیەتەمان تەواو کردووە وە لەسەر ئەو بنەمایەش داوامان لێکردووەن کە راپۆرتە دەورییەکانی خۆیان ئەوەی لەلایانە بۆمان بنێرن،

ئەوەی لەمەولاش لەکاتی خۆیدا راپۆرتەکانمان پێ بکا، دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کاری کۆبونەوەکەمان دەکەین، باش ئەگەر نیزامی نەبوو؟ دەی، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٩٨) لە پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان پێویستە ئەنجومەنی وەزیران لە مانگی (١٠)ی هەموو ساڵێك پڕۆژە یاسای بوودجە بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان ماوەی (٨) ساڵە پڕۆژە یاسای بوودجە نەگەیشتۆتە پەرلەمانی کوردستان، ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو رێ وشوێنانەی کەوا پێویستە بگیرێتە بەر لە ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی دارایی و لە فشار دروست کردن بۆ ناردنی بوودجە چی کردووە؟ یەعنی هەموو ئەو کێشانەی کە ئێستا هەیە پەیوەندی بە بوودجەوە هەیە، ئەگەر یاسای بوودجە بێتە پەرلەمانی کوردستان تەصەور دەکەم ئەو کێشانە چارەسەر بکرێ، دوایی لە کوێی دونیا هەیە (٨) ساڵ یاسای بوودجە نێتە پەرلەمان؟ حکومەتێك (٨) ساڵ بەبێ یاسای بوودجە بەڕێوە بچێت بەرای من لە هیچ شوێنێکی دونیا ئەمە نییە، ئینجا مەسەلەی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران لە (٢٠١٦)ەوە وەستاوە زەحمەت نەبی پێمان بڵێن بە کام یاسا حکومەت پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی وەستاندووە، بۆچی نایکاتەوە کە لە ئێستادا وەزعی دارایی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو باش بووە،...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راگرتنی پلە بەرزکردنەوە بەبێ یاسا نایاساییە، سەبارەت بەوەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان چی کردووە ئەو ئەرکەی لەناو ئەو پەیڕەوە پێمان سپێردراوە ئێمە وەکو خۆی جێبەجێمان کردووە، ئەگەر دەتەوێت بزانی ئەو نووسراوانەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاراستەی حکومەتیان کردووە بۆ مەبەستی بوودجە، بۆ مەبەستی ژمێرەی کۆتایی ساڵانە داوای روونکردنەوە لە وەزارەتی دارایی دەتوانی سەردانی نووسینگەی ئێمە بکەی بۆ ئەوەی نوسراوەکانت بدەینێ، بەڕێزان دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەمان دەکەین، کە بریتییە لە (خستنە رووی بەدواداچوونی هەردوو لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان و لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە خۆپیشاندانی خوێندکاران) دەرفەتیان پێ دەدەین، بۆ ئەوەی راپۆرتەکەیان بخوێننەوە،

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/راپۆرتی لێژنەی هاوبەش

بە بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە رێککەوتی (٢٠٢١/١١/٢٣) بڕیاردرا بە پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەش لە هەردوو لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان، لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ بەداواداچونی کێشە و گرفتەکانی خوێنکاران و هۆکاری دروستبوونی ئاڵۆزی لەنێو خۆپیشاندانی خوێندکاران، لە چوارچێوەی ئەم ئەرکە پەرلەمانیەدا لێژنەکە راسپێردراوە لە رێککەوتی (١١/٢٩) دەست بە ئەنجامدانی کارەکانی کە سەرەتا لێژنە راسپێردرا سەردانی پارێزگای سلێمانی بکات لەگەڵ بەڕێزان پارێزگاری سلێمانی و

سەرۆکی زانکۆکانی سلێمانی و زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی و بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی و بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی کۆبۆوە، لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی دەستپێکردنی خۆپیشاندان و دروستبوونی ئاڵۆزیەکان کرا، هەموو لایەك کۆك بوون لەسەر ئەوەی داوای خوێندکاران داوایەکی ڕەوایە سەبارەت بە دەستگیرکراوان هیچ خوێندکارێکی دەستگیرکراو نەماوە، سەبارەت بە بریندارەکان بەداخەوە لە خوێندکاران و هێزەکانی ناوخۆ بریندار هەبووە، بەڵام خۆش بەختانە قوربانی گیانی نەبووە لێپێچینەوەش لەگەڵ ئەو کەسانەش کراوە کە توند و تیژیان ئەنجام داوە وە دڵنیایی تەواومان پێدراوە کە لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵ دەکرێت پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١٤)ی یاسای هەمواری خۆپیشاندان ئەرکی پاراستنی خۆپیشاندانەکانی لە ئەستۆی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکانە.

ڕاسپاردەکان:

یەکەم: لیژنەی هاوبەشی پەرلەمان کوردستان خۆپیشاندانی خوێندکاران بە مافێکی ڕەوا دەزانی بۆ داواکردنی دەرماڵ و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ زانکۆ و بەشە ناوخۆییەکان.

دووەم: لێژنەی هاوبەشی ڕاسپێردراو بە کارهێنانی توند و تیژی لە خۆپیشاندانەکان بە هەموو شێوەیەك ڕەت دەکاتەوە داوا دەکا لیپێچینەوەی یاسایی بەرامبەر ئەنجامدەران بکرێت.

بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکە لەلایەن لیژنەی هاوبەش، لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەلای برای بەڕێزم کاك (عبدالسلام) با بفەرموێ،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك (شاخوان)، کاك دکتۆر، فەرمووو.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی بەشی دووەمی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشمان بخوێنمەوە، ڕێگەمان بدەن بەناوی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا تویژینەوەی زانستی لە پەرلەمانی کوردستان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە سێ یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧) بکەین کە دوای ئەوەی لە کۆبونەوەی پێشووتری پەرلەمان ئێمە باسمان کرد کە بەدواداچونمان کردووە لە قۆناغی کۆتایدایە ئەمڕۆ سەرۆکی لێژنەی ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (عمر)، سەرۆکی لێژنەی پەروەردەیە لێی گەڕێ ڕەئی بڵێ ڕەئی، با قسەی تەواو بکا لەناو قسەی خەڵکا نوقتەی نیزامی چۆن دەبێ.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆك (مسرور بارزانی) بڕیاری دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧) درا، لێرەوە داوا لە ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز دەکەین کەوا قۆناغ بە قۆناغ دەرچوانی تری بەڕێزی تریش دابمەزرێنن، ئێمە وەکو لیژنەی ڕاسپێردراوی پەرلەمانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون لە داوای ڕەوای قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ گەڕاندنەوە دەرماڵە و

خزمەتگـوزاری پێویسـتی و چارەسـەری کەموکوڕییەکـان و پەرەپێـدانی بەشـە ناوخۆییەکـان و هۆکاری دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزیەکان دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێـز پارێزگـاری سـلێمانی و هێزە ئەمنیەکانی شـارەکان کە هەڤـاڵان لە لێـژنەی نـاوخۆ بـرای بەڕێـزم کـاك (شـاخوان) وەکـو سەرۆکی لێژنەی ناوخۆ باسی کرد لە دوو کۆبونەوەی جیادا لەگەڵ ئەنجـومەنی هەردوو زانکـۆکە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، نـوێنەری بەشـێك لە قوتابیـان و خوێنـدکارانی زانکـۆ و پەیمانگاکـان کۆبـوینەوە، پێـان گـوتین کەوا لەسـەرەتای دەسـتپێکردنی گردبـوونەوە و خۆپیشاندانەکان ئەنجومەنی زانکۆ بۆ ئامۆژگاری خوێنـدکاران سـەردانیان کـردوون و بـۆ ئەوەی داوا ڕەواکانیـان بەلارێـدا نەبـردرێن و ڕێگاکـان نەگـرن، بەڵام لەلایەن هەنـدێ کەسـی نەناسـرا و دەمامکـدار کە قوتـابی زانکـۆ نەبـوون بێرێزیـان بەرامـبەر کـراوە، سـەبارەت بە هۆکـاری ڕاگرتنـی پرۆسـەی خوێنـدن لە زانکۆکـان پاڵپشـت بە یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٨)ی خوێنـدنی بـاڵا ماددەی (١٣) ئەم دەسـەڵاتەی داوە بە ئەنجـومەنی زانکۆکـان کەوا بـۆ مـاوەی (٦) ڕۆژ لە حـاڵەتی پێویسـت کە وەزعێکـی ڕەهەنـد بێـتە پـێش پرۆسـەی خوێنـدن بەشـێکی یـان هەمـووی ڕابگـرن، بەرمەبنای ئەم دەسەڵاتە یاساییە ئەم بڕیـارەی ڕاگرتنـی پرۆسـەی خوێنـدن دراوە، بەڵام لە ڕۆژی یەك شەمەی داهاتووە وە کە دەکاتە ڕێککەوتی (٢٠٢١/١٢/٥) دەست بە پرۆسەی خوێندن دەکرێـت و لە (١٢/٦)ەوە دەست بە تاقیکردنەوەکان دەکرێت.

سـێیەم: سـەبارەت بە گیراوەکـان لە ئێسـتادا هـیچ خوێنـدکارێکی دەسـتگیرکراو بـوونی نەمـاوە، تەنها سێ کەس بە بڕیاری دادوەر گیراون کە خوێنـدکار نـین، بڕیـاری دادگایـان هەیە، دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوە بەپێی یاسا بەرکارەکان سەرەدەری لەگەڵ کەیسەکەیان دەکرێت.

سەبارەت بە زیان لێکەوتوان:

بەپێی بەدواداچوونەکانمـان دیـارە (٤٠) کەس لە قوتابیـان و خوێنـدکاران و لە هێـزە ئەمنییەکـان بەهۆی دروستبوونی ئاڵۆزی و توند و تیژیەکان بریندار بوون، بەڵام تەنها (٨) کەسـیان پێویسـتیان بە چارەسـەری تەندروسـتی و بـردرانە نەخۆشـخانەکان و چارەسـەری پێویسـتیان بـۆ کـراوە، سوپاس بۆ خوا کە لە ئیستادا هەموویـان تەندروسـتیان باشـە، دواتـر لەگەڵ نـوێنەری بەشـێك لە قوتابیان و خوێنکارانی زانکـۆ و پەیمانگاکـان کۆبـووینەوە پێیـان وتـین کەوا بـۆ داوکـاری ڕەوای خوێنکاران کە بریتیی بـوو لە گەڕانەوەی دەرمـاڵە و دابینکردنـی خزمەتگـوزاری، چارەسـەرکردنی کەموکوڕیەکـان و پەرەپێـدانی بەشـە ناوخۆییەکـان و زانکۆکـان لە خۆپیشـاندانێکی هێمنـانە و ئاشتیانە رووماں لە سەرۆکایەتی زانکۆ کـرد و بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژ هـیچ گـرژی و ئـاڵۆزیەك ڕووی نەدا، پاشـان چـوینە بەردەم پارێزگـای سـلێمانی و دواتـر لەسـەر داوای بەشـێك لە قوتابیـان و خوینکـاران ڕێڕەوەکەمـان گـۆڕی و بەرەو سـەنتەری شـار بەڕێکەوتـین، بەڵام بەداخەوە هەنـدێ کەسی نەناسراو خزانە ناو خۆپیشـاندانەکان کە خوێنـدکار نەبـوون، ئاراسـتەی خۆپیشـاندانەکان مەسـاری خۆپیشـاندانەکەیان گـۆڕی و ئەجەنـدایەکی تـر تـێکەڵ بە داوای ڕەوای قوتابیـان و خوێندکاران کرا کە بووە هۆی سوتاندن و زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی گشتی و گرژی و ئـاڵۆزی لـێکەوتەوە، کـۆی داواکاریەکـانی ئەنجـومەنی زانکـۆ و قوتابیـان و خوێنـدکارانی ئـازیز بە دوو یاداشـتی (٣٥) خـاڵی کە تەواوی داواکاریەکـان لەخـۆ دەگرێـت ئاراسـتەی لێـژنە هاوبەشـەکەمان

کراوە ئێمەش لە لێژنەی تایبەتمەند بڕیارمان داوە بە زووترین کات بەدواداچوونی جدی بکەین بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان.

ڕاسپاردەکان:

ئێمە وەکو لێژنەی تایبەتمەند پاڵپشتی تەواوی داواکاری قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەکەین کە بریتین لە:

١-گەرانەوەی دەرماڵە و خزمەتگوزاری چارەسەر کردنی کەم و کوڕیەکانی بەشە ناوخۆییەکان و پەرەپێدانیان.

٢- هەردوو یاداشتەکانیان کە خۆی لە (٣٥) خاڵدا دەبینێتەوە کۆی داواکاریەکانیان لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەم مەبەستە داو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کەوا پەلە بکا لە جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان و هەر ئەمڕۆ بە نووسراوی فەرمی داواکاریەکانیا ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکەین.

٣- شکاندنی حەرەمی زانکۆ هێڵی سوورە، نابێت لە هیچ بارودۆخێك و بە هیچ بیانوێك ئەو سنوورە ببەزێنرێت.

٤- پێویستە لەسەر هێزە ئەمنییەکان بەشێوەیەکی مەدەنیانە مامەڵە بکەن لەگەڵ خۆپیشاندەران و خۆیان بە دوور بگرن لە هەر توند و تیژییەك، بەکارهێنانی توندو تیژی لە خۆپیشاندانەکاندا بە هەر کلۆجێك و لەژێر هەر ناونیشانێك بێت رەتی دەکەینەوە و داوا لە لایەنی پەیوەندیدار دەکەین کەوا ئیجرائاتی یاسایی پێویست بەرامبەر بکەرەکانی ئەنجامدەرەکانی بگرێت بەر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوای خستنە رووی راپۆرتی بەدواداچونەکە راسپاردەکانی هەردوو لێژنەی تایبەتمەند پێکەوە دەخەینە دەنگدان بۆ ئەوەی ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێ وە هەردوو لیژنەش رادەسپێرین بۆ ئەوەی متابەعەی جێبەجێکردنیان بکات، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ناوەرۆکی راسپاردەکانیانە با بفەرموێ دەست بەرز بکاتەوە؟ بابە ئەوە لێژنەمان ناردووە ئەوە رەئی لێژنەیە، راسپاردەکانی هەردوو لێژنە راسپاردەی پەرلەمانی کوردستانە هەر بەڕێزێك لەگەڵ راسپاردەکانیانە با دەست بەرز بکاتەوە؟ هەرچیتان هەیە دەتوانن بۆیان بنێرن ئیزافەیان دەکەین، تا بەیانی قسە بکەین تەواو نابێت، لێژنەکان متابەعەی جێبەجێ کردنی بکەن، بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، بەڕێزان پشوویێك وەردەگرین هەتا سەعات (٢:١٥).

| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی**
**سێ شەممە رێکەوتی ٧\١٢\٢٠٢١**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)
# سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٧

کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٧ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەرنامەی کار بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی (١) لە ماددەی (١٦)بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) ماددەکان (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کار دانیشتنی ژمارە (١٠) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەمی خولی پێنجەم لە هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٧ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: بەبۆنەی یادی (١٠) ساڵەی کۆچی دوایی دۆستی کورد خاتوو (دانیال میتران) بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- وتەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی ئامادەبوونی بەرێز (ژێلبێرت میتران) کوری دۆستی کورد خاتوو (دانیال میتران).

٢- وتەی بەرێز (ژێلبێرت میتران - Gilbert Mitterrand).

دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسایی سەرپەرشتی کردنی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمەکانی ماددەکان (٨٧، ٨٨، ٨٩،) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێ یەم: دەست لەکار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (سیروان فرج محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستانی، بەپێی حوکمی ماددەی (٢٨) پەیرەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

چوارەم: خستنەرووی بەدواداچوونی هەردوو راسپاردەی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لیژنەی ناوچە کوردستانیيەکانی دەرەوەی هەرێم، سەبارەت بە هێرشەکانی رێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق شام و ناسراو بە داعش بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

پێنجەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پروژەی یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکان (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

شەشەم: خستنەڕووی بە دواداچوونی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری سەبارەت بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٠) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێ یەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستی پێ دەکەین، سەرەتاش دەقیقەیەك بەبێ دەنگی رادەوەستین بۆ رووحی بەرزە فری شەهیدە قارەمانەکانمان، بەتایبەت دوایین شەهیدەکانمان لە گوندی خدرجیجەو قەرەچوخ و قەری سالم، فەرمووون بوەستن وداوی لێبووردنیش دەکەین کە لە دانیشتنی رابردوو وێنەی شەهید نەبەز سعید لەگەڵ وێنەی شەهیدەکان دانەنرا بوو،داوای لێبوردن لە خانەوادەکەی دەکەین، فەرمووون بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بەناوی پەرلەمانی کوردستان بەگەرمی بە خێرهاتنی بەرێز (ژێڵبت) و بەرێز کاك مصطفی سید قادر جێگیری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەریز کاك سفین بەرپرسی فەرمانگە پەیوەندییەکانی دەرەوە، بەرێزان باڵیوێزی کۆماری فەرنسا لە عێراق و قونسوڵی کۆماری فەرنسا لە هەرێمی کوردستان تەواوی میوانەکانمان ئەکەین، سەرەتاش دەرفەت دەدەین بە بەرێز سکرتێری پەرلەمان، بۆ ئەوەی بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنە بخوێنێتەوە.

**بەرێز منى نبى قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار: بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی (١) لە ماددەی (١٦)بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) ماددەکان (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کار دانیشتنی ژمارە (١٠) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەمی خولی پێنجەم لە هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٧ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: بەبۆنەی یادی (١٠) ساڵەی کۆچی دوایی دۆستی کورد خاتوو (دانیال میتران) بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- وتەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی ئامادەبوونی بەرێز (ژێلبێرت میتران) کوڕی دۆستی کورد خاتوو (دانیال میتران).

٢- وتەی بەڕێز (ژێلبێرت).

دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسایی سەرپەرشتی کردنی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمەکانی ماددەکان (٨٧، ٨٨، ٨٩،) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێ یەم: دەست لەکار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەرێز (سیروان فرج محمد) لە ئەندامیەتی لێژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستانی، بەپێی حوکمی ماددەی (٢٨) پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

چوارەم: خستنەرووی بەدواداچوونی هەردوو راسپاردەی لێژنەی کاروباری پێشمەرگە لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، سەبارەت بە هێرشەکانی رێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق شام و ناسراو بە داعش بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

پێنجەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەی یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئـابووری لە هەرێمـی کوردسـتان بە پێـی حـوکمی ماددەکـان (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان.

شەشـەم: خسـتنەڕووی بە دواداچـوونی لێـژنەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری سـەبارەت بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ ئەنـدامانی بەرێـزی پەرلەمـان دەسـت بە جـێ بەجـێ کردنـی بـڕگەی یەکەمـی بەرنـامەی کـار دەکەیـن، دوای بە خێرهـاتنی تەواوی میـوانە ئازیزەکانمـان، بەرێـزان مەراسـیمی پرۆتۆکۆلی ڕێز لێنان لە خاتوو (دانیال میتران) دۆستی دێرینـی گەلـی کوردسـتان بە هـاوهەنگی لە نێـــوان پەرلەمـــانی کوردســـتان و قونســـولی کۆمـــاری فەرنســـا لە هەولێـــرو فەرمـــانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە هەرێمی کوردستان ڕێکخراوە، ئامـانج لە ڕێکخسـتنی ئەم مەراسـیمە پرۆتۆکۆلیە بۆ ڕێز لێنانە لە هەڵوێستی مەردانەو دڵسوزانەی خاتوو (دانیـال میتـران) بەرامـبەر بە گەلـی کوردسـتان لە قۆنـاغە سـەختەکانی خەبـاتی گەلەکەمـانی، بەرێزیـان یەکێـك بـووە لەو دۆستانەی گەلی کوردستان کە لە ناو هَولَی پەرلەمان جگە لەوە ئامادە بـووە لە هـوڵی پەرلەمـان لە دانیشـتنی ئاشـتەوایی لە نـاو پەرلەمـانی کوردسـتان، ئەو کـات ووتەیەکـی لەو پەرلەمـانە پێشکەش کردووە هەر بەرێزێك لە ئێوە گوێ بیستی لە ووتەکانی بەرێزیان بوویێـت تێـدەگات کە چ رووئیایەکی جوان و چ خەونـی گەورەو چەنـد بە گـرنگییەوە لە ئەزمـوونی گەلـی کوردسـتانی رووانیوە بۆ ڕێز لێنان لە بەرێزیان وەرێزلێنان بۆ بەرز راگرتنی ئەو کەلتـوورە وە ئەو یـادەوەرییە ئەمـڕۆ دەرفەت ئەدەیـن بە کـوڕی بەرێزیـان بەرێـز (ژێلبێـرت) بـۆ ئەوەی ووتەیەك لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان پێشکەش بکات فەرموون.

**بەڕێز ژێلبێرت میتران:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان، بەرێـزان نـوێنەرانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، بەرێزان بالوێزی فەرنسا لە بەغدا، بەرێـز قونسـوڵی فەرەنسـا لە هەولێـر، بەرێـز کۆنسـوڵی گشـتی ئەڵمانیـا لە هەولێـر، ئـازیزان لە ڕێکخراوانـی هاوبەشـی دەزگـا خێرخوازییەکـان، بەرێـز سـەرۆکی ئنێتسـتوتی کـوردی لە پـاریس کـاك کەنـدال نەزان، دۆسـتانی هێـژا، سـوپاس بـۆ ئەم بانگهێشـتە گەرمەی بەرێزتـان، بـۆ ئەوەی بەرامـبەر ئێـوەو ئەو شـوێنە پیـرۆزە قەسـە بۆتـان بـکەم، ئێـرە کە پەرلەمـانی کوردسـتانەو لەسـاڵی ١٩٩٢ بە ئامـادەبوونی دانیـال میتـران دامەزرا وە دواتـریش لە سـاڵی ٢٠٠٢ جەلسـەی کـردنەوەی پەرلەمـانی کوردسـتان و پەرلەمـانی کوردسـتانی ئاشـتەوایی جارێکیتر پێشوازی لێکرا وە هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩ دەرفەت بە دانیـال میتـران درا بـۆ ئەوەی کە گوتارێـك یـان ووتارێـك بـۆ پەرلەمانتـارە هەڵبژێردراوەکـان لەو شـوێنەی کە ئێسـتا منـی تیـادام پێشکەش بکات،، تەقـدیری ئەم شـەرەفە گەورەیە دەکەم کە منتـان بەخشـیوە و لەرێگـای مـنەوە ئەو ڕێز لێنانە گەورەیەی گەلی کورد بە دایکی خۆم، بە دایکی خۆمـانی بەخشـیوە، بە بـۆنەی یـاد کـردنەوەی سـاڵی کـۆچی دوای یـان لەلای خۆشـمەوە دڵـم پـر جۆشـە کە ووتـار لە بەرامـبەر ئەو پەرلەمـانە و بەرامـبەر ئەو نـوێنەرە بەرێزەکـان بە ئامـاددەبوونی دەسـەڵاتدارو ناحکومیەکـان و

دۆستانی دانیال میتران پێشکەش دەکەم، بە تایبەتیش کە یادەوەرییەکەی بۆ هەمیشە ئەوا زیندوو هەڵگیراوە، ئەمڕۆ زۆر بەختەوەرم کە خوشك و برایەکانم لێرە دەبینم کە لە دەوری دانیال میتران کۆبوونەتەوە بەر لە شەش ساڵی لەسەر بانگشت نامەی حکومەتەکەتان و سەرۆك بارزانی و هونەرمەندی گەورەی کورد شڤان پەروەر هاتم بۆ کوردستان، بۆ یاد کردنەوە چوار ساڵەی کۆچی دوایی دانیال میتران، هەوەها بۆ بەخشینی خەڵاتی دەزگای دانیال میتران بۆ ساڵی ٢٠١٥ لێرە لە هەولێر بە هێزەکانی پێشمەرگە لە کاتێکدا لەو ساتەدا بە هەموو هێزو توانای خۆتانەوە دەجەنگان بۆ پاراستنی خۆتان بۆ پاراستنمان لە داعش کە کۆست و قوربانییەکی گەورەی هەبوو بۆ ئێوە،، سەری رێزو نەوازشمان بۆ شەهیدەکان و خانەوادەکانیان بەتایبەتیش بۆ ئەو خانەوادانەی کە ئەمڕۆ تازیەبارن بۆ ئەو پێشمەرگە و خەڵکە سڤیلانەی لە چەند رۆژی رابردوودا شەهید بوون، ئەوانە لە ناو دڵی ئێمەن وەکو ئێوە دەزانن دانیال سوزێکی بێ هاوتای هەبوو بۆ گەلەکەتان کوردستانی وەکو نیشتمانی دووەمی خۆی هەژمار دەکرد، دانیال هاوشانی ئێوەبوو بۆ شەرمەزارکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال و جینۆساید کردنی هەڵەبجەو ناساندنی دۆزی کورد دۆزی گەلی کورد لە فەرنسا و جیهاندا تاوەکو واشنتن و موسکو لە هەمان کاتیشدا هاوشانی ئێوە بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان وە بڕیاری (٩٨٦) کە هەل و مەرجی ئۆتونمی کوردی رەخساند هەروەها دانیال میتران هاوشانی ئێوە بوو لە کەمپەکانی ماردین و دیاربەکرو موش لە کوردستانی ترکیا دانیال میتران هاوشانی ئێوەبوو بۆ پێشوازی کردن لە پەنابەرە کوردەکان فەرنسا لە رێگای دەزگایەکەیەوە هاوشنی ئێوەبوو لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ دامەزارندنی یەکەمین حکومەتی یەکگرتووی نیشتمانی هاوشانی ئێوەبوو لە کاژمێرە کانی ئۆتونومی و لە بەدی هێنانی کوردستانێکی ئازادو پێشکەوتوو هاشانی ئێوەبوو لە ئاوەدانکردنەوەی وولاتە جەرگ بڕاوەکەتان بە گەیاندنی پێداویستی ژاین و پەرتۆك بە دروستکردنەوەی ژمارەیەك قۆتابخانەوە رێگایەکان لە میانەی دواین سەردانیشدا بۆ هەرێمی کوردستان توانی لەگەڵ حکومەتی ئێوە خۆی پابەند بکات، بۆ ئەوەی دەزگاکەی بەژداربێت لەسەر خستنی پرۆگرامی پشتیوانی بۆ گەنج و پەروەردەی میللەت ئەم پڕۆژەیە لە ناو دلی دانیال میتران بۆ دوای تا کۆچی دوایش بۆ ئێمەی بەجێ هێشت، بۆ ئەوەی سەری بخەین بە هەماهنگی لەگەل وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ رێکخراوە نا حکومییەکان و پشتیوانی دەزگای لایەنگرانیش و بە پشتیوانی فەرەنسا دەیان کادری گەنج بۆ کاری راهێنەری و بەرێوەری پێگەیاندران لە سەرجەم پارێزگاکان بە پاڵپشتی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە هەرە چالاکەکانی کوردستان، سەرەئەنجام هەزاران منداڵ بە تایبەتی لە پەنابەرو ئاوارەکان سوود مەندبوون لەو کارەی هاوبەشەمان لەم چەند رۆژەی رابردووش دا سەنتەرێکی پەروەردەی میللی لە شاری هەولێر کرایەوە بۆ ئەم مەبەستە (١٠) ساڵ دواتر یادەوەری و کارەکەی دانیال لێرەو لە شوێنی تریش لە سایەی ئێوەوە بەردەوامە، چونکە لە ساتە هەرە تاڵەکانی میللەتەکەتاندا هێزتان بە خۆتان داوە لە هەموو بارودۆخێکدا هاوسۆزی و پشتیوانی خۆتان بۆ دانیال دەربڕن، هەتا کاتێك لە ژیانیش دا مابوو هەربۆ ئەمەشە دانیال میتران خۆی دەزگایەکەی خۆشم هەم بوو هەمیشە سوپاس گوزاری ئێوەین، لە کۆچی دوایی یەوە تا ئەمڕۆش پێکەوە بەردەوام بووین لە رێگا بڕین و دانیال میترانیش لە ناو دلمانە، هەروەها ئەوە

دوو قوتابخـانەی هەولێـرو سـلێمانی کە نـاوی دانیـال یـان هەڵگرتـووە، دوای سـەردانی دەکەیـن سمبۆلێکی جوانی ئەو کارەن دەزگای دانیال میتران بەردەوامـی داوە بە کـاری پاڵپشـتی دایکـم و میللەتەکەتـان، ئینجـا لە بـاکور بێـت لە باشـور لە رۆژ ئاڤـا یـاخود لە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـۆ شـەرمەزارکردنی هەر دەسـت درێژیـك یـاخود بـۆ گرنگـی دان بێـت لە ئـازایەتی و کـاری نەوازەی میللەکەتـان کە بەداخەوە هەمیشـە بە نـاڕەوای لەلایـان میللەتـانی تـری دەرەوەی سـنوورەکانتان پاداشتی دراوەتەوە، هەروەها ئێمە پشتیوانیمان لە براو خوشکەکانی ئێـوەکردووە لە رۆژئاڤـا لە تێکوشانیان بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچە وێران کراوەکانیـان و بە هیـوای دۆزیـنەوەی پرشـکێکی لە دایك بوونی دیموکراسیەت دا دانیال دەیگوت بێ پشوودان بێ هیچ هوتەنییەك دەزگای بـیس فرینتی و سەرۆکە کەی قسە بـۆ ئەم ژن و منـداڵانە دەکەن کە تەنهـا تاوانیـان کوردبوونیـان نە لە وەتەی ئۆتۆنومی تان بە دەست هێناوە، لە رێگـای ئەم پەرلەمـانەوە ئێـوە رێگـای دیموکراسـیەتان هەڵبژارد رێگای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان مافی مروڤ و ئازادییەکـان یەکسـانی نێـوان پیـان و ئافرەتـان پەرەپێـدانی ئـابووری و دادپەروەری و کـۆمەڵایەتی و هاوسـۆزی پەروەردەو کەلتـور، ئەمەش گەرانێکی سەختەو هەرگیز تەواو نابێت، بەڵام گەڕانێك کە بێ وەستان نـوێ دەکرێتەوە، هەرکاتێك کە وەفا داربێت لەگەڵ خـۆی و هەتـاکە رێگـایەکە چەنـد سـەخت و دژوارو نـاروونیش بێت، هەروەها دانیـال پرسـی ئـاو پاراسـتنی ژینگەشـی وورژانـت لە کاتێکدا لە سەرتاسـەری ئەم جیهـانەو بەتـایبەتیش لێـرە لە کوردسـتان ئەو هەرەشـەی لەسـەرەو لە نـاوچوونی هەمە چەشـنی ژینگەی و گۆرانکاری کەش و هەوا لە هەمـوو شـوێنێك ئەمـڕۆ زیـاتر بەدی دەکرێـت، دانیـال دەی گۆت دیموکراسی و ژینگە پارێزی وەکۆ خوشك و بـرای نـاو یەك خـانەوادە بە توونـدی بە یەکەوە گرێداون، پێم وایە لەمەو پاش هیچ مـودێلێکی پێشـکەوتن و کۆمەڵگـایەك ناتوانێـت ئەم واقـیعە فەرامـوش کـات، ئەمە ئەو خەونە بـۆ کە دانیـال میتـران خـۆی بـۆ کوردسـتان و لە بەرزای ئەم سەکۆیەوە لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ ئێوەی باس دەکرد، هەروەها دانیـال بە ئێـوەی دەگـوت کە رێگـایەکی سـەختە ئەگەر هـاتوو نمـونەی نەبێـت، چـونکە مـیللەت پێویسـتی بە ئەوەیە متمـانەی بە دامەزراوەکانی هەبێـت، متمـانەی بە کـاری سیاسـەکەی و پێکـردنەکە هەبێـت، بەڵام ئەگەر هـاتوو رێگایەکەش نموونەی بوایە دانیال بە ئێوەی دەگوت کە رێگایەکە بە هەمان شـێوەبە هەمـان ڕادە سـەخت دەبێـت، چـونکە رووبەرووی کۆسـپ دەکـرێتەوە لەلایەن کە ئەوانەی نـاخوازن و نموونەیەکی وا لە جیهان لە رۆژهەڵاتێکی ئەوای ناوەراسـت دروسـت ببێـتن کە چەنـد پێویسـتی پێ یەتی هێزی ئێوە لەو خاڵە دایە کە ئێوە کۆ دەکـاتەوە، ئێـوە لە شـوێنێکن لە نـاوچەیەکن کە لە لانەکەی مرۆڤایەتییە ناسنامەی ئێوە لەسەر زەوییەکی بە پیت دروسـت بـووە کە دەوڵەمەنـدە بە سـەرچاوەی ئـاو ئـاویش تەنهـا سـەرچاوەی هەمـوو ژیـانێکە کە بـۆ مـاوەی هەزاران سـاڵ لە میزۆپۆتامیـا چەنـدین دەوڵەمەنـدی گەورە بەدی هێنـاوە، هێـزی ئێـوە لە حەماسـەتی ئێـوەدایە بەرەو دیموکراسیەت و مافە مرۆییەکان هێزی ئێـوە لە ئەوەدا خـۆی دەبینێـتەو کەبتانەوەێـت بە ئازادانەو سـەربەخۆیانە مـودێلێکی کۆمەڵگـایـانە خواسـت بـۆ داهـاتوو بنیـات بنێـت لە کاتێـك کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خۆی خستۆتە ژێـر پرسـیارو خـۆی پەرتەوازە دەکـات لە دەرئەنجامەکـانی ئەم مـودێلە پێشـکەوتنکەی خۆیـدا، بەداخەوە رێچـکەکەی ئێـوە شـێوێندرا بەهـۆی رووداوی دڵ تەزێـن کە توانەکـانی ئێـوە لە باردەبـات سـەرلە نێـو لە رووبەرووی جەنـگ بـۆنەوەو ئەمـڕۆش لە

هێڵی پێشەوەن بۆ رووبەرووبوونەوەی هێزەکانی تاریك پەرستی و قینە، ئێوە ئەم جەنگەتان بۆ میللەتی خوتان کرد بۆ میللەتانی ئەم ناوچەیە و بۆ میللەتانی هەموو جیهانیش جارێکتریش ئێوە بوون بە چرایەك لە شەوێکی تاریکدا بوونە، نموونەیەك بۆ پێشوازی و میوان دۆستی بۆ برایەتی لە هەلومەرجێکی بێ وێنەو نا یەکساندا لە سەرووی ئەم زەمینە بە پێشوازی کردنتان لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەو پەنابەر لەسەر خاکێکی شەش ملیۆن دانیشتوانی سەرەرای کە لە هەموولایەکەوە هێرشتان بۆ دەهات، ئێوە خۆ راگر بوون لە کۆتایدا چونکە ئێمە لە نێوان یەك خێزاندایین خۆزگەی هەرە گەورەی دانیال میتران کە ببینێت ئەم عائیلە ئەم خانەوادە گەورەی کورد بە هەموو جیاوازییەکانیەوە یەك رێزو لە ئاشتی دابێت، دانیال ساتە هەرە ناخۆشەکانی بینی لەشەری براکوژی دا لە ساڵانی نەوەتەکاندا هیچ شتێك زیاتر ئازاری نادات کە جارێکتری سیناریۆێکی تری لەم جۆرە دووبارە بێتەوە بۆ دانیال لە کاتێکدا کومەڵگای نێودەوڵەتی خۆی پەرتەوازە دەکات، لە کاتێکدا تاك پەرستی و پێیان دەوێت تێروانینی ژیانی خۆیان بسەپێنن دانیال خەون دەبینێت کە سەر لەنوێ کورد بێتە برای چرایەتی کە کورد بتوانێت سەرەڕای جیاوازەکان یەکگرتووی بنیات بنێت و ئاشتی فەراهەم بکات کە پێکەو کومەڵگای یەکی گەورەی چارەنووسازبکات، دانیال زۆر شانازی بە ئێوەی دەکرد لە رۆژانی زریان و گۆمان و بێزاری و ماندی بوون دا دانیال حەزی دەکرد کە باسی کوردی بۆ بکرێت، چونکە ئەمە گەرمێکی بەر دڵی دەگەیاندو رێگای خۆی دەدۆزییەوە ئێرە چرایەك بوون بۆ دانیال میتران دەکرێت ببنە چرایەکیش بۆ چەندانی تر، جارێکی تر سوپاس منتان بانگێشت کرد بۆ ئەم رێز لێنانە جانە لە دانیال میتران، ئەگەر دەگوترێت کورد هیچ دۆستێکی نەبێت بێجگە لە شاخەکان دەبێت بزانن کە براو خوشکی زۆرتان هەن لە سەرتاسەری جیهان هەمیشە هەموو دایکێك دەوێت کە منداڵەکانی کو هاوکاری یەکتربن، منداڵەکانیش توێژی نوێ گەنجانە کە شوێن گرەوەیە بۆ داهاتوو لە ساڵی ٢٠٠٢ دا دانیال میتران بەم قسەی کۆتای بە قسەکەی هێنا بەرامبەر ئەم پەرلەمانە بەرێزە داهاتوو بەو شێوەیە دەبێت کە ئێوە دروستی دەکەن، هیوای سەرکەوتن بۆتان دەخوازم و بژی کوردستان و دانیال لەگەڵ ئێمەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ ووتارەکەتان و زۆر سوپاس بۆ ئەو هیوایە گەورەیەی بۆ گەلی کوردستانی دەخوازن، ئێستاش دەرفەت دەدەین بە بەرێز کاك مصطفی سید قادر بفەرموێت بۆ خوێندنەوەی و ووتاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەرێزان لەبەر ئەوەی ووتاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە ووتاری شەخسی کاك مصطفی نییە، بۆیە نایخەینە دەنگ دان.

**بەرێز مصطفی سید قادر/ جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان مشیوش ژێلبێرت ئامادەبووانی بەرێز رۆژتان باش، سەرەتا سەری رێزو وەفا بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەو دوایەی دەستی داعش و هەروەها هەموو شەهیدانی رێگای رزگاریخوازی کوردستان دا دەنوێنم، دەمەوێت سڵاوی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تان پێی بگەینم، مایەی شانازییە ئەمرۆ لە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان یادی خاتوو دانیال میتران دەکەینەوە کە ساڵی ١٩٩٢ ئەم

دۆســتە مەزنەی گەلەکەمــان هەر لەم پــێگە مێــژوویەدا بەشــداری لە ڕێورەســمی کــردنەوەی پەرلەمانی تازە هەلبژێردراوی کوردستاندا کرد (١٠) ساڵ بەسـەر کـۆچی خـاتوو دانیـال میتـران دا تێدەپەرێت و ناو و ناوبانگی وەکو داکوکاری راستەقینەی مافی مرۆڤ و دۆستی دلسۆزی گەڵـی کوردســتان هەر زینــدووە و هەر بە زینــدوویش دەمێنێــتەوە، یــادکردنەوەی دانیــال میتــران لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و لەم شوێنە بایەخ دارەدا دەربڕینی ئەمەکداری گەلێکە کە ئەم خانمە ساڵانێکی زۆرو بێ دابران کۆششی کـردووە بـۆ گەیانـدنی دەنگی بە دنیـای ئـازادو مسۆگەر کردنی دۆستی زیاتر بۆ خەبات و مافەڕەواییەکانی ئەم ڕێورەسمە بۆ گەلـی کوردسـتا،ن یاد کـردنەوەی کەسـاتیەکە کە بە دایکـی ئەم گەلە ناسـراوە و کە بەراسـتی دایکێکـی میهرەبـان و دڵسوزو کوردستانیان بووە، خاتوو میتـران لەو کەسـاتیە مەزنـانەیە کە هەمووتەمەنیـان لە پێنـاو رەخساندنی دنیایەکی جوانتر بۆ مرۆڤایەتی و بەها چۆنەکـان تەرخـانکرد، ئەو کەسـایەتیانەی کە مێژووی مرۆڤایەتی جوانترو ئایندەش پڕهیوا و پرشنگدار تری دەکەن، بەرێزان خاتوو میتران بە هەق بەرهەمی کەڵتورە ژینگ دۆستەکەی فەرەنسـای ئـازادی یەکسـانی بە برایەتـی یە ئەو رۆڵـی کاریگەری بینیوە لە پتەو کردنی دۆستایەتی نێوان هەردوو گەلی فەرەنساو هەرێمـی کوردسـتان، فەرەنسا هەمیشە لەپێشەوەی وولاتانی دۆسـتدا بـوون بـۆ هاوکـاری و پشـتیوانی کـردن لە گەلـی کوردستان، نزیکترین بەڵگەی بەرچاوی ئەو راستیە پشتوانی و هاوکاریەکـانی حکـومەت و گەلـی فەرەنسایە لەگەڵ ولاتانی هاوپەیمـانی نێـودەوڵەتی لە هەرێمـی کوردسـتان و گەلەکەی بەرامـبەر بە شـالاوە درنــدەکەی تیرۆرسـتانی داعـش، بەر لەمەش ئـێمە هەرگیـز هەڵوێسـتی جـوامێرانەی فەرەنسا لە دامەزراندنی ناوچەی دژە فرین و رۆڵی فەرەنسا لە نێـوان گیـری بـۆ راگراتنـی شـەری نێو خۆی لە یاد ناکەین، ئێمە زۆر بەهای هاوبەشمان هەن کە پـێکەوە کاریـان بـۆ بکەیـن و بۆیـان تێبکۆشـین لە پـێش هەمووشـیانەوە بەهاکـانی ئـازادی و مافەکـانی مـرۆڤ و ژیــان دۆسـتیە، گەلەکەمـان هەرگیــز هەولەکـانی سـەرۆك میتـران سـەرۆکی هولنـدا سـەرۆك مـاکرۆن لە سـاتە هەستیارەکاندا لە یاد ناکات و بە چاوی رێز و پێزانینەوە لێیاندەروانێت، ئەم دۆستاتیەی ئەمـروی نێوان گەڵی کوردستان و گەڵی فەرنسا یەکێك لەو ئامانجانەبوو کە خاتوو میتـران هەمیشـە بـۆی تێدەکوشا پتەوترکردنی ئەم دۆستایەتیەو فراوانکردنکردنـی بوارەکـانی هاوکـاری نێـوان هەردوو گەل، حکومەت وەفاداریە بۆ ئەو پەیامە پیـرۆزەی خـاتوو میتـران تەمەنـی خـۆی پێـی بەخشـی، ئێمە هەرگیـز مـادام دانیـال میتـران و هەڵوێسـتە دۆسـتانەو مرۆڤاتییەکـانی لە بیرنـاکەین و وەك سـمبولێکی جـوانی مـرۆڤ دۆسـتی بـۆ هەمـوو مرۆڤـایەتی لـێ دەڕوانـین، سـمبولێك کە لە نێـو یادەوەری و مێژووکەشماندا شوێنێکی دیارو تایبەتی هەیە، دایکی کوردستانیان خـانمی داکوکی کـار لە مـافی مـرۆڤ و مافەکـانی گەلـی کوردسـتان بـۆ هەتـا هەتـایە بە زینـدوویی لە یـادەوەری خەڵکی کوردستان دەمێنتەوەو گیانی شادۆ یادی بەخێر، سوپاس بۆ ئێوەش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵــێ ســوپاس، بەرێــز مصـطفی سـید قـادر جێگـری سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان ووتـاری سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لەلایەن بەرێـز کـاك سـفین لێـژنەی پێشـمەرگە، لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەتـــان هەیە لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەنـــدەکان دەتـــوانن بـــڕۆنە نـــاوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

**بەرێز سفین دزەیی/بەرپەرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەرێز سەرۆك و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، بەرێز جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەرێز ژێلبێرت میتران، بەرێز بالیوزو کۆنسوڵی گشتی فەرەنسا لە بەغدا و لە هەولێر، رێزدار کاك کندال نزان سەرۆکی ئینستوتی کوردی، ئامادەبووانی بەرێز سڵاوی خۆتان لێبیت ئەو کاتەتان باش، پێشەکی بە پێویستی دەزانم کە سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ئەو دوایەی لە هێلەکانی پێشەوەی هەرێمی کوردستان دابنوێنم وە پرسەوە سەرەخۆشی ئاراستەی کەسو کاریان بکەم وە دوعاو نزاش بۆ زوو چاك بوونەوەی بریندارەکان، شەرەف مەندم ئەمرۆ کە لێرە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێوەی بەرێز بەشدار دەبین لە یادی (١٠) ساڵەی کۆچی دوایی دۆستی هەرە نزیکی گەلەکەمان خاتوو دانیال میتران، بێگومان گەلی کوردستان هچ کات رۆڵی مرۆڤ داستانەی خاتوو دانیال میتران کە بە دایکی کورد ناسراوەو سیاسەتی وێرانەی هاوسەرەکەی سەرۆك میتران سەرۆکی پێشووی تری فەرەنسا بۆ پشتگیری لە دۆزی رەوای گەلەکەمان لە بیرناکات، ئەم یاد کردنەوەش وەك وەفایەك بۆ هەموو ئەو یارمەتی و پشتگیری یانەی بە درێژی تەمەنیان پێشکەشی گەلەکەمانی کردووە خاتوو دانیال میتران وەك کەساتییەکی سیاسی و هاوکات خێرخوازیش سەیر دەکرا بە درێژایی تەمەنی پشتگیری و هاوکاری میللەتانی ژێر دەست بووە و لە هەموو بوارێك دا چالاك و لێهاتوو بووە لە ساڵی ١٩٨٦ دا دامەزراوەی فەرەنسای ئازاد، واتە فرانس لیبیتی دامەزراند کە یارمەتی دانی گەلەکەمان و لێقەوماوان و کوردستان و یەکێك بۆ لە ئەمانجەکانی دامەزراوەی خاتوو میتران لە نزیکەوە ئاشنایی لە قوربانیدانی گەلی کوردستان بۆ بەئازادی و دەرچوون لە زوڵم و ژێر دەستی دوای راپەرین ساڵی رۆڵی خۆی بینی لە پشتگیری گەلی کوردستان و ناوەندەکانی برپا،ر کومەڵگای نێودەوڵەتی هەر ئە بۆ فشاری خستەسەر هاوسەرۆکی فەرەنسو میتران سەرۆکی پێشووی تری فەرەنسای وە نوێنەری فەرەنسا لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی بریاری (٨٨٦) لە ئەنجومەنی ئاسایش دا دەربچێت و هەرێمی کوردستان لە هێرشی درندانەی رژێمی صدام بپارێزێتن، ئێمە دەبێت ویژدان زیندوو بین و هیچ کات چاکەی دۆستانمان لەبیر نەکەین، ئەو دۆستایەتی و میهرەبانییەی خاتوو دانیال بۆ گەلی کوردستانی هەیە بۆ لە بوارەکانی مرۆیی و سیاسی و رۆشنبیری نەك لە ووتارێك، بەڵکو بە چەند کیتابێکی بەرگیش جێگای نابێتەوە، ئەوەندە بەسە بۆ لە رۆژە سەختەکان هەر سەرۆکێك رۆڵی ووڵاتی فەرەنسای بکربایە، ئەو داوای لێدەکرد کە پشتگیری گەلی کوردستان و زاراوەکەی بکەن، هەر بە پشتگیری ئەویش بۆ ئێنستیتی لە پاریس دامەزرا، خاتوون میتران بە یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی گەلی کوردستان و گەلی تیبیتیەکان دەژمێردرێت، لە ساڵی ١٩٨٩ زیاتر لە (٢٠٠) خێزانی ئاوارەی کەمپەکانی تورکیا بەرەو ووڵاتی فەرەنسا بردن وە ژیانێکی شایستەی بۆ دابینکردن، ئەو لە رۆژە سەختەکان و لە کاتی کیمابارن کردن و ئاواریی گەلەکەمان دا هاندەرێکی گەورەی جیهان بوو، بۆ یارمەتی دانی کورد وە رزگارکردنی لە نەهامەتییەکاندا هەر لەبەر ئەوەش بە دایکی کورد ناسراوە، لەو میانەشدا وەك وەفایەك و خۆشەویستییەك بەرامبەر بە هەڵوێستە دیارەکانی چەندین شوێنی گشتی لە

کوردستان بە ناوی ئەو خانمە بەرێزە ناونراوون، لە دوای راپەرین وە دروست لە ساڵی١٩٩٢ بوو، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاشنایی بە بارودۆخی هەرێم بێت و شوێنەوارو ئەنفال کیمیا باران خاکی کوردستان ببینێ، سەردانی هەڵەبجەی شەهید کرد و چەپکە گوڵی لەسەر گلکۆی شەهیدان دانا، لەکاتی گەرانەوەی هەڵەبجەو سلێمانی کاروانی دووچاری هەوڵ مێژووی تیرۆر کردن بووەوە سوپاس بۆ خوا بە سەلامەتی لێی دەرچوون، دوای ئەو هەوڵە تیرۆرستییە ڕایگەیاند کە تا مردن خەباتی خۆم لە پێناوی داد پەروەری درێژە پێدەدەم، هەمیشە هەڵوێستەکانی بۆ بەرگری کردن بووە لە گەلانی ژێر دەستی و کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوەی ژێردەستی، پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مافی پەروەردە دەکرد، رۆڵی جوامێری و فەرەنسو میتران و خاتوون دانیال میتران لە بیرناکرێت لە چەندین قۆناغ و سەردەمی جیاوازدا رۆڵیان بینیوە و هاوکارو پشتیوانی گەلەکەمان بوونە، لە ساڵی ٢٠١٥ سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو کات لە ساڵوەگەری کۆچی دوایی دا دانیال میتران لە شاری هەولێر ئێمە هەمیشە بە چاوی دۆست و پشتیوان لە فەرەنسا دەڕوانین، سەرۆك بارزانی گوتی خاتوو دانیال یەکەم کەس کەسی بیانی بووە بە چاوی خۆی بینیویەتی فرمێسکی بۆ گەلی کورد ڕێشتبێت، دانیال میتران دڵسۆزێکی بە ئەمەك و بە وەفای گەلی کوردستان بوو، بۆیە هەمیشە یادی بە زیندوویی ڕادەگیرین، دوای سەرهەڵدانی گروپی تیرۆرستی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ وە لە قۆناغێکی تازەدا جارێکی تر فەرەنسا هاتە پێش بۆ پێشکەش کردنی هاوکاری پێویست و پشتگیری بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق، لە شەری دژی ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستییەدا فەرەنسا وەك ئەندامێکی کارایی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش رۆڵی بەرچاوی بینی لە تێك شکاندنی تیرۆرستانی داعش، ئێمە لە کوردستان فەرەنسا وەك دۆستێکی راستەقینەو هاوپەیمانێك دەبینین وە هیوادارین پەیوەندییەکانمان زیاتر پەرەی پێ بدرێت بۆ هاوبەشییەکی ستراتیژی بەهێز وە درێژخایەن، ئەو شەڕە کۆتایی نەهاتووە ئەرك و بەرپرسیاریەتی هەموو لایەکمانە، بۆیە پێشبینی زیاتر دەکەین لە پشتگیری بەردەوامی دۆستانمان لە کۆمەڵگەی نێودەۆڵەتی لە شەڕی دژی تیرۆرست و تیرۆر لە کۆتایی هێنان بە مەترسیەکانی داعش، ئێمە لە هەرێم پێزانینمان هەیە بۆ ئەو هاوکارییە مرۆییانەی پێشکەشمان کراوە بۆ ئەو ئاوارەی ناوخۆی و پەنابەرانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەژین، دەمانەوێت پەیوەندییە دوقۆڵییەکانمان زیاتر فراوانتر بکرێت وە هەموو ئەو پایانەی یەکتر بگرێتەوە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی بەرهێزی دوولایانە، سوپاسی بالیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغداو کۆنسوڵگەری گشتی لە فەرەنسا لە هەولێر دەکەین وە بۆ ئەو هەموو هەمانگییە بە هێزەی کە هەیانە لە پێناو زیاتر پێشخستنی پەیوەندیەکانمان، بە هێزی پەیوەندییەکانمان لە وادەی خۆیدا لەوەیدا خۆی دەبینێتەوە کە لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١٤ بەرێز جەنابی سەرۆك (فرانسۆ هۆلاند) سەرۆك کۆماری فەرەنسای ئەوسا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگ بوو لەو کاتی سەختەدابوو بۆ پاڵپشتی حکومەت و گەلی فەرەنسا و وەستانی شان بەشانی حکومەت و گەلی کوردستان، دوای ئەوەش چەندین دیداری لەسەر ئاستی سەرۆکی هەردوولا لە هەولێرو پاریس ئەنجام دران، دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم حکومەتی ئەو کاتی عێراق فشارو ئابڵوقەیەکی توندی خستە سەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و هەولێدا دەست بەسەر تەواوی جومگەکانی ئابووری سیاسی

و سەربازی هەرێم دا بگرێت کە ئەمەش پێچەوانەی دەستور بوون، هەرچەندە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان هەوڵیاندا کێشەکان بە دیالۆگ هەولێر و بەغدا چارەسەر بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەوان هەر دەگەڕانەوە سەر حوکمرانی ناوەندی و توندوتیژی لەو کاتە هەستیارەدا فەرەنسا وەك هەموو جارێك هاتە گۆڕەپانەکەوەو توانی نێوانگیری نێوان هەردوولا بگەینێتە قۆناغێك کە بتوانن بە دیالۆگ پرسەکان چارەسەر بکەن، لە ساڵی ٢٠١٧ دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ساتە وەختێکی ناسکدا لە کۆشکی ئیلیزی سەرۆك ماکرۆن پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی ئەو کات سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو کرد، پەیوەندی نێوان فەرەنساو هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی شاندی باڵا رەنگدانەوەی هەبووە، سەرۆکی پێشووی فەرەنسا بەرێز فەرنسو ئوڵند دووجار سەردانی هەولێری کردووە و بەرێز سەرۆك ماکرۆنیش چەند مانگێك پێش ئێستا لە هەولێر بوو بۆ دیدارو سەردانی بڕیارەکان لەسەر ئاستی باڵا هیواو ئومێدی زۆر بۆ گەلەکەمانی گەڕاندەوە و ئاماژەیەك بوو کە فەرەنسا دەخوازێت هەرێمی کوردستان ئارام و سەقامگیرو پێشکەوتووبێت، دووبارە بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەری رێزو نوازش بۆ گیانی مرۆڤ دۆست و پشتوو پەنایی گەلەکەمان لە قۆناغە سەخت و دژوارەکان خاتوون دانیال میتران دادەنوێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ بەرێز بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بەرێزان بەم شێوەیە کۆتایی بە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار ئەهێنین و وابزانم بەرێزان ئیلتزامیان هەیە فەرموون، بەخێربێن سەرچاو، سوپاسی ئامادەبوونتان ئەکەین فەرموون.

بەلێ بەرێزان فەرموون لە شوێنی خۆتان دانیشن فەرموون ئەوەی لە ژوورەوە ئەمێنێتەوە با دانیشێت، بەرێزان دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار ئەکەین، داوا لە سەرۆکایەتی هەردوو لێژنەی یاسایی و کشتوکاڵ ئەکەین بێنە ئێرە، بەڵام نوقتە نیزامی تکایە د. بەڵێن اسماعیل، سەرچنار خان، کاك مەم، مژدە خان، بدریە خان، کاك کاوە، ماموستا عمر، گوڵستان خان، کاك بەلێن، کاك کاروان، کاك دابان، کاك یاسین، کاك هاورێ، شیرین یونس، رۆژان خان، کاك علی، کاك جلال، ناوتم نووسیوە بەڵێ رۆژان خان.

**بەرێز رۆژان محمد کریم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێی مادەی (٤٣) یەکەم قسە ئەکەم، بەرێزتان بەر فەرمانی ژمارە (٤/ ٣٩١٨) لە ٢٠٢١/٤/٧ لێژنەیەکتان راسپارد لە (١٧) کەس پێك هاتبوو، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە بەدواداچوون لە بۆ کێشەو گرفتەکانی کەسوکارەکانی ئەنفال کراوان و خزمەتگوزاریەکانی دەڤەری گەرمیان و ناوچەی چەمچەمال، من لێرە ئەمەوێت ئەو راسپاردانەی کە ئاراستەی حکومەتمان کردن بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان ئەلێرە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کران، هەندێك لەو راسپاردانەی وەڵامی هاتووەتەوە، بەڵام بەراستی لە وەڵامی راسپاردەکان وەزارەتە تایبەتمەندەکان وحکومەت مایەی نیگەرانیمانە کە کاری لەسەر ناکرێت و وەڵامێکی ئەوەتۆی نییە بدرێتەوە بە کەسوکاری ئەنفال کراوان و خەڵکی دەڤەری چەمچەمال و ئیدارەی

گەرمیان، گرنگترین خاڵ هێنانەوەی رووفاتی ئەنفال کراوانە کە ماوەی دوو ساڵە (١٧٠) رووفاتی ژن و منداڵی ئەنفال کراو لە رەفەکانی پزیشکی دادوەریـن لە بەغدان بە بیانوی کۆرۆنا ناهێندرێتەوە، ئایا ئێوە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی ئایا هیچ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری نەکراوەو کە ئەمە لە فەزایەکی کراوەیە، ئەکرێت نەهێنانەوەی رووفاتی ئەم ئەنفالکراوانە بۆ وەزارەتی شەهیدان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا کە لە وەڵامەکەشیانە ووتویانە کە ئامادەکاریشیان کردووە مانگێك پێش ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەرێز دابان محمد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی رابردووە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی و فەرمانبەران نارەزاییان دەربڕیوە خۆپیشاندانیان کردووە، لە پەرلەمانی کوردستان یاداشتیان پێشکەش کرد لەسەر پرسەکە، کە پەیوەندی بە زەوی و زاری سلیمانییەوە هەبوو، لە بەرامبەر ئەوەیە ئێمە داوایەکمان سکاڵایەکمان لەسەر تۆمار کرا، داوا لە بەرێزتان ئەکەم هەرسێ لێژنەی تایبەتمەند بەپێی مادەی (٣١)لە هەر سێ لێژنەی تایبەتمەند لێژنەی وەبەرهێنان لێژنەی خوێندنی باڵا، لێژنەی دەست پاکی رابسپێری بۆ ئەو پرسە، بۆ ئەوەی تەحقیقی تیابکرێت لە دیدی ئێمەوە ئەو بابەتە نایاسایی بوو، بەڵام تاکو ئێستا بەداواچوونەکانی هیچ نەتەجەیەکی نەبوو، بەشکەم ئەم لێژنانە بگەن بە نەتیجە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاداشتێکی بە وەرەقە، یعنی بە نووسین پێشکەشی بە سەرۆکایەتی بکەن کاك دابان، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەرێز د. اسماعیل علی طە:**

**بەرێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

خالا منا پەیرەوەی (٢) دوو خالا پێك تێتن یا ئێکێ گرێدایی ماددێ (٦٠)یە خالا (٣) بێژیتن هەر پرسیارەکا هاتە پێشکەش کرن بۆ هەر کەسەکی بیتن حکومەتێ پێتڤیە حەفت رۆژا هەتا (٢١) رۆژا گیرو نەبیتن ئەڤە سێ پرسیار هەر سێ پرسیار ٢٠٢٠ نە وە ئەڤە هندە ئەمێت چینە ٢٠٢٢ داو (مع العلم) دووجارا سێ جاراژێ، من تەئکیدا سەر کری هەتا ڤێگاڤێ جابێت مە نە هاتینە بۆچی حکومەت بێ پاکی تەعاملێ گەڵ پرسیارێت مە کەتن بلا جاب دەن چ ئیجابی چ سلبی بەس ئەم بەرسڤا وانا بزانین جارەکادی دێ دووپات کەمەڤە جارەکادی دێ بۆ هنێرمەڤە یێت ٢٠٢٠ نە خالادی یا نقاتی دی گرێدای ماددێ (٨٤) ئێکە جەڵەسا بووریدا مە پرسیارا پێشنیازا تربێی پەروەردێ کەرتە لێ خاست خیلالی هەفتیەکێدا تقریرەکا راپۆرتەکێ سەر ڤێ یاسایێ بۆمە زانین کانێ چارەسەریاوێ ڤەهشتیە کیرێ و هەتا ڤێگاڤێ ئەم چ لێ نزانین یاسا پەروەردێ پێشنیازێ وێ گەڵەك گەڵەك گیرۆبوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئێمەیان راگەیاندووە کە سبەینێ پرۆژە یاسایی پەروەردە دەگاتە پەرلەمانی کوردستان، دوێنی بە ئێمەیان ووت چوارشەممە دەگات، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سەبارەت بەیاسایی خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ کە نە هاتووتە پەرلەمان دەبێت ئەزیەت نەبێ ڕوونکردنەوەمان پێی بدەی وە ئەو یاداشتانەی پێشکەش کراون بۆ پێوەری ئاو دەرچوو دانەمەزراو، بۆ کۆچی گەنجان، بۆ فەرمانبەری گرێبەست، بۆ مامۆستای وانە بێژ بۆ زۆرێك لەو کێشەو گرفتانەی کە هەنە بۆچی ناخرێتە بەرنامەی کارەوە؟ هەر جارەو یەکێك ئەو گرفتانەی هەمووی زیاد لە جارێك یاداشتی بۆ پێشکەش کراوە، وەسەبارەت بەو ئەو بەنزینە (٦٩٠) کە دابەشدەکرێت لە شارەکان، ئێستا ڕانییە یاخود شوێنەکانی کە سێ چوار سەعات دەبێت هاووڵاتی سرە بگری َ بەڵام لە هەولێر وانییە هەرچەندە خەڵکی هەولێریش حەقی خۆیەتی سرە نەگرێ و بە ئاسانی ئەو بەنزینە ئەرزانە دەست بکەوێت، بەڵام حەقە عەداڵەتیەکەی، هیوادارم لێژنەی تایبەتمەند ڕابسپێرن سەبارەت بە دواداچوون بۆ ئەو بابەتە، چونکە هەست دەکەم غەدر لە شوێنەکانی دیکە دەکرێت، یەك شوێن بە ئاسانی بە دەست دەکەوێت دەنا شوێنەکانی دیکە سێ بۆ چوار کاتژمێر دەبێت خەڵك سرە بگرێت بۆ نموونە لە ڕانییە لە شوێنی دیکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەو هەموو قارەمانانەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بەڕاستی خوێنیان بەخشی لە پێناو پارێزگاری کردن لە کوردستانی پیرۆز، بڕیار وایە دوو لێژنەی هاوبەش لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەی خۆمان دروست بکرێت، بەڕاستی ئەمن پێشنیار دەکەم بەڕێز لەرێی پەیوەندی تایبەتی خۆتەوە ئەو گەنجانەی ئێستا دروست کراون بۆ ئەو لیوایە تایبەتە هاوبەشە کە دروست دەکرێت هەموو گەنجی بەڕاستی کەم خیبرەن، گەنجی کەم ئەزموونن لە ڕووی سەربازی، لە ڕووی زانستی بەرگە پێشمەرگایەتی لەو فەراغە، ئەمن ئەوە دەپرسم سەد چەکداری داعش هەموو ڕۆژێ ناوی دێت لەو سنورە لە نێوان پێشمەرگەو لە نێوان سوپای عێراق، عێراق (١،٥٠٠،٠٠٠) چەکداری لە سوپای عێراق و لە پۆلیسی فیدراڵی و لە دژە تیرۆرو لەحەشدی شەعبی هەیە، مەعقولە لەو فەراغە نەتوانن سەد چەکدار هەموو ڕۆژێ دەڵێن کێوماڵ کران دەچنە وێندەری و دەڵێن وجودیان نەماو ڕۆیشتن، خۆی خوای گەورە ئەوانیان هەڵنەکێشاوە بۆ ئاسمان، کەواتە ئەو دەستە بەڕاستی ئەمن هەست دەکەم دەستەك لە پشتەوەیە ئەو عەرەبانەی هاوردەن لە ناوچەکە ئەوانی تر هەموویان دەستی یان هەیە پێکەوە، تەنیا بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا هەردوو وەزارەتی تایبەتمەند لە کۆبوونەوەدان لەگەڵ لێژنەی پێشمەرگە، داوا لە سەرۆکی لێژنەی پێشمەرگە بکە بۆ ئەوەی بتوانی بەشداری لە کۆبوونەوەکەی بکەی، سەبارەت بەو ڕەئیەی کاك جلال، دوو سێ پرسیاری کرد، مژدە خان لە ڕاستیە نازانم ئەوەی بەنزین زۆر باش تێنەگەیشتم، ئەگەر بنووسی بە نووسین بۆ ئەوەی ئێمە لێژنەی ووزە ڕابسپێرین، بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە یاداشتەکانتان هەمووی داوای حکومەت دەکەن هەتا وەکو ئێمە لەگەڵ حکومەت

ڕێك نەکەوین بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، ئەوەی بە ماددەی (٦٦) پێشکەش کرابێت، جا دوای ئەوە بەڵێ دوێنی قسەمان لەگەڵ کردن بەڕێز وەزیری ناوخۆ، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لێرە بوون ووتیان تەواو بووە ولەناو کۆبوونەوەکە، بەڕێزان ئەندامانی لێژنەی ناوخۆش لەوێ بوون ووتیان تەواو بووە بەڵێ، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە چەند ڕۆژێکە هەموو ئەو بەڕێزانە ئاگادارن کە دەستی تیرۆرستانی داعش بەخوێنی ڕۆڵەکانی ئێمە لەو ناوچانە سوور ئەبێت، لە ڕاستیدا ئەمە مەترسیەکی گەورەی دروست کردووە، بەڵام ئەم مەترسییە لە باتی ئەوەی هانمان بدات بۆ پێکەوە بوون بۆ یەك بوون، بەداخەوە جارێکی تر ناکۆکییەکانمان قوڵتر کردووە، خوێنی سووری ڕۆڵەکانی ئێمە جارێکی تر دابەشکراوە سەر زەردو سەوز، ئێمە زۆرجار ئەم تەوەرەمان لێرە باس کردووە وەکو سوڵتە خۆدەزانی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەیە، سەرۆکی هەرێم سەرۆکی باڵای هێزە چەکدارەکانە، بەڵام بە داخەوە تائێستاش بەرپرسە حزبیەکان ئەمڕۆ فەرمان بەهێزەکانی پێشمەرگە دەرئەکەن، کە لە ڕاستیدا ئەمە جارێکی تر پەرت بوونە، جارێکی تر دابەش بوونی هێزەکانمانە کە یەکێك لە کارنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکگرتووی هێزەکانی پێشمەرگە بە نیشتمانکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانشتێنکمان دەبێت سەبارەت بە هێزکانی پێشمەرگە سەبارەت بە هێرشەکانی داعش کاتەکەت تەواو بوو، لێرە قسەکانی زیاتر دەبێت بەڵێ زۆر سوپاس، فەرموو کاك هاوڕێ.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ڕاستی بە کوردی بە ووردی ئەمەوێت هەموولایەك ئاگادارکەمەوە، بەو حوکمەی ئێمە لە گەرمیانین ئەوەی لە سنووری گەرمیان ڕوودەدات لە سەردەمی ڕژێمی پێشوشدا لە پاش ڕاپەڕینش ڕووینەداوە، لە کاتێکدا هێلی (٣٦) دیاریکرا، هیچ سەربازێك یان فرۆکەیەك یان ئوتۆمبێلێکی سەربازی نەیتوانیوە سنوورەکان ببەزێنێت گەر هێزی ناوخۆی دەستی نەگرتبێت، بەڵام ئەوەی ئێستا ئەمەی ڕوودەدات جیاوازە لەوەی ٢٠١٤ ڕوویداوە، ئەو کات ئێمە بەجۆرێك لە جۆرەکان لە دەرەوەی هێڵی (٣٦) بووین، ئەتوانم بڵێم بە تێڕوانینی تیرۆرستان یان نەیاران ئێمە داگیرکرابووین، ئەوکات کەوانەبوو بەڵام ئێستا ئەوان هاتوون دەیان کێلومەتریان تێپەڕاندووە هێرشەکانیان لە پشتی هێزە خەلفییەکانی ئێمەوەیە، یەعنی گەر خەڵکی ئەو سنوورە خۆیان بەهێزنەبن ئەسڵەن ناتوانن لەو سنوورە بمێننەوە، لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو لە کفری، کەلار، چەمچەمال، یان ناحیەکانی ئەو سنوورەی یان لە سلێمانی و شارەزووریش دەخاتە مەترسییەوە، ئەمەی من دەڵێم گەر لە مەخمورو پردێش ڕووبدات دیسان وەکو پێشوو ئەوەی لە هەولێریشمان دیت دیسان ژیان ئەخاتە مەترسییەوە، بۆیە پێویستە هەموو هێزەکان پرچەك بکرێن وە ئوتۆمبێل و چەکە پێشکەوتووەکان لە باغەکان دەربهێنرێن وببردرێنە سەنگەرەکان، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت سەروەت و سامانی بەرپرسەکان و

سـەلامەتی و کەرامەتـی ئەم ووڵاتە نەکەوێـتە مەترسـییەوە وە کۆتـا قسـەم ئەوەیە یەعنـی داوا ئەکەم ئەو هێزەی بە ناوی هێزی رۆژ بڵێن دەیان ملیۆن دۆلاری بۆی سـەرف دەکرێـت لە هەرێمـی کوردستان، ئەگەر لە ئێستایە بەکەڵك نەهێنێت بۆ هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەرێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەمەو دوا ناچارم کە ناوی خۆم بڵێم، چـونکە هەرچـی ئەوەی پرۆتۆکـۆڵ سـەیریکردووە بە نـاوی گولسـتان بـاقی بە نـاوی مـن تۆمـار کـراوە، هیـوادارم پرۆتۆکـۆڵ وورد تـربن لە نووسـینەوەی ووتەکانی ئێمە...

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان هەمووتـان نـاوی خۆتـان بڵێن پـێش قسـەکردنتان، راسـت دەکـات گولسـتان خـان بەڵـێ فەرموو؟

**بەرێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵـێ مـن ئەمەوێـت لەسـەر دوو سـێ بـابەت قسـە بـکەم ئەگەر رێـگەم پـێ بـدەیت، یەکێـك لەو بابەتـانەی کە ئـێمە ئەمانەوێـت قسـەی لەسـەر بکەیـن بەراسـتی لەچەنـد رۆژی رابـردووە بەهـۆی ئەوەی کە مەفرەزەیەکی بەڕێوەبەرایەتی توونـدوتیژی دژی ئافرەتـان هەسـتا بە ئەرکـی خـۆی بـۆ بەرەنگاربوونەوەی توونـدو تیـژی کەسـەکە خـۆی بـوو بەقوربـانی و تیـا شـەهید بـوو، بەرێـز کـاك (نەقیب محمد لطیف) کە ئەمن بە پێویستی دەزانـم لێـرە سـاتێك بوەسـتین بـۆ گیـانی پـاکی ئەو شەهیدە وەستین بە پێوە وئێمە داوابکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ئەو پێویسـتییانەی کە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە کە زۆر دەمـێکە هـاوار ئەکەن لە دابـین کردنـی ئۆتومبیـل و چەك بـۆ ئەفرادی ستافی پۆلیسەکانیان زیاد بکرێن، هاوکـارو هەماهنـگ بـن، گەرنـا یەعنـی بەراسـتی هەم خەڵکێك ئەبێـتە قوربـانی تێـدا، هەم ژنـانیش ناپـارێزرێن، سـەبارەت بە خـاڵێکی تـر راسـتییەکەی دەسـت وەردانـی حزبـی نـاو زانکـۆ پەیمانگاکـان، یەعنـی ئەمە لە چەنـد رۆژی رابـردووە ووتـارو دەسـتەواژەمان بە تەداخـولکردن و تێکچـوونی ئیلاقـاتی بەینـی مامۆسـتا بـێ بەهـاکردنی رۆڵـی مامۆسـتاو وانەبێـژ لە نـاو زانکـۆ پەیمانگاکـان و پەیوەنـدی تێکـدانەکە لەگەڵ خۆێنـدکاران و فێرخـوازانە کە ئەمە کـارێکی نادروسـتە، ئەگەر رێـگەم بەیـت یەعنـی هەر بـۆئەوەی پەیـامەکەم بگات بە ئێوە...

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەقەیەك و سـێزدە سـانیەم بە ئێـوەداوە، راسـت ئەکەیـت ئەوەی ئەخیـرە هەرکەسـێك ووتبێـت، ئەوەی ئەخیرە سەدا سەد تەئیدت دەکەم، سەرچنار خان فەرموو.

**بەرێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپیـێ مـاددەی (٩٨) قسـە ئەکەم لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان کە ئەو مـاددەیە وائەزانـم دانیشـتنێکی پەرلەمـان قسـەی لەسـەر ئەکرێـت، پـرۆژە بـوودجەی یاسـایی نـاهێتە پەرلەمـان وە پەرلەمـان چ فشـارێك ئەکـات لەسـەر حکـومەت بـۆ نـاردنی ئەم پـرۆژەیە، بـڕگەی (١) لە هەمـوو

سەرەتای ساڵێكدا ئەو پڕۆژە یاسایە دەبی بێت، ئێستا وا كۆتایی مانگی (١٢)یە هیچ دیار نییە لە مانگی (٤) بێت، كۆتایی بێت، نابێت، یەعنی ئاماژەكان ئەوەمان پێ ئەڵێن ئەم ساڵیش بە نیاز نییە حكومەت پڕۆژە یاسایی بنێرێت، ئەگەر ئەوا بێت ئەو شەقامانەی كە ئێمەی ئەبینین قەد چۆڵ نابێت، هەر ڕۆژێ مامۆستا، وانەبێژی تیایە، ڕۆژێ فەرمانبەری گرێبەستی تیایە وە قوتابیانی تیایە، بۆ داواكردنی دەرماڵەكان یان وە ئەو داهاتە نە شەفافەی كە لە هەرێمدا هەیە، خۆی حكومەت تەخشان و پەخشانی ئەكات، ئێمەش لێرەوە بەس تەماشاكارێك ئەبین وە ناتوانین هیچ هەڵوێستێك بنوێنین، یەعنی هیچ دەورێكمان هەبێت لەم بابەتە بەداخەوە كە جێی ئەسەفە.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دوو ڕۆژە قوتابیانی زانكۆ پەیمانگاكان دەستیان كردووەتەوە بە خۆپیشاندان كە مافێكی سەرەتایەكی خۆیانە، داوا دەكەن ئەویش دەیانەوێت پشكی خۆیان هەبێت لەم خێرو بێرەی كوردستانا هەیە، لە داهاتی نەوت و گومرگ و باج و ڕوسوومات كە بە ئیعترافی بەرپرسانی حكومی كە سەرجەم داهاتەكان زیاد بوون، ئەو قوتابیانە مەفروز وایە كە لە هۆڵەكان سەرقاڵی خوێندن و دیراسە و لێكولینەوە و لە كاری موختەبەراتبن وە ئەزموون بكەن، بەڵام بەداخەوە ئەوە چەند ڕۆژە لەسەر شەقامەكانن زیاتر لە سێ هەفتەیە داواكارییان هەیە وە جارێكی تر هاتوونەتەوە سەر جادە حكومت وەڵامیان ناداتەوە، ئێمە (٣٦) ئەندامی پەرلەمان لە ڕۆژی ١١/٢٣ پێشنیازە بڕیارێكمان پێشكەش بە ئێوی بەڕێز كرد، بۆ ئەوەی ئەم كێشەیە چارەسەر بكەین لە پەرلەمان بە بڕیارێك حكومەت پابەند كات بە گەڕانەی دەرماڵە یا خەرجكردنی دەرماڵەی قوتابیان، پرسیارەكەم ئەوەیە ئەو پێشنیازە بڕیارەمان لای ئێوەی بەڕێز بە كوێ گەیشت؟ چووتە لێژنەی یاسا وەڵامی گەڕاوەتەوە؟ چونكە بەڕاستی ئەوە كێشەیەكی گەورەیەو نابێت بە هەند وەرنەگیرێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بە خۆتان دەزانن بەڕێزتان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، مانگی یەكەمی هەموو وەرزێكی یاسادانان ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن پێشنیازە یاساو پێشنیازە بڕیار پێشكەشی پەرلەمانی كوردستان بكەن، ئەگەر لەو مانگە تێپەری دەبێت دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كۆببێتەوە بڕیاربدات، لەبەرگرنگی بابەتێك ڕێكبخات بینێرێت بۆ لێژنەی یاسایی، ئێمە هێشتان ئەو كۆبوونەوەی سەرۆكایەتیمان نەكردووە كە ئەو كۆبوونەوەمان كرد ئێوە وەڵامتان پێی دەگات، ئایا ئێمە بڕیار ئەدەین یان بڕیار نادەین، بەڵێ فەرموو كاك كاروان.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان، من بە گوێرەی بڕگەی سێ لە ماددەی (٦٦) قسە دەكەم، بەڕێزان ئێوە تەنها بۆتان هەیە كە یاداشتێكتان ئاراستە دەكرێت، تەنها لە ماوەی (١٤) ڕۆژ بهێڵنەوە، بەڵێ لە ڕوونكردنەوەكە تێگەیشتم، بەڵام تكایە ڕێگام بدەن بۆ ئەوی قسەكانم بكەم، بۆیە ڕوون بێت ئێمە لە ١١/١٦ ئەندامانی یاسایی پەرلەمانی كوردستان داوامان كردووە كە

دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، تاکو ئێستا ئەنجام نەدراوە ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبینین پێشمەرگەکانی کوردستان لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە رۆژانە رۆڵەکانمان خوێنیان لێی دەچورێت بگەرێنەوە هەرێمی کوردستان، بەهۆی نەبوونی دووربینی حەرارە پێشمەرگەیەك کە دەنێریت بۆی کە شەری داعش بكات شەری پەرستانی داعش بكات مووچەکەی (٥٠٠) هەزار دینارە، ئێستاش مووچە بەداخەوە نەك لە سێ رۆژ دابەش ناکرێت، لە (٤٥) رۆژ جارێك دابەش دەکرێت، یەعنی حکومەت خەریکە ئەوەش دەکات بە پاساوێك بە (٤٥) رۆژ جارێك مووچە دابەش ناکات، لەبەرئەوەی کە (٣٠٠) ملیار دۆلاری (٣٠٠) ملیۆن دیناری دیار نامێنێت، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان نابێت رۆڵەکانی ئێمە خۆیان بە کووشت بدەن بەناوی شاردنەوەی دزی هەرێمی کوردستان، ئەگەر هەندێك لە بەرپرسەکانیش مان ویژدانیان ناجوڵێت لە بەرامبەر بە خوێنی شەهیدەکانمان لایەنی کەم با پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێك بکەین بۆ ئەو کێشە و حەلی کەین، لایەنی کەم بتوانین ئەو پارەیەی کە لە نەوت دەدزرێت بیخەینە سەر دووربینی حەراری و بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئێمە یاداشتەکانمان هیچی لەلا نەماوە وەکو سەرۆکایەتی، بەرێزان بۆیە روون بین لەم بابەتە یان ناردوومانە بۆ حکومەت، ئەگەر بابەتێك بێت پێشتر راپۆرتی لەسەر حازرکرابێت یان هەندێکمان ناردووە بۆ لێژنە تایبەتمەندەکان ئەڵێین بۆ دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرت ئامادە بکەن کە ئەم پرۆسەیە تەواو بۆ کۆبوونەوەیەکی تری سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین، ئەگەر رەزامەند بوون بەبێ هاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری تایبەتمەندی بواری کە یاداشتان پێشکەش کردووە دانیشتن بکرێت، ئێمە دانیشتن دەکەین، فەرموو کاك علی.

**بەرێز علی حەمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، هەفتەی پێشوو جەنابت فەرمووت هەفتەی ئایندە بێت لێژنەی دارایی لێکوڵینەوە بکات لەو داهاتانەی کە کەم بۆتەوە، نادیارە لەو دوو ئیدارەیەی روونەی کە هەیە، بەڵام بەداخەوە هیچ شتێك دیار نییە ئەمڕۆ کە قسە دەکەین حەوتی مانگە تا ئێستا سەنتێکی داهاتی ناوخۆی مانگی پێشوو نەگەراوەتەوە کە بۆی تەحدیدکراوە کە لە سلێمانیەوە بێت، لەو سێ ملیارە ناوانی داهات چەندە بەدەر، لەمەش ئەمەوێت بە جەنابتان بلێم ئێستا کە قسە لەسەر گلەیی دەکەم چ پڕۆژەی پارێزگای سلێمانی یە لە جادەی کەلار، رانییە، دەربەندیخان، ئاوی چەمچەمال هەمووی وەستاوە، لەبەر دوو هۆ تەنانەت ئێستا عەمەلیات لە خەستەخانەکانە، سەیرە دەرمانەکانی بەنج نییە، دەرمانی قەستەرە نییە، دەرمانی شیرپەنجە نییە، لە سلێمانی کە قسەی ئەکەم کاکە داهات نییە، لێرە بە وەزیرە کە دەڵێم ئەمری سەرفمان هەیە لە داهاتی سلێمانی بێت ئەگەر قەراربێت ئەو لە ٤٣% یەی مووچە بدات و لەوێش ٥٧% بدات ئەو لە هەموو داهاتی خۆی مووچە یا ئێرەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامت لای من نییە کاك علی، ئێمە بەڕێزان سەیری بەرنامەی کارت کردووە، ئێمە بەڕێزان لەمەولا هەر لێژنەیەك رابسپێرین بۆ ئەوەی راپۆرتێك لەسەر بابەتێك حازر بکات، بۆ ئەوەی وەکو جارەکانی ترمان لێ نەیێت پێیان ئەڵێین و کەی حازرنابێت، هەفتەی دواتر ئەخەینە ناو بەرنامەی کار ئەبێ ئیتر ئەو لێژنەیە حازری کات.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بازگەکانی نێوان شارەکان بەتایبەت لە بازگەی دێگەڵە، دیاریدەی پارە وەرگرتنی لە بارە هەڵگرەکان لە (٢٠) هەزارەوە تا (٥٠) هەزار بێ بوونی وەسڵی وەزارەتی دارایی، هەبوونی مۆر لەسەر وەسڵەکان وەردەگیرێت، داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی لێژنەی ناوخۆ و دارایی راسپێرێت بۆ بە دواداچوونی ئەو کارە نایاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاداشت بەنووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای ئەوەی جارێکی دیکە سەری رێزونەوازش دادەنوێنین بۆ شەهیدە قارەمانەکانی کوردستان، وەك شانازیەك لە هەرێمی کوردستاندا لەماوەی رابردوودا تاوەکوئێستا شانازی بە ئەوە دەکەین کە خوێنی شەهیدەکان وەك ئەوەی هاوپیشەیەکمان لەناو جەلسەی پەرلەمانی کوردستان دا، دەڵێت خۆێنەکەیان دابەش کردووە بەسەر زەردو سەوزدا، ئەمە شانازییەکی گەورەیە رۆڵی هێزکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێ بوونی جیاوازی نێو سەنگەرەکانی بەرگری کردن لە خاکی هەرێمی کوردستان وە دەرکردنی فەرمان بە هێزەکانی پێشمەرگە، ئەگەر مەبەست جەنابی سەرۆك بارزانی بێت، دیسان جارێکی دیکە شانازییەکی گەورەیە بەبەر ئێمە دەکەوێت کە پێشمەرگەیەك فەرمان بە پێشمەرگەیەك دەکات وە دوێنی کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە حزوری هەردوو جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە فەرماندە سەربازیەکان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام داوەو وەلە کۆبوونەوەکەدا بۆ پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە وە بۆئەوەی فەرمان بە هێزکانی پێشمەرگە بکرێت بۆ ئەو پلانانەی رووبەرووی تیرۆرستانی داعش ببینەوە کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتووانە ئەنجام دراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان زۆر سوپاس کاك زانا، لایەنی کەم پەرلەمانی کوردستان نەبێت بە بەشێك لەو پرۆسەیە لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر دابەشکاریەك هەبوو ئێمە دەبێت ئیدانەی بکەین، دەبێت دژی بین هەمووومان پێکەوە وە ئەوانەی کە شەهید دەبن بۆ یەك لەحزەش کاتی پەرلەمان نەمان نەپرسیوە کێ یەکێتی یەو کێ پارتی یە، چونکە لەناو یەك سەنگەرادەبن بەداخەوە شەهید دەبن وە مەرج نییە هەموو ئەوانەی لە سەنگەردەبن هەموو یەکێتی و پارتی دەبن بەراستی خەڵکی تریشی تێدایە، ئەگەر خەڵکی تری تێدا نییە چۆن هێزەکانی تر دەنگ

دەهێنن لەناو ئەو، یەعنی هێزەکانی پێشمەرگە یە کەوا بلێن فراکسیۆنەکانی تر دەنگ دەهێنن، ئێمە یەك داواکاریمان هەیە پەرلەمان نەبێتە بەشێك لەو بابەتە خەڵکی تر لە دەرەوەی پەرلەمان قسەی هەیە، ئێمە ئەوکات بە ئاسانی ئەتوانین بڵێین ئێمە ئەو دابەش کاریانەتان بوونانە لێتان قبول ناکەین، ئەگەر خۆمان نەبین بە بەشێك لەو پرۆسەیە رووحیان شادبێت، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای ژمارەی (٢) ساڵی ٢٠٢٠ یاسای چاکسازی لە ٢٠٢٠ دەرچووە پێویست دەکات بە پێی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیران سێ مانگ جارێك راپۆرتێك بنێرن بۆ پەرلەمان، باشە لە ٧/١/ چووەتە بواری جێبەجێکردن، ئەوا ئەمڕۆکە تەقریبەن زیاتر لە (١٢) مانگە راپۆرتی سێەم نەهاتووە، ئەوە ئەوجا ئەو راپۆرتانە ئەوە نوقتەیەك، نۆقتەیەکی دیکە ئایا چاکسازی کە من دەنگم پێداوە چاکسازی بۆ بەو تێبینیانەی ئەم یاسایە دەرچووە، بەس تەنیا لەناو وەزارەتی شەهیدان مووچەی زیاتر لە (١٠٠٠) هاووڵاتی شەهید براوە کە پێشتر بە پێی یاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٠٧ ئەم مووچەیان کردووە لە ٢٠٠٧ وە ئەمە قانوونە جێبەجێیە ئەکرێت ئەوانە، بەڵام یاسی چاکسازی کە هات مووچەی (٢٥٠) هەزاری لە هاووڵاتی دەبڕدرێت وەکو ئەو تورەی لێهاتووە، حووتە گەورەکان ناگرێ و بچووکەکان دەگرێ، جا ئەرکی ئەم کێشە یاسا با پێمان بڵێین ئەوەی کە جێبەجێ کاری یاساییە بۆچی چەند پارەیان گەڕاندوتەوە دوو ساڵە ئەلێن داهاتی ناوخۆ (٨٩٥) ملیار دینارە، دینارێکی کەم نەکرد، ئەمە کەی چاکسازی بۆ ئەوە کرا وە هەمموو ئەوانەی کە پەیوەندی بە مەسەلەی قەرزو ئەوە شتانەوە هەیە، پەیوەندی بە مەسەلەی ئەو هەموو بن دیوارانەوە هەیە، مەسەلە چی کراوە شتی کەش ماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لە کاتی خۆی راپۆرتەکان بنێریت، داوا لە لێژنەی دەست پاکی و لێژنەی دارایی دەکەین کە بە دواداچوون بکەن بۆ راپۆرتی سێ یەم کە نەگەیشتووە، سەبارەت بەوەی کە دەڵێن مووچە براوە یاداشتێك بە نووسراو بدە دەستەی سەرۆکایەتی، ئێمە لە رێگەی لێژنەی شەهیدان و بە دواداچوون دەکەین زۆر سوپاس، پێشەوەی بدریە خان قسەی بکات بەگەرمی بەخێرهاتنی وەزیری کشتوکاڵ و بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین لەگەڵ شاندی یاوەریان ئەوانەی لەگەڵ هاتوون بەڵێ فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، من لەسەر بەنامەی کاری ئەمڕۆ برگە (٤) قسەدەکەم سەبارەت بە دەستەواژەی دەوڵەتی ئیسلامی لە کەوانەیەك دا (عێراق و شام) ناسراو بە داعش، ئێمە لە یاسای وون بووەکان لەم وەرزە یاسایانەدا کە دەرچوون دەستەواژەمان گۆری، ئێمە گۆریمان بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی، بۆیە کە ئیسلام بێ بەرییە لە زوڵم و ستەم و ناحەق و بەناحەق کۆشتن دژی هەموو پێشلکارییەکە وە دژی پێشلکردنی بنەکانی مافی مرۆڤە، زۆر سوپاس وە تەئییدی قسەکانی بەرێز مامۆستا عمر دەکەم سەبارەت بە گرفتەکانی خوێندکاران و بابەتی دەرماڵە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، لەو ڕۆژانە عادل کریم وەزیری کارەبای عێراق دەڵێ ئێمە ڕۆژانە (٦٥٠) بۆ (٨٠٠) میگاوات کارەبا لە کوردستان دەکڕین، بەڵام هەمان کاتیش ئێمە کارەبامان نییە، ئایا ئێمە بابزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان کارەبا دەفرۆشێ، ئەگەر کارەبا دەفرۆشێ بە عێراق چۆن منداڵە عەرەبەکان هەموو ڕۆژێ دێنە سەنگەرەکانی پێشەوە پێشمەرگەمان بکوژن و شەهید کەن، عەفو یەعنی بەراستی مەعقول نییە ئێمە نەوتیان بدەینێ، کارەبایان بدەینێ، بەنزین یان بدەینێ، لە ولاشەوە بێن لە هەولێرێ خانووی بکڕن وتاپوو بکەن لەسەر خۆیان، لەو لاشەوە منداڵەکانیان بنێرن بۆ پێشەوەی جەبهە و بێن کەسوکارەکانی ئێمە بکوژن، یەعنی بۆیە داوا لە بەرێزت دەکەم وەزیری سامانە سروشتییەکان بە دواداچوونێك بۆ ئەو قەزییە بکات، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان تەواوم نەکرد...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاتەکەت تەواو، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دیارە ئێستا دابەش کردنی مووچە خەریکە لە (٤٠) ڕۆژ دەبێتە (٤٥) ڕۆژ، دابەش کردنی مووچە (١٦) ڕۆژی پێدەچێت، وەزارەتی دارایی دابەش کردنی مووچە (١٦) ڕۆژی دەوێتن بە (١٦) ڕۆژ دابەشی دەکاتن، مەعقول نییە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ وەزارەتی دارایی (١٦) ڕۆژ خەریکی دابەشکردنی مووچە بێت، هەر ڕۆژێك وەزارەتێك هەر ڕۆژەو دەستەیەك، داهاتی نەوتی عێراق لە مانگی ڕابردوو (٧) ملیارو (٥٩٠) ملیۆن دۆلار بوو، ئەگەر هەرێمی کوردستان داهاتی یەك لەسەر حەوت بێت زیاتر لە یەك ملیار داهاتی نەوت هەیە، جگە لە داهاتی ناوخۆ، داهاتی گومرگەکان، بۆچی تائێستا داهاتی سلێمانی (٤٣%) دەگەڕێتەوە، داهاتی هەولێرو دهۆك (٥٧%) دەگەڕێتەوە ئەوەی تر بۆ چی ئەچێتن؟ بۆچی تا ئێستا حزب بەردەوامە لە بردنی داهاتی ناوخۆ وگومرگەکان بۆخۆی؟ بۆچی تائێستا بەشێکی زۆری داهاتی نەوت دیار نییە؟ ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ حکومەتی ئێمە ئەو هەموو هەوڵەمان دا ئەو هەموو شەرە لە پەرلەمان کرا بۆ ئەوەی بڕینی مووچە نەمێنیت لە کاتی خۆیدا مووچە دابەش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی (٢) مادەی کار دەکەین، فەرموون کاك دیاری ناوت نەنووسیوە بەڵێ ئەی چی شتە کاك دیاری ئەگەر نوقتەی نیزامی نەت بێت یەکسەر دەتبڕم دەی بیڵێ.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی مادەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تۆ دەڵێیت ئەو یاداشتانەی ماددەی (٦٦) تەقدیم کراون، جا دوایی نەماوە، دوایی جوابم دەوە ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وام نەگوتووە لە خۆتەوە قسە مەکە، گوتم نانا راوەستە ئەگەر ماددەی (٦٦) حکومەت ئامادە نەبێت جا دوای نییە کە لە یەك دەقە کە لە ئێستاوە بۆت حیساب دەکەم.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

...دەست خۆش بێت ئەوە ئەرکی ئێوەیە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە فشار لە حکومەت بکەن پەیڕەو جێ بەجێ بکات وە ئامادەبێت بە وەڵامی پرسیارەکانەوە ئەو یاداشتانەوە بێتە ناو پەرلەمانی کوردستان، ئێستا لەم کاتەو لەم دۆخەیە ئێمە یاداشتێکمان پێشکەش کردووە، ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان وەزیری پێشمەرگە بۆ نەهاتووتە نێو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان، لەم کاتەیە کە کوری فەقیر لە بەرکانی شەڕ دەکوژرێن وپارەی فیشەکیان پێی نییە دەڵێن فیشەکمان نییە، فیشەك لەسەر گیرفانی خۆیان دەکڕن، بەڵام سەیارەی درع و هەمەرو ئەو هەموو هاوکاری هاوپەیمانان کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان کە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە نێردراون لەلای کوڕە بەرپرسەکان و ناو شارەکانن، لە ناو باغ و ڤێلایەکان دانراون، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە ئەرکی ئێوەیە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە پارێزگاری لە پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بکەن، ئێوە وەکو ئێمە پەیڕەو پێشڵ دەکەن، بەڵام ئێوە خۆشتان پەیڕەو پێشڵ دەکەن، بەرنامەی کارتان داناوە دوو برگەتان زیاد کرد بۆ بەرنامەی کار هیچ لە بەرنامەی کارا نەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان عێراق بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧،٨٨،٨٩)لە پەیڕەوەی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئێمە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە دەڵێن کە پەرلەمانی کوردستان دژی دەمارگیری نەتەوەی یە، ئێمە عەرەب و نەتەوەکانی تر لە وولاتێکە پێکەوە دەژین، تیرۆرستیش بەسەر نەتەوە دیاری کراو جیاوازەکان دیاری کراوە دابەش بوون، بەڵێ تەواو شادیە خان تەواو فەرموون دەست بە پرۆسەکە بکەن.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، ئەم پێشنیازە یاسایە لەئەنجامی گفتوگۆیەکی دوورو درێژ لە نێوان لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری وە کۆمەڵەی کارمەندانی ڤێتەرنەری وە پزیشکانی ڤێتەرنەریش وە دواتریش کە رەوانەی لای حکومەت کراوە، لەلای وەزراەتی کشتوکاڵی رنج و تێبینی خۆیان هەبووە لەسەر ئەم پرۆژەیە، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان پەسەندی بکات هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵەی کارمەندانی ڤێتەرنەری دەرەخسێنێت، هیوادارم پەسەند بکرێ و وە انشاءالله رێرەوی تەندروستی خۆیدا بچێت، ئێمە دیارە دوو بەش و دوو پرۆژەمان بەدەستەوەیە، ئەوەی لیژنەی کشتوکاڵ وە ئەوەی لیژنەی یاسای کە کار ئاسانیان بۆ کردووە، ئەمن پێشنیار دەکەم وە داوا دەکەم لە بەڕێزتان ئەگەر

بیخەنە دەنگ دانەوە، چونکە ئەگەر لێژنە یاسایی رێکیان خستووە، ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکاڵ پێی رازین بکرێتە ئەساس و بنچینە بۆ گفتوگۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان دیارە ئێمە ئێستا دوو راپۆرتمان لەبەردەستدایە، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەر بەرێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە دەقی راپۆرتە ئەسڵەکەی خۆی، چەند کەس لەگەڵییەتی لە دەقی راپۆرتی لێژنەی ناوخۆ لێژنەی تایبەتمەند، لێژنەی تایبەتمەن،د بەرێزان با دەنگی بدەین لەسەری چەند کەس لەگەڵە لێژنەی تایبەتمەند راپۆرتەکە بکرێتە بنەما؟ تکایە بەرێزان لە ناو صندوقتان هەیە، بەرێزان ئێستا بۆتان ئەهێنن، بە دەنگی (٥٢) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان راپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند ئەکرێتە بنەما بۆ گفتوگو کردن، فەرموون نوسەخەیان بۆ بێنن، بەرێزان بەڵێ فەرموون وەزیری تایبەت مەند.

**بەرێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کاتەتان باش، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان دەمەوێت راستکردنەوەیەك بکەم لەسەر قسەکانی بەرێز سەرۆکی لێژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان، ئەم پرۆژە یاسایە، پرۆژەی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ساڵی ٢٠١٩ ئێمە ناردوومانەتە ئەنجومەنی شورای ئەو ئەنجومەنی شورا، دوای ئەوەی کە پەسەند کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان رەوانەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە وە ئەمە پرۆژە یاسایەکی تێروتەسەلە بۆ کارمەندان نییە، بەلکو بۆ ئەو دەرچوانەیە کە لە کولێژەکانی کشتوکاڵی و ئامادەییەکان وەلە ڤێتەنەری و ئامادەییەکان تەخروجیان کردووە، رەخساندنی هەلی کارە بۆ ئەو دەرچووەنە، بۆ ئەوەی ئێمە دوو وەزیفەی پیشەی یاخود بێ کاری نەهێڵین لە هەرێمی کوردستان دا، شانس بدەینە ئەو دەرچووانەی کە چەندین ساڵ رەنجیان کێشاوە، بەڵام هەلی دامەزراندینان بۆ نەرەخساوە، بۆیە ئومێدەوارم کە ئەم بابەتە راست بکرێتەوە وە پرۆژەکە پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێز وەزیری تایبەتمەند وەزیری کشتوکال، کاك عبدالستار روونکردنەوەت هەیە فەرموو بەرێز.

**بەرێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموون ئاماژە بە نامەی فەرمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە ئەم نامەیە کە هاوپێچە لەگەڵ ئەو پرۆژەی کە پێشکەشمان کردوون لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، جا دوایی ئەگەر پرۆژەیەك لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەبوویێت لە ئەنجومەنی شوار دیراسەی کرابێت لەگەڵ ئەمە رێك خرابێت، ئەمن نازانم زۆر ئاساییە، گرنگ ئەوە یە بەراستی پرۆژەیەکی گرنگە بۆ دەرچووان و وە بەتایبەتی کۆمەڵەی کارمەندانی ڤێتەرنەری هەرکەسێك بیەوێت ئێمە دەست خۆشی لێدەکەین، گرنگ ئەوە خەلکێك سوودمەند بێت، هەرکەسێك بیهێنێت، هەرکەسێك هاوکار بێت

دەســت خۆشــی لێــدەکەین، بەڵام ئەوە حەقــیقەتەکەیە نــامەی ســەرۆکایەتی پەرلەمــان بەرزکردووەتەوە، پێویست بەو حەساسیەتە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە لە جێ خۆتەوە قسەمەکە، فەرمـوون بەڕێـزان دەست بە جێبەجێکردنـی بەرنـامەی کـاری خـاڵی خۆمـانەوە دەکەیـن، فەرمـوون لیـژنەی تایبەتمەنـد لە مـاددەی (۱) دەسـت پێـی بـکەن بە ناونیشانەوە، ئەو بابەتەش بابەتی جۆڵەکە لە پرۆتۆکۆل دەسڕین چونکە پەیوەنـدی بەو قسـانەی پەیڕەو نییە بەڕێزان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی کراوە لەلایەن لێژنەی کاروبـاری یاسـای لیـژنەی کاروباری یاسای ڕۆژی دوشەمە ڕێکەوتـی ۲۰۲۱/۱۱/۲۲ کـات ژمێـر (۱۰) بەیـانی کۆبـوونەوەی خـۆی ئەنجام دا بە مەبەستی پێداچوونەوە و دارشتنی یاسای و دلنیا بـوون لە دژی نەبـوونی دەقەکـان لەگەڵ دەستوورو یاسـاکراوەکان بە پێـی حوکمەکـانی مـاددەی (۸۵) بڕگەکـانی (۱،۳) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان تـایبەت بە ڕاپـۆرتی لیـژنەی کشـتوکاڵ و ئـاودێری، سـەبارەت بە خوێنـدنەوی دووەم بۆ پرۆژە یاسای سەرپەشتی کردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە هەرێمـی کوردسـتان/عێـراق، لێژنەی دارشتنەوەی ئەم یاسایەی خوارەوەی پێی پەسەندە، سەبارەت بە ناونیشان پڕۆژە یاسای سەرپەرشتیارانی پڕۆژە کشتوکاڵییەکانی لە کەرتـی تـایبەت لە هەرێمـی کوردسـتان/ عێـراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بەناونیشان هەر بەڕێزێك سەرنج و ڕاو تێبینـی هەیە بـا بفەرموێـت، کـاك ظاهر، کاك کاروان، کاك ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ئازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـڕۆژەی یاسـای سەرپەرشـتیارانی پڕۆژەکـان و کۆمپانیـا کشـتوکاڵ لە کەرتـی تـایبەتی هەرێمـی کوردستان - عێراق بێت، یەعنی کۆمپانیا زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـڕۆژە یاسـای سەرپەرشـتی کردنـی پڕۆژەکـانی کشـتوکاڵی لە هەرێمـی کوردسـتان – عێـراق، پێشنیاردەکەم بەم شێوەیە لێبیکرێت پڕۆژە یاسای سەرپەرشتی کردنی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵ وایە کە ناونیشان لەگەڵ ناوەڕۆکی پڕۆژە یاسایەکەدا یەکان ژیربن، بۆ ئەوەی کەمن دەیبینم تایتڵێکە لەسەرەوە هەمانە تەنها لەگەڵ ناوە پڕۆژە یاسایەکە تەواوی یەك ناخەن، خاستەن لەگەڵ دەرچوواندن، چونکە ئەمە دۆزینەوەی هەلی کارە نەك سەرپەرشتی کرد،ن، بۆیە من پێشنیازکەم بەم شێوە لێبکرێت پڕۆژە یاسای دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی بەشی کشتوکاڵ و ڤێتەرنەری لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی تایبەتمەند، بەڕێز وەزیر ئەگەر سەرەنجێك هەیە تەواو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین ناونیشانەکەی وەك خۆی بمێنێتەوە لەبەر ئەو هۆکارانەی خوارەوە، بابەتی کۆمپانیا کە کاك ئازاد دەڵێت زیاد بکرێت کەرتی تایبەت بۆ خۆی کۆمپانیای کەرتی تایبەت دەگرێتەوە، کاك شێخ ظاهر پێشنیارێکی کرد ئێمە دووبارە لەگەڵ ئەوەین وەکو خۆی بمێنێتەوە، تێبینی سێیەم کە کاك کاروان باسی کرد ئەمە راستە رەخساندنی هەلی کارە، بەڵام ئێمە سەرپەرشتیار دادەنێین بۆ پڕۆژە کشتوکاڵییەکان، یەعنی محتەوایەکە لە ئەساسدا هەر بۆ رەخساندنی هەلی کارە، بەڵام لە پڕۆژە کشتوکاڵییەکانی ئێمە دەمانەوێت سەرپەشتیار دابینێین وە بەپێی قانوونێکی تر کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەرکارە ئەوانەی کە فەرمانبەری حکومەتن دەتوانن لە چەند پڕۆژەیەکی کەرتی تایبەتیش سوودمەند بن وە پارە وەربگرن، لەبەر ئەوە ئێمە دەمانەوێت ئەم بابەتە کۆتایی پێی بیهێنین سوودمەند بۆ ئەو کەسانە بێت کە دەرچووی تازەن وە دەرفەتی کاریان بۆ نەرەخساوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەنها یەك تەوزیحی کاك شێخ ظاهر بوو نەك کاك شێرزاد.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشان ئێمەش پێمان باشە وەك خۆی بمێنت، ئیزافەکردنی کۆمپانیا تێدا پێویست ناکات، چونکە لە مادەی (٧) پڕۆژەکە هەیە کە دەڵێت حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر نووسینگەو کۆمپانیایە کشتوکاڵییەکان مەشغول دەبن بە پێی پێویست ناکات، سەبارەت بەسەرپەرشتی کردنیش پێشتر کە تەقدیم کرا بۆ سەرپەرشتی کردن بوو بەس لە لێژنەی یاسای گفتوگوکردن، ئێمە پێمان باش بوو ببێتە سەر پەرشتیاران، چونکە باسی ئیشراف کردنی پڕۆژەی کشتوکاڵی ناکات کە باسی موشرفە، باسی خەریجی کولیەی زراعەیە، تەنسیق لەگەل وەزیری کشتوکاڵ، پێمان وایە ئەم ناونیشانە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مادەی یەك بخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

بە مەبەستی حوکمی ئەو یاسایە دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی خوارەوە بەرامبەریان دەگەیەنن:

یەکەم: وەزیر، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و ئاودێری هەرێم.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی دار هەریەکە لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆییەکان دەگرێتەوە.

سێیەم: سەندیکاو کومەڵەکان هەریەك لە سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان پزیشکانی دروستی ئاژەڵ هونەرییە کشتوکاڵییەکان و کومەڵەی کارمەندانی ڤێتەرنەری و هەر کۆمەڵەیەکی تری کشتوکاڵی دەگرێتەوە.

چوارەم: پڕۆژەی کشتوکاڵی یەکەی بەرهەم هێنەری کشتوکاڵی کارگەکانی پیشەسازی خۆراك کە لەلایەن جوتیاران یان وەرزی یان وەبەرهێن پێی یاسا بەرکار دامەزاروە بە ئامانجی بوژاندنەوەی بەرهەم هێنانی رووەکی ئاژەڵی پەلەوەری هەنگ و سوود بەخشەکان کە سەرچاوەی کشتوکاڵی ئابووری لە ماوەیەکی دیارکراودا لەم بارانە دا بە گەردەخەن.

پێنجەم: سەرپەرشتیار هەڵگری بروانامەی بەکالۆریوس یان دبلوم یان دەرچووی ئامادەیی لە بواری کشتوکاڵی ڤێتەرنەری ئەندام بێت لە سەندیکا یان کۆمەڵەبێت سەرپەرشتیاری کشتوکاڵی دەکات بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان بۆ ماددەی یەك، هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات با ناو تۆماربکات.، با ناوەکان بخوێنینەوە هەر بەرێزێك ناوی نەنووسرابوو ناوی زیاد دەکەین، بۆ ماددەی یەك ئەم بەرێزانە گفتوگۆی لەسەرکەن بەرێزان (کاك د. اسماعیل، بدریە خان، کاك عمر، سەرچنار خان، کاك کاروان، کاك لقمان، کاك شەمۆل، روپاك خان، کاك دابان، کاك شوان، حسیبە خان، د. گەلاوێژ، سوسن خان، کاك شێخ ظاهر، مامۆستا ویسی، نجاة خان)، هەربەرێزێکی تر، نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

سەبارەت بە ماددێ ئێك یەکەم وەزیر وەزیرێ کشتوکاڵی وە سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم ببیتە سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك، بڕگەی پێنجەم سەرپەرشتیار هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریوسی یان دبلۆم یان دەرچووی ئامادەیی لە بواری کشتوکاڵی کە ئەندام بێت لە سەندیکا یان کۆمەڵەکە، من یەك پرسیار لە بەرێزان لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەم، بۆ مەرجەك کە ئەندامی سەندیکاو کۆمەڵە

نەبێت، یەعنی لە ماوەی رابردووش بۆ نموونە بۆ پرۆژەیەکی تر هاتە پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی سەندیکا دەبوایە لەدادگایی کردنی رۆژنامەنووسان ئامادە بێت، کەسێکە خەریجی زانکۆیە، خۆی ئەندازیارە لە کۆمەڵەیەکە نەبێت لە سەندیکا نەبێت، ئیتر ئەو مافەی لە دەست ئەدات، یەعنی ئەمە بۆ کراوەتە پێوەرو مەرج، لە زۆربەی بوارەکانی تریش بە تایبەتیش ئەمەی ئێستاش بەرچاوم کەوت کەیەکێکە لە مەرجەکان، داوای روونکردنەوە لە ئێوە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەناوی خوای مەزن و دلوڤان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزکان و شاندی یاوەریان دەکەم وە دەست خۆشی زۆرم هەیە بۆ بەرێزان لێژنەی پەیوەندارو وەزارەت بۆ رێکخستنەوەی پرۆژە کشتوکاڵییەکان و دەست نیشانکردنی سەرپەرشتیاران و رەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ دەرچووانی ئەم بوارە، بە نسبەت مادەی یەکەم، بڕگەی دووەم بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار پێشنیارەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، هەریەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کستوکاڵ و بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری و لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆییەکانی دەگرێتەوە کە چاودێری ئەرك و پابەندییەکانی سەرپەرشتیاری و خاوەن پرۆژەی کشتوکاڵیدا دەکات وە بەنسبەت بڕگەی چوارەم بەم شێوەیە چەند ووشەیەکی کەمە بۆ رێکخستنی یەکەی بەرهەم هێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی یان کارگەکانی پیشەسازی و خۆراك دەگرێتەوە کە لەلایەن جوتیار، وەرزەر یان بەرهێن بە پێی یاسا بەرکارەکان دامەزراون بە ئامانجی بوژاندنەوەی بەرهەم هێنانی بەرهەمەکانی رووەکی ئاژەڵی و پەلەوەری تاوەکو دوایی، بەنسبەت بڕگەی پێنجەم پشتگیری کاك دابان دەکەم، روونکردنەوەیەك لەسەر ئەو بابەت مان بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها داواکارم لە بڕگەی چوارەم سامانی ماسی زیاد بکرێتن، بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د. اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز/ سەرۆکێ پەرلەمانی.**

من پرسیارەکا هەی و تێبینیەك پرسیارا من لێ هەردوو لێژنێت تایبەتمەند خالا سێ هاتی سەندیکاو کۆمەڵەکانە، ئەز بێژم یەکێتی یا جوتیارانژی پەیوەندی پێڤە نینە بیتە ناڤدا یانژی

یەکێتی جوتیارنژی ئیلاقە ڤێ ڤە نینە وەکۆ پرسیار یا دوو ژی ئەز پشتەڤانیا وێ بۆچوونێ کەم کۆ ئەندامێ سەندیکایێ بیتن ئەو مەرج نەمینیتن دا ئەگەر ئارمانجامە ئەوبیت ڤی کاری ڤیت کاری پەیدابکەین ئەم دا پتر بێنە پەیداکرن ئەو مەرجە بێتە راکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی پێنچ تێبینیم هەیە، بۆ ئەگەر مەرج بێت ئەو کەسەی کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریوس وەکو سەرپەرشتیار یان دبلۆم یان دەرچووی ئامادەیی بێت، مەرج بێت ئەندامی سەندیکایەکە بێت، من پێم وایە ئەو مەرجە لابرێت، چونکە ئەندام بوون لە سەندیکایەکان کارێگی ئارەزوومەندانەیە و لەو بوارەوە پشتیوانی کاك دابان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ویسی.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك لە بڕگەی سێیەم سەندیکاو کۆمەڵەکان هەر یەك لە سەندیکایەکان ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان، پزیشکانی تەندروستی ئاژەڵ، هونەرە کشتوکاڵییەکان و کومەڵە ڤێتەرنەری و هەر کۆمەڵەیەکی تری کشتوکاڵییەکە بکرێت، کۆمەڵەیەکی تری ئاماژە پێکراو، چونکە لە پێشتر ئاماژە پێکراوە پزیشکانی تەندروستی ئاژەڵیش دەیانگرێتەوە، بۆ ئەوانیش هەر دەرچوویەکی تربێت بگرێتەوە و دەمەوێت ووشەکە وای لێبیت کە هەر کۆمەڵەیەکی تری ئاماژە پێکراو، لەگەڵ رێزمدا زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەرێزەکان دەکەم، ماددەی یەکەم من لە چوارەم تێبینیەکم هەیە لەگەڵ هەی سێ یەم، سەندیکاو کۆمەڵەکان هەریەك لە سەندیکایەکانی ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان پزیشکانی دروستی ئاژەڵی، دروستی ئاژەڵی یەعنی ڤێتەرنەری نازانم ووشەیەکی زیاتر بەکار بهێنی، هونەرییەکان کشتوکاڵییەکان کۆمەڵەی کارمەندانی ڤێتەرنەری و هەر کۆمەڵەیەکی تری کشتوکاڵی، لێرە مەبەست چی یە؟ ئەو روونکردنەوەم بدێ مەبەست چی یە کۆمەڵەیەکی تری کشتوکاڵی؟ چونکە دەبێت تەئید بکرێت، چوارەم پڕۆژەی کشتوکاڵی یەکەی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی یان کارگەکانی پیشەسازی خۆراك کە لەلایەن جوتیار یان وەرزێر یان بەرهەم هێن یان بە پێی بەرسکارەکان دامەزرێندراوە بە ئامانجی بوژاندنەوەی بەرهەم هێنانی رووەکی، لێرە پێم باشە بنووسرێت سامانی ئاژەڵی و گیانەوەرە ئاوییەکان و پەلەوەری و هەنگی و مێرووە سوودبەخشەکان کە سەرچاوەی ئابووری و کشتوکاڵی و ماوەیەکی دیاری کراودا لەم

بـواره، به نسـبەت خـاڵی پێـنجەم ئەوەی کە ئەنـدام بێـت لە سـەندیکاییەکان ئەو خـاڵێکی باشـە ئەگەر ئیشێکی تری هەبێـت سـەندیکاییەکان پاڵپشـتی پـێ نـادەن، ئەوە زۆر زۆر باشـە بـۆ ئەوەی خاوەن کارەکەی ئیشی هەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی یەك، بـڕگە پێـنچ قسـە دەکەم، پێشـنیارەکەی مـن پێناسـەیەك زیـاد بکرێـت پێش هەڵگری بڕوانامە کەسێکە گرێبەستی هەبێت لەگەڵ خاوەن کـار بەشـێوەیەکی ئیـداری، نەك پاشان هەڵگری بڕوانامەی بکالوریۆس یان دبلۆم... هتد هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شەمۆل.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك خاڵی پێنچ پێشنیاردەکەم بەو شێوەیەی لێبکرێت، سەرپەرشتیار هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان بکالوریۆس یان دبلۆم یان دەرچووی ئامادەیی لە بـواری کشـتوکاڵی یـان ڤێـتەرنەری بێت وە سەر پەرشتی پرۆژەی کشتوکاڵی بێت بەپێی حوکمی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی د. گلاوێژم هەیە، لە راستیدا سەبارەت بە بـڕگەی سـێیەم لە مـاددەی یەکەم کە دەڵێت هەر یەك لە سەندیکایەکانی ئەندازیارییە کشـتوکاڵییەکان پزیشـکانی دروسـتی ئـاژەڵ، ئەو روونکردنەوە بدرێ بۆچی پزیشکانی دروستی ئـاژەڵ ئەم ووشـەیە بـۆ؟ سـەبارەت بە بـڕگەی پێنجەم لە راستیدا پشتیوانی کـاك دابـان و حسـیبەخان و کـاك لقمـان دەکەم، چـونکە لە راسـتیدا ئەوە یاسایە بۆ رەخساندنی هەلی کارە بۆ هاووڵاتیان، بەڵام لێرەدا ئەگەر ئەو مەرجە دابنرێـت کە ئەندام بێت لە سەندیکا یان کۆمەڵەکان هەلی کار بۆ زۆر بۆ خەڵك نـاهێتە رەخسـاندن، بـۆیە پـێم باشە بۆ هەموو کەسێك ئەو دەرفەتە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من هەر لە سـەرەتایی مـاددەی یەك لە یاسـایەکانی تریشـەوە هەرێـم زیـاد کـراوە هەرێمـی کوردستان، ئەوە شتێکە لە ناو یاسایەکانە هەیە مادەم لەسەر ئەوە لە هەرێمی کوردسـتان، خـاڵی چـوارەمیش پشـتگیری لە ووتەی کـاك شـوان دەکەم ئەبێـت سـامانی ماسـی ئەوە زۆر زەرورە،

چونکە تامێروش ڕۆیشتووە مەعقولە باسی سامانی ماسی نەکرێت، لە خاڵی پێنجەمیشە ئەو سەرپەرشتیارە تەحدید کراوە کە بڕوانامەی بکالوریۆس، ئیتر لە دوای ئەوە بۆ ناتوانێت ماستەر و دکتورا ناتوانێت ئەو مەجالەش بکرێتەوە، ئەوە ئەو ئیلزامەشی کە کراوە ئەندام بێت لە سەندیکا یان کۆمەڵەکان ئەوە لابرێت هەر یەکسەر لە دوای ئەوەی یان ڤێتەرنەری نەصەکەی ئەوا لێبکرێت، سەرپەرشتی پڕۆژەی کشتوکاڵی بکرێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك كاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی یەك لە دوو بڕگە تێبینم هەیە، لەبڕگەی چوارەم کاتێك کە باس لە یەکەی کشتوکاڵی دەکرێت لێرە زۆر بە فراوانی باسی یەکەی کشتوکاڵی هەر شتێك دەگرێتەوە، کەواتە وەکو لە بڕگەی یەك ماددەی دوو تەئکیدی کردووتەوە کشتوکاڵی هەموو یەکەی کشتوکاڵ دەگرێتەوە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم کە تەحدید بکرێت کشتوکاڵیمان هەیە، یەك خانەی پلاستیکی بێت ڕەنگە سەد مەتر بێت، ڕەنگە دوو سەد مەتر بێت، ڕەنگە پێنج سەد مەتر بێت، مادەم ئەوەمان نییە، کەواتە دەبێت لێرە ڕێژەیەك دیاری بکرێت یان سامانەکەی دیاری بکرێت، چونکە پێچەوانەکەی دەست کراوەی زیاد لە حەد پێم وایە کێشە دروست دەکات، ئەمە خاڵی یەکەم لە بڕگەی پێنجەم باس لە سەرپەرشتیار دەکرێت لە کاتیکدا کە لە بڕگەی دوو خاڵی یەك لە ماددەی دوو بە وازحی هاتووە، دەڵێت هەڵگرانی بڕوانامەی کشتوکاڵی سەرپەرشتی بواری هونەری دەکەن، کەچی لێرە پێچەوانەکی دەڵێن یان بڕوانامە سەرپەرشتی بڕوانامە دەکەن کە تەنها جگە لە مەو ئەو بڕگەی کە باسم کرد، دووش ئەمە دووبارە دەست کرانەوەیەکە کە زۆر فراوانە، یەعنی ئەگەر بکەین بە یاریدەدەر یان بکەین بە سەرپەرشتیاری هونەری لێرە تەحدید بکرێت، زۆر پێم ناسکە بە نەتیجە، پێم باشە لە یاساکەدا لە ناوەڕۆك لە بڕگە و بڕگە ماددە ماددەدا بۆیە پێشنیازدەکەم یان بکرێت بە یاریدەدەر یان بکرێتە سەرپەرشتیاری هونەری، چونکە لە ماددەی دواتریش دووبارە تەناقض دەکاتن لە گەڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شێخ ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لەسەر بڕگەی پێنجەمە، هەڵگری بڕوانامەی بە سەرپەرشیار هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان دبلۆم یان دەرچووی ئامادەیی لە بواری کشتوکاڵی ڤێتەرنەری یان کە ئەندام بێت لە سەندیکا یان لە کۆمەڵە سەرپەرشتیاری پڕۆژەکان پڕۆژە کشتوکاڵییەکان دەکات، بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە من پێم وابێت حساب کردن وەکو یەکێك دەرچووی پەیمانگا بێت، یاخود یەکێك دەرچووی کۆلێژ بێت، چوار ساڵ هەردووکیان بە یەك ناونیشان و یەك عینوان دابمەزرێن بە ئیشراف، پێم وابێت ئەوە نادادیەکی تێدایە، پرسیارێکی ترم بۆ لێژنەی تایبەتمەند

یان بۆ جەنابی وەزیر، ئایا ئەگەر خاوەنی پرۆژەکە خۆی دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵ یـان خـۆی پەیمانگا بێت حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، منیش قسەکانم لەسەر بڕگەی پێنجەمە لە ماددەی یەکەم پشتگیری لە قسەکانی کاك دابان و ئەو بەڕێزانەش پشتگیریان لە قسەکانی کاك دابان کرد دەکەم، ئەویش ئەوەیە مەرجی ئەندام بوون لەم سەندیکا و کۆمەڵانە نەکرێتە مەرج وە سیغەکە دابڕژرێتەوە وەپێناسەی سەرپەرشتیار، چونکە بەراستی هەندێك لە سەندیکاو کۆمەڵەکان ئەدایەکی زۆر زۆر خراپیان هەیەو هەندێك ئەسلەن یان پابەندی یاساکانیان نابن، سەندیکامان هەیە لە کوردستان دە دانە ساڵە کۆنگرەی نەبەستوە بۆنەتە وەسیلەیەکی دەستی حزبەکان، بەشێکن لەو دۆخە خراپەی لە کوردستان هەیە لە رووی ئیدارەدانەوە، بۆیە من پێشنیاردەکەم مەرج نەبێت ئەندامی سەندیکاو کۆمەڵەکان بێت، ئەگەر سەندیکاو خۆی کۆمەڵەیەکی باش بێت خەڵك خواخۆیتی ئەندام بێت تێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی یەك لە بڕگەی سێیەم هاوشێوەی قسەکانی گەلاوێژخان کە پزیشکانی دروستی ئاژەڵ، چونکە ئەو یاسایە تابعی وەزارەتی کشتوکاڵە جیهەتی جێبەجێ کردنە، وەزارەتی کشتوکاڵە پێناسەی وەزیری کشتوکاڵیش لە بڕگەی یەکەم کراوە، بۆیە پزیشکانی دروستی ئاژەڵ لابردرێ تەنها کارمەندانی ڤێتەرنەری، پێم وایە کافیە و بۆ بڕگەی پێنجەم پشتگیری لە قسەکانی ئەو بەرێزانە دەکەم کە دەڵێن ئەندامیەتی لە کۆمەڵە و سەندیکاکان ئارەزوومەندانەیە، بۆیە ناکرێت ئەوە بکرێتە مەرج و پێوەر، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رێبوار.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من تێبینەکانم لەسەر خاڵی پێنجەمە، دیارە بە پێی خاڵی پێنجەم کە دەبێتە سەرپەرشتیاری یەکێك لە مەرجەکانە ئەوەیە ئەندام بێت لەو سەندیکای کشتوکاڵی، ئەمن زۆرێك لەو دەرچووانی زانکۆ وهەڵگرانی بڕوانامەی بکالوریۆس و دبلۆم و دەرچووی ئامادەیی لە بەشی کشتوکاڵی بڕوانامەیان هەیە، بەڵام ئەندام نین لە سەندیکاکان، لێرەش من هەست دەکەم کە غەدرێکە بەرامبەر بە ئەوانە دەکرێت، یەکەم دەرفەتی کاریان بۆیان نە دۆزرێتەوە، من پێشنیار دەکەم خۆ ئەگەر گریشمان ئەو مەرجە بمێنیت ئەوەتە ئاوای

لێبکرێت سیغەکە، یان ئەندام بێت لە سەندیکا یان سەندیکا پشتیوانی بکات بەرمەبنای ئەو بڕوانامەی کە لەو بوارە هەیەتی، ئینجا خاڵێکی تر ئەوەیە تێبینیەکی تر بۆ تەنها ئەبێت بەکالوریۆس و دبلۆم و ئامادەیی بێت، خۆ جۆرێك لە دەرچووان لەبواری خوێندنی باڵا ماستەر و دکتورا ئێستا بێکارن دەرفەتی کاریان نییە، خۆی ئەگەر دەرفەتی کاریان لەو شێوەیە بدۆزرێتەوە قبوڵی کەن، خاڵێکی تریشە پێشنیارێکی تریش ئەوەیە چۆن ئەبێت یەك ناونیشان وەك و شێخ ظاهیریش باسی کرد یەك ناونیشان جیاوازی بڕوانامەکان هەمووی یەك ناونیشانیان هەبێت کە من خۆم پێم وایە ئەمەش جۆرێکە لە ناداد پەروەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینییەکت هەیە.

**بەرێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینییەکەی نجاة خان وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم، ئێمە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمین، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو عینوانەمان داناوە، بەڵام تەبیعی یە دەکرێت وای لێبکەین بڵێین وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە ئێمە لە ناوی پرۆژە یاساکەدا ئاماژە بە هەرێمی کوردستان – عێراق کراوە، سەبارەت بە مەرجی ئەندام بوون لە سەندیکاو کۆمەڵەکان کە بە گشتی بۆ هەموو ئەوانەی کە دووبارەیانکردوە ئەو بڵێم، یەعنی ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان ئەو پێشنیارە بەلامانەوە پەسەندە وە لە وانەیە مەسەلەن من بۆ خۆم وەکو وەزیریش خۆم ئەو رەئییەم هەبووبێت، بەڵام دواتر کە موناقشەکراو وە لەبەرئەوەی کە سەندیکاکان سەرچاوەی سەرەکی رێکخستنی کاری خاوەن پیشەکانن، لەبەر ئەوە ئەم حاڵەتە دانراوە، بەڵام ئەگەر بەرێزانیش لە لێژنەی یاسایی بە لایانەوە پەسەند بێت ئێمە وەکو وەزارەت کێشەمان نییە دەکرێت لابرێت، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانێت مومارسەی ئەم کارە بکات کە لە بەردەمییەتی، سەبارەت بە حسیبە خان لەسەر ئەویش هەر مەرجی سەندیکاو کۆمەڵەکان بوو قسەی کرد، سەبارەت بە سامانی ماسی ئێمە دەقێك دکتۆر گەلاوێژ خوێندیەوە، ئەو دەقە بەلای ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ پەسەندە ئەگەر لوتف بکات بینێرێت بۆ لێژنەی یاسایی، پێم وایە لەوانەیە محتەوای پێناسەکە جوانترکات، سەبارەت بە یەکێتی جوتیاران نەخێر هیچ پەیوەندیەکی بەم پرۆژە یاسایەوە نییە، لەبەرئەوەی ئێمە ئەم پرۆژە یاسایە بۆ دەرچووانی بڵێین کولێژەکانی کشتوکاڵی و ڤێتەرنەری و ئامادەیی و پەیمانگاکان دادەنێین، سەبارەت بە ووشەی هەر کۆمەڵەیەکی تر ئێمە لەبەر ئەوە ئەم دەستەواژەیەمان داناوە لەناو یاساکەدا، چونکە لەوانەیە کۆمەڵەی تر تەشکیل بێت غەیری ئەوانەی کە لەناو یاساکەدا لەناو پرۆژە یاساکەدا ئاماژەمان پێداوە لە وانەیە بۆ داهاتوو کۆمەڵەی تر تەشکیل بێت، یەعنی ئەو کۆمەڵانەی با مافی ئەوانەیان هەبێت بتوانن لە بڕگەو ماددەکانی ئەم یاسایە سوودمەندبن لە بواری کشتوکاڵی بێت یاخود ڤێتەرتنەری بێت، سەبارەت بە دروستی ئاژەڵ بۆچی هاتووە، ئێمە بە پێی قانوونی ژمارە (٩) یاسایی ساڵی ١٩٩٨ دەقی قانوونەکەی خۆیان دەلێت بڕیارماندا بە پێدانی سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ، یەعنی کە مۆڵەتیان پێدراوە بەو عینوانە مۆڵەتیان پێدراوە، یەعنی لە

به پێــی قــانوونەکە خۆیــان کە ژمــارە (٩) ســاڵی ١٩٩٨ ئــێمە ئیعتمادمــان کردۆتەســەر نــاوە قانوونییەکەی خۆیان.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەلێــت پزیشــکانی دروســتی ئــاژەڵە، ئایــا پزیشــك تــابعی وەزارەتــی کشــتوکاڵە یــاخود هــی تەندروستییە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

بەڵام کە ناوی خۆیـان کە قانوونەکەیـان پێیـان وەرگرتـووە ناویـان پزیشـکانی دروسـتی ئـاژەڵە، ئێمەش نەسی ناوەکەی خۆیان کە لەرووی قـانوونییەوە مۆڵەتیـان پیـێ وەرگرتـووە ئەو ناوەمـان هێناوە نـاو پـڕۆژە یاساکەو سـەر بە وەزارەتـی ئـێمەیە پزیشـکانی ڤێـتەرنەی سـەر بە وەزارەتـی کشتوکاڵە.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر وەڵامێکی گشتی هەبوو، سەندیکاکان بڕگەی پێنجەم.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵـێ سـەبارەت بە پێناسـەکە، مـن پـێم وایە ئەوەی کەوا دانـراوە بـۆ خـۆی بـۆ سەرپەرشـتیار پێناسەکە لەلای ئێمە وەکو خۆی پەسەندە ئاڵوگوری تێدا ناکرێت، سەبارەت بە یەکەی کشـتوکاڵی کە باسی لێوەکرا ئێمە تەعلیمات دەردەکەین بۆ ئەو یاسایە لەوێـدا تەحدیـدی دەکەیـن کە یەکەی کشـتوکاڵییەکان ئەمـانەن کە دەتـوانن یەعنـی سەرپەرشـتیاریان بۆیـان دابنرێـت، ئەنجـا بەپێـی تەعلیمـاتەکەی تەحدیـد دەکرێـت، سـەبارەت بە ئەوانەی کە سـەربەخۆیان دەرچـووی کـۆلێژی کشتوکاڵی یاخود ڤێتەرنەری ئێمە تەبعەن شانسیان پێدراوە و بـۆ هەرکەسێکی تـر ئەگەر خۆیـان خـاوەنی پـڕۆژە بـن خۆیـان وەکـو سەرپەرشـتیار دەتـوانن معـاملە بـکەن، هـیچ یەعنـی فشـاریان لێناکرێت، بۆ ئەوەی سەرپەرشـتیاری تـر دابنـێن، سـەبارەت بە بڕوانـامەی ماسـتەرو دکتـوارش بە هەمان شێوە دەتوانن موستەفیدە بن لە قانوونەکە ئەگەر حـالەتێکە لەو بـابەت هەبێـت حەتـمەن ئـێمە دەرگـا بـکەیەنەوە بـۆ بەکـالوریۆس و دبلـۆم ماسـتەرو دکتـۆرا، حەتـمەن ئەوان شانسـی زیاتریش یان هەیە وەلە تەعریفەکەش زیادی دەکەین بەسەر چاو دەستان خۆس بێت.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بووی بێگرد خان.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە من ئەوندەی پێڕاگەشتوم جوابم دایتەوە، هەر پرسیاریك بکەن من وەڵامتان دەدەمەوە.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی تایبەتمەند سوود لە وەخت وەردەگرین کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله سـەبارەت بە ئەوە بـۆچی دەبێـت مەسـەلەن ئەوانە هەڵگـری بڕاوانـامەی بکـالوریۆس یـان دبلۆم یان دەرچووی ئامادەیی، بن خۆتان دەزانن ئەوە بابەتێکی ئختیساسیە ئەوە هەلی کار نیـیە بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو خەڵك وە هاووڵاتییەك ئاماژەی پێکرد لە بەڕێـزان وەك مەسـەلەن کاتێـك کە یەکێـك سەرپەرشـتی پـڕۆژەیەك دەکـات کە پەیوەنـدی مەسـەلەن بەپەلەوەرەوە هەیە دەبێت زۆر لێی ئختساسی هەبێت یان پەیوەندی بە سەرپەرشـتی بەشـێك دەکـات کە پەیوەنـدی بە رووەکەوە هەبێت دەبێت زۆر لێی ئختساسی هەبێت، ئەوەتا ئەوە هەلی کار نییە بۆ گشـتی بـۆ خەڵـك بـۆ هەنـدێك چـین تـوێژی تـایبەتە کە ئختیساسـاتی خۆیـانە بـابەتەکەی شـەریکە ئەوەیە ڤێتەرنەری خۆی، یەعنی سامانی ئاژەڵ کاتێك کە دەگوترێت یەعنی پزیشکانی ڤێـتەرنەری یـا کە دەگوترێت پزیشکی تەندروستی ئاژەڵ ئەو پزیشکی عام نییە ئەوەوە مەخسـەدی بەیتەریـیە زۆر وازحە کە سـامانی ئـاژەڵ چ بلـێن ڤێـتەرنەری چ بلێـی سـامانی ئـاژەڵ هەر دەیگـرێتەوە ئەوەی سەندیکاش و، بەڵام ئەگەر سەندیکاش نەبێت من پشـتگیری ئەوە دەکەم سـەندیکا نەبێـت، بەڵام دەبێـت عەرزتـان کەم دەبێـت چوارچێـوەیەك هەبێـت دەبێـت موئەسەسـەیەك هەبێـت کە ئەوانە کۆبکاتەوە چۆن هەر خاوەن پیشە خۆتان دەزانن دەبێت سەندیکایەك کـۆمەڵەیەك هەبێـت، بەڵام ئەوەی کە ئاماژەم پێکرا کێشـەو گرفتەکە لەوێـیە قۆرخکـارییەك هەیە وە سیسـتەمێك هەیە لەو سـەندیکایانە لەوێ هەنـدێك خەڵـك وە جیاکـاری لە نێـو ئەو سـەندیکاو رێکخـراوانە، دەنـا ئەمـن پێموا نییە هەرکەس بێ و بلێت کامە مـن دەرچـووی مەسـەلەن ڤێـتەرنەری و دەبێـت دابمەزرێـم چۆن دابمەزرێم؟ کێ دابمەزرێنێت؟ کێ تەسکیەی بکات؟ کێ کاری وا بۆ ئاسان بکات؟ ئەمن پـێم وایە دەبێــت دامەزراوەیەك هەبێــت دەزگــایەك هەر هەبێــت ئەگەر ســەندیکاش نەبێــت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسیارانەی ئاراستەی لێژنەی یاسـایی و لێـژنەی تایبەتمەنـد کـراوە سـەبارەت بەو نـاوە کەلە پڕۆژەی حکومەت دا پێشتر پزیشکانی ڤێتەرنەری هاتبوو کە لێژنەی یاسـایی بەم شـێوەی وامـان لێکـرد کە پزیشـکانی دروسـتی ئـاژەڵ، لەبەر ئەوەی کە یاسـایی تـایبەت ئەم سـەندیکایە نـاوەکە لەنـاو یاسـایەکەدا بەم شـێوەیە هـاتووە، بـۆ ئەوەی یەك ناوبێـت تەوحیـد بێـت، لەبەرئەوە بەم شێوەیەمان لێکرد، سەبارەت بە ماستەرو دکتۆراش لە کاتی خۆیـدا لە لێـژنەی یاسـایی گفتوگـۆی لەسـەر کـرا، بەڵام پێمـان وابـوو ئەوەی دەگـاتە مەرحەلەی خوێنـدنی بـاڵا ماسـتەر یـان دکتـۆرا، حەتمەن پێویستە بکالوریۆس لەم ئختیساسە تەواو بکات، ئینجا دەگاتە ماسـتەرو دکتـۆرا پێمـان وایە کە ئەمە بـۆ ئەوانـیش دەگـرێتەو بەم شـێوەیە، بەڵام بـۆ جیـاوازی هەیە لە نێـوان دبلـۆم بکـالوریۆس ئیحتمـالە یەکێـك هەڵگـری بڕوانـامەی دپلـۆمە، بەڵام دبلـۆم جیـایە بە بـێ ئەوەی پێویست بێت بکالوریۆسیش بخوێنێت یان بگاتە بکالوریۆس بە رێگای دپلۆمەکە بێت لێك جیـان

هەردوو شەهادە بەس بۆ ماستەرو دکتۆرا، حەتمەن دەبێت بەکالۆریۆس تەواو کات ئینجا بگاتە ماستەرو دکتۆرا، لەبەرئەوە لێرە نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هلز خان ئیزافیەك هەبێت فەرموو.

**بەرێز هلز احمد محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینی هەبوو سەر سەندیکایێ یەکەم تشت ئەف سەندیکاییت هەی شەعیەتاخۆیا ژدەست دای ئەزابخۆ ئەندام بۆم ڤان سەندیکایادا تەقریبەن هەشت ساڵ بوورین سەر ڤان هەردوو سەندیکایاڤە کونگرێ خۆ نەگرێداینە یان تو ئەگەر بکەیە مەرج کۆ پەسەندێ بینتن ڤێ سەندیکایێ توهنگی پاڵپشتی کۆ ئەڤ سەندیکایێت هەی شەرعینە کۆنگرێت خۆ نەگێراینە مخالفی پەیرەوێ ناف خۆیێ سەندیکایێ خۆب خۆیەژی سەندیکایێ هەر چار ساڵا جارەکێ ئەف سەندیکایێت هەنێ خۆبگرێدەن، دوو بابەتێ ئەندام بوونێ ئەندام بوون ئختیاریە، جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمانی کو دوو کونگرێت دی ێت تێدا ئاغلەبی سەندیکاو یەکێتیا کرنە ئیختیاری یەخنی ئازادیەك دا وان کەسان کۆ ئختیارا خۆببیتە ئەندام یان نە دیف ڤی یاسای ببیتە مەرجێك کۆ ببیتە ئەندامێ ڤێ سەندیکایێ هەتا شێتن بخۆ پرۆژەیەکی ڤە بکەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوو بەڕێزان، یەك دەقە کاك شوان، دیارە جەنابی وەزیر تەوزیحێکی هەیە بێگەرد خان فەرموو.

**بەرێز بێگەرد دلشاد شكرالله/ وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سەندیکا لە راستیدا کاتی خۆی ئەم لە نێوان ئێمەو لیژنەی یاسایش باسکراوەو وەلە وەزارەتی خۆشمان دووبارە مناقەشەیەکی لەسەر بووە، دەکرێت ئێمە هەردوو حاڵەتەکە لەناو ئەم بڕگەیەدا جێ بکەینەوە، چ ئەوانەی کە ئەندامی سەندیکان و وە پاڵشتی سەندیکایان هەیە، چ ئەوانەی کەلە دەرەوەی سەندیکان، بەڵام خەڵکی ئەکادیمین دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگاکانن، لە یان خولی زانستیان بینیوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وایە بیرۆکەیەکی باشە ئەگەر جێی بکرێتەوە، ماددەی دوو فەرموو.

**بەرێز شوان کریم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

یەکەم: هەموو پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی سەرپەرشتیاری دەبێت بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندارو لاری نەبوونی سەندیکاو کۆمەڵە بەو مەرجانەی لە کەرتی گشتی دانەمەزرابێت.

دووەم: سەرپەرشتیاری لیژنەی کشتوکاڵی بەم شێوەیە دیاری دەکرێت:

١ - هەڵگرانی بڕوانامەی کشتوکاڵی سەرپەرشتی بواری هونەری پڕۆژەکانی کشتوکاڵی.

٢ - هەڵگری بڕوانامەی ڤێتەرنەری سەرپەرشتی بەشی ڤێتەرنەری پڕۆژەی کشتوکاڵیدا کاردەکات.

٣ - هەڵگری بڕوانامەی کشتوکاڵی بەشی پیشەسازی و خۆراك و سامانی ئاژەڵ سەرپەرشتی کارگەکانی خۆراك دەکات.
٤ - پێویستە سەرپەرشتیار بەشداری خولی بکات کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار ڕێك دەخات.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی (٢) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات با دەست بەرزکاتەوە تا ناوەکانتان بنوسین، دواتر ناوی تر ئیزافە ناکەم، بەڵێ بەڕێزان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ماددەی دوو ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمارکردووە (سەرچنار احمد محمود، اسماعیل علی طە، مژدە محمود محمد، بدریە اسماعیل محمود، عمر عبداللە فتاح، هلز احمد محمد، فیصل عباس عولا، کاروان عبدالرحمن عبداللە، لقمان حمد حاجی، بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم، شادی نوزاد وهاب، شیرین یونس عبداللە، سلمە فاتح توفیق، شاخوان رؤوف مصطفی میران، ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە، گلیزار رسید حاجی، ظاهر محمد علی، ادریس اسماعیل عبوش، گەلاوێژ عبید عثمان، ژیان طاهر احمد، سوسن محمد میرخان، بهجت علی ابراهیم، نجاة شعبان عبداللە، کەسی ترهەیە کاك فیصل فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان، لە ماددەی دوو من دوو تێبینیم هەیە لە یەکەم و سێ یەم، یەکەم دەڵێت هەموو پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی سەرپەرشتیاری دەبێت بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی و لاری نەبوونی سەندیکاو کۆمەڵە بەو مەرجەی لە کەرتی گشتی دانەمەزرابێت، من بۆ ئەوە ئەوەم هەیە هەموو پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی و کۆمپانیایەکی هاوردەکاری پەین وتۆ و کەرەستەی کشتوکاڵی سەرپەرشیاری دەبێت بەرەزامەندی بەڕێوەبەری پەیوەندی لاری نەبوونی سەندیکا وکۆمەڵە بەو مەرجەی لە کەرتی گشتی دانەمەزرابێت، کۆمپانیایەکەو هاوردەکردنی پەینی دەرچوویيەکی کشتوکاڵی تێدابیت، بۆئەوەی فەلاحەکان ڕاسپاردەکان بگەینە پرسە پێبکەن بۆیان شی بکاتەوە، لەوەی سێ یەم پێویستە سەرپەرشتیار بەشداری خولی شیاندن بکات کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار ڕێك دەخرێت من بۆ چاك کردنی پێویستە سەرپەرشتیار بەشداری خولی شیاندن بکات کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار، یان هەر ڕێکخراوێکی جیهانی و ناوخۆی بواری کشتوکاڵ ڕێك دەخرێت، مەرج نییە بەس بەڕێوەبەرایەتی و یەعنی کشتوکاڵ ئەم خولە بکاتەوە ڕێکخراوێکی جیهانی و ناوخۆیش بتوانێت ئەو خولە بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شێخ ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو هەموو پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی سەپەرشتیاری دەبێت بەرەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار وە لاری نەبوونی سەندیکا و کۆمەڵە، بەو مەرجانەی لە کاتی

گشتی دادەنێرت، لێرە پرۆژەیەكی كشتوكاڵ لە ناونیشانەكان پرۆژەكان هاتووە وە پێم باشە تەوحید بكرێت بكرێتە پرۆژەكانی كشتوكاڵ یان هەموو پرۆژەكانی كشتوكاڵی، لەبەر ئەوەی لە دووسێ جێی دی ئەوە دووبارە بوویتەوە وە ئەوەشی بۆی زیاد بكرێت هەموو پرۆژەیەكی كشتوكاڵ سەرپەرشتیاری دەبێت بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدارو وە لاری نەبوونی سەندیكاو كۆمەڵە بەو مەرجەی لە كەرتی گشتی دانەمەزرابێت بە هەمیشەیی یان بەكاتی، زۆر سوپاس پشتگیری كاك فیصل دەكەم.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەرێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەسپێكی خێرهاتنا مێڤانێت بەرێز كەین، ببورن جارا عەولی من ئیشارەت هندێ نەدا هەكە بەرێ خۆبدەینە ماددێ دوو، یەكەم لاری بوون سەندیكا و كۆمەڵە تگە بێتە لێدان بەرچ بە دوو هۆكارا یاعەولی ئەكە بەرێ خوبدەینێ دیف راپۆرتا لێژنا تایبەتمەند بێژیتن تڤیا لێژنەبن لەوا دەڤێت ڤێ یاسایێ لێژنەبن دگەڵ دەڤێت دەستوری وەهەوەسا ئەگەر بەرێ خۆبدەینە دەستورێ هەمیشەیی عێراقێ ماددێ (٣٩) دووهەم بێژیتن چێنابیتن كەسێ ئیجبارکەی ئەندام بیتن سەندیكایێ یان جەمعیاتادا لی بەهەندێ ئەڤە بێتە لادان یان نەمینیتن یاسایێ دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە عیلاج كرا بەڵێ، فەرموو كاك عمر.

**بەرێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە برگەی یەكەم دوو سێ تێبینیم هەیە، ئەویش ئەوەیە لە روانگەی گفتوگۆكانی پێشوومان ئەو بابەتەی لاری نەبوونی سەندیكا ئەو كۆمەڵەیە دەربێنین، چونكە بەراستی دەبێتە زیاد كاتێ بە مەرج نەما كە ئەو كەسەی ئەندامی سەندیكاو كۆمەڵە بێت، پێویست ناكات خاڵێكی تر ئەوەیە ئەم ووشە رەزامەندییە بگۆرین بە ئاگاداری، چونكە خۆ فەقیرەی دانامەزرێت لە حەوت تاكو بەرێوەبەرایەتی رازی بێت بەوەی بۆ ئەو كەسەی كار بكات كە ئاگادارم بەپێی موسفەتەكانی كەلەم یاسایە هەیە، خاڵێكی تر ئەوەیە هەموو پرۆژەیەكی كشتوكاڵی لایەنی كەم یەك سەرپەرشتیاری هەبێت، چونكە پرۆژەكانی كشتوكاڵی لێرە فەرق پێنەكراوە جیاوازی نەكراون ئەم دوو لێژنە بەرێزە، ئەم بابەتە پێشنیار دەكەم دارێژنەوە پرۆژەی كشتوكاڵی هەیە بای دە ملیۆن دینارە، هەشە بای مەسەلەن بای (١٠٠) ملیۆن دینارە، هەیە پێنچ خانی پلاستیكی هەیە و هەیەش سەد خانی پلاستیكییە، هەردووكیان وەكو یەك سەرپەرشتیاری هونەری یان هەبێت، بەراستی ئەمە نابێتە هۆی رەخساندنی كار وەكو پێویست، تەنها ئەو خاوەن پرۆژەكە ئیلتیزامەكەی خۆی لە كۆڵ دەكاتەوە، بۆیە من پێشنیار دەكەم هەردوو لێژنەی بەرێز ئەم بابەتە جێبكەنەوە كە پرۆژەكانی بە شێوەیەكی گشتی بە پێی قەبارەیان، ئیتر ئایا ئەمەم لە رێنمایی جێدەكرێتەوە یاخود لێرە جێ دەكرێتەوە، بەڵام مەبدەئیەن خاڵی یەكەم ئەوای لێبكرێت، برگەی یەكەم هەموو پرۆژەیەكی كشتوكاڵی لایەنی كەم دوای ئیزافەی ئەوە دەكەی بەپێی قەبارە،

خاڵێکی ترئەوەیە لە بڕگەی سێیەمە پێویستە سەرپەرشتیار خولی شیاندن ببینێ با مەرجەکەی زیادکەن، ئەویش بەڕێوەبەرتییەکان ساڵانە دووجار ئەو خولە شیانە بکەنەوە کە لەسەر بنەمای داواکارانی سەرپەرشتییەکان بە مەرجێك لە پێنچ کەس کەمتر نەبن، چونکە هەندێ یاسامان دەرکردووە کە ماددەیەکی وا بەستەی ماددەیەکی ترە کە لایەنێك تەرەفێك جێبەجێ ناکات، تەرەفەکەی تریش مافەکەی پێشێل دەکرێت، بۆیە ئێستا ئەگەر بەڕێوەبەراتییەکان پابەندنەبن بەم خولانەوە ئۆتۆماتیکی، واتە ئەو کەسانە مافیان نابێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیرو وەفدی یاوەری دەکەم، ماددەی دوو، یەکەم هەمووی پێویستە وای لێبکرێت هەموو پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی بە پێی لەبەر چاو گرتنی برو جۆری پڕۆژەکە سەرپەرشتیاری بۆ دیاری بکرێت بە پێی رێنماییەکە کەوەزارەت دەری دەکات و، مامۆستا عمر شیکردنەوەی تەواوی دا وە خاڵێك بۆ ماددەی دوو زیاد بکرێت بەم شێوەیە، سەپەرشتیارو چاودێرە بۆ چۆنیەتی و بۆ جێبەجێ بوونی یاساو رێنماییەکان بەپێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت لە زیادکردن، دەڵێت لە ماددەی دوو خاڵێك زیاد بکرێت بەم شێوەیە سەرپەرشتیار چاودێرە بۆ چۆنییەتی جێبەجێ بوونی یاساو رێنماییەکان و بە پێچەوانەوە بەرپرسیارییەتی بگرێتە ئەستوی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ادریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو یەکەم هەموو پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی سەرپەرشیاری دەبێت بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار، لێرە پرسیارم ئەوەیە لە لێژنەی پەیوەندیدار یان جەنابی وەزیر ئەوەیە کە ئەگەر بێتو خاوەنی پڕۆژە کەسێك بناسێتن سەرپەرشتیار بێت و هەموو مەرجەکانی سەرپەرشتیاری تێدابیت دەتوانێت بە بەڕێوەبەرایەتی بڵێتن من ئەوە کەسەم دەوێت، ئەوە پێویستە بۆمن لەبەر ئەوەی خاوەنی پڕۆژەو کۆمپانیاکان مولزەم کراون کە مووچەی سەرپەرشتیار دابین بکەن کە ئەو مووچەی سەپەرشتیار دابین بکەن کە کەسێك خۆی دەبێت بە دڵی بێتن نەك بە دڵی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بێتن، لێرە یان باشتر ئەوەیە کە سیڤی چەند کەسێك بۆی بنێریت بۆ خۆی کەسێك بۆخۆی ئەختیار بکات، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا کێشە دروست نەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دوو تێبیـنم هەیە، تێبینـی یەکەم لەسـەر بـڕگەی یەکەم کە دەڵێـت هەمـوو پڕۆژەیەکـی کشـتوکاڵی سەرپەرشـتیاری دەبێـت، بەڵام ڕەزامەنـدی بەڕێـوەبەرایەتی پەیوەندیـدارو لاری نەبوونی سەندیکاو کۆمەڵە بەو مەرجەی لەکەرتی گشتی دانەمەزرابێت بەو شێوەیە لێبکرێت، هەموو پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی سەرپەرشتیاری، بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدارو لاری نەبوونی سەندیکاو کۆمەڵە دەبێت پاشان بەو مەرجەی لە کەرتی گشتی دانەمەزرابێت، سـەبارەت بە بـڕگەی دووەم خاڵەکـانی یە کەم و دووەم و سـێ یەم نووسـراوە هەلگڕانـی لە راستیدا ئەوە (ڕ) قەڵەو دانراوە ئەو (ڕ) دەبێت بکرێتە (ر)هەڵگرانی وە لە هەرسێ خاڵەکەدا خالێك نووسراوە هەڵگڕانی لە خاڵی دووەمی نووسراوە هەڵگری هی سێ یەم نووسراوە هەڵگری هەرسێك وەك و یەك لێی بکرێت بکرێتە هەڵگرانی باشتردەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٢) لە بـڕگەی یەك سـەرنجم هەیە هەمـوو پڕۆژەیەکـی کشـتوکاڵی سەرپەرشتیاری دەبێت بە زۆر بەشێوەیەکی ڕەهای هاتووە، پـڕۆژەی کشتوکاڵی هەیە هاووڵاتی ڕەنگە دوو خانی پلاستیکی دانابێتن خۆشی شارەزای هەبێت، بۆیە ئەمە ئەگەر بە ڕەهـای نەبێت و بە ڕێنمایی چارەسەر بکرێت گرنگ ئەوەیە چارەسەر بکرێت، ئەمە ناکرێت هەمـوو پـڕۆژەی بچوك هەیە ڕەنگە پێویستی بە سەرپەرشتیار نەبێت، خاڵی سێ یەم پشتیوانی لەو بۆچوونە دەکەم کە کاك فیصل دەری بڕی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) خاڵی یەکەم تێبینی ئەوەم هەیە سەندیکاو کۆمەڵەکان لابرێت، لەبەر ئەوەی زۆر جـار سـەندیکاکان پشتیوانی ئەندامەکانیان نـاکەن لە هەنـدێك حـاڵەتی زەرووردا، لە مـاددەی دووەم خاڵی دووەم بڕگەی سێیەمی سامانی ماسی زیاد بکرێت وە پشتیوانی قسەکانی کاك عمریش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سلما خان.

**بەڕێز سلما فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە داوای لێبووردنەوە مـن ڕایەکـی زۆر جیـاوازترم هەیە وە کـۆی گشتی هاوڕێیـان سـەبارەت بە سـەندیکا و کۆمەڵەکـان، ئەم سـەندیکاو کـۆمەڵانە هۆکـارێکن، یـاخود ڕێکخـراوێکن بـۆ ئەوەوی

بتوانن ببن بە پردێكی پەیوەندی لە نێوان ئەوە لایەنەی کە ئەمان سەرپەرشتی دەکەن، هەروەها بۆحکـومەتیش وە سـەندیکای پزیشـکانی دەرمانسـازی بە بـێ پشـتگیری سـەندیکا کە نـاتوانن صیدلیەو دەرمانخانە دابنێن وە سەندیکای پارێزەران، ئەگەر کەسێك هەویەی پارێزەرانی نەبێـت ناتوانێت کاری پارێزەرایەتی بکات، لەبەر ئەوە کۆمەلەکان هۆکارێکی گـرنگن بـۆ پاڵپشـتی کردنـی ئەوە کەسانەی کە تایبەتمەنـدن لەو بـوارەدا وەهـیچ کۆرسـیەك و هـیچ شـتێکی تێـدانیە کەسـێك نیـیە ببێـت بە ئەنـدامی سـەندیکا ئەگەر خزمەتـی نەکـات زەرەری لێنـادات، بـۆیە هیـوادارم بە مەنتیقە ئەم بابەتە جێبەجێ بکرێت وەلانەدرێـت لەنـاو پـڕۆژەکەدا هەرلە مـاددەی دوو لە بـڕگەی سێ یەم، یاخود لە بـڕگەی دووەم یـاخود خـاڵیکی تـر ئیـزافە بکرێـت، سەرپەرشـتیاری پڕۆژەکـان بۆیان هەیە لە یەك کاتدا سەپەرشتی تەنهـا یەك پـڕۆژە بـکەن، بـۆ ئەوەی بتـوانن دەرفەتـی زیـاتر بدرێت بە کەسانی تر کە کاربکەن نە کەسێك زیاتر لە پڕۆژە دوو پڕۆژە کاربکات، چونکە ئامـانجی وەزارەتی کشتوکاڵ دۆزینـەوەی هەلـی کـارە بە سوپاسـەوە بۆیـان کە پڕۆژەیەکـی زۆر زۆر باشـە ئەگەر بتـوانن جێگـای بـکەنەوە، هەرکەسـێك سەرپەرشـتی یەك پـڕۆژە بکـات تـاوەکو دەرفەتـی کارەکە زیاتربێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان::**

سوپاس، فەرموو کاك بهجت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددی دوو یەکەم هەموو پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی سەرپەرشتیاری دەبێـت بەرەزامەنـدی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار وە لاری نەبوونی سەندیکاو کۆمەڵ، بەو مەرجەی لە کەرتی گشـتی دا دامەزرابێـتن حەقەت پشـتڤانیا رەئیـا سـلمەخانی ئەز دکەم لڤێـرە یەعنـی سەرپەرشـتیار بـۆی نەبێتن، یەعنی دە پرۆژا بەشداربیتن بۆ هندێ کۆ بگونجیتن ئەهدافێت دومـاهیکێ کـۆل هـاتینە دەسـت نیشـانکردن پەیـداکرنا هەلـێ کـاری لەومـا داخـازدکەین کـۆ سەپەرشـتیار بـۆی هەیە لە پڕۆژەیەك زیاتر سەرپەشتی ناکات بوو هندێ کو هەمی دەرچوویێت کولێژا لێ هەمی قسما بشـێن بەشداربن بۆ خۆ دەلیڤێن کـاری پەیـداکەن، سـەبارەت دووەم خـالا سـێ یـێ هەڵگری بڕوانـامەی کشتوکاڵی بەشی پیشەسـازی خـۆراك و سـامانی ئـاژەڵی سەپەرشـتی کارگەکـانی خـۆراك دەکـاتن رەعیـان مـن ڤێـرە هەڵگـری بڕوانـامەی کشـتوکاڵی بەشـی پیشەسـازی و خـۆراك و سەپەرشـتی کارگەکـانی خـۆراك دەکـات یەعنـی پێویسـت ناکـات سـامانی ئـاژەڵی جارەکـادی تـۆ بینـی و ئیمتیازەکـادی بـدەیێ هەر هەڵگری بڕوانـامەی کشـتوکاڵی بەشـی پیشەسـازی بەشـی خـۆراك و سەرپەرشتی کارگەکان دەکات بەسە یەعنی پێتی ڤی ناکەتن تۆ سامانی ئاژەڵی جارەکـادی بینـیە ڤێرێدا سەبارەت برگـا سـێەم پێویسـتە سەرپەشـتیار بەشـداری خـۆڵی شـاندن بکـات کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار رێك دەخرێتن ڤێرەدا تڤیا بیتن سەپەرشـتیار بەشـداربیتن، یەعنـی چ لدیف ڤی مەفهومی پێویستە شێتن بەشدار ژی نەبیـتن ئەز پێشـنیارێ دکەم پێویسـتە رابـیـت ببیتە دەبێ، دەبێ سەرپەرشتیار بەشداری خۆڵی شیاندن بکات کە بە هەمانگی لەگەڵ سـەندیکاو کۆمەڵەکانی بەڕێوەبەراتی پەیوەندیدار رێك دەخرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گلیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو وە خاڵی سێیەم پێویستە سەرپەرشتیار بەشداری خولی شیاندن بكات، باشە لێرەدا ئێمە لە ماددەی یەك خالی پێنجەم سەپەرشتیار پێناسەمان كردووە ووتومانە بڕوانامەی بكالوریۆسی هەبێت یان دبلۆم هەبێت یان لێرەدا، یەعنی دەبێت پێش وەختە ئەم خولانەی بینی بێت هەتا ببێت بە سەرپەرشتیار، یەعنی بۆ لێرە كردوومانە مەرج دەبێت پێش وەختە ئەم خولانەی بینی بێت هەتا بیكەینە سەرپەرشتیار، بۆیە لێرە كردوومانە بەمەرج روونكردنەوەیەكم دەوێت لە لێژنەی تایبەتمەند و جەنابی وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەكەم ئەو هەمووە بكرێت بە هەر، هەر پڕۆژەیەكی كشتوكاڵی سەرپەرشتیاری دەبێت بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار ئەو دوو لابرێت، لاری نەبوونی سەندیكاو كۆمەڵە لابرێت یەكسەر بچێتە سەر، بەو مەرجەی لە كەرتی گشتی دانەمەزرابێت یان ئەتوانی هەر ئاوای لێبكەی یان پڕۆژەیەكی كشتوكاڵی سەرپەرشتیاری بۆی دادەنرێت بە رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار بەو مەرجەی لە كەرتی گشتی دانەمەزرابێت، بڕگەی دووەم ئە سێ خاڵە هەمووم كورت كردۆتەوە لۆ دوو دێرە یەكەم و دووەم و سێ یەم هەر لابرێن هەروا ئاوا دارشتنی بۆ بكرێتەوە، هەڵگرانی بڕوانامەی بواری كشتوكاڵی و ڤێتەرنەری سەرپەرشتی بوارەكانی پڕۆژەی كشتوكاڵی دەكەن بە پێی تایبەتمەندی، ئیتر پێویست ناكات ووردەكاری بكەیت ئەمانەی تایبەتمەندیانەی هەبووە بەپێی تایبەتمەندی، لەبەر ئەوەی دەقی یاسا تاكۆرت بێت باشترە خالێكی ئیزافە بكرێت، یەعنی بڕگەیەك ئیزافە بكرێت بۆ ئەوەی كە پڕۆژەی واهەیە گەورەیە پڕۆژەی واهەیە بچووكە ئایا سەرپەرشتیاری یان زیاتری بۆ دابنرێت ئەم بڕگەیە ئیزافەبكرێت ژمارەی سەرپەرشتیاران بۆ هەر پڕۆژەیەكی كشتوكاڵی بەپێی قەبارەو گرنگی و بوارەكانی پڕۆژەكە دیاری دەكرێت و بەرێنمایەك رێك دەخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك كاروان.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو من لەسەر زۆربەی بڕگەكان من تێبینم هەیە بە تایبەتی خاڵی یەكەم وەكو پێشتریش باسم كرد، بۆ ئەو هەمووە دەبێت قەبارەو سامان دیاری بكرێت، پێم وایە ئەو تەرحیەی سەرچنار خان كردی ئەگەر بخرێتە شوێنی بڕگەی یەكی ئەو ماددەیە حەلی زۆر كێشەمان بۆ دەكات، پڕۆژەمان هەیە رەنگە پێویستی بە سەرپەرشتیار نەبێت رەنگە، چونكە زۆر

بچووکە هەر چەند جەنابی وەزیر فەرمووی کە بەرێنمایی ئێمە چارەسەر دەکەین، لە ماددەی (٨) دەسەڵات دراوە بە وەزیر کە بتوانێت چارەسەی بکات، بەڵام ئەگەر بە یاسا چارەسەر بکرێت ئاسانترە وە دووەمیشیان زۆر پڕۆژەمان هەیە پێویستی بە زیاتر لە سەرپەرشتیار دەکرێت، بۆیە ئەو بابەتە پێویستە حەل بکرێت وە لە بڕگەی دووەم خاڵی سێ یەم باس لەو دەکات هەڵگری بڕوانامەی کشتوکاڵی بەشی پیشەسازی خۆراك و سامانی ئاژەڵ سەپەرشتی کارگەکانی خۆراك دەکات بەرێزان ئێمە یاسا بۆ ساڵەك و دووساڵ دەرناکەین وە یاسا ناکرێت زیاتری تێدابێت، حەقل ئەمنیەت کاردەکەین ئەم یاسەیە بۆ ساڵی داهاتوو کوردستان رەنگە کارگەی خۆراکی زۆر گەورەی دروست بکرێت، ئایا لە تاقەیەکی دەرچوویکی پەیمانگادا هەیە کە بڕوات سەرپەرشتیاری کارگەیەکی هاوشێوە بکات، بۆیە دووبارە دەزانم نییەتی جەنابتان وازحە، بەڵام لە قانوونەکەدا جێگا نەکراوەتەوە پێویستە ئەمە لە قانووندا چارەسەر بکرێت، بەرێز جەنابی وەزیر من پێشنیاز دەکەم لە قانوونەکە چارەسەر بکەن نەك بە رێنمایی، رەنگە نییەتی جەنابت شتێك بێت وەزیرێك لە دوای جەنابت دێت نییەتی شتێکی تربێت، بۆیە ئەگەر قانوونەکە تەسبیت بکرێت و چارەسەری کێشەکان لە کوڵ دەبێتەوە، سێ یەمینشیان ئەوەی کە پێویستە سەرپەرشتیار بەشداری خولی شیاندن بکات، ئەو پێویستی بە رێنماییە پێویستی بە ئەوە ناکات لە قانووندا ئاماژە پێی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیشەسازی و خۆراك و سامانی ئاژەڵ دووبەشی جیاوازن و بە جیا لە بەشەکانی کشتوکاڵ دەخوێندرێن، هەروەها لە کۆلێژی کشتوکاڵی لە دهوك تەنیا سامانی ئاژەڵ هەیە نەك پیشەسازی خۆراك ئەو شێوەی لێرە دارێژراوە، دووەم بڕگەی سێ یەم وەکو ئەوە وایە کە هەردوو بەشەکە یەك بەش بن، بۆیە پێشنیار دەکەم دووەم بڕگەی سێ بکرێت بەم شێوەیە لێ بکرێت هەڵگری بڕوانامەی کشتوکاڵی بەشی پیشەسازی خۆراك یان بەشی سامانی ئاژەڵ سەرپەرشتی کارگەکانی خۆراك دەکات، هەروەها بۆ ووشەی هەڵگری پشتگیری پێشنیاری سوسن خان دەکەم، چونکە هەڵگر نییە هەڵگرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەڵەیەکی چاکە، هەڵگرە هەڵگر نییە تەواو. فەرمووو کاك رێبوار.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ئەوەی کە تەفسیری قانوونی بوو لەسەر نییەتی مشارعە نەکرێت، پرسیارێکم هەیە بۆ بەرێز وەزیری کشتوکاڵ دوای وەڵامەکەی من قسەی خۆم دەکەم، لە مادده دوو خاڵی یەکەم باس لەوە دەکات کە بۆ ئەوەی کە کەسێك ببێت بەسەرپەرشتیار رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیدار لە پێناسەکەش هاتووە بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بەرێوەبەرایەتی گشتی و ڤێتەرنەریە لە هەموو شارەکان، ئایا لەسەر چ بنەمایەك ئەو رەزامەندیە وەردەگیرێت، خۆ لە

کۆتایی دێرەکە هاتووە کە یەکێك لە مەرجەکان ئەوەیە نابێت سەرپەرشتیار کارمەند بێت لە کەرتی گشتی، باشە خۆ ئەگەر کارمەند نەبێت لە کەرتی گشتی چ پێویست بەوە دەکات تۆ رەزامەندی کەرتی گشتی بۆی بێنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە، ئایا مەبەست لێرە ئەوەیە ئەو رەزامەندییە بۆ ئەوەیە کە بسەلمێنێت کە ئەو کەسە کارمەند نییە لە کەرتی گشتی، ئەگەر ئەوەیە حەقە بمێنێنەوە، بەڵام دەبێت سیاغە بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە روون بێت ئەگەر مەبەست لێی ئەوە نییە بەراستی من بە زیادی دەبێنم کە ئەو رەزامەندیە وەربگیرێت، خالی دووەم بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوەی کە ئیستیغلالی ئەو سەرپەرشتیارە ئەو کەسە نەکرێت کە دەبێتە سەرپەرشتیار لەلایەن خاوەن پرۆژەکان و وەبەرهێنەرکانەوە، بۆ ئەوەی زۆر زۆر گرنگە منیش لەگەڵ ئەو رایەم کە پێویستە پرۆژەکان دیاری بکرێت وە لەهەر سەرپەرشتیارێك بۆی هەیە یەك پرۆژە تەرخان بکرێت، ناکرێت بۆ هەموو پرۆژەکان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەرێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لەسەر برگەی یەکەمە، دیارە دوو تەرحکرا لەسەر ماددەی یەك لەسەر مەسەلەی پەیوەندی سەندیکا و بەسەپەرشتیارانی ئەم پرۆژە کشتوکاڵییانەوە، پشتیوانی هەردوو تەرحەکە ئەتوانی بکرێت بە بۆ ئەوەی بەم شێوازە دابرێژرێتەوە، هەموو پرۆژەیەکی کشتوکاڵی سەپەرشتیاری دەبێت بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدارو لە جیاتی ووشەی لاری نەبوون بەئاگاداری سەندیکا و کۆمەڵە کە ئاگادار بۆ ئەندام بێت یان ئەندام نەبێت، حەقی ئەوەی هەیە کە ببێت بە سەرپەشتیاری کۆمەڵە، یان سەرپەشتیاری پرۆژەکە، بەڵام سەندیکاکە هەر وەکو کە باسکرا کە هەیانە تەنها ئاگادار دەبن لێی، پێشنیازەکەی من بە دەقیقی ئەوەیە ووشەی لاری نەبوونەکە بکرێت بە ئاگاداری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شادی خان.

**بەرێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو لە خاڵی یەکەم، لەبەر ئەوەی کە زۆری پرۆژەکان زۆر جیاوازن وە هەندێك جار پرۆژەکان پێویستیان بەوەیە کە زیاد لە سەرپەرشتیارێکیان هەبێت، خالێکی تریش ئێمە بەشێك لەو پرۆژانەی کە هەمانە پرۆژەی بچووکن وە ئەگەر بێت بۆ هەر هەموویان ئێمە بکەینە فەرز بەسەریانەوە کە تێچووی دابینکردنی مانگانەو معاشی سەرپەرشتیارێك لە ئەستۆ بگرن، رەنگە ئەم پرۆژانەی تر توانای رکابەری پرۆژە گەورەکانیان پێی نەکرێت، بۆیە دەبێت ئەم دەسەڵاتە بدەینەوە بە وەزارەت و جەنابی وەزیر کە بە رێنمایی ئەم برو رێژەیە دیاری بکات کە رەنگە بە چوار پرۆژەی بچووك پێویستی بە سەرپەرشتیارێك بێت، بەڵام رەنگە لە هەمان کاتدا پرۆژەی گەورەمان هەبێت پێویستی بە پێنچ سەرپەرستیاری جیاواز جیاواز هەبێت، ئەمە بۆ خاڵی

یەکەم پشتگیری ئەو داڕشتنە دەکەم کە شیرین خان باسی کرد وە هەروەها پشتگیری قسەکانی کاك عمرو کاك کاروان دەکەم لەسەر ئەو خاڵە،هەر ماددەی دوو خاڵی دووەمی من تێبینیەکم لەسەر ئەم دارشتنەوە هەیە، ئێمە لێرەوە تەهدیدمان کرد کە چەند سەرپەرشتیارێك بۆ چ پڕۆژەیەك بێت، بەڵام ئێمە لێرە رەنگە پڕۆژەمان هەبێت تێکەڵ بێت، مەسەلەن ئێمە زۆری نەمان شەرکەی مەراعی ئەزانین و لەوانەیە بەروبووم وبەرهەماکانیشمان بەکاری هێناوە لە شەریکەی مەراعی (١٠) جۆر جیاواز لە سەرپەرشتیار بوونیان هەیە، زیاتر لە (١٠) جۆریش و خەبیری جیاواز جیاواز لە مەجالە جیاوازەکانە، مەسەلەن ئەگەر ئێمە پڕۆژەیەکمان هەبێت هەم ئاژەڵداری بکەن، هەم بەروبۆمی ماستی هەبێت بەروبومی خۆراکی هەبێت رەنگە پێویستیمان بە سەرپەرشتیاری خۆراکی بێت بۆ دابینکردنی ئالیکی ئاژەڵەکان وەهەروەها سەرپەرشتیاری خۆراکی بۆ ئەو بەشەی کە بەرهەم هێنی خۆراکە وە سەرپەرشتیارێکی ئاژەڵی ڤێتەرنەری بۆ ئاژەڵەکانی شوێن و بۆ ئەوانەی رەنگە پێویستمان بە جۆری جیاوازیش سەپەرشتیارەکان بێت، بۆیە پێویستە خاڵی دوو داڕشتنەوەی بۆ بکرێت ئەو خاڵە بە شێوەیەك دارێژرێت کە بە پێی جۆرەکان و وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا من قەد لەگەڵ ئەوەنیم کە دەسەڵات نەدرێتە وەزارەت بۆ دەرکردنی رێنمایی، من باوەرمان بەئەوە هەبێت کە وەزیرەکانمان کە دێن سەر ئەم کابینەیە نوێ یە دێت پێش خۆی بەتەواوی رەفز ناکەتەوە هەندێك گۆڕانکاری رەنگە رووبدات ئەوەش گۆرانکاری تەتەورو بە بەخت و گۆرانکاری لە مەجالەکەی خۆیە ناکرێت دەسەڵات لە وەزیر وەرگرینەوە خۆمان بە یاسا دابنێین، لێرەیە رەنگە وەزیر ئەو ووردەکاریە زۆر باشتر لە یاساکە بتوانێت ئاماژەبە رێنماییەکان بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان تەنها بۆ ئاگاداریتان ئێمە ئەمڕۆ دانیشتن بەردەوام دەبێت هەتا ئەم خوێندنەوەی دووەم کۆتایی پێی دێنین، لە دەست کارکێشانەوەی کاك سیروان بۆ ئەویش پێویستمان بە نیساب دەبێت و ئەو کاتەی بۆ دەنگدانە ئاگاداری فراکسیۆنەکانتان بکەن بە بڕگە (٤، ٥، ٦) دەخەینە سبەینێ ساعەت (١١) تەنها بۆ ئاگاداریتان، فەرموو بدریە خان.

**بەرێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای روونکردنەوە لە لێژنەی تایبەتمەند دەکەم سەبارەت بە ماددەی دوو، پێویست نیيە لە بەینی ماددەی دوو لە چوارچێوەی پیادەکردنی یاسا چوونە وەهەروەها ئەسەری رەجعی یاساکە و من پێشنیار دەکەم ماددەی (٧) لەگەڵ ماددەی (٢)دا جێ گۆرکێ پێی بکرێت، ماددەی (٧) بێتە جێگای ماددەی (٢) بچێتە جێگای ماددەی (٧)وە پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا عمر دەکەم لە بڕگەی یەکەم و سێیەم وە پشتگیری لە قسەکانی کاك کاروان و شادیە خان دەکەم لەسەر چەندییەتی سەرپەرشتیارانی پرۆژەی گەورە زۆر گەورە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە سەرۆكی حكومەت دەكەم، هەواڵێكی خۆشمان پێگەیشت كە بڕی حەوت ملیارو دووسەدو پەنجا ملیون دۆلار بۆ پاڵپشتی قوتابیان و خوێندكاران چارەسەركردنی گرفتی بەشە ناوخۆییەكان و دابینكردنی خزمەتگوزارییەكان خەرجكرا، ئەوە جێگای خۆشحاڵییە بە نسبەت ماددەی دوو خاڵی یەكەم من پێم باشە خاڵی یەكەم بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە هەموو پڕۆژەیەكی كشتوكاڵی سەرپەرشتیارێك یان دووانی هەبێت بەپێی حەجمی پڕۆژەكەو تایبەتمەندی پڕۆژەكە، ئەوە زۆر باشتر دەبێتن ئەگەر ئەوای لێبكرێتن، خاڵی دووەم سەرپەرشتیاری پڕۆژەی كشتوكاڵی بەم شێوەیە دیاری دەكرێت، یەكەم هەڵگرانی بڕوانامەی كشتوكاڵی سەرپەرشتیاری بواری هونەری پڕۆژەكانی كشتوكاڵی دەكەن وە مەرجە سەرپەرشتیاری تەنها یەك پڕۆژە بكەن، چونكە ناتوانن قۆرخكاری بكرێت هەر دەرچوویەك زیاتر لە پڕۆژەیەك سەرپەرشتیاری بكاتن، ئەوە خاڵێكی زۆر گرنگە لێرە دیاربكرێت كە سەرپەرشتیاری كشتوكاڵی دەبێت سەرپەرشتی تەنها پڕۆژەیەك بكرێت، بەنسبەت خاڵی دووەم هەڵگری بڕوانامەی ڤێتەرنەری سەرپەرشتی بواری ڤێتەرنەری پڕۆژەی كشتوكاڵی دەكات، ئەوە تۆزێ رەكیكە هەڵگرانی بڕوانامەی ڤێتەرنەری سەرپەرشتی بواری پڕۆژەكانی ڤێتەرنەری دەكەن، ئەوها باشترە، پێم باشترە بە نسبەت خاڵی سێیەم هەڵگری بڕوانامەی كشتوكاڵی بەشی پیشەسازی خۆراك و ئاژەڵ، تەبعەن ئەوە دەبێت جیابكرێتەوە، چونكە دووبەشی جیاوازن ناكرێت دەرچووی بەشی ئاژەڵی بچێتن سەرپەرشتی پڕۆژەی گەنم و جۆ بكاتن، دەبێت هەركەسە بە پێی تایبەتمەندی پسپۆری خۆی سەرپەرشتی بكات و پاڵپشتی ژیان خان دەكەم بۆ ئەو پێشنیارەی كە كردی...

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

وەختەكەت تەوا فەرموو، بەڵام وەختەكەت تەواو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویستە خاڵی چوارەم زیاد بكرێت كە زۆر گرنگیشە، پێویستە سەرپەرشتیاری پڕۆژە پلانی ساڵانەی بەرهەم و سەپەرشتی كردنی ئەو پڕۆژەیە پێشكەش بە لایەنی پەیوەندیدار بكات، چونكە ئەوە زۆر زۆر گرنگە بۆ گشتوكاڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەكەم پێش ماددەی دوو ماددەیەك زیاد بكرێت ببێت بە ماددەی دوو، ماددەی دوو ببێت بە ماددەی سێ، بەم شێوەیە ماددەی دوو ئامانج لەم یاسایەدا رێكخستنی زیاتری پڕۆژەی كشتوكاڵییە لە كەرتی تایبەت و رەخساندنی هەلی كار بۆ خاوەنی بڕوانامەی كشتوكاڵی ڤێتەرنەری كە بلێین ئەو تێبینیانەی لەسەر ماددەكەشم هەیە لە بڕگەی یەكەم، هەموو

پرۆژەیەکـی کشـتوکاڵی بە پێـی پێویسـت سەرپەرشـتیاری بـۆ دادەمەزرێـت بە رەزامەنـدی بەڕێـوەبەرایەتی پەیوەنـدار و لاری نەبـوونی سـەندیکاو کـۆمەڵە و بەو مەرجەی پێشـتر چ بە شـێوەیەکی هەمیشـەیی یـان کـاتی لە کەرتـی گشـتی دا دانەمەزرابێـت وە لەبـڕگەی دووەمـیش خالێك زیاد بکرێـت بە چـوارەم بە سەپەرشـتیاری بـۆی هەیە لە کاتێکـدا تەنهـا سەرپەرشـتی یەك پرۆژەی کشتوکاڵی بکات، لە بڕگەی سێیەم ئەوە پێویستە، پشتگیری کاك بهجـت دەکەم پێویسـتە بکرێت بە مەرج بۆ ئەوەی کە سەرپەرشـتیکاران خـولی شـیاندن ببیـنن، بـۆیە پێشـنیاردەکەم بەم شـێوەیە لێبکرێـت، دەبێـت سەرپەرشـتیاری کشـتوکاڵی بێـت بەشـداری خـولی شـیاندن بکـات کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار رێـك دەخرێـت، هەروەهـا پشـتگیری خـاتوو سـلمە و وە ژیـان خان و کاك شێخ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

دەست پێکـێ ئەز پشـتگیریا خیشـکا سـەرچنارو کـاك عمـری دکەم، ئەڤ لاری نەبـوونی سـەندیکا نەمینیـتن وە دیسـا ئەز پشـتەڤانیا وێ بۆچـوونێ دکەم بێـتە دیـاری کـرن، بێـژن هەژمـارا سەرپەرشتیارا دێ بەرچاڤ هێتە وەرگرتن دیف قەبارەو رێژو مەسەحەتا قەبارا یـا پـرۆژەی بیـتە کرن، تێبینیا من یادی خالا سێیەم پێویستە نزانم ئەڤ پێویستیە هەر مەرجە مەرجێ تەعینـێ یە بەری یێـی دیە پشـتی تەعینـێ یە پشـتی گرێبەسـتێ یە یـان بەری گرێبەسـتێ یە، ئەگەر بەری گرێبەستێ بیتن ئەزبینم یا زێ دەیە ئەگەر پشتی گرێبەستێ بیت وەکۆ تەقـویەو پـێش ئێخسـتن سەرپەرشتیاری تشتەکێ باشە بێژن ویستە پشتی دامەزرێت پشکداریێ ڤـان خۆلێـت هێزکرنێـدا بکەتن، تێبینیامن یا سێ یێ ئەز نزانم هەڵگرانی بڕوانامەی کشتوکاڵی ناحیـا قـانوونی هەیە مەت کوردستانێدا بڕوانامەی کشتوکاڵ باشە ئەگەر ئێکی دەورەکێدا موشارەکا بسـپۆری وە بڕوانـامەك دایێ دەورەکا بیست رۆژێ و سی رۆژی، چل رۆژی ئەوە ژی بێتە بڕوانـامە، یەعنـی ئەگەر نەبێتە بڕوانامە ڤێت ئەڤە تەعریفێدا بێتە دیاری کرن بڕوانامە هەڵگرانی بڕوانامە ئەوێـت مەقسـود ڤـێ قانوونێدا هاتینە، یەعنی خەریجێ دەرچوویێ بەکالوریۆسێ یە یـێ ئامـادەیێ یە یـێ مەعـهەدێ یە ڤێـت بێـتە تەعریـف کـرن، ئەگەر نەهێـتە تەعریـف کـرن مەعنـاوێ ئەز نـابینم یادرسـت کـۆ بڕوانـامەی هەڵگـری بڕوانـامەی کشـتوکاڵی بێـتن، چـونکە ئەوە شـتێکی نیـنە کە قانوونێـدا ئـان بکالوریۆسە ئان اعدادیە ئان دبلۆمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاردەکەم لە ماددەی دوو، یەکەم دانانی سەرپەرشتیار لە سنووری پرۆژەکە بێت، یەعنـی روونتر بڵێم دانانی سەرپەرشتیار لە سنووری فەرمـانگەی کشـتوکاڵی خـۆی بێـت بـۆ دۆزیـنەوەی هەلـی کـار، واباشـترە نەك لە دەرەوەی سـنووری فەرمـانگەی کشـتوکاڵەکەی خـۆی بهێنـدرێت و

ئەوانە باشتر وایە بۆ کارئاسانی بۆ خاوەن پڕۆژەکانیش واباشترە وەبۆ دۆزینەوەی هەلی کاری وا باشترە کە لە سنووری فەرمانگەی کشتوکاڵی، خۆی ئەوانەی کە ئەبن بە سەرپەشتیار ئەوە باشە، پشتگیری پێشنیارەکانی خوشکی بەرێزم سەرچنار خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هلز خان.

**بەرێز هلز احمد محمد:**

**بەرێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددا دووێ من چەند پیشنیارێت هەی، یا ئێکێ پشتگیریا د.اسماعیل و سەرچنار خانێ و مامۆستا عمری دکەم لارێ نەبۆنا سەندیکایێ و کۆمەڵگایێ بێتە لادان، چونکی بەری نوکەژی من توزیعەك سەرهندێ دا خالا دووێژی یان بێژین برگا دووێژی پشتگیریا سەرچنار خانی دکەم هەرسی دەمج بن یان ئەگەر دەمج نەبیتن ڤی شیوازی بێتە دارشتن هەڵگران بڕوانامەی بواری کشتوکاڵی، چونکە مە بڕواناما کشتوکاڵی ڤێتەرنەری و ئەڤێت هەنێ مەنینن، یەعنی خالا پێنجێ ژیدا ماددا ئێکدا هاتی هەڵگرێت بڕوانامەیە، یەعنی بوارا کشتوکاڵیدا بیتن، پشتگیریا کاك بهجت و د. رێبوار دکەم کۆ هەر سەرپەرشتیارەك سەرپەرشتیارا یەك پڕۆژەی بیتە کرن، یەعنی نەیا ڤە کری بیتن کۆ هەما یەك سەرپەرشتیار بیتن دەهان پرۆژا رێڤە بەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان ئەو بەرێزانەی ویستیان گفتوگۆ بکەن کۆتایی پێهات، ئێستا دەرفەت دەدەینە بەرێز وەزیری کشتوکاڵ فەرموون.

**بەرێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەکان بەشێکی زۆری وەکو یەك بوو دەمەوێت بەشێکی لەسەر هەندێك قسە بکەم، سەبارەت بە لاری نەبوونی سەندیکاو کۆمەڵە لە ماددەی یەك خاڵی پێنجەم، ئەو بابەتەمان چارەسەر کرد، بۆیە لێرەش دەتوانین بڵێین یەعنی بەو شێوازە کە باسی لێوە کرا سەندیکاو کۆمەڵە لابرێت، حاڵەتێکی ئاساییە، چونکە لە خاڵی یەکەم ووتمان هەردوولا دەتوانێت ئەوەی کە رەزامەندی سەندیکاییەوە کۆمەڵەکان دەهێنیت یاخود لەدەرەوەی سەندیکاو کۆمەڵەکانە، یاخود لێرەش دەتوانێت بەهەمان شێوە یەك لای بکرێتەوە، بۆیە ئەم کێشەمان بۆ چارەسەر ببێت، سەبارەت بە تێبینی کاك فیصل لە راستیدا بەرێزان لە لێژنەی یاسایی ئەگەر یارمەتیمان بدەن ئەو خاڵەمان دیاری کردبوو لەناو پڕۆژە یاسایەکە، بەڵام پێدەچێت لە سیاغەدا ئەم خاڵە لابراوە، بابەتی خاوەنی پڕۆژەکان یان بلێین ئەوانەی کە خاوەنی کۆمپانیاکانن یاخود نوسینگەکانن یان شوێنی پێداوستی فرۆشتنی کشتوکاڵی و ماددە قرکەرەکانن، بەرێز سەرۆکی لێژنەی یاسایی ئەگەر روونکردنەوەیەکمان بداتێ، چونکە لە سیاغەی یاساکەدا پڕۆژە یاساکە تێدا نەماوە، ئەمەش هاوڕاین لە گەڵیدا، سەبارەت بەوەی ووتمان پڕۆژەکان و عەددەدی سەپەرشتیارەکان بۆ پڕۆژەکان، تەبعەن ئێمە وەکو وەزارەت ئەکید پالپشتی ئەوە دەکەین کە هەر سەپەرشتیارێك بۆی هەیە دەبێت لە یەك پڕۆژەدا دابمەزرێت، بەڵام نەوعیەتی پڕۆژەکان وە

ڕێـژەی سەرپەرشـتیاران دواتـر لە چوارچێـوەی تەعلیمـات ڕێـك دەخرێـت، ئـێمە بـۆیە ئەو تەفاسیلەمان نەهێناوەتە ئێرە، بۆ ئەوەی کە دواتر ئێمە بتوانین لە چوار چێوەی تەعلیماتـدا لەبەر ڕۆشنایی ئەم یاسایە جەرد دەکرێت، ڕێکی دەخەین بە دلنیایەوە، بەڵام پاڵپشـتی بەشـێکی زۆری ئەو پێشـنیارانە دەکەیـن کە بەرێزتـان ئاماژەتـان پێـداوە، لە مـاددەی (٧)دا لە یاسـاکەدا ئامـاژەی پێـداوە، حوکمەکـانی ئەم یاسـایە لەسـەر نووسـینگەو کۆمپانیـا کشـتوکاڵییەکان کە معـاملە و بازرگانی بە پێداویستی تەواو وکەلوپەلی کشتوکاڵی یەکەم جێبەجێ دەکرێت، یەعنی تەقـریبەن کە ئەوەی کـاك فیصـل گـوتی مـاددەی (٧) جـێگەی کـراوەتەوە، بەڵام بەنـاو نەهێنـان ببـورن مـن سەیری ماددەی (٧)م نەکرد پرسیارەکان زۆر بوون، بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان بـۆیە ببـورە ئەگەر، ئەگەر خۆی کەسێك خاوەنی پڕۆژە دەتوانێـت سەرپەرشـتیار بە دڵـی خـۆی هەڵبژێرێـت، بەڵـێ بە دڵنیاییەوە دەتوانێت هـیچ ڕێگریەك نیـیە سـەبارەت بەوەی کە سەرپەرشـتیارەکان لەو نـاوچەیە بـن، یـاخود لە سـنووری ئەو بەڕێـوەبەرایەتییە بـن کە پـڕۆژەکەی لێـیە، یـاخود یەعنـی سـنووری بەڕێـوەبەرایەتییەکە بـێ ئەمە تەحسـیل حاسـلە هەر دەبێـت وابێـت لە شـارێکەوە سەپەرشـتیار ناچێتە شارێکی تر، سەبارەت بە خولی شیاندن کە باسی لێوە کـرا ئەم خـولە دەبێـت ئـێمە لەگەڵ ووشەی دبێتین زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزە دەکەم کە ئەو مولاحەزەی دا، پێویسـتە بکـرێتە دەبێـت، چونکە بەراستی ئەوانەی کە تازە تەخەروج دەکەن لەوانەیە وەکو پێویسـت زانیـاری پێویسـتیان نەبێـت لەسـەر چـۆنییەتی کـاری سەرپەرشـتیاری، بـۆیە ئـێمەش لەگەڵ ووشـەی دەبێتـین وە دەمەوێـت ئەمەش بڵـێم ئەو خـولانە زەرووره، چـونکە ئەو کەسـانەی دەبـن بە سەرپەرشـتیار مەفروزە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئێمە خـولی تایبەتمەنـد بـۆ ئەم بـابەتە وەربگـرن، سـەبارەت بە ڕوڵـی بەڕێوەبەراتییەکـانی کشـتوکاڵی تەبـعەن ئـێمە کە کـاك ڕێبـوار کە باسـی بەڕێـوەبەرایەتی پەیوەندیـدارت کـرد ئەمە ڤێتـەنەری نیـیە، مەبەسـتمان ئـێمە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی کشـتوکاڵی پارێزگاکـان یـان بەڕێــوەبەرایەتی کشـتوکاڵییەکانن لە ئیــدارە سـەربەخۆیەکان، بـۆیە ئــێمە مەبەسـتمان ئەوانەیە وە بـۆ بـابەتی ئەوە کە پسـپۆڕی خـولی شـاندن و ڕاپـۆرتی مانگـانەی ئەوە کەسەی کە دەبێتە سەرپەرشتیار لە ژێر چاودێری بەرێوەبەرایەتییەکـانی ئـێمە دەبێـت، مەفـروزە ڕوڵـی بەڕێوەبەرایەتییەکـان تەحدیـد بکرێـت یـان ئەرکیـان پـێ بسـپێردرێت، چـونکە یەکێـك لە کێشـەکانی ئـێمە لە ئێسـتادا بەراسـتی ئەو بەرێـزانەی کە سەرپەرشـتیاری ئەو پڕۆژەکـانن، ئـێمە کەمترین زانیاریمان بۆ دێتەوە لەسـەر ئەو تەفاسـیلەی کە بەرێـز دکتـۆرە گەڵاوێـژ باسـی کـرد کە ووتی لەناو پڕۆژە یاساکە ئاماژەی پێی بدرێت، ئێمە دواتر لەناو تەعلیماتدا ئاماژەی پـێ دەدەیـن، ئێسـتا یەکێـك لە کێشـەکان ئەوەیە ئەو بەرێـزانەی کە سەرپەرشـتی سەرپەرشـتیارن لەگەڵ خــاوەنی پڕۆژەکــان ئــێمە کەمتــرین مەعلوماتمــان لە کارەکــانی خۆیــان وە دێــتەوە نــاو بەڕێــوەبەرایەتی گشــتی کشــتوکاڵی پارێزگاکــان، بــۆ ئەو مەبەســتە پێویســتمان بەوەیە کە بەڕێوەبەرە پەیوەندیدارەکانی ئێمە ڕوڵی سەرەکی لەم بوارەدا بگێڕن، سەبارەت بە کاك دابـان کە باسـی ڕەزامەنـدی سەرپەرشـتیاری کـرد ووشـەی لاری نەبـوون بکـرێتە ئاگـاداری سـەندیکاو کۆمەڵەکـان ئەمەش دەکرێـت، یەعنـی یەکـێکە لە پێشـنیارە گونجاوەکـان کە پـێم وایە دەکرێـت قسەی لەسـەر بکرێـت ئەوەی کە سـەرەتا ووتومـانە لاری نەبۆنی سـەندیکاو کۆمەڵەکـان بهێنێـت دەکرێـت بکرێـت بە ئاگـاداری ئەوان بـۆ ئەوەی کە ئەو مەرجە مەرجێکـی یەك لاکەرەوانە بێـت

لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ببن بە سەرپەرشتیار قسە زۆر کرا لەسەر بابەتی ئەو بلێن پولْن کردنەی کە کردوومانە لەسەر هەڵگرانی بڕوانامەکانی کشتوکاڵی، یاخود ڤێتەرنەری، بەرێزان تەبعەن ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵ بەراستی هەم لە موناعاتی هەر یەکێك لەو دەرچووانە دەزانین بە حوکمی ئەوەی کە رۆژانە بەریەك کەوتنمان هەیە لەگەڵیان و کێشەو گرفتەکانیان دێتە لای ئێمە، ئێمە بە پێویستی دەزانین وەکو خۆی بمێنێتەوە وە لەوانەیە دواتر لە تەعلیماتدا بە تەفاسیلی تر بچینە ناو ناوەرۆکی سەلاحییەتەکان و شێوازی کار کردنەکانیان، چونکە وەکو گوتم لەوانەیە ئێمە نەتوانین لێرە ئاماژە بە زۆر شت بدەین، بەڵام کێشەیەکی زۆر هەیە لەسەر ئەو ئخیتساسانەی کە دیاری کراون لە ناو پڕۆژە یاساکەدا چ ئەوانەی کە دەرچووانی کۆلێژەکانی کشتوکاڵین، چ ئەوانەی کە دەرچووانی کۆلێژەکانی ڤێتەرنەرین، هەندیك چونکە زۆرجار لەوانەیە بە یاساش دەسەڵاتەکان دیاری کرابێت، بەڵام تێکەڵاوێك لە دەسەڵاتەکان هەیە وە لە کارەکان هەیە کە بۆیە ئێمە ویستومانە لەناو ئەم پڕۆژە یاسایە بە دەقی بە ماددەی قانوونی دەسەڵاتەکان تەحدید بکەین و وە دواتر لەناو تەعلیماتیش دا بە تەفاسیل دەچینە ناو جیاکردنەوەی ئەرکەکانیان لە ناو پڕۆژە کشتوکاڵییەکانیان دا سەبارەت بە بڕوانامەکان بەرێز د. اسماعیل مولاحەزەیەکی هەبوو خۆی لێرە نەماوە، بەڵام ئێمە تەحدیدمان کردووە لە ماددەی پێنج سەرپەرشتیار وازحە کە هەڵگری بڕوانامەی باکلۆریوس یان دبلوم و لەسەر پێشنیاری جەنبیشتان ئێمە ماستەرو دکتوراشمان زیاد کردووە، سەبارەت بەوەی کە پیشەسازی خۆراك جێگیر بکرێت سامانی ئاژەڵ لابرێت بۆ کارگەکان ئێمەش پشتیوانی دەکەین ئەمەش یەکێك بوو لە پێشنیارەکان وە لە رابردووش دا لەگەڵ لیژنەی یاسایش دا موناقشەمان لەسەر کردووە، ئەم پێشنیارە بە پەسەند دەزانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رێبوار فەرموو.

**بەریز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لێك تێنەگەشتنێك هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو پرسیارەی ئاراستەی بەرێز وەزیری کشتوکاڵم کرد ووتم حیکمەت لە رەزامەندبوونی لایەنی پەیوەندیدار یان بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیدار کەلە پێناسەکە هاتووە وە بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵ و ڤێتنەرییەکانن لەسەر کەسێك کە ببێت بە سەرپەرشتیار بچێت، ئایا بۆ ئەوەیە کە بسەلمێنێت کە ئەو کەسە دانەمەزراوە لە کەرتی گشتی، چونکە ئەوە یەکێکە لە مەرجەکان پرسیارە کە ئەوە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەرێز وەزیری کشتوکاڵ.

**بەرێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەتمەن یەکێك لە خاڵەکان بابەتی بڕوانامەکەیەتی، بابەتی پسپۆرەکەیەتی وە بابەتی ئیجبارکردنییەتی بەو خۆلەشاندنەی کە پێویستە ببینێت و ئەو راپۆرتە مانگانەش کە پێویستە

دواتر بداتەوە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پارێزگاکان و شوێنی سەپەرشتیارەکانیش کە لە کوێدا دەبێت کاربکەن.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك روونکردنەوە یەکەم ئەوە پێشنیارێکی باشە زۆر لە پەرلەمانتاران پشتگیریان کرد کە رەزامەندی ببێت بە ئاگاداری ئەوەی دیکە کە شیرین خان و کۆمەڵێك لەو پەرلەمانتارانە ئاماژەیان پێکرد، ئەگەر وای لێی بکەین کە یەکێك لەخاڵەکان بکەین بە پێی بڕو جموجوڵی پرۆژەکە سەپەرشتکاری بۆ دادەنێت، واتا ئەو کاتەی لەوانەیە پرۆژەیەك هەر پێویست نەکات وەکو کاك کاروانیش باسی کرد، کاك کاروان گەزنەی کە رەنگە پرۆژەیەك پێویستی بە سەرپەرشتکار نەبێت وە لەوانەیە پرۆژەش بە فیعلەن پێویستی بە دوو سەرپەرشتکار هەبێت، بۆیە ئەگەر بیکەین بە پێی بڕو جۆرەکە پرۆژەکە سەرپەرشتکار بۆی دابنرێت ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت، ئەوەی سەبارەت بە خول ئایا خول بمینێت یان نا؟ تەبعەن ئەمن پێم وایە پێویستە خول بمینێت، هەندیك ئاماژەیان پێکرد کە بۆچی پێویستە خولی شاندن ببینن مادەم بڕوانامەی کشتوکاڵی هەیە جا چ بڕوانامەیە چ دەرچووی کشتوکاڵییە یان پەیمانگای گشتوکاڵییە وەلەبەر کە ئەو کەسەی کە زانیاری هەیە، یەعنی مەعلوماتێکی دەستکەوتووە لە خوێندنەکەی، بەڵام بە شێوەیەکی پراکتیکی رەنگە ناتوانێت سەرپەرشتیاری ئەم پرۆژەیە بکات، یەعنی هەندێك ووردەکاری تێدا هەیە لە رووی پراکتیکییەوە پێویست دەکات کە خولی شاندن ببینێت، ئەوەی سەرچنار خانیش باسی کرد تەواوەو رێکوپێکە دەستی خۆش بێت، ئەوەی سەندیکاش دیارە کاك شوان رەنگە هەندێك تەوزیحاتی هەبێت، کاك شوان با بفەرمووێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

با کاك بژار وەکو لێژنەی یاسایی داوایان لێکردبووی بڕگەیەك تەوزیحێك بدەی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی خۆشیدا لەسەر ناونیشانیش کە بووە باسی کۆمپانیاو نووسینگە ئەو کاتیش ئاماژەمان پێدا کە ماددەی (٧) لە یاسایەکەدا هاتووە بەم شێوەیە حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر نووسینگەو کۆمپانیا کشتوکاڵییەکان کە موعاملەی بازرگانی بە پێداویستی کەلوپەلی کشتوکاڵی دەکەن جێبەجێ دەکرێت ئەوە پێشتر نەبوو بەس لەکاتی گفتوگۆکردندا لە نێوان هەردوو لێژنە لەگەڵ جەنابی وەزیری کشتوکاڵ ئەوە ئیزافەمانکرد ئەگەر لە پێشتر نەبوو سەبارەت بەدەرچووانی کۆلێژ یان هەڵگری بڕوانامە لە هەموو یاساکانی ئێمەدا کە لە پەرلەمان لەم خولە ئیشمان لەسەر کردیەو پەسەند کراوە بەو شێوە و هاوسیغە بەکارمان هێناوە، هەڵگری بڕوانامەی فلانە پسپۆری یان فلانە کۆلێژە بێت لەبەر ئەوە دەرچووان پێمان باش نەبوو لێرە وابێت، چەند یاسایەکی تریشمان هەیە راپۆرتەکەمان ئامادەیە هەر عەینی شت لەوێش هەڵگری بڕوانامە

بەكار دێت، ئەوە مانای ئەوە نییە كە یەكێك بچێت بەشداری لە خولێك بكات بڕوانامەی خولێك وەربگرێت، ئەویش دەگرێتەوە لە هەموو یاساكانی ئێمە هەڵگری بڕوانامە بەكار هاتووە لەم خولەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان كریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە بەپێی ئەوەی سەندیكاو كۆمەڵەكان داكۆكەری سەرەكی لەو چین و توێژانەی كە لە ئیختساسی خۆیاندا، بۆیە ناكرێت ئێمە لەیاسایەكدا كە رۆڵی ئەوان پشتگوێ بخەین، لەوانەیە تەئسیری لەسەر كۆمەڵە و رێكخراوە مەدەنییەكانی تر هەبێت، بەڵام دەكرێت لاری نەبوون وەربگرێت لە هەموو حالەتێكدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارێك كرا وابزانم بەدریە خان بوو لێرەش نەماوە، وابزانم لەسەر ئەوەی ئایا ئەم یاسایە ئەسەری وەزعیەت دەبێت یان نا؟ هەرئەو ماددەی چوار بڕگەی دوو بخوێندرێتەوە یەكسەر پێت دەلێتەوە، كە ئەسەری وەزعیەت دەبێت لە ماوەی (٩٠) رۆژدا هەموو ئەوە مۆڵەتانەی دراوە لەگەڵ ئەو یاسایە رێك بخات، زۆر سوپاس.

**د. هێمن احمد حەمە صالح /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان ماددەی (٣) فەرموون .

**بەڕێز هەڵكەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

یەكەم: كرێ سەرپەرشتیار لە ئەستۆی خاوەن پرۆژەی كشتوكاڵی دەبێت و لە گرێبەستی نێوانیان دیاری دەكرێت و دوای پەسەند كردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار.

دووەم: كرێی سەرپەرشتیارو رێكسازییەكانی گرێبەست بە رێنمایی رێكدەخرێت لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەركەسێك دەیەوێت لەسەر ماددەی (٣) گفتوگۆی دەكات با دەستی بەرز كاتەوە؟ بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی گفتوگۆی لەسەر ماددەی (٣) دەكەن ئێستا ناوەكانیان دەخوێنینەوە ( رێبوار عبدالرحیم عبدالله، گەلاوێژ عبید عثمان، حسیبە سعید ابراهیم، ظاهر محمد علی، خدیجە عمر طە، سوسن محمد میرخان، هەلكەوت انور خلیفە، عمر عبدالله فتاح، مەم اسكندر مەم، سەرچنار احمد محمود، فیصل عباس عولا، كاروان عبدالرحمن عبدالله)، خەدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) دوو بڕگە هەیە، بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەم، لە هەردوو بڕگەدا باسی کرێی سەرپەرشتیار کراوە، خۆی لە بڕگەی یەکەم ئەو کرێیە لە نێوان خاوەنی پرۆژەکەو سەرپەرشتیار دیاری دەکرێت و لە ناو گرێبەست دا دەستنیشان دەکرێت و وە دواتر پەسەند دەکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار، دەزانین کە ئەم گرێبەستەش لە کەرتی تایبەتە و بەپێی هەردوولا پێکەوە ئیتفاق دەکەن لەسەر کرێ کە رێك دەکەون وە پەسەندیش دەکرێتن، لە بڕگەی دووەم دیسان باس دەکات کە ئەم کرێیە کرێی سەرپەرشتیار لەلایەن وەزیر رێنمایی دەردەکرێت، کاتی خۆی ئێمە لە لیژنەش گفتوگۆمان لەسەر ئەو مەوزووعە کرد، بەراستی ئەمن مەبەستەکە تێدەگەم لێرەدا مەبەست ئەوەیە کەمترین کرێی سەرپەرشتیار، وەزیر رێنمایی پێویستی بۆ دەربکاتن، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە بێتن بەم سیاغەیە بێتن یەعنی ناروونی و ناوازحییەکی تێدایە، دەبێت بەجۆرە ئیلتمازێك دروست دەکات کە چۆن لەلایەك گرێبەست دیاری بکرێت و لەلایەکی تریش وەزیر رێنمایی دەر بکات، بۆ ئەم مەبەستە بۆیە پێشنیاز دەکەم کە ئەم یاسایە دەرئەچێتن دواتر یاسایەکی روون بێتن وە کەمترین تەهویل و تەفسیلی هەڵبگرێتن، بەم شێوازەی لێ بکرێت، لە بڕگەی دووەم کەمترین کرێی سەرپەرشتیارو رێکسازییەکانی گرێبەست بە رێنمایی رێك دەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم و دووەم هەڵبگرێت هەر سیاغەکە بکرێت بە یەك بڕگە، چونکە لە ماددەی دوو دیسانەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر کرێی سەرپەرشتیارو رێکسازییەکان کە رێکارە بە گرێبەست بە رێنمایی رێك دەخرێت، مادەم لە ماددەی (٨) هاتووە وەزیر رێنمایی دەردەکات ئیتر رێنمایی دەردەکات، هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندیدارە بەو ئیشانەوە لەناو گرێبەست و ئەو شتانەش دەبێت هەم پابەندبوونەکانی سەپەرشتیاریش لە رێنماییەکان ئاماژەی پێ بکرێت، هەم کرێی کەشی، بۆیە کافییە لە ماددەی (٣) بەم شێوەی لێ بکرێت لە پابەندبوونەکانی سەرپەرشتیار، هەروەها کرێییەکانی سەرپەرشتیار لە ئەستۆی خاوەن کار دەبێت، سەرەڕای پابەندبوونەکانی سەرپەرشتیار لە گرێبیەستێکی نێوانیاندا دیاری دەکرێت و پەسەندکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی فلانەوە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدارەکان، واتا هی دووەم پێویست ناکات لە ماددەی (٨) کە زانی رێنمایی دەردەکات، ئیتر ئەو دەسەڵاتە دەدرێت بە وەزیر، رێمنایەکان وئەو ووردەکاریانەش با دوو دێربن دووخاڵ ئاماژەی پێبەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فیصل.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەناوی خودای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) بڕگەی دووەم کرێی سەرپەرشتیار و ڕێکسازییەکانی گرێبەست بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت، من دەمەوێت وای لێبکرێت، کرێی سەرپەرشتیارو ڕێکسازییەکانی گرێبەست بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت لەلایەن لیژنەیەکەوە کە ڕاستەوخۆ وەزیر سەرپەرشتیار دەکات، زۆر سوپاس.

**د. هێمن احمد حەمە صالح /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (٣) بڕگەی یەکەم کرێی سەرپەرشتیار لە ئەستوی خاوەنی پڕۆژە کشتوکاڵی دەبێت و لە گرێبەستی نێوانیاندا دیاری دەکرێت و دوای پەسەند کردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار، من پێشنیاز دەکەم ئەو بڕگەیەی بۆ زیاد بکرێت، کرێی سەرپەرشتیار لە ئەستۆی خاوەنی پڕۆژە کشتوکاڵییەکە دەبێت، جا چ کرێی کە نەقدی بێت، یان عەینی لەوانەیە زۆرجار بە پارە نەبێت بە مقابلی ئەو ئیشەی کە سەرپەرشتیار دەکات خاوەنی پڕۆژەکە شتێکی تری بداتێ و مەسەلەن وەك و خانییە یان شتێکی ترە، خاڵی دووەمیش پێشنیار دەکەم کرێی سەرپەرشتیاری ڕێکسازی گرێبەست لە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت، ئەم بڕگەیە لابرێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (٨) هەمان شت دووبارە بۆتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (٣) منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڕگەی دووەم هەڵبگیرێت وە ئەگەر بێتو بڕگەکە هەر بشمێنێتەوە هەمووی بکرێت بەیەك داڕشتن بەم شێوەیە، کرێی سەرپەرشتیار لە ئەستۆی خاوەن پڕۆژەی کشتوکاڵی دەبێت و لە گرێبەستی نێوانیان دیاری دەکرێت و دوای پەسەندکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدارو ڕێکسازییەکانی گرێبەست بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت لەلایەن وەزیرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم و دووەم منیش هاورام لەگەڵ کاك مەم بکرێتە یەك بڕگە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە گۆڕانکاری بکرێت لە داڕشتنەکەی هەردووکی باسی کرێی سەرپەرشتیار دەکات، توزێك بچووك کردنەوەی شتەکەیە، حەزدەکەم وای لێبکرێت پێشنیارەکەم وای لێبکرێت

ئەرك و مافەكانی سەرپەرشتیار بە گرێبەستێك رێكدەخرێت كە لە نێوان سەرپەرشتیارو خاوەن پڕۆژە واژوو دەكرێت بە رێنماییەك كە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت، بەڵام من پێم باشە ئەمەشی بۆی زیاد بكرێت كاك بژار گیان ئەویش بە رەچاوكردنی كەمترین كرێی كە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەكانی كار دەستنیشان دەكرێت لە كوردستان بەڕێوەبەرایەتییەكانی كار كەمترین كرێ دەست نیشان دەكەن، یەعنی لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان ئەوە خاڵێك، لە ماددەی تەبعەن لە ماددەی (٢، ٣، ٤) بەراستی زۆر نزیكن لە یەكەوە، چونكە ناونیشانیشیان بۆی دانەنراوە، ئەكرێت لە هەر بابەتێك لە هەر یەكێكیانەوە باسی بكەی، سەبارەت بە هەر پڕۆژەیەك بەلایەنی كەمەوە سەرپەرشتیارێكی هەبێت، هەر سەپەرشتیارێك زیاتر لە پڕۆژەیەك سەپەرشتی نەكات، پڕۆژەكان بەپێی قەبارە سەپەرشتیاریان هەبێت، پشتگیری لە بۆچوونەكەی سەرچنار خان دەكەم كە لە ماددەی دوو پێشنیاری كرد، ئەم بابەتانە هەر هەمووی بەرێنماییەك لە وەزیرەوە رێكبخرێت كام پڕۆژە سەرپەرشتیار قەیناكات هەیبێت، چونكە زۆر زۆر بچووكە كام پڕۆژە زیاتر لە سەرپەرشتیارێك هەبێت وە سەرپەرشتیار بۆی نەبێت زیاتر لە پڕۆژەیەك سەرپەرشتی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك رێبوار.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی سێ روون نییە كە ئایا مەسەلەی كرێی سەرپەرشتیار بە رێنمایی لەلایەن وەزیری كشتوكاڵەوە دیاری دەكرێت، یان لە رێی گرێبەستێكەوە دەبێت یەكلایی بكرێتەوە، خۆ ئەگەر لە رێی گرێبەست بێت، من پێم وایە دەرفەتەكان زیاترە، بۆیە بۆ مەسەلەی قۆرخ كاری و بۆ خاوەن پڕۆژەكە كەمترین رەنگە كرێ دیاری بكرێت، دەبێت لەسەر بنەمای هەندێك پێوەر بێت، یەكێك لە پێوەرە هەرە سەرەكییەكان ئەوەیە كە پێی دەڵێن (مینی مەم ویچ) كەمترین مووچە چەند بێت دیاری بكرێت، كەمترین كرێ بۆ نمونە دەڵێین لە پێنچ سەد هەزار دینار كەمتر نەبێت، دوای ئەوەی بە پێی قەبارەی پڕۆژەكان ئەبێت كرێیەكان بەرزبكرێتەوە، ناكرێت ئەوا بە والایی بە كراوەی بە جێ بهێڵدرێت بۆ بەردەم خاوەن پڕۆژەكە ئیستقلالی سەرپەرشتیارەكە بكات، لە مەسەلەی دیاری كردنی كرێی كە خاڵێكی تر بەرێز سەرۆكی پەرلەمان، كاتێك كەسێك دەبێتە سەرپەرشتیار لە كۆمپانیایەك بە پێی گرێبەست دادەمەزرێت، واتە بۆتە كارمەندێك لەم كۆمپانیایە كە خاوەنی پڕۆژەكەیە ناكرێت بڵێین كرێی سەرپەرشتیار دەبێت بلێین مووچەكەی ئەوەندەیە، لەبەرئەوەی كرێ بۆ كەسێكە كە كرێكارە هاتووە وەكو ووشە وەكو موستەڵەح نەك بۆ كەسێكە كە دامەزرابێت دامەزراندن یان لە كەرتی گشتی یان لە كەرتی تایبەتی جیاوازی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك هەڵكەوت.

**بەڕێز هەڵكەوت انور خليفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكەو ستافەكەی دەكەم من تێبینیەك و پێشنیارم هەیە، خاڵی یەكەم و دووەم بكرێت بە یەك خاڵ و، دوو پێشنیازیشم هەیە بۆ بەڕێز جەنابی وەزیرو حكومەت یەكەم دەڵێت سەرپەرشتیار سەرپەرشتیاری پڕۆژەیەك دەكات با لای حكومەت بە ئەژماری ساڵانەی بۆی ئەژمار بكرێت بۆی هەیە رۆژێك لە رۆژان دابمەزرێت لە كەرتی گشتی، پێشنیازی دووەمم پێم باشە حكومەت یاخود وەزرەتی زراعە یاسایەك دەربكات ئەو سەرپەرشتیارانە كە سەپەرشتی پڕۆژەیەك دەكەن خانەنشین بكرێن لەسەر خاوەنی پڕۆژەكە بە شەرتی ئەوەی لە (٧) ساڵ تا (١٠) ساڵ كاری كرد بێت لەو پڕۆژەیە، ئەگەر بێتو لە (١٠٠% - ٣٥) ئەو پڕۆژەیەی بەوە خانەنشین بكرێت، پێم شتێكی باشە، لەبەرئەوەی لە زۆربەی وولاتانی دەرەوە ئەو رێنمایەیان هەیەو پەیڕەوی دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەڵێم ئەم دووخاڵە بكرێت بە خاڵێك، لەبەر ئەوەی باس لە كرێی تەنها كرێی سەرپەرشتیار نییە ئیلتزاماتی سەرپەرشتیارشمان هەیە، ئێمە ئەگەر ئەم سەرپەرشتیارە ئیخلالی كرد بە ئیلتزاماتی خۆی، ئەو كاتە دەبێت یەعنی لەو گرێبەستەی باسكراوە جێگای بكرێتەوە، چونكە ئەو كاتەی یاسا پشتگیری دەكات سەرپەرشتیار دەبێت ئەركەكەی بۆی دیاری نەكرێت ئەتوانێت ئیخلالی بكات و هیچ ماددەیەكی یاسایش نییە بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئاوای لێبكرێت، كرێی سەرپەرشتیار لە ئەستۆی خاوەن پڕۆژەی كشتوكاڵی دەبێت و پابەندبووەكانی سەرپەرشتیاری بدرێت بەس هی نێوانیان دیاری دەكرێت دوای پەسەند كردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار، تەبعەن ئەو بە رێنمایی رێكدەخرێت، رێنماییش پێویست ناكات بڵێین وەزیری پەیوەندیدار ئەیكات، چونكە ئەو تەحسیل حاسل دەكات رێنمایی لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێكم لە بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ هەیە، لێرە كە ئەو رێنماییانە دەردەكات، ئایا بڕوانامەكان لەرووی مافو ئیمتیازات و پلەی سەرپەرشتیارییەوە جیادەكرێنەوە، چونكە ناكرێت دەرچوویێكی ئامادەیی و دبلۆمێك و بەكالۆریۆسێك وەكو یەك ماف و ئیمتیازاتی هەبێت وە بەپێی سەعاتی كارو بە پێی گەورەی پڕۆژەكە لە رێنماییەكان جێگایان بكرێتەوە، ئایا ئەو شتانە جێگایان دەكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان لێرە نییە، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز/سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم کاتێك کە باس لە کرێ دەکرێت، خۆی لە ئەساسدا بۆ شتێك کە رۆژانەیە، بەڵام دەیەوێت مووچەیەك دابین بکرێت، ئینجا لەگەڵ ئەوەی کە سەرچنارخانیش باسی کرد من پشتوانی دەکەم، پشتیوانی کاك د. رێبوارو سەرچنارخانیش دەکەم لە ئەوەی کە ئەمانە کە ئیلتزاماتیان هەیە مافیشیان هەیە، تەنها مافەکە مووچە نییە، ئینجا بەشی دووەم بڕگەی دووەم کە باسی ئەوەی دەکرێت کە سەرپەرشتیار رێکسازەکانی بە گرێبەستێك بە رێنماییەوە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت، خۆی یاسای کارمان هەیە راستە یاسا ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٠ ماددەی (٣) رێگەی بە جەنابی وەزیر داوە بۆ ئەوەی کە رێنمایی دەرکەن لەو بارەیەوە، بەڵام یاسایەکمان هەیە وە خۆشیان رێنمایی دەردەکەن، بۆ ئەوەی لێرە دووبارە تکراری دەکەینەوە، ئینجا تەدەخولات هەبووە، کتابی خاسە رەنگە کێشەمان بۆ دروست کات بۆ دەبێت مووچەی کارمەندێك لەلایەن وەزیرەوە دیاری بکرێت، هیوادارم جەنابی وەزیر روونکردنەوەیەك مان باداتێ لەسەر ئەوەی سوپاسی دەکەم، زۆر سوپاس.

د. هێمن احمد حەمە صالح /سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مولاحەزەکان دووبارە بە گشتی ئەگەر جوابیان دەینەوە، ئێمە پشتگیری تێکەڵ کردنی هەر لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەکە دەکەین بەلامانەوە ئاساییە وە سەبارەت بە کەمترین کرێ پشتگیری ئەو پێشنیارەی مامۆستا عمر دەکەم، کە ئەگەر لوتف بکات نەصەکەی بنێرێت بۆ لێژنە، بۆ ئەوەی کە کەمترین کرێ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار کە دیاری دەکرێت، ئێمە کێشەمان نییە و ئەمە سەرنجێکی بەجێیەو پشتیوانی دەکەین، سەبارەت بە مووچە ووشەی مووچە لەگەڵ کرێ کە ئەوەی کە لەو یاسایە ئاماژەمان پێداوە وەپێمان باشە کە بەڕێز سەرۆکی لێژنەی یاسایی روونکردنەوەی لەسەر بدات، ئەوە جۆرە نەك مووچە، بۆیە داوا دەکەم کە سەرۆکی لێژنەی یاسایی روونکردنەوەی تەواوی بدات، چونکە موناقەشەی زۆرمان لەسەر ئەو بابەتە بە ئێکەوەمان کرد، سەبارەت بەوەی کە رێنمایی، رێنمایی هەر وەزیر دەری دەکات بەراستی لێژنە رێنمایی دەر ناکات، سەبارەت بە ئەو پێشنیارەی کاك هەڵکەوت کە باسیکرد ئێمە لە ماددەی (٦) ئەم یاسایەدا ئەگەر سەیری بکەن دەستەبەری مافێکمان بۆ ئەو کەسانە کردووە کە دەبن بە سەرپەرشتیاری پڕۆژە کشتوکاڵییەکان ئەویش ئەوەیە کە دەکەونە ژێرباری حوکمی قانوونی ژمارە (٣٩) ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراوی بەرکار لە هەرێم، یاخود هەر یاسایەکی دیکە دواتر لەلایەن ئەم پەرلەمانە بەرێزەوە دەردەچێت، واتە ئەو کەسانەی دەبن بە سەرپەرشتیار دەتوانن بچن خۆیان تۆمار بکەن لە بڕی ئەو کرێیەی کە وەریدەگرن خانەنشینیان لێی دەگیردرێتەوە وە مەشمول دەبن بە خانەنشینی لە ئایندەدا وە سەبارەت بە ماف وسزاکانیش

مـــاف و ئیمتیـــازات و ســـزاكان و ئەوانە هەموویـــان لە رێكـــاری ڕێنمـــایی لەلایەن وەزیـــرەوە دەردەچوێندرێت هەمووی تەحدید دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرۆكی لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە كرێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە وەك خۆی بمێنێت ولەگەڵ ئەوەشین بەراستی ماددەی (٣) با هەردوو بڕگەكە وەك خۆی بمێنێت، تەفسیری ئێمە دەبێت موحتەمەلە لەلێژنەی یاسایی زۆر لەسەر ئەم ماددە گفتۆگۆكراوە، مەوزوعەكە زۆر بەرفراوانە ئەمە لە تەفسیری ئێمە زۆر جیاوازترە لەگەڵ تەفسیری هەندێك ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، بۆیە پێمان وایە هیچ كێشەیەك تێدا دروست نابێت سەبارەت بە دیاری كردنی كەمترین و بەرزترین ئەوەش گفتوگۆمان كرد، بەڵام هەر لێرەش ئەو ئیتفاقەمان كرد كە بەڕێنمایی دیاری دەكرێت ئەگەر نە ئیحتیادیە لێرەش بە وازحی بڵێین كەمترین لەلایەن وەزیرەوە بە ڕێنمایی بێت، بەڵام چونكە بۆ ئەوەی نەكەوینە ئەم حاڵەتە بەرزترین چەندە، كەمترین چەندە، با هەردووكیان بە بێ ڕێنمایی بێت، سەبارەت بە دەستەواژەی كرێ ئێمە لەگەڵ كرێین بەڕاستی، چونكە بەتایبەت كە لە بەردەم كەرتی تایبەتدابین ئەو دەستەواژە زیاتر بەكاردێت و پێمان وایە كە ئەم دەستەواژە باشترە لە ئەوەی مووچە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك شوان.

**بەڕێز شوان كریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی یەكخستنی دوو بڕگەكە دەكەم، سەبارەت بە دیاری كردنی كرێی سەرپەرشتیار دەكرێت بە ڕێنمایی دیاری بكرێت، بەڵام جەنابی وەزیر لەچوارچێوەی یاسایەكانی كار ڕێنماییەكان دەری بكات، بۆ ئەوەی بەركەوتن لە یاسای كارو ڕێنماییەكان دروست نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بورە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان حەزدەكەم تەوزیحێك بدەم سەبارەت بە بڕگەی یەكەم و دووەم، ئێمە كاتێك دێن پەنا بۆ بڕگەكان دەبەین كە ماددەیەك تەوزیح بكەین لەسەر دوو بڕگەو سێ بڕگە كە دەبینین حوكمی ماددەكە یان حوكمی یاسایی لێك جیان، حوكمی ماددەی یەكەم مەوزوعێكە هی بڕگەی دووەم مەوزوعێكی ترە، ڕاستە ناوی كرێیە بەس لە بڕگەی یەكەمدا كرێی سەرپەرشتیار لە ئەستۆی خاوەن پرۆژەكەیە، بۆ ئەو ئیلتزامەی قانوونی بۆ خاوەن پرۆژەكە دروست دەكات، ئەوە حوكمێكی زۆر جیاوازە لەوەی، چونكە دەستەواژەی كرێ لە

بڕگەی داهاتووە مانای ئەوەنییە کە کرێ لە دووبڕگە هاتووە یەك مانایەو یەك شتەو یەك حوکمە، دوو حوکمی زۆر لە یەك جیان، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەگەر حوکم لێکجیا بوو لە چەند بڕگەیەکدا باس بکرێت هەمووی دەمج نەکرێت لەگەڵ یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی چوار بەڕێزان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

مادده چوار یەکەم مۆڵەتی پڕۆژەی کشتوکاڵی نادرێت بە بێ بوونی سەرپەرشتیار، دووەم ئەو پڕۆژە کشتوکاڵییانەی بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە مۆڵەتیان پێدراوە، پێویستە لە ماوەیەك زیاتر نەبێتن لە (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، سێ یەم وەزیر سەرپێچیکار بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە دەبێت بە پێ بژاردنێك دەبێت بڕی سێ ملیۆن دینار سزا دەدات و لەحالەتی دووبارەبوونەوەی سەرپێچییەکەی مۆڵەتی سەرپەرشتی کشتوکاڵییەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی چوار گفتۆگۆ بکات، با ئێستا ناوەکەی تۆمار کەین ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت گفتۆگو لەسەر ماددەی چوار دەکەن بریتییە لەو بەڕێزانە، (کاوە عبدالقادر حسن، مەم اسکندر مەم، سەرچنار احمد محمود، رێبوار عبدالرحیم عبداللە، بهجت علی ابراهیم، بەهمەن کاك عبداللە احمد، نزار ملا عبدالغفار، حسیبە سعید ابراهیم، نجاة شعبان عبداللە)، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم مۆڵەتی پڕۆژەی کشتوکاڵی نادرێت بەبێ بوونی سەرپەرشتی کار، لێرە ئەوەندەی یەعنی بزانین مۆڵەتی پڕۆژە جاری وا هەیە ساڵێك دەخایەنێت، یەعنی ئەم سەرو ئەم سەرو رۆتینیات و ئەوانە، ئایا خاوەنی پڕۆژەیە ئەبێت لەم ساڵە هێشتان دەستی بە پڕۆژەکە نەکردووە نەچۆتە ناو مەوزوعاتی پڕۆژەکەوە، هەرساڵ هەم کرێی سەرپەرشتیار بدات، یان ئەگەر بکرێت ئەوای لێبکرێت لە کاتی دەست بەکاربوونی پڕۆژەکە سەپەرشتیارەکەش ئەو ئیلتزاماتەی خاوەن پڕۆژەکە دەکەوێتە سەری، ئەمە خاڵێك، خاڵی سێیەم وەزیر سەرپەرشتی کاری بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بەپێی بژاردنی بڕی سێ ملیۆن دینار سزا دەدات لەحاڵەتی دووبارەبوونەوەی سەرپێچیەکەی مۆڵەتی پڕۆژە کشتوکاڵییەکە هەڵدەوەشێتەوەو ئەو سێ ملیۆنە زۆرە، یەعنی سەلاحیەت بدرێت بە وەزیر بۆ ئەوەی غەرامەی سێ ملیۆن بکات، چونکە غەرامە لە سەلاحیەتی وەزیر نییە، بەس ئێستا لەبەر ئەوەی قانوون رێی پێداوە ئەتوانێت ئەو سێ ملیۆنە بە قەناعەتی من بکرێتە ملیۆنێك مەعقولە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بهجت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددەی چوار دووەم ئەو پڕۆژە کشتوکاڵییانەی بە دەرچوونی ئەم یاسایە مۆڵەتیان پێدراوە، یەعنی ئەو ێت بەری نووکە مۆڵەت بۆ هاتیە دانان کە زیاتر نەبێ لە (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی بەکار بوونی ئەم یاسایە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، یا سێ بێژیتن ئەگەر خۆ نەگونجاند یەعنی سزایەکا قوورسە سێ ملیۆناش دێ غرامەکەتن وە ئەگەر نە بەردەوامیش بۆ هەر نەکرد دی مۆڵەتا ویژی هەڵوەشێنیتن بەر هندێ ئەم ڤی وولاتی ژین ئەز بێژم، یەعنی ماوێ (٩٠) رۆژادا کێمە ئەگەر ببێتە (١٢٠) رۆژ دی فریای کەویت ڤێرابگەهیتن بچیتن ئەو ئیجرائاتێت هەی بۆ دابین بکەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نەجات خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددێ چوار من دوو تێبینێت هەی سەر بڕگا سێ یێ یا ئێکێ ئەو کۆ ڤێرە بڕگە نەهاتیە تەحدید کرن، کانێ دێ کی وا پارا وەرگریتن دێ هێتە سزادان، بەس کی دێ وەرگریتن ناهاتیە تەحدید کرن، یا دوویژی هەکە ببیتە سێ هوشداری بۆ یەعنی یا جارا عەولی سێ ملیۆن بن یا دوویێ (٦٠) ملیۆن بن جارا سێ یێ شنیکۆ بێتە هەڵوەشاندن دێ باشتر بیتن، یەعنی دوو ئینزار بێژین کێمە دیتنامن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار بڕگەی یەکەم و بڕگەی سێ یەم، بڕگەی یەکەم لەسەر مۆڵەتەکە ڕەنگە پێشتریش باس کرابێت، یەعنی پڕۆژە هەیە بچووکە، پڕۆژە هەیە مەسەلەن شەخسییە ڕەنگە نەتوانن سەرپەرشتیار دابنێت، ئەگەر سەرپەرشیتار دابنێت قازانجەکەی بەشی ئەوە ناکات کە بەشی خۆی وبەشی سەرپەرشتیارەکەی، ئینجا باشترە بەراستی لە پڕۆژەکان پلە بەندی بکرێتن یان بە پێی قەبارەی پڕۆژەکە بێ، یان بە پێی بڕی بەرهەم بێت، یان تێچووی پڕۆژەکە بێت وە هەتا لە سزادانەکەش سزای سێ ملیۆن مەقتوع نەبێت، یەعنی پڕۆژە هەیە زۆر گەورەیە دەکرێت مەسەلەن سزای زیاتر بێت، پڕۆژەی بچووك ناکرێتن، مەسەلەن تۆ بێی سێ ملیۆنی سزا بدەی، ڕەنگە بەیەك ساڵی بەرهەمی قازانج نەکات ئەو کەسە، لەبەر ئەوە باشترە یەك سزاکە کەم بکرێتەوە، دووش بەراستی دەبێت پلە بەندیەك بکرێت، پڕۆژەی گەورە هەیە مەسەلەن پێویستی بە چەند سەرپەرشتیار هەیە، بەڵام پڕۆژەش هەیە پێویستی بە سەرپەرشتیار نییە، لەبەر ئەوە ئەوندە بچووکە بە تایبەت ئەوانەی قەزاو ناحیەکان و لە گوندەکان دەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمەن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ بڕگەی دووەم منیش هەمان ڕەئیی كاك بەهجەتم هەیە، پشتگیری لە ڕەئییەكەی دەكەم مادەم غەرامەكە قوورسە سێ ملیۆنە و(٩٠) ڕۆژەكە كەمە بكرێتە (١٢٠) ڕۆژ وە پرسیارێكشم لە جەنابی وەزیر هەیە، ئایا هیچ كاتێك دیاری كراوە بۆ ئەوانەی كە مۆڵەتی پڕۆژە وەردەگرن دوای مۆڵەت وەرگرتن لە ماوەی چەندێكە پرۆژكە تەواو بكەن ئەو فەقەرەیە ئیزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز/ سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار خاڵی یەكەم، مۆڵەتی پڕۆژە كشتوكاڵی نادرێت بە بێ بوونی سەرپەرشتیار، پرسیارەكەم ئەوەیە ئایا بەهۆی دووردەستی ئەو شوێنانەی كە پڕۆژەی كشتوكاڵی تێدا دەكرێت بە تایبەتی لە گوندنشینەكان یاخود لەسەر سنوورەكان، ئەگەر لەو شوێنە هۆبەیەكی كشتوكاڵی یاخود بنكەیەكی ڤێتەرنەری نەبێت كەوا سەرپەرشتیار لەوێ بوونی هەبێت بتوانیت سەرپەرشتیاری پرۆژەكە بكات، ئایا ئەو دەسەڵاتە ئەو كاتە دەدرێت بە وەزیر بتوانێت پسپۆر لەم شوێنە دابین بكات، ئەمە پرسیاری یەكەم پرسیاری دووەمیشم سەبارەت بە خاڵی سێ یەم سێ ملیۆنەكە ئایا ئەمە كەمترین پێ بژاردنە دیاری كراوە سێ ملیون دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم اسكندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من سەرچنار خان كرد منیش پشتیوانی لێدەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی چوارەم من تەواوی بڕگەكانم بە شێوەیەكی دیكە داڕشتۆتەوە، بڕگەی یەكەم هەبوونی سەرپەرشتیار مەرجە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی پڕۆژەی كشتوكاڵی، چونكە حوكمی ئەو یاسایەی لەوەیە كە ئێمە سەرپەرشتیار بۆ چاودێری كردنی ئەو پڕۆژە كشتوكاڵییانە دابنێین، دووەم ئەو پڕۆژە كشتوكاڵییانەی بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە مۆڵەتیان پێدراوە، پێویستە بكرێت و دەبێت مەرج بكرێت، دەبێت لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ ڕێكەوتی بەركار بوونی ئەم یاسایە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا خۆیان بگونجێنن، سێ یەم وەزیر خاوەنی پڕۆژەی كشتوكاڵی

که له بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە هاتووە بە پێی بژاردنێك کە بڕی ملیۆنێـك و پێـنچ سـەد هەزار تاوەکو سێ ملیون دینار سزا دەدات لەکاتی پابەنـد نەبـوونی بە حوکمەکـانی ئەم یاسـایە، بـڕگەی چـوار لە دوای ئاگـادارکردنەوەی خـاوەنی پـڕۆژە لەلایەن لایەنـی پەیوەنـدارو دووبـارە پابەنـد نەبوونی سەرپێچییەکەی مۆڵەتی پڕۆژە کشتوکاڵییەکە هەڵدەوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەرێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـاڵی ئیجـابی لە مـاددەی چـوار ئەوەیە کە ئەسـەری ڕەجعـی تێـدایە بـۆی کە ئەوانەی پـێش دەرچوونی ئەم یاسایە پڕۆژەیـان هەیە خۆیـان بگـونجێنن لە مـاوەی (٩٠) ڕۆژدا، بەڵام ئەوەی کە تێبینی ئەوەیە کە بڕی سزاکە سێ ملیـون دینـار قەتعـی بـڕاوەتەوە بـۆ هەمـوو جـۆرە پڕۆژەکـان، ئـێمە گوتمـان پـڕۆژە دەبێـت بە جـۆرەی قەبـارەی پڕۆژەکـان بێـت، ئایـا گەورەیە، بچـووکە، مـام ناوەندە، بۆیە دەبێـت سـزاکەش بە گـوێرەی قەبـارەی پڕۆژەکـان بێـت ئەگەر ئەوە بکرێـت باشـتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ بەرێزان گفتۆگوکان کوتایی پێهات، بەرێز جەنابی وەزیر.

**بەرێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بابەتەی کە دەوترێت مۆڵەت ساڵێك دەخایەنێت و تـۆ چـۆن دەتـوانی مەسـەلەن لە ماوەی ئەو ساڵەی تا ئەو کارەکانی تەواو دەکات سەرپەرشتیاری بۆی دابنێ، تەبعەن ئێمە مـۆڵەتی پـڕۆژەکە تێـك دەدرێ کە هەمـوو ڕێکارەکـانی تەواوکـردووە ئینجـا مـۆلەتی پـێ دەدرێـت، هەر پڕۆژەیەك کە هەموو ڕێکارەکـانی خـۆی بـڕی لە هەمـوو فەرمـانگە پەیوەندیـدارەکان کە مـۆڵەتی پێـدرا، ئەو کـاتە دەبێـت سەرپەرشـتیاریش بـۆی دابنرێـت نەك لە سـەرەتای دەسـت پێکردنـی پرۆسەکە، هەرچەندە من دەمەوێت ئەو ڕوونکردنەوەیەش بدەم ئێستا ئـێمە تەعلیماتمـان گـۆڕی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و کاری ئاسانی زۆر کراوە و ئەو حاڵەتانەی کە لە ڕابردوودا هەبوە نەمـاوە، ماوە ئێستا پڕۆژە کشـتوکاڵییەکان، جـاران بـۆ وەرگرتنـی یەك مـۆڵەت (١٣) فەرمانگەیـان دەکـرد، ئێستا چوار فەرمانگە مـۆڵەت ڕێکارەکـانی خۆیـان تەواو دەکەن، مـۆلەت یـان پـێ دەدرێـت لەبەر ئەو یەعنی دوای تەواو بوونی مۆلەتەکە کە ڕێکارەکانی تەواو دەبێت ئینجا ئێمە مـۆڵەت دەدەیـن و سەرپەرشـتیارەکەی بـۆی دیـاری دەکرێـت، سـەبارەت بە بـڕی سـێ ملیـۆن کە تەحدیـد کـراوە بەرێزان ئێمە موناقشەمان زۆر کرد، ئێمە لەگەڵ بەرێزان لە لیـژنەی یاسـایی دیـارە بـابەتی ئەوەی کە ئـێمە بڵێـین بـۆ نمـوونە لە ملیـۆنێکەوە تـاوەکو ئەوەنـدە زۆرجـار لەوانە ئیجتهـادی شەخسـی تێبکەوێت، لەبەرئەوە دەبێت بـڕگە دیـاری بکرێـت وبـۆچی ئـێمە بـڕی سـێ ملیـۆن دینارمـان دانـا بەراسـتی ڕەچـاوی پڕۆژەکانمـان کـردووە، چ ئەو پـڕۆژانەی کە پـڕۆژەی زۆر زۆر گەورە نـین بـۆ ئەوەی کە بـارگرانی زۆر زۆر گەورەیـان نەکەوێـتە سـەری، لە حـالەتێکی دیـکەدا خۆتـان دەزانـن

پرۆژە کشتوکاڵییەکان پەیوەندیەکی راستەوخۆیان بە تەندروستی گشتی هاووڵاتییانەوە هەیە، یەعنی پرۆژەیەك بەروبومێکی وکوالێتیکی خراپ خوانەخواستە بخاتە ناو بازاڕەوە دەبێت دۆخی تەندروستی گشتی چی لێبیت، لەبەرئەوە بەراستی بابەتی سزاکە کەبەو شێوەیە تەحدید کراوە، لەبەر ئەوە بوو کە ئێمە رەچاوی دۆخی تەندروستی گشتیمان کردووە، بۆیە بەم شێوەیە تەحدید کراوە، سەبارەت بە وەرگرتنی بڕی سزاکە بە (٣٧) عەلەف دەبێت وە دەبێتە داهات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵیەوە وەردەگیرێت، من دەمەوێت لەبەرئەوەی زۆر قسە لەسەر ئەوەی کرا کە پرۆژەکان گەورەیی و بچووکی، یەعنی بەرێزان ئێمە حەتمەن لە بابەتی گەورەو بچووکی پرۆژەکاندا ئێمە رەچاوی بۆ دەکەین کە دەیکەین کە کەسێك بەیتێکی تایبەت بۆ خۆی دروست دەکات جیاوازە لەوەی کە کەسێکی دیکە دێت لەسەر رووبەری پێنج دۆنم زەوی یان مەسەلەن یان بە دۆنم یان بۆ نموونە پێنچ بەیتی گەورە دروست دەکات، بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی تێدا بکات، یەعنی ئەو حاڵەتانە رەچاو دەکرێت وە بۆ نموونە لەلای ئێمە ئەوەی کە لەلای وەزارەتی کشتوکاڵ گەڵاڵە کراوە بۆ ئەوەی کە ئاماژەی پێبدەم بۆتان وەکو نموونەیەك، بۆ نموونە لە خانووی پلاستیکی یان نابێت کە ئەوەی سەپەرشتیاری بۆی دادەنرێت پێنچ بەیتی کەمتر هەبێت، یەعنی ئەگەر پێنچ بەیتی زیاتر هەبوو ئەو کاتە سەرپەرشتیاری بۆی دادەنرێت لە پێنجەوە بەرەو ژوور، یان بۆ نمونە کێلگەیەکی پەلەوەری ئێمە نالێین کە (١٠٠٠) مریشکی خستە ناو دەواجینێکەوە و سەرپەشتیارێکی بۆی دادەنرێت، بەڵام لە (٦٠٠٠) مریشکەوە مەفروزە، بەراستی یەعنی سەرپەرشتیار هەبێت و رەچاوی دۆخی تەندروستی هاونیشتمانیان بکرێت وە رێنمایی بدرێتە خاوەن پرۆژەکان، ئەو هەر بۆ بەرچاوروونییە بۆ ئەوەی کە ئێوە بزانن ئێمە یەعنی حەتمەن ئەو تەعلیماتەش کە دواتر دەردەکرێت بە دراسەیەوە لە خۆمانەوە قەرار لەسەر دەرکردنی تەعلیماتەکان نادەین، سەبارەت بە ئەوەی کە بۆچی ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەت وەردەگرن هەموو پرۆژەیەك کە مۆڵەت وەردەگرێت ئەگەر ماوەی یاسایەکەی لە رۆژی دەستپێکی دەست پێکردنی رێکارەکان لە ماوەی ساڵێکدا کە کارەکانی خۆی تەواو نەکردبێت ناتوانێت پرۆژەکەی دابمەزرێنێت مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە، موناقەشەشمان لەسەر کاتەکەی کرد، بەراستی لەسەر (٩٠) رۆژ بۆ (١٢٠) رۆژەکە ئێمە پێمان باشە وەکوی خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەو موناقشەیەکی زۆری لەسەر کرا ئێمەش موبەریراتی خۆمانمان هەبوو، لەبەرئەوەی پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی کە کەمتەرخەمی تێدا نەکرێت وە پرۆژە خاوەنی پرۆژەکان بتوانن لەو ماوەی کە دیاری کراوە خۆیان بگونجێن و من دەبێت ئەوەشتان پێی بڵێم بەشێکی زۆری پرۆژە کشتوکاڵییەکان خۆیان تەلەبی ئەوەیان هەیە کە ئەم یاسایە بەرکاردەبێت بە زووترین کات بتوانن خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن، وەکو وتم ئیشکالاتی زۆر هەیە، یەعنی بەسەراحەت لە مەسەلەی سەرپەرشتیاری دا سەبارەت بەو پرسیارەی کە یەعنی بڵێین ئەو پرۆژانەی کە دەکەونە ئەو شوێنە دوورانە کە هەموومان دەزانین ئەوانەی کە دەرچوون، یەعنی بڵێین کە دەرچووەکانی کۆلێژکان بێت، یاخود پەیمانگاکان بێت، یاخود ئامادەبییەکان بێت، بەسەر شاروشارۆچکەو قەزاو ناحییەکان وگوندەکاندا دابەش بوون، تەسەوەر ناکەم لەو بابەتەدا بۆ دانانی سەرپەرشتیار هیچ کێشەیەکمان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی لێژنە یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سێ ملیۆنەکە بەو شێوەیە هاتووە، یەعنی بەو شێوەیە کە سێ ملیۆن بێت نە کەمترو نە زیاتر، پێمان باشە عادەتەن لە یاسادا کە دەسەڵات دەدرێتە وەزیر لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ئەو دەسەڵاتە تەقدیریەی کە دەدرێتە دادوەر لە دادگایەکان، ئەوە نەدرێت، بەراستی وەزیر رەقەمەکە دیار بێت، حەزدەکەم توزیحێکی تریش بدەم راستە لە لە سێ یەمدا کە باسی سێ ملیۆن دەکات، لێرە بەس بۆ ئەوە نییە کە پڕۆژە تەنیا سەرپەرشتیارێك بێنێت و مەجبور بێت سەرپەرشتیارێك دانێت، ئەگەر نا تووشی سزادانێك ببێت و بەڵکو موحتەمەل لەمەش موهیمتر مادده (٦) کەیە، چونکە لە ماددەی شەشیش دا ئەو سەرپەرشتیارە بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیە رێگر نەبێت لەبەردەم ئەوەی کە ئەو سەرپەرشتیارە موستەفید بێت لەو قانوونە کە لە ماددەی (٦)دا هاتووە، بۆیە لەگەڵ ئەوەیەن ماددەکە وەك خۆی بمێنێت، سەبەبەکەش ئەوەیە حەز ناکەین لە یاسادا کە دەسەڵات بە وەزیر دەدرێت ئەو سوڵتە تەقدیرییە بۆ وەزیر بەجێ بهێڵین و بدرێتە وەزیر وەکو چۆن لە دادگایەکان دەسەڵاتی تەقدیرییە دەدرێتە دادوەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بڕگەی یەکەم وەك خۆی حسیبە خان و سەرچنار خان ئاماژەیان پێدا لە جیاتی مۆڵەتی پڕۆژەی کشتوکاڵ مۆڵەت نادرێت بەبێ بوونی سەرپەرشتیار، بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی رێگا بە دەست بەکار بوونی پڕۆژەکان نادرێت بە سەرپەرشتیار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس ماددەی (٥) فەرموون.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار چاودێری ئەرکو پابەندییەکانی سەرپەرشتیاری خاوەن پڕۆژەی کشتوکاڵی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لە ماددەی پێنج هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆی بکات، رێبوار عبدالرحیم عبدالله، شوان کریم محمد، جنان جبار بویا.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەرکو پابەندییەکانی سەرپەرشتیار ئەمە تەحسیل حاسلە، خۆی خاوەن پڕۆژەکەی خۆی چاودێری دەکات دەیەوێت زۆر مولزم بێت، زۆر پابەند بێت بە ئەرکەکانی، بۆیە من بە پێویستی نازانم کە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار چاودێری ئەرك و پابەندییەکانی بکات، چونکە هەر بۆ خۆی خاوەن پڕۆژەکە دەکات، بەڵام بۆ خاوەن پڕۆژەی کشتوکاڵی من بەپەسەندی دەزانم کە پەیوەندیدار یان بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار چاوەدێری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جنان.

**بەڕێز جنان جبار بويا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج ئەمن پێشنیار دەکەم ئەوها بنووسرێت، بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار چاودێری ئەرك و پابەندییەکانی سەپەرشتیار و خاوەن پڕۆژەی کشتوکاڵ بکات، ئیزافەی دەکەمەوە راپۆرتی وەرزانە بنووسین بۆ جەنابی وەزیر لەسەر رەوشی پڕۆژەکە، ئایا ئەو پڕۆژە گەیشتە چ ئاستێکی لە پێشکەوتنی پڕۆژەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان کريم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار چاودێری ئەرك و پابەندییەکانی سەرپەرشتیار و خاوەن پڕۆژە و پڕۆژەی کشتوکاڵی دەکات، بەپێی ڕێنماییەکان، چونکە ئەوە تۆزێك کورتە ئەگەر ڕێنماییەکان بیانگرێتەوە فروانتر دەربێت دەتوانن زیاتر سوودی لێ وەرگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ مانەوەی ماددەکەین وەکو خۆی، چونکە لە راستیدا دووبارەی دەکەمەوە کێشەی ئێمە ئەوەیە کە ئێستا لە بەشێکی زۆری پڕۆژە کشتوکاڵییەکان گلەیی و گازاندەمان بۆ دێتەوە کە سەرپەرشتیارەکان ئەرکی خۆیان وەکو پێویست جێبەجێ ناکەن، بۆیە دەبێت لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەت بن، بۆ ئەوەی کە ئێمە مەسەلەن ئەو کەسەی کە دادەمەزرێت نابێت بڵێت من مانگانە دەچم لەکاتی وەرگرتنی کرێکەمدا، بەڵام لە رۆژەکانی تردا ئاگام لە پڕۆژەکە نییە، بۆیە مەفرووزە یەعنی ئێمە سەرپەرشتیارێکی واقیعی کە دواتر لە تەعلیماتدا ئەرکەکەی بە تەواوی دیاری دەکرێت، راپۆرتی خۆی بداتەوە وەزارەت وە پابەندی هەبێت لەگەڵ وەزارەت دابنرێت نەك سەرپەرشتیارێکی وەهمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی تایبەتمەند، لێژنەی یاسایی و لێژنەی کشتوکاڵ، ماددەی (٦) فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

مادده (٦):

پڕۆژەی کشتوکاڵی و سەرپەرشتیار دەکەونە ژێر باری حکومەکانی یاساییەکانی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقی ژمارە (٣٩) ساڵی ١٩٧١ هەموارکراوی بەرکار لە هەرێم یان هەر یاسایەکی دیکە جێگەی بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەرێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی (٦) گفتوگۆ بکات نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

روونکردنەوەیەك من ڤێتن سەر خانەنشینێ بەر چ، چونکە ئەگەر ئەم بەرێ خۆبدەینێ بڕگێ چوار ماددێ ئێك هەکۆ هاتی پرۆژێت کشتوکاڵی پێناسەکری گوتی بۆ ماوەیەکی دیارکری یان ژی ێ کاتی، یەعنی نەیێ بەردەوامە دێ چاوا ئەڤە هێتە گونجاندن گەڵ خانەنشینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کەسانەی کە لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن خۆتان دەزانن ئێمە یاسایەکمان هەیە یاسای ژمارە (٣٩) ساڵی ١٩٧١ بۆ ئەوەی کە دەستەبەری خانەنشینی بکەن، دەبێت خۆیان تۆمار بکەن لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار، بۆیە هەر کەسێك کە دەچێت لە کەرتی تایبەت کاردەکات کەی خۆی تۆکار کرد بڕێك لە مووچەکەی تەخسیس دەبێت بۆ سندووقی خانەنشینی، بۆ ئەوەی دەستەبەری مافی خانەنشین بکات لە دواییدا، بۆیە هەموو ئەو کەسانەی کە خاوەنی پڕۆژەی کشتوکاڵین یاخود لەناو پڕۆژەی کشتوکاڵییەکاندا کاردەکەن ئەو مافەیان لەناو ئەو ماددەیەدا بۆی پارێزراوە، ئەگەر کاتێکیش وازی هێنا حەتمەن مووچەکەی نامێنێت، ئەو کاتە بە پێی ئەو رێکارانەی بە پێی هەمان یاسا دیاریکراوە، یەعنی مافی پاراستنی بە حوکمەکانی ئەم یاسایە وە واز هێنانیشی دیاریکراوە لە ناو خودی ئەو یاسایەدا کە لێرە ئاماژەی پێکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی تایبەتمەند مادده (٧) فەرموون.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێزسەرۆکێ پەرلەمانی.**

مادده (٧):

حوكمەكانی ئەم یاسایە لەسەر نووسینگەو كۆمپانیا كشتوكاڵییەكان كە مامەڵە و بازرگانی بە پێداویستی كەلوپەلی كشتوكاڵی دەكەن كە جێبەجێ دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان لە ماددەی (٧) دا هەر بەرێزێك دەیەویت گفتوگۆی بكات، دابان محمد حسین، ظاهر محمد علی، رێبوار عبدالرحیم عبدالله، فەرمووو كاك مەم.

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارێكم لە وەزیری كشتوكاڵ هەیە ئایا حوكمەكانی ئەم یاسایە خاوەن پرۆژە كشتوكاڵییەكانیش دەگرێتەوەو ئەگەر دەگرێتەوە پێویستە لێرە جێگیر بكرێت، ئەگەر نایگرێتەوە حیكمەی چییە حوكمەكانی ئەم یاسایە لەسەر نووسینگەو خاوەن پرۆژە كشتوكاڵییەكان و كۆمپانیا كشتوكاڵییەكان كە مامەڵەو بازرگانی دەكەن جێبەجێ بكرێت، ئەگەر دەیگرێتەوە پێویست دەكات بە دەقی راشكاوانە بڵێین ئاماژە پێی بكرێت، ئەگەر ناشیگرێتەوە بڵێین لەبەر ئەوە نایگرێتەوە، لە كاتێكدا هەموو ئەو یاسایە هەم بۆ سەپەرشتیارەكانە وهەم بۆ خاوەن پرۆژە كشتوكاڵییەكانە و ئەگەر مەبەستتان لە كۆمپانیا كشتوكاڵییەكان و خاوەن پرۆژە كشتوكاڵییەكانە پێویست دەكرێت لە ماددەی یەك ئاماژە بە كۆمپانیاكان بكردایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك دابان.

**بەرێز دابان محمد حسین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ووشەی نووسینگە و زاید مامەڵە من ئەو تێبینیەم هەیە، چونكە تەعریفەیەكی فراوانە بۆ نموونە كەسێك كە نووسینگەیەكی هەیە مامەڵە بە گەڵاوە دەكات، تاوەكو خۆی كە سیم و تەڵبەن و زۆر شتی تر دەفرۆشێت دەیگرێتەوە تاوەكو ئەو نووسینگانە كە مامەڵە بە پێداویستی و كەلوپەلی كشتوكاڵی دەكەن، حەتا ئەوانەی كڕین فرۆشتن دەكەن، ئەم ووشەی نووسینگەیە روون نییە لای من، یەعنی ئەگەر تەعریف كرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك رێبوار.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە تێبینی دەكرێت لە دەقی ئەم پرۆژە یاسایە رێك بۆ سەرپەرشتیارو خاوەن پرۆژەكانە، بەڕاستی روون نییە مەبەست لە نووسینگەو كۆمپانیا كشتوكاڵییەكان چۆن حوكمەكانی ئەم یاسایە، ئایا نووسینگەكان و كۆمپانیا كشتوكاڵییەكان پرۆژەیان هەیە، بۆیە ئەم حوكمەكانی ئەم یاسایە بەسەریانەوە جێبەجێ ناكرێت پێویستم بە وەڵامێكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـادده (٧) حوکمەکـانی ئەم یاسـایە لەسـەر کۆمپانیـاو نووسـینگە کشـتوکاڵییەکان کە مـامەڵە و بازرگانی بە پێداویستی کەلوپەلی کشتوکاڵی دەکەن جێبەجێ دەکرێن، مـن پێشنیار دەکەم لە پـێش کەلـوپەلی کشـتوکاڵی بەرهەم هێنـانی بەروبـوومی کشـتوکاڵی ئەوەشـی لـۆ زیـاد بکرێـت، بەرهەم هێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو وەزیری کشتوکاڵ.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەساسـدا یاسـاکە بـۆ خـاوەنی پـڕۆژەی کشـتوکاڵییەکان دانـراوە، ئـێمە ئەو مـاددەیە بـۆیە ئیزافەمان کردووە لەبەر ئەوەی ئەو نووسـینگەیە کشـتوکاڵییانە لەگەڵ کۆمپانیـا کشـتوکاڵییەکان ئەوانەن کە پێداویستی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان دابین دەکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش بکەونە ژێـر ئەو حـوکمە یاسـایە، چـونکە بـۆ نمـوونە نووسـینگە کشـتوکاڵییەکان نووسـینەگەی فرۆشـتنی بـاغ و ڕەزوو ئەوانە نـاگرێتەوە، ئەوانە نووسـینگەی فرۆشـتنی دەرمـان و پێداویسـتی کشـتوکاڵ و مەوادی کشـتوکاڵینە لەگەڵ عەلەف و ئەوانە، ئـێمە مەبەسـتمان لەوانە ئەوە بـوو کە وازح بێـت خـودی یاسـایەکەش بـۆ پـڕۆژە کشـتوکاڵییەکان دانـراوە، و ئەو ماددەیەمـان بـۆیە دامانـناوە بـۆ ئەوەی کە پڕۆژەکـانی کشـتوکاڵی و کۆمپانیاکـانی هـاوردەکردنی بـۆ نمـوونە پەیـین و مـاددە قڕکەرەکان کە گلەیی و گازندەیەکی زۆری لەسەرە ئێستا لە هەرێمی کوردسـتاندا بیـانخەینە ژێـر حوکمی ئەم یاسایە و سەرپەرشتیاریان هەبێت، بۆ ئەوە کە یەعنی موتابەعەی بەروبوومەکانیـان بکرێت کە دەخەینە نـاو بـازاڕەوە کە دەڵێن ئەو کەرەستانەی دەفرۆشـن پـڕۆژە کشـتوکاڵییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند سەرنجێکتان نییە، ماددەی (٨) فەرموو.

**بەڕێز شوان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

پێویستە وەزیر ڕێنمایی ئاسان بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٨) هەر بەڕێزیك دەیەوێت گفتوگۆ بکات، ژیان طـاهر احمـد، گەلاوێـژ عبیـد عثمـان، مەم اسکندر مەم، فەرموو كاك عثمان کریم سوارە.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەی ڕستەکە پێویستە وەزیـر ڕێنمـایی بـۆ ئاسـان جێبەجـێ کردنـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەردەکـات، یەعنـی هەردووکیـان هەر تەلەبـن فەرمـان نیـیە، پێویسـتە دەربکـات ئەوەی کۆتـایی ئاخیری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) ووشەی پێویستە بەکارهێنراوە لە کاتێکدا فیعلەکەی کارەکەی کراوە دەردەکات، ئەو لە رووی داڕشتنەوە یەك ناگرن، بۆیە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بکرێت، پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، پێویستە لەسەر وەزیر پێویستە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە بەس (دەردەکات)، یەعنی ئەو دەبێتە فیعلێکی رابردوو دەربکاتن یەعنی و پرسیارێکیشم هەیە لە بەڕێز وەزیر، ئایا ئەو دەرچووانەی کۆلێژی کشتوکاڵی کە لە دەرەوەی زانکۆکەیەکانی کەرکووك و ئەوانە لە هەولێر دادەنیشن ئەوانیش دەگرێتەوە ئەم پڕۆژەیە، چونکە پرسیارێکی زۆرم بۆ هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) ئاماژە بە ئەوە کراوە کە ڕێنمایی دەردەکرێت، مادەم ئاماژەی پێکراوە خۆی لە رووی زمانییەوە مەسەلەی پێویستە لێرە ووشەی پێویستە، پێویست دەکات لابرێت، لەبەر ئەمە دەمەوێت تەوزیحێك بدەم روونکردنەوەیەکی کورت،دەرچوواندنی ڕێنمایی ئیجبارییە دەبێت وەزیر دەریکات ئیجبارییە، مەسەلەن من و تۆ پێویستە بچین بۆ بازاڕ، بەڵام کە ووتم دەچیت بۆ بازار ئەوە دەبێت بە ئەمر، یەعنی بە حوکمی ئەوە لێرە دەبێت بە فەرمان کە بەم شێوەیە بێت ئەمربێت بەسەر وە ئیجباریێت کە وەزیر دەریکات، پێویستە لابرێت وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەردەکات، دەردەکات رانەبردووی بەردەوامە بەس دەردەکات ئێستا چ ڕێنماییەکان دەبێت ئەبدێتیش بکاتەوە، وەساڵانە ئەگەر پێویستیشی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سیاغەی رستەکە بەڕێزان لە لێژنەی یاسایی مەعنین، بەڵام سەبارەت بەو پرسیارەی د. گەلاوێژ تەبعەن ئێمەمان هێشتنەوەی سەندیکاو کۆمەڵەکان، لەبەر ئەوە بۆ دوای ئەوەی کە لە

نێوان خۆماندا راوێژمانکرد سەراحەتن ئەوانەی کە دەرچووی کۆلێژەکانی کشتوکاڵن یاخود ڤێتەرنەرین یان پەیمانگاو ئامادەییەکانن خەڵکی هەرێمی کوردستان نین، یان خەڵکی دانیشتوانی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانین، یەعنی ناوەڕاست و خواروی عێراقن حەتمەن دەبێت فلتەرێك هەبێت بۆ ئەوەی کە بتوانین هەڵبژاردە بکەین لە پێدانی ئەو چەند سەرپەرشتیارەکان، بۆیە ئێمە ئەو حاڵەتەمان هێشتەوە بۆ کە دواتر بتوانین ئەمە یەکلایی بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی تایبەتمەند فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت، ئەوە هەڵەیەکی ئیملایی بوو، بۆیە لێرە چاك دەکەین پێویست بە پێشنیار ناکات لە راپۆرتدان ودەنگدان، حەزم کرد ئەو توزیحە بدەم، چونکە ئەگەر دانەنێن بە پێی پەیڕەو پێشنیارە ئیحتمالە تووشی رەخنە بین، بەس مەوزووعێکی ئیملایی بێت، حەرفێك بێت، پیتێك بێت ئەوە لێرە یەعنی لای خۆی، یەعنی وەك خۆی عیلاج دەکەین چاکدەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەو ماددەی (٩).

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان پێشنیازم هەیە وەکو چۆن بۆ ماددەی (٨) دیسانەوە دەبێت ئیجباری بێت، لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی تایبەتمەند ماددەی (١٠).

**بەرێز هەڵكەوت انور خليفە:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

كار بەدەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتۆگو لەسەر ئەم ماددەیە بكات، هیچ بەرێزیك نییە، ماددەی یازدە، فەرموون لێژنەی تایبەتمەند.

**بەرێز شوان كريم محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

ئەم یاسایە لە رێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستان جێبەجێ دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتۆگو لەسەر ماددەی (١١) دەكات. ماددەكەی دوای ئەو، ماددەی دەرچوواندن فەرموون.

**بەرێز هەڵكەوت انور خليفە**

**بەرێز/ سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچوواندن بەمەبەستی رەخساندنی هەلی كار بۆ خاوەن بڕوانامەی كشتوكاڵی و ڤێتەرنەری وە رێكخستنی زیاتری كەرتی كشتوكاڵی ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر هۆیەكانی دەرچوواندن بكات ناوەكان بنووسن، گەلاوێژ عبید عثمان، رێبوار عبدالرحیم عبدالله، اسماعیل علی طە، مەم اسكندر مەم، بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم)، فەرموو كاك اسماعیل.

**بەرێز اسماعيل علي طە:**

**بەرێز سەرۆكێ پەرلەمانی.**

ئەز تێبینی كەم یەعنی ئەز پێشنیار دكەم پەیڤا گەشە كرن پشتی رێكخستنێ بێتە كرن نەك بەس رێكخستن بەمەستی رەخساندنی هەڵی كاری بۆ خاوەن بڕوانامەی كشتوكاڵی و ڤێتەرنەری و رێكخستن و گەشەكرنا زیاتری كەرتی كشتوكاڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە گەلاوێژ.

**بەرێز گەلاوێژ عبيد عثمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاردەكەم بەمەبەستی رەخساندنی هەلی كار بۆ خاوەن بڕوانامەی كشتوكاڵی و ڤێتەرنەری و رێكخستنی زیاتری كەرتی كشتوكاڵی و بەرەو پێشبردنی كەرتی كشتوكاڵی و زیادكردنی بەرهەمی خۆماڵی بە شێوازی زانستی نوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پڕۆژە یاسایە کەرتی کشتوکاڵ وەکو مەفهوم کەرتی کشتوکاڵ کەرتێکی زۆر فراوانە ڕێك ناخەت، بەلکۆ بەشێك لە کەرتی کشتوکاڵ ڕێکدەخات کە بریتیە لە پڕۆژەکانی کشتوکاڵی بە هەردوو دیوی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی، جگە لەمەش خاڵێکی گرنگی تێدایە ئەویش مەسەلەی شیاندنە، شیاندنی تواناکانی کارمەندانی بواری کشتوکاڵی، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێ بکرێت سیغەکەی بە مەبەستی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خاوەن بڕوانامەی کشتوکاڵی و ڤێتەرنەری و ڕێکخستنی زیاتری پڕۆژە کشتوکاڵییەکان و شیاندنی کارمەندانی بواری کشتوکاڵی لە رووی توانای تواناو هونەرییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم لە هۆیەکانی دەرچوواندنە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵییەوە هەڵبەتە ئەولەویەت بۆ شتێکە بۆ ڕێکخستنی کشتوکاڵییە ئەولەویەتی هەیە ئەوانەی کە هەلی کار بدۆزیتەوە، ڕەنگە بە تێکرای پڕۆژەکە لە کوردستانە نزیکەی هەزار کەس سوودمەند نەبێت لەو مەسەلەیە، ڕەنگە ژمارەیەکی دیاری کراوە، بەڵام ڕێکخستنەوەی کەرتی کشتوکاڵی زۆرینەی خەڵکی کوردستان لێی سوودمەند دەبێت، بۆیە ئەولەویەت دەبێت بەم شێوەیە بێت، بەمەبەستی ڕێکخستنی زیاتری کەرتی کشتوکاڵی و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خاوەن بڕوانامەی کشتوکاڵی و ڤێتەرنەری دەرئەچێندرێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی تەواوی ووتەکانی بەڕێز کاك د. ڕێبوار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکرالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێشنیارەکەی کاك د. ڕێبوارمان زۆر پێ باشە وەکو ئەوەی کە پێشنیاری کرد و دەشمەوێت سەرۆکی پەرلەمان پێش ئەوەی کۆتایی بە جەلەسەکە بێنێت، زۆر زۆر سوپاسی لێژنەی یاسایی سەرۆك و ئەندامانی لێژنەی یاسایی بکەم کە لە هەموو قۆناغەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە زۆر زۆر هاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵیان کرد، سوپاسی ئەو ئەندامانی لێژنەی کشتوکاڵ

دەکەم کە لە پـڕۆژە یاسـایەکەدا هاوکاریـان کـردین، ئەو ئەنـدامانەی کە لە لیـژنەی کشـتوکاڵی پەرلەمانی کوردستانن وە ماندوبوون لەگەڵمان، بۆیە پێم خۆش بوو لە کۆتاییدا سوپاسیان بکەم و دەست خۆشیان لێدەکەم و ان شأ الله ئەو هەماهەنگیە بەردەوام دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ جانابیشت، فەرموون لێژنەی تایبەتمەند بچنەوە جێی خۆتان، فەرمـوون کاك بژار کاك عبدالستار بچنەوە جێگای خۆتان.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پشـتگیری پێشـنیارەکەی کـاك د. ڕێبـوار دەکەم، پـێم وایە دەقـیقە بـۆ ئەم بـابەتەو دەسـت خۆشـیش بـۆ هەمـوو لایەك سوپاسـتان دەکەیـن، ئەوانەی کە هاوکـار بـوون بەتـایبەتیش لێـژنەی یاسـایی ولە هەمـان کاتیشـدا هەم کـۆمەڵەی کارمەنـدانی ڤێـتەرنەری وکـۆمەڵەی پزیشـکانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس فەرموو بچنەوە جێی خۆتان، بەڕێزان سەبارەت بە خاڵی سێیەم لە بەرنـامەی کار لەبەر ئەوەی نیساب نییە کە بـۆ دەنگدان پێویسـتیمان بە نیسـاب هەیە، بـۆیە ئەم بـڕگەیەش دەخەینە بەرنامەی کاری سبەینێ، بەو شێوەیە کۆتایی بە دانیشتن دێنین، سـبەینێ سـەعات (١١) دانیشتنمان هەیە.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)ی**
**چوارشەممە ڕێکەوتی ٨\١٢\٢٠٢١**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)
# چوارشەممە رێكەوتی ٢٠٢١/١٢/٨

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٢١/١٢/٨ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی یەكەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی بیست، ماددەكان (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٥٢) ماددەكان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوارشەممە رێكەوتی (٢٠٢١/١٢/٨) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ دەست لە كار كێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (سیروان فرج محمد) لە ئەندامییەتی لیژنەی پەیوەندییەكانی رەوەندی كوردستانی بە پێی حوكمی ماددەی (٢٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

دووەم/ خستنەڕووی بەدواداچوون و راسپاردەی هەردوو لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم سەبارەت بە هێرشەكانی رێكخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش بۆ سەر سەنگەرەكانی پێشمەرگە.

سێیەم/ خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی كوردستان بە پێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

چوارەم/ خستنەڕووی بەدواداچوونی لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری سەبارەت بە داهاتەكانی هەرێمی كوردستان، وە پێی حوكمی خاڵی یەكەم لە بڕگەی یەكەمی ماددەی (٤٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیایدا بە زیادكردنی بڕگەیەك بە ریزبەندی پێنجەم بۆ بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی (٢٠٢١/١٢/٨) بەم شێوەی خوارەوە.

پێنجەم/ خوێندنەوەی بەیاننامەی لیژنەی كاروباری شەهیدان و جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی لە ساڵرۆژی رێكەوتننامەی تاوانی جینۆساید و سزادانی بكەرانی لە (١٩٤٨/١٢/٩).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١١)ی وەرزی پاییزە ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین سەرەتا دەرفەت دەدەینە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کە بەرنامەی کار پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادە نەبووان بخوێنێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی بیست، ماددەکان (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٨) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ دەست لە کار کێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (سیروان فرج محمد) لە ئەندامییەتی لیژنەی پەیوەندییەکانی ڕەوەندی کوردستانی بە پێی حوکمی ماددەی (٢٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم/ خستنەڕووی بەدواداچوون و ڕاسپاردەی هەردوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم سەبارەت بە هێرشەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

سێیەم/ خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسایی هەمواری یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

چوارەم/ خستنەڕووی بەدواداچوونی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری سەبارەت بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان، وە پێی حوکمی خاڵی یەکەم لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیایدا بە زیادکردنی بڕگەیەك بە ڕیزبەندی پێنجەم بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٨) بەم شێوەی خوارەوە.

پێنجەم/ خوێندنەوەی بەیاننامەی لیژنەی کارووباری شەهیدان و جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی لە ساڵرۆژی ڕێکەوتننامەی تاوانی جینۆساید و سزادانی بکەرانی لە (١٩٤٨/١٢/٩).

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی بە پێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٧) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

یەکەم/ دەستپێکردنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم/ خوێندنەوەی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم/ دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم/ وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
پێنجەم/ وتەی بەڕێز (Gilbert Mitterrand)
شەشەم/ خوێندنەوەی وتاری بەڕێز سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان.
حەوتەم/ خوێندنەوەی وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەڕێز سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.
هەشتەم/ خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسایی سەرپەرشتی کردنی پڕۆژەکانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.
نۆیەم/ دواخستنی بڕگەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەمی بەرنامەی کار.
دەیەم/ کۆتایی هاتنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز جێگری سەرکی پەرلەمانی کوردستان.
لیستی ئامادەبووان و ئامادەنەبووانی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٧) مۆڵەتدراوان بەڕێزان (شایان کاکە صالح، لەنجە ابراهیم، مسلم عبداللە رسول، سەرکۆ ازاد حسێن، هەورامان حمە شریف، سفین اغا عمر، کاظم فاروق نامق) ئامادەنەبوو بە بڕیاری ژمارە (٢)ی (٢٠٢١)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاماژە بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٨)، داواتان لێ دەکەم ڕەزامەندی بفەرموون لە سەر ئەوەی کە بڕگەی پێجەم بخرێتە بڕگەی یەکەم، بۆ ئەوەی بەیاننامەی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە بڕگەی یەکەمدا بخوێنرێتەوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس، فەرموون بەڕێزان لە لیژنەی شەهیدان، بەڵێ بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی بەیاننامەی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە ساڵڕۆژی ڕێکەوتننامەی تاوانی جینۆساید و سزادانی بکەرانی (١٩٤٨/١٢/٩) فەرموون بەڕێزان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ساڵڕۆژی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی بکەرانی لە (٩ی کانونی یەکەمی ١٩٤٨) لە ئەیلولی ساڵی (٢٠١٥) نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریدا کە ڕۆژی (٩ی کانونی یەکەم)ی هەموو ساڵێك بکاتە ڕۆژی جیهانی زیندوو ڕاگرتن و ڕێزلێنان لە قوربانیانی تاوانی جینۆساید هەر لەو ڕۆژەشدا بوو کە لە ساڵی (١٩٤٨) ڕێکەوتننامەی قەدەغە کردنی تاوانی جینۆساید، وە سزادانی ئەنجامدەرانی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ وڵاتانی جیهان خرایەڕوو، تا بە ڕێگای ئیمزاکردن و پەسەند کردنییەوە بە مادده و حوکمەکانی پابەند بن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەك ئاشکرایە تاوانی جینۆساید بە یەکێك

له تـاوانه نێـودەوڵەتییە مەترسـیدارەکان لەسـەر کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی دادەنرێـت، چـونکە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە سڕینەوە و لەناوبردنی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان لە سـەر بنەمـای ناسنامە و شوناس، جا ئەو شوناسە نەتەوەیی، ئایینی، تایفەیی، رەگەزی یا هەر شتێکی دیـکە بێـت ئەوەش پێچەوانەی هەموو بەها و باوەڕە بەرزەکانە کە مرۆڤایەتی بە ئایین و شارستانیەت و هـزرە هەرە گەش و جوانەکـانی لە رەوتـی هەزاران سـاڵەی پێشـکەوتنی خۆیـدا لە بـارەی رێکخسـتنی نێـوان مرۆڤەکان و دابینکردنی ئاشتی و دادپەروەری لە نێـوان تـاك و گروپەکانـدا پێگەیشـتووە، چـونکە مرۆڤەکـان هەرچەنـدە لە رووی بـایۆلۆجی رەگەز و بیـرو باوەڕەکانیـانەوە یـا شـوێن و شـێوازی ژیانیـانەوە لێـك جیـاواز بـن ئەوە نـابێتە پاسـاو تـا کۆمەڵێـك کـۆمەڵێکی دیـکە بە پاسـاوی ئەو جیاوازیانە لەناویان ببات و لە ژیان بیانسڕێتەوە بەڵکو مرۆڤ بوون لە هەموو سات و کـات و بە هەمـوو شـێوازێك بێـت بەسـە بـۆ ئەوەی رێـزی لـێ بگیرێـت و بپارێزرێـت و بە یەکسـانی سـەیر بکرێت، وە دەرفەتی تەواوی ژیانی پـێ بـدرێت، بەرێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان لە گەڵ ئەوەی کە شێواز و مەترسی تاوانی جینۆساید لە دێرزەمانەوە بۆ مرۆڤایەتی ئاشکرا بووە ئەوەتا ئایینەکـان هزرمەند و فەیلەسوفەکان، شارسـتانییەتە مـرۆڤ دۆسـتەکان هەمیشـە جەختیـان لە سـەر ئەوە کردۆتەوە کە مرۆڤەکان یەکسانن خوشك و برای یەکترین دەبێـت رێـز لە بیـر و بۆچـوون، رەگەز، شێوە و رەنگیان بگیرێـت، بەڵام بەداخەوە زۆری ویسـت تـا ویژدانـی مرۆڤـایەتی لە دوای تـاوانە گەورە و بـێ وێـنەی جەنگەکـان یەکەم و دووەم تـوانی بە خەبەر بێـت و بە جـدی بیـر لە رێـگە چارەی یاسایی و کاریگەر بکاتەوە بۆ قەدەغە کردن و رێگریکـردن لە ئەنجامـدانی ئەو تـاوانە، وە سـزادانی بکەرەکـانی ئەوەش وەك رێـگەیەك بـۆ رێزگـرتن لە مـافی قوربانییەکـانی ئەو تـاوانە و هێنـانەدی دادپەروەری و ترسـاندنی دەسـەڵاتداران لە ئەنجامـدانی تـاوانی مەترسـیداری لەو چەشـنە، ئەوە بـوو کە لە (٩)ی کـانونی یەکەمـی سـاڵی (١٩٤٨) نەتەوە یەکگرتووەکـان وەك هەنگاوێـك بـۆ بەدیهێنـانی ئاشـتی و ئاشـتەوایی لەنـاو کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی و رێگریکـردن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی بیر و باوەڕی شەڕانگێز و تاوانی کۆمەڵکوژی مرۆڤەکـان رێکەوتننـامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سـزادانی بکەرانـی بـۆ کومەڵگـای نێـودەوڵەتی خستەڕوو لەو سـونگەیە کە بەرەوڕوو بـوونەوەی تـاوان و بکەرەکـان ئەرك و بەرپرسـیارییەتی بەکـۆمەڵی مرۆڤـایەتییە، چـونکە ئەزمـوونی تـاڵی جەنگەکـان دەریانخسـت کە مرۆڤـایەتی لە لێـواری لە نـاوچوونێکی گشـتیدایە و رق و کیـنە و رەگەزپەرسـتی خەریـکە وێرانـی دەکـات، بـۆیە دەبێـت هەمووان بە شێوەیەکی رێکخراوانە و بە پێـی رێکـاری یاسـایی تونـد بەرەنگـاری ئەو مەترسیانە ببیـنەوە کە لە پێشـیانەوە تـاوانی جینۆسـایدە، ئەوەی جێگـای ئامـاژە پێـدانە ئەم رێکەوتـنە هەنگـاوێکی مەزن بـوو، چـونکە ئەو بـۆ یەکەم جـار بـوو کە لە دێکـۆمێنتێکی نێودەوڵەتیـدا پێناسەیەکی یاساییانەی ورد بۆ تاوانی جینۆساید بکرێت بەوەی کە بریتییە لە سەرجەم ئەو کـار و کـردەوانەی کە لە لایەن بکەرەکـانییەوە بە مەبەسـتی نـاوبردنی تـاوان تەواو یـان بەشـێك لە گروپێکـی نەتەوەیـی ئیتنـی رەگەزی یـان ئـاینی ئەنجـام دەدرێـت، هەروەهـا مەرج و روکنەکـانی تاوانەکـانی جینۆسـاید و شـێواز و جـۆری بکەرەکانیشـی دیـاری کـردووە و داوای لە دەوڵەتەکـان کردووە ئیتر لەمەودوا پێویستە تاوانەکانی جینۆساید وەك تاوانی نێـودەوڵەتی دانـی پێـدا بنـێن، وە پەیمـان بـدەن کە پابەنـد بـن بە ئەحکامەکـانی مـاددە و بڕگەکـانی و هەمـوو رێ و شـوێنێکی

دەستووری و یاسایی پێویست بگرنەبەر بۆ گەرەنتـی کردنـی جێبەجـێ کردنـی و رێگریکـردن لە ئەنجامـدانی و سـزادانی بکەرانیـان بە پێـی دادگـایەکی نیشـتیمانی یـان نێـودەوڵەتی، جـا ئەو بـکەرانە فەرمـانڕەوایی دەسـتووری بـن یـان فەرمـانبەری گشـتی دەوڵەت بە بـێ ئەوەی کە هـیچ پارێزبەنـدییەك بیـانگرێتەوە، پاشـان ئەو رێکەوتننـامەیە لە سـاڵی (١٩٥١) بەرکـار بـوو عێـراقیش یەکێکە لەو وڵاتـانەی کە لە (٢٠)ی کـانونی دووەمـی سـاڵی (١٩٩٥)ەوە ئیمـزای کـردووە هەرچەنـد ئەو هەوڵانەی کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی بەرز دەنرخێنـرێن وە بە هەنگـاوێکی بـاش بـۆ ئاراسـتەی ئاشتەوایی و دادپەروەری و نەهێشتنی تاوانەکانی جینۆساید سەیر دەکەین، بەڵام دەبێـت بڵێـین بەداخەوە ئەگەر لە مەرج و کردارەکـــانی تاوانەکـــانی جینۆســـاید کە لە رێکەوتنـــامە نێودەوڵەتییەکان و پەیڕەوی بنەڕەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی سیستەمی رۆما کە لە سـاڵی (١٩٩٨) پەسندکرا ورد ببینەوە تاوانەکانی جینۆسایدی بەوە دیاری کردووە کە بریتین لە کوشتنی ئەندامانی گروپێك، ئازاردانی جەستەیی و روحی مەترسیداری ئەنـدامانی گروپێـك، گروپێـك بە ئەنقەست بخرێتە بارودۆخێکی ژیان و گوزەرانی وەهـاوە کە مەبەسـت لێـی لەنـاو بردنـی تەواو یان بەشـێکی بێـت گـرتنە بەری رێ و شـوێن بە مەبەسـتی رێگریکـردن لە وەچە خسـتنەوە لەنـاو گروپێکدا یـان گواسـتنەوەی منـداڵانی گروپێـك بە تـۆپزی بـۆ گروپێکـی دیـکە بە بەراورد کردنـی هەموو ئەو کردەوانەی سەرەوە بەو تاوانانە کە لەلایەن رژێمە یەك لەدوایـی یەکەکـانی عێـراق لە سەدەی رابـردوو بە گشـتی و لە دوای هـاتنە سـەر حـوکمی بەعـس بە تـایبەتی لە بەرامـبەر گەلـی کوردسـتان ئەنجامـدراون روون و ئاشـکرایە کە بەداخەوە گەلـی کوردسـتان لە عێـراق لە ژێـر سایەی بێدەنگی جیهاندا بە بێ شك بەرەو رووی تاوانەکانی جینۆساید بۆتەوە و نکـۆڵی ناکرێـت لەوەی کە ئەو تاوانانە بە مەبەستی سڕینەوە و لەنـاو بردنـی گەلەکەمـان ئەنجامـدراون، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمــان تاوانەکـانی لەنـاو بـردن و تەسـفیر کردنـی بە زۆرەملـێ و بە کـۆمەڵی فەیلییەکان، کۆمەڵکوژی زیاتر لە هەشت هەزار بـارزانی سـقیل لە گـۆڕە بە کۆمەڵەکـانـدا، خـاپوور کردنی زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد گوند و شارۆچکە و بەزۆر راگواسـتنی دانیشـتوانەکانیان بۆ ئۆردیگا زۆرە ملێکان بە مەبەستی هەڵتەکاندنی بنیادی کۆمەڵگاکانیان بە بێ گەرەنتـی کردنـی ژیانیان، تەعریب کردنـی بەشـێك لە گونـد و شـارە هەرە دێرینەکـانی کوردسـتان و زەوت کردنـی خاکەکانیان و نیشتەجێ کردنـی کەسـانی نـامۆ لێـی، هەروەهـا بەکـار هێنـانی چەکـی کیمیـایی لە هەڵەبـجە و ناوچەکـانی دیـکە بە مەبەسـتی سـوتاندنی مـرۆڤ و ژیـنگەی کوردسـتان، گـرتن و راگواستن و بێ سەر و شوێنکردن و زیندە بە چاڵکردنی سـەد و هەشـتا و دوو هەزار کوردسـتانی سڤیل لە پرۆسەکانی بەدناوی ئەنفالدا دوای جیاکردنەوەی ژن و منداڵ و پیاوەکانیـان لە یەکتـری هەموو ئەو تاوانانە ئەگەر جینۆساید کردنی گەلی کوردستان نەبن ئەوە مانای بۆ پێناسە کـردن و دیــاری کردنــی مەرج و کردەوەکــانی تــاوانی جینۆســاید لە رێکەوتنــامە نێودەوڵەتییەکانــدا نامێنێتەوە، ئەوەی جێی ئاماژە کـردنە لەم بـۆنە بەرزە جیهـانییەدا و لەم سـەکۆی ئیـرادەی گەلـی کوردستانەوە سەرڕای ئەوەی کە لە دیبـاجەی دسـتووری کۆمـاری عێراقـدا ئامـاژە بە بەشـێك لەم تاوانـانە کـراوە و دادگـای بـاڵای تاوانەکـانی عێـراقیش لە (٢٠١٩/١١/٢٩) بەشـێك لەو تاوانـانەی بە جینۆسـاید ناسـاندووە، هەروەهـا لە (٢٠٠٨/٤/١٤) ئەنجـومەنی نیشـتیمانی عێـراق و پەرلەمـانی کوردستان بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی ئەنفالیان دەرکـردووە، بەڵام هێشـتا حکـومەتی عێـراق

كە میراتگـری یاسـایی حكومەتەكـانی پـێش خـۆیەتی بە فەرمـی داوای لێبـوردنی لە گەلـی كوردستان نەكردووە و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی قوربانییەكان و ناوچەكانیانی نەكردۆتەوە، سـەرەڕای ئەوەی كە پێویستـە پەرلەمـانی عێـراق وەك گەرەنتیـیەك تـا جـارێكی تـر گەلەكەمـان دووچاری جینۆساید نەبێتەوە بە رێگای دەركردنی یاسایەكی تـایبەتەوە تـاوانە نێودەوڵەتییەكـان بە گشتی و تاوانەكـانی جینۆسـاید بە تـایبەت بە تـاوان بناسـێنێت و قەدەغەیـان بكـات و سـزای تونـدی هەر كەسـێك بـدات كە ئەنجامیـان دەدات، هەروەهـا مـافێكی دەسـتووری گەلـی كوردستانیشە كە زیان لێكەوتووانی ئەو تاوانانە چاودێری بكرێن و ژیانیـان بـۆ دابین بكرێـت و ناوچەكانیان ئاوەدان بكرێتەوە، هەر لێرەشـەوە داوا دەكەیـن كە جینۆسـایدی كـوردانی ئێـزدی لە ساڵی (٢٠١٤) بە فەرمی بناسێنێت، وە ناوچەكانیان ئـاوەدان بكـاتەوە كە بە دەسـتی داعـش كـاول كـراون كـارێكی وا بكـات خێزانەكانیـان كە پتـر لە حەوت سـاڵە لەبەر نائـارامی بـارودۆخی ناوچەكانیـان لە كەمپەكانـدا دەژیـن بتـوانن بە پـارێزراوی و ئـارامی بگەڕێـنەوە زێـدی خۆیـان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەو منبەرە بە پێویستـی دەزانـین كە سوپاسـی هەمـوو ئەو وڵاتـانە بكەیـن كە ئەو تـاوانەی دەرحەق بە گەلەكەمـان كـراوە بە جینۆسـایدیان ناسـاندووە و داوا لە كۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەكەین كە هاوشێوەی ئەو وڵاتـانە ئەو تـاوانەی دەرحەق بە گەلەكەمـان كراون بە جینۆساید بناسێن، وە پشـتیوانی گەلەكەمـان لە ناوەنـدە نێودەوڵەتییەكانـدا بـكەن بـۆ قەرەبوو كـردنەوەی قوربانیەكانمـان و هاوكارمـان بـن لە سـڕینەوەی شـوێنەواری ئەو تاوانـانە لە سەر گەلەكەمان و ئاوەدانكردنەوەی ناوچەكانیـان لە لایەكـی دیكەشـەوە پێشـنیار بـۆ پەرلەمـانی كوردسـتان دەكەیـن كە بە رێـگەی یاسـاییەكی تـایبەتەوە تـاوانە نێودەوڵەتییەكـان بە تـاوانی جینۆسایدەوە لە سیستەمی یاسـای هەرێمدا دەق بكـات و سـزای تونـد و پێویسـت بـۆ بكەرانـی ببڕێتەوە ئێمەش وەك پەرلەمان و لیژنەی شەهیدان پلانی تایبەتمـان هەیە، وە دەمانەوێـت كـاری جدی لە سەر بكەین، چونكە گەلی كوردستان پتر لە هەر گەلێكی دیكەی ئێستای جیهـان قوربـانی ئەو تاوانـانە بـووە ئەوە سـەرەڕای ئەوەی كە داوا لە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان دەكەیـن بە رێگای پلانی تایبەتەوە كار بكات بـۆ بە جینۆسـاید ناسـاندنی تاوانەكـانی دەرحەق بە گەلەكەمـان كراوە لەگەڵ پشتیوانی كرد و هاوكاری كردنـی كەس و كـاری قوربانیەكـان بە قەبـارەی ئەو زەرەر و زیانـانەی كە لە رووی مـادی و مەعنەویـیەوە پێیـان كەوتـووە بـۆ سـڕینەوەی شـوێنەواری ئەو تاوانـانە لە سـەر ژیـان و ناوچەكانیـان و دەسـتپێكردنەوەی ژیـانێكی گونجـاو و شایسـتە بۆیـان نەفـرەت لە ئەنجامـدەرانی تـاوانی جینۆسـاید و تـاوانی مرۆڤـایەتی و تـاوانی جەنـگ لیـژنەی كاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمـانی كوردسـتان (٢٠٢١/١٢/٨)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ لیژنەی شەهیدان دەست خۆش سوسن خان، بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان دەست بە جێبەجێ كردنـی بڕگەیەكـی تـری بەرنـامەی كـار دەكەیـن كە بـریتییە لە دەسـت لە كـار كێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (سیروان فرج محمد) لە ئەندامێتی لیژنەی پەیوەنـدییەكان و رەوەندی كوردستانی بە پێی حوكمی ماددەی (٢٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردسـتان، هەر بەڕێزێكی لەگەڵە كێ لەگەڵدایە؟ سـەبارەت بە پەشـیمان بـوونەوە لە ئیسـتیقالە بـۆ كەسـێك

دەبێت کە ئیستیقالەی لە پەرلەمان کردبێت، بەڵام بۆ لیژنە هیچ ماددەیەکی پەیڕەوی نییە ئیتر ئەوە خۆتان دەزانن، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ دەست لە کار کێشانەوەی کاك (سیروان)ە با دەست بەرز بکاتەوە، بەڕێزان بە دەنگی (٥١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسند کرا، چونکە (٩٢) کەس لە ژوورەوەیە هیچ ماددەیەکی پەیڕەوی نییە بۆ پاشگەز بوونەوە لە ئەندامییەتی پاشگەز ببێتەوە نازانم چی بکەم بە راستی هیچ دەسەڵاتێکم نییە، بەڕێزان داوا لە سەرۆکایەتی هەر دوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوچە کوردستانییەکان دەکەین بفەرموون بێنە شوێنی خۆیان بەڕێزان ئاماژە بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٨) داواتان لێ دەکەین کە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو دانیشتنە بە داخراوی بێت بە تەنها پەخشی نەڕوات ئەگینا نهێنی نابێت با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ سەبەبەکەش ئەوەیە ئێمە باسی سەنگەر دەکەین باسی پێشمەرگە دەکەین بەڵێ زۆر سوپاس پەسند کرا کاك یاسین فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئەوەت خستە دەنگدان بە داخراوی با کەسیش بە موبایلی تەسویر نەکات ئەوە پێشنیارێك...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، ئەوە پەیوەندی بە ئەخلاقی سیاسی هەر هەمووومانەوە هەیە.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

میللەتی ئێمە ئازادی و ژیان و نانی دەوێت یەعنی بە راستی مەعقول نییە لە کوردستان گاز هی خۆمان بێت مەعمەلەکە هی خۆمان بێت، یەعنی بتڵە غاز بە دە هەزار بێت، بۆیە داوا لە لیژنەی سامانە سرووشتییەکان دەکەم بەدواداچوونێك بۆ ئەوە بکەن ئەوە بە ئاسایی وەرمەگرن خەڵك هەیە پارەی شیری نییە، خاڵێکی ترم هەیە ئێمە هەموو ساڵێك یادی ئەنفال و جینۆساید دەکەینەوە، بەڵام بەداخەوە بکەرانی ئەوانە کە ئەنفالیان کردووە و بەشدار بوون هەتا ئێستاش لە کوردستان تەلەتین دەکەن بە راستی حەق وایە دادگا سەروەر بێت و بیاندەنە دادگا، خاڵێکی تر ئەو راپۆرتەی ئەو خوشکە خوێندییەوە دۆڵی بالیسان و جافایەتی و دۆڵی مەلەکانی تێدا نەبوو ناکرێت تۆ راپۆرتێك بخوێنیەوە لە پرۆتۆکۆڵ بنووسرێت ئەو سێ شوێنەی تێدا نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوانیش بەدەر نەبوون لە ئەنفال و جینۆساید، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای بەدواداچوون ئیزافەی بکەن، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێك کە خاڵی پەیڕەوی دەگرین، یەعنی بابەتێکی گشتییە دەمانەوێت چارەسەر بکرێت، بەڵام هەر ئەوە بێت کە دەقیقەیەك قسە بکەین و ئیتر قسەکانمان هەر وا بڕوات و هیچ ئیستیفادەی نەبێت هەر لە ئێستاوە نەڵێین باشترە نموونەش لەسەر ئەوە بۆ نموونە ئەگەر هەر خەمی خەڵکە ئەو یادداشتانەی کە ئێمە بە پێی ماددەی (٦٦) دەدەین بە سەرۆکایەتی پەرلەمان

که کاری له سەر بکرێت و له رۆژانه پێنج شەممان دانیشتنی بۆ بکرێت، بەڵام هیچ جوابێك نییە بۆ نموونه فەرمانبەرانی گرێبەست ئەگەر ئێمه باسیان بکەین چەند یادداشتمان داوه بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و وتوومانه کەیسی ئەمانه یەکلایی بکرێتەوە، وە داتایەکی پێویستمان خستۆتەڕوو بۆ ئەوەی که بارگرانی دروست نەکەن بۆ ئەوەی بکرێن بە هەمیشەیی که بیست و شەش هەزار فەرمانبەرن، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران هەتا متمانەی بەو داتایەی وەزارەتی دارایش نییە که دەڵێت دوو ملیار دەگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت جارێکی تر داوای کردووە وەزارەتی دارایی دەڵێت پێش دابەش کردنی مووچەی مانگی یازده داتام بدەنەوە بۆ ئەوەی چارەنووسیان دیاری بکرێت، بەڵام له هەمان کاتدا مانگی یازدەش خەریکه بە کۆتایی دیت، بەڵام ئەمانه هیچ چارەنووسێکیان دیار نییە، ئێمەش نه ئەوەیه قسه له سەر یادداشتەکان بکەین نه بتواین کارێك بۆ ئەم چین و توێژانه بکەین که پەنا بۆ پەرلەمان دەبەن، داواکارین که چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم بابەته بکەن، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان دڵنیاتان دەکەم حکومەت بەرنامەی هەبێت گرێبەستەکان دابمەزرێنێت نایەڵێن ببێته دەستکەوتی پەرلەمان، توخوا بەسه ئیتر ئەوە پەخش نییە لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم بەڕێزان وەکو سێ یەکەمەکان، فەرموو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، من دوو شتم هەبوو باسی بکەم پەخش نییە بۆیە باس دەکەم ئەگەر پەخش بوواية دڵنیا بە که باسم نەدەکرد، بۆ ئەوەی کەس تێنەگات که دەیانشکێنمەوە بۆ شکاندنەوە نییە، بەڵام دووەم جاره بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەڵێم یەعنی کات دادەنێم بۆ جەلسەی پەرلەمان چل دەقه نیو سەعات بەسەردا دەڕوات جار وایه سەعاتێك دەڕوات ئینجا جەلسەی پەرلەمان دەکرێت وا مەکه من خەتاباری یەکەم من به خوشکی خۆم دەزانم بۆ تۆی دەڵێم تۆ سەرۆکی پەرلەمانی که هاتی ئەگەر ئێمه نەهاتین عقوبەمان بده و غیابمان بده،، بۆ ئەوەی جارێکی تر جەلسەکان بەرێکی و دروستی بڕوات ئێمه لێرەین بۆ ئەوەی کوردستانێك تەنزیم بکەین خۆمان وامان کردووە ئیلتیزام به کات ناکەین ئەوە یەك، دوو سەبارەت به جیاکاری من هاوڕای هەموو قسەکانی برای بەڕێزم کاك یاسینم بۆ ئەوەی له سلکی حیزبایەتی دەربچین که کەسێك قسەی باشی کرد پێشنیاری باش و له جێی کرد با هاوڕای یەکتری بین بۆ باشه هاتووینه ئێره بۆ ئەوە هاتووین گۆڕانکارییەك بکەین و جوانکارییەك بکەین له هەموو شتکانی کوردستان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم تەواو نەبووە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناڵێی ئیلتیزام بە کات بکەین کەوا کاتەکەت تەواو بوو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەر خاتری ناوی پێشمەرگە هێشتا کاتم پێ بدە.

لە راپۆرتی پێشمەرگە قسە بکە، سەبارەت بە ئامادەبوونی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی خۆی ئێمە هەردوو ئەو فەرمانبەرە بەڕێزەمان راسپاردووە دەڵێن کە بوو بە پەنجا و سێ پێمان بڵێن ئێمە دێین پەنجا و شەشەکە تەواو دەکەین، بەڵام لە تەئریخی ئەو پەرلەمانە نەبووە سەرۆکایەتی بێت ئەوا دانیشێت هەتا دانە دانە ئەندام پەرلەمان دێتە ژوورەوە پەنجا و سێ کەس لە ژوورەوە بوو ئێمە دێین پەنجا و شەشەکە تەواو دەکەین زۆربەی فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەکانی خۆیان دەخەنە ئەو کاتەی کە جەلسەیە ئەو رۆژەی کە جەلسەیە بۆ نمونە یازدە جەلسەیە ئەوان دە کۆبوونەوە دادەنێن تەواو نابن کۆبوونەوەکانیان، لێرەوە داواتان لێ دەکەین بە فەرمی کە مەوعدێك بۆ کۆبوونەوە دادەنرێت رێك لە کاتی خۆی لێرە بن ئەگەر ئێمە نەهاتین گلەییمان لێ بکەن، بەس مەنتقە ئێمە بێن دانیشین دانە دانە و دوو دوو ئەندام پەرلەمان بێتە ژوورەوە؟

کە تۆ هاتی ئێمە شەرم دەکەین نەیێن هێشتا نۆزدە سانیەم ماوە، ئەوەی تریش سەبارەت بە جیاکاری سێ ساڵە لێرەمە شەش سەد کارمەند و سەد و هەشت ئەندام پەرلەمان بە یەك دەرگادا دێن ئێوە چوار کەستان بە یەك دەرگادا دێن مەسعەدێك بۆ چوار کەسە حەوت سەد و هەشت کەس بە پەرلەمانتارەوە بە مەسعەدی تر خواردتان جیایە، چوونتان بۆ سەرەوە جیایە، دەرگاتان جیایە ئەو جیاکارییە مەهێڵن بۆ ئەوەی بتوانین بە سەر حکومەتیش فەرز بکەین جیاکاری نەهێڵێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بابەتێکی پرۆتۆکۆڵییە پەیوەندی بە ریئاسەتەوە هەیە سبەی جەنابیشت ببیت بە رەئیس بەو دەرگایە دێتە ژوورەوە، وە مەسعەدەکەی ئێمە جێی دوو کەس دەبێتەوە، بۆیە هەموو جەلسەیەك یان بەشی زۆری جەلسەکان لەگەڵ منی خان دێین کاك هێمن بە قادرمەکان دێت یا دواتر دێت بەڕێزان بەراوردی ئەم سەرۆکایەتییە بکەن لەگەڵ سەرۆکایەتییەکانی تر هەرچیتان هەیە لە سەر سەرمی دادەنێم، وە دەڕۆینە سەر بابەتێکی تر مەسعەدەکە دوو نەفەر دەگرێت بەڕێزان ئێمە جەلسەمان دانەخستووە باسی ئەم شتانە بکەین کێ نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەر خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار نوقتەی نیزامیم هەیە بە گوێرەی بەشی پێنجەم فەسڵی دوو لە ماددەی (٤٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەڕێزان کاتێك کە لیژنەیەکمان هەیە بۆیە باسی ئەوە دەکەم، چونکە ئەو دوو لیژنە بەڕێزە خۆتان ڕاتانسپاردووە راستە لیژنەکان خۆیان موختەسن بەو بابەتە، بەڵام لە سەر راسپاردەی جەنابتان وەکو لیژنەی

کاتی سەیریان دەکرێت کاتێك کە بابەتێك لەو شێوەیە لە ناو قاعەی پەرلەمان باس دەکرێت چ بابەتی پێشمەرگەیە، چ بابەتی داراییە، چ بابەتی سوتەمەنییە، چ بابەتی تەندروستییە مەفڕوزە ئەم بابەتانە موناقەشە بکەن لەناو قاعەی پەرلەمان پەیڕەو خۆی باسی ئەمە دەکات، بەڵام ماوەیەکە خەریکە دەبێتە عورفێك لە ناو پەرلەمانی کوردستان کاتێك کە لیژنەیەك رادەسپێردرێت لیژنەی کاتی راپۆڕتێك دەخوێنێتەوە کۆتایی پێ دێنێت دوایی ئەوە لە ئەساسدا بە گوێرەی ئەو ماددەیەی باسم کرد لە فەسڵی دوو لە ماددەی (٤٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە فەقەرەی کۆتایی ئەم خاڵی پەیڕەوەدا باس لەوە دەکات تاوتوێ کردن و وەرگرتنی بڕیاری گونجاو ئێ باشە کە تاوتوێ نەکرێت بڕیاری گونجاو چۆن وەردەگیرێت ئێمە تاوتوێی هیچ کام لەم بابەتانە ناکەین تەنها ئەوەیە کە دێینە ناو قاعەی پەرلەمان راپۆڕتێك دەخوێنرێتەوە ئێ بابەتی دارایی، گرنگە بابەتی پێشمەرگە زۆر زۆر گرنگە، بابەتی نەوت زۆر گرنگە یەعنی ئەمانە کە لیژنەیەك رادەسپێرن راپۆڕتێك دەخوێنن و کۆتایی پێ دێت بە راستی ئەمە حەلی مەوزوع ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە یەك جار تا ئێستا لیژنە راپۆڕتی خوێندۆتەوە و کۆتایی پێ هاتووە کە لیژنەی بەدواداچوون بووە بۆ بابەتی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی ئەوانی تر ئەگەر لیژنەش بیخوێنێتەوە جاری بووە هەشتا کەس، پەنجا کەس، حەفتا کەس لە سەر راپۆڕتی لیژنە قسەیان کردووە ئەمڕۆش جەنابتان دەتوانن لە سەر راپۆڕتی لیژنە دەتوانن قسە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەمە راپۆڕتی لیژنەی موختەسە، بەڵام نەك هەموو ئەندامانی پەرلەمان بەڕێزان ئەمە نوێنەرایەتی هەموو فراکسۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانی تێدایە هەر فراکسیۆنێك ئەندامی نییە با قسە بکات وە دەتوانن هەر فراکسیۆنێکیش دوو کەس سێ کەس قسە بکات بۆ دەوڵەمەند کردنی راپۆڕتەکە ئێمە یەك جار وامان کردووە کە پەیوەندی بە خۆپیشاندانی خوێندکارانەوە هەبووە ئەویش بەدواداچوون بووە وە راپۆڕتەکەیان زۆر دەوڵەمەند بووە بە هەموو ئەو داواکارییانەی کە هی خوێندکاران بووە وەرگیراوە نازانم سی و پێنج بوو نازانم چل بوو بیرم نەماوە تا ئێستا داواکاری تێدا بوو دەنگمان دا و داواکارییەکانیش داواکاری مەعقول بوون، کاك علی حمە صاڵح فەرمووو.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەم دوێنێ و هەم ئەمڕۆش ئەندام پەرلەمان هەندێك بابەتیان ورووژاند کە راستە رووبەڕوی لیژنەکەی ئێمەیان کردووە ئێمە پێشتریش بەدواداچوونمان کردووە بۆ نمونە دوێنێش دۆسیەی بەنزین ناعەدالەتی جوگرافی لە دابەشکردنی بەنزین هەیە راستە هەم ملیۆنەکەی عێراق و هەم نۆسەد و پەنجا هەزاری هەرێم ملیۆنێك و نۆسەد و پەنجا هەزار بەس ملیۆنەکەی عێراق بە عەدالەت دابەش دەکرێت بەشێکی دەبریتە بازاڕ لێکۆڵینەوەمان کردووە حکومەتیش لیژنەیەکی دروست کردووە لە رۆژی شەممەوە دەست بە کار دەبێت بۆ ئەمە، بۆ ئەوەی کاك یاسینیش دیسان رەبتی بە لیژنەکەی ئێمەوە هەیە ئەمە بەشی سەرەکی پەیوەندی بەوە هەیە بەداخەوە بۆ ئەوەی عەقدێکی خراپی ساڵی (٢٠٠٦) سەد لە سەدی (LPG) دانا غازە سەد لە سەدی دانا غاز

فرۆشتۆیەتی بە (٣١٠$) ساڵی ئایندە دەبێت بە (٣٢٥ $) لە سەدا شەستی دەبێت بۆ ماڵان بێت بەو نرخە حەوت هەزار و نیو لە (٤٠% بۆ ٣٠%) لەو بەینە مەدعومە بە بازرگانی حکومەت عەقدەکەی خراپە ئەم کۆمپانیایە بۆی هەیە بە تیجاری بیفرۆشێت داوامان کردووە موراجەعە بکرێت، بەڵام بوتڵ بۆی نییە گران بفرۆشرێت هەر کەس وا بفرۆشێت تەسەڕوب کردنە، وە ئەم عەقدە عەقدێکی خراپە، بۆیە داواکارین ئەم بابەتانە و بابەتی تریش یەعنی هەر مەرج نییە ئەوەی ئێمە داوامان کردبێت لایەنی ماددەی تێدا بێت یەعنی دەرگایەك بکرێتەوە لەگەڵ حکومەت یەك نموونەی بەسیت لێکۆڵینەوەمان کردووە بە بێ هیچ پارە سەرف کردنێك دەتوانرێت دوو سەد و چل و هەشت قوتابخانە و بنکەی تەندروستی لە کوردستان جێبەجێ بکرێت بەس یاسا بکرێت لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان مۆڵەتیان پێدراوە دەبێت مەکتەبی تێدا بێت، بنکەی تەندروستی تێدا بێت و باخچەی تێدابێت هیچی ناکات ئەمانە دەتوانین وردە وردە لەم دۆخە تەتبیق بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك علی، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەوەی کە کاك علی قسەی لەسەر کرد من نازانم بەدواداچوونەکەیان بە کوێ گەیشتووە مەبەستم ئەوە بوو لە هەولێر شەش حەوت بەنزینخانە ئەو بەنزینە تەوزیع دەکات، بەڵام لە رانیە یەك دانەیە شۆفێر هەیە لە دوای سێ کاتژمێر سڕەگرتن بەنزینەکە تەواو دەبێت بەس لە هەولێر نیوەی شەو بڕۆ بەنزین هەیە هەر چەندە خەڵکی هەولێریش حەقی خۆیەتی، وە یەك تێبینی دیکەشم هەیە لە رانیە بزەبت نازانم لە شوێنەکانی تر چۆنە، بەڵام غاز بە پازدە رۆژیش دەست ناکەوێت بتڵێك یەعنی دەبێت دەستی غازفرۆش ماچ بکەی کەسێك بناسی بە زۆر بتڵێك غازی وەرگری دانا غاز دەڵێت بەشە غازمان کەم نەکردۆتەوە، بەڵام لە رانیە وەکو ئینتیفازەی لێ هاتووە بۆ غاز زۆر زۆر قەیرانە هیوادارم بەدواداچوون بکەن لیژنە رابسپێرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سەر ئەو بابەتە دەبێت ئێوە روونکردنەوە بدەن بە سەرۆکایەتی، وە پێمان بڵێن چی بکەین لە راستیدا، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بابەتی گفتوگۆ کردن لەسەر دۆخی پێشمەرگە و سەنگەرەکانی بۆ ئەم جەلسەیەتان تەفکیك کرد؟ پەرتەوازەتان کرد، لە کاتێکدا یادداشت هەبوو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە داوای دانیشتنی کردبوو دوێنێ ئێمە چوار سەعات لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دانیشتووین ئەگەر گفتوگۆی ئەمڕۆ گرنگە ئەوان لێرە نین، وە بۆ ئەم کۆبوونەوەیەتان کرد بە دوو کۆبوونەوە، چونکە ئەمڕۆ بەڕاستی فەرموو راسپاردەکانی رۆژی ئەنفال ئەوە رۆژان خان ئەوە هەموو وەڵامەکانی بۆ هاتۆتەوە هیچ

راسپاردەیەك جێبەجێ نەكراوە راسپاردەكانی هەڵەبجە هیچی جێبەجێ نەكراوە، لەبەر ئەوە بە رای من ئەو كۆبوونەوەیەتان شێواند، چونكە دەبوایە ئەو بەرپرسانەی دوێنێ ئەمڕۆ حازر بوونایە ئەگەر كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران وەڵامە با دوابخرایە بۆ كاتێكی دیكە نەك ئەوەی دوێنێ ئێستا ئێمە نازانین ئەمڕۆ بۆ چی قسە دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەزیرەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێت تەنسیق بكەین لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی بێن بڕوا بكەن پێویست ناكات هەموو جەلسەیەك ئێمە لە سەر ئەم بابەتە ئیحراج بكەن ئێمەش وەكو ئێوەین قسە لەگەڵ حكومەت دەكەین بۆ ئەوەی وەزیرەكان بێن پێویستمان بە ئیعادەی ئەو پەیوەندییە هەیە، سەبارەت بەوەی بۆ بەو شێوەی لێكراوە هەردوو لیژنە خۆیان بە نوسراوی رەسمی داوایان لە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كردووە رۆژەكەشیان داناوە داوای هاتنی حكومەت دەكەن ئێمە ئەوەی ئێوەشمان ناردووە كە داواتان كردووە حكومەت بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان ئەوەی ئەمانیشمان ناردووە كە حكومەت بێتە ناو لیژنەی پەرلەمان وەڵامی ئەوەمان بۆ هاتۆتەوە كە حكومەت ئامادەیە بێتە ناو لیژنەی پەرلەمان وەڵامی ئەوەمان بۆ نەهاتۆتەوە كە حكومەت بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان ئێمە با سەریح بین لەگەڵ یەك خۆ ناكرێت ئێمە لەبەر ئەوەی بڵێین وەڵا جوابی ئەو نوسراوەمان نادرێتەوە كە دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان ئێمە بڵێین كەواتا مەیێنە لیژنەكان بەڕێزان ئێمە دەبێت ئەو متمانەیە دروست بكەینەوە، وە من بە تایبەتی داوا لە فراكسیۆنەكانی بەشدار بووی حكومەت دەكەم لەگەڵ كوتلە وەزارییەكانتان قسە بكەن بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە ئاسایی ببێتەوە بەڕاستی ئەم جارە جەلسەكە داخراوە ئێمە بخرێتە ژێر باری ئیحراجی ئێمەیش ناچارین قسەی حەقیقی و راستی بكەین، وە تەحدیدی بكەین كێیە كە نایێت وە بۆچیش نایەن ئەم دانیشتنە دانیشتنێكی داخراوە بۆ ئەوە ئەو قسەیە دەكەم بۆ ئێوە نییە تكایە نە جوابم بدەنەوە ئەو فراكسیۆنانەی كوتلەی وەزاریتان هەیە لەگەڵ كوتلە وەزارییەكانتان قسە بكەن و بیانخەنە ژێر فشار، بۆ ئەوەی بێنەوە بۆ پەرلەمانی كوردستان تەواو كاك كاروان لەگەڵ كاك قوباد قسە بكە، فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دانیشتنا حەفت یا پەرلەمانێ كوردستانێ من داخاز كر بەدواداچوونەكێ بۆ مامۆستاییێت وانەبێژ بكەن ل هەر دوو كەمپێت دۆمیز و قوشتەپە كو ل ڤێرێ من یادداشت پێشكەش كر یا هاتییە تەحویل كرن بۆ لیژنێ ژی جهێ داخێیە پشتی هەشت رۆژا ژی كو تەحویل بووی بۆ لیژنێ كار سەر نەهاتە كرنێ ئەڤرۆكە مامۆستا ناچار بوون خۆپیشاندانێ بكەن یا ژ خرا نەخۆشتر ئەڤەیە مامۆستاییێت دهۆكێ پێت هاتین سەر زالگەها چەمە دێبێژی ئەو زالگەهە زالگەها بێلاروسیایە نوكە مامۆستا لوێرێ د راگرتینە حەفتێ هەشتێ مامۆستا پێت هێلاینە ل وێرێ بیانۆیا هندێ نابیت داخلی هەولێرێ ببن ئایا ب چ یاسا، ئایا ب چ رێنمایی، ئایا ب چ قانوون تو رێگریێ ل هاووڵاتییەكێ كوردستانێ بكەی خۆ وێرێ دوو ئیدارە نینە هەولێر و دهۆك تەبیعییە یەك دەسەڵاتا حزبی یا هەی، ژبەر هندێ ئەز داخاز دكەم لیژنا ئاسایش بەدواداچوونێ بۆ ڤێ سەرپێچیێ بكەت ئەڤ بێ رێزییا ئەڤرۆكە دەرحەق مامۆستاییێت وانەبێژ هاتییە كرنێ كو

دیڤ ئاخفتنا وان دبێژیت بۆ مە فەرمانا هاتی هین ل ڤێرێ بن هەتا دوازدەی شەڤێ ژی هنگ داخلی هەولێرێ نابن باشە سبەهی ئەز دێ چاوا داخلی دهۆك و هەولێرێ بم لازمە من ڤیزا هەبیت و پاسپۆرت هەبیت هەتا داخلی هەولێرێ بم، بەر هندێ هیڤیدارم بەداواداچوونێ بۆ ڤێ کەیسێ بێتە کرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزت ئەندامی لیژنەی پەروەردەی ئێستا لیژنەی پەروەردە کۆبوونەوەیان هەیە بڕۆ ئەمە لەگەڵ لیژنەی پەروەردە باس بکە، وە یادداشت بدە بە ئێمە لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ، ئێستا بڕۆ ناو کۆبوونەوەی لیژنە هلز خان، گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویستم سەبارەت بەو کابینە وەزارییەی بزوتنەوەی گۆڕان پرسیار لە بەڕێزتان بکەم، بەڕێزتان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هیچ نوسراوێکتان ئەنجامداوە بەوەی کە ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەن بە هاتنی وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و وەڵامیان وا بووبێت کە نایێن؟ بەڕێزتان ئاگاتان لەوەیە کە ئەندام پەرلەمان هەبووە کە رۆیشتۆتە وەزارەتی دارایی وتوویەتی ئەم کۆبوونەوەیە ئەگەر بۆ ئیعلامە بە جۆرێك قسە دەکەین ئەگەر بۆ کۆبوونەوەیەکی داخراو بۆ لیژنەیە بە سەراحەت قسەتان لەگەڵ دەکەم و کەسەکە نهێنیەکانی کۆبوونەوەکەی نەپاراستبێت و زۆر بەشێواوی جۆری زانیارییەکانیشی دابێت بە ئیعلام پرسیوتانە لەمە؟ یەعنی من بە تایبەتی چووم بۆ لای بەڕێز وەزیری دارایی و ئەمە گرفتی بووە کە هیچ کاتێك رەفزم نەکردۆتەوە ئەگەر بە رەسمی داوای منیان کردبێت، وە هەر کاتێك ئەنجومەنی وەزیران بە منی وتبێت بچۆ بۆ پەرلەمانی کوردستان و نەچووبێتم وە ئەو پەرلەمانتارانەی زانیارییەکان بشێوێنن و بیدەن بە ئیعلام و بە رای گشتی من قبوڵی ناکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس گوڵستان خان، مەسئولیەتی ئێمە و سەرۆکی پەرلەمان زۆر لەوە گەورەترە من ناوی وەزیری حیزبێکی موعەیەن و یەعنی بەرپرسیاریەتییەکەم لە پێناوی لە کۆڵ خۆ کردنەوەی ناوی وەزیری هیچ لایەنێك بهێنم، وە ئەو قسانەی بەڕێزت گوێت لێ بووە سەبارەت بە نەمانی متمانە لە نێوان هەندێك لە وەزیرەکان و هەندێك لە لیژنەکانی پەرلەمان لە راستی منیش گوێم لێ بووە وە پێم وتراوە بە دیاریکراوی وەزیری دارایی گلەیی کردووە حەز دەکەم لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکیسۆنەکان جوابی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا هەر بۆ بیرهێنانەوە ئێمە لە کۆبوونەوەی هەژدەی مانگی رابردوو کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان تەقریبەن رێکەوتنێکی شەفەهی هەبوو لە سەر ئەوەی کە هەموو پێنج شەممەیەك جەلسەی پەرلەمان گفتوگۆی نێوان حکومەت و پەرلەمان بێت تەقریبەن لە سەر میکانیزمەکەش نەوعێك لە رێکەوتن هەبوو وە بەڕێزتان وتتان

پرسیێك بە حكـومەت دەكەیـن و دواتـر وەڵامتـان دەدەیـنەوە، یەعنـی چـۆن گفتوگـۆیەك لەگەڵ حكومەت دەكەین كاتێك كە پەیوەندییەكان نائاساییە هەوڵ دەدەیـن میكانیزمێـك بـدۆزینەوە و پێتان دەڵێینەوە تا ئێستا ئێمە خەبەرەكەمان وەرنەگرتووە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە نەمان وت پرس دەكەین، وتمان هاوئاهەنگی دەكەین ئیعادەی تەنزیمـی پەیوەنـدییەكەمان دەكەین كە تـا ئێسـتا نەمـانتوانیوە ئەوە بكەیـن، سـەركەوتوو نەبووین لەو محـاوەلەیە، بەڕێـزان پێنج كەس ماوە بۆ نوقتەی نیزامی كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان فرسەتێكی زۆر باشە دانیشتنەكە داخـراوە و نـاچێتە ئـیعلامەوە ئەو قسـەی كە دەیـكەم تكایە بە هەند وەربگرن هەفتەی پێشووتر مامۆستا هەورامان بـۆ جەنابتـانی راگەیانـد جەنـابی و چەنـد پەرلەمانتارێـك لە خۆپیشـاندانەكان پۆلیسـێك پێـی وتـووە لێـت دەدەم و ئەولا و ئەولا ئیجرائات نەكرا چەندین شتی تریش منیش بە یادداشتی فەرمی بـۆ جەنابتـان وت ئێسـتا دەڵـێم بۆ ئەم حاڵەتەی كە باسی دەكەم شـكۆی ئینسـان دەشـكێت نـازانم چیتـان كـردووە چـوار جەلسـە لەمەو پێش كە جەلسە تەواو بوو مـن بـۆ هـین نـاڵێم بە پایسـكل دەڕۆیشـتم هەمـوو جـارێ لەوێ دەوەستم تا بپەڕمەوە، لەبەر ئەوەی جێگر مودیر عامێك بە چوار مۆنیكا دەپەڕێتەوە خوا عـالیمە ئەو پاسـەوانەی لەوێـیە ئەوەنـدە ئەو چاكەتەی راكێشـا چـاكەتەكەم بە كەڵـك نـایەت فڕێمیـداوە خوارەوە دەڵێم پەرلەمانتارم كڵاوەكەم داكەندووە چاكەتەكەم داكەنـدووە، دەڵێـت دەتكـوژم بـۆم نوسیون بە تەفاسیڵ هەمووم بۆ ناردوون دەڵێت دەتكوژم پەرلەمانتار و شتی وا ناخوات، دەڵێت كێ بەرپرستە دەڵێت كاك مەسرور بارزانی پاسەوانەكەی تر هاتووە بۆ لام خـۆ درۆ نـاكەم كـامیرە هەیە، ئەوەی بەرامـبەر مـن كـراوە بەرامـبەر زۆرمـان كـراوە، تەحەدادەكەم ئێسـتا لەو قـادرمەیە دەچین پەنجامان ئەگەر توانیمان بچینە ناو سەرۆكایەتی وەزیران چی ئەڵێن بڵێن...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە بۆ بابەتێكی گرنگ دانیشتووین ئەوەی مامۆستا هەورامان هیچـی تەسـجیل نابێـت كاك سروان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان جارێ هیچ نائیب مودیر عامێك نییە چوار مونیكای پێ بێت.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاكە زەلامێكی تر بوو..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەوەی مامۆسـتا هەورامـان بە رەسـمی لەگەڵ وەزیـری نـاوخۆ قسـەمان كـرد ئەم بەڕێزانەش لەوێ بوون كاك زاناش لەوێ بـوو وابـزانم گوڵسـتان خـانیش لەوێ بـوو كـاك زیادمـان لەگەڵ بـوو كـاك شـاخەوانمان لەگەڵ بـوو، بە رەسـمی پێمـان وت حـاڵەتێكی وا هەیە وتـی یادداشتێكمان بدەنێ پێمان بڵێن لە كوێ و لە چ شوێنێك، بۆ ئەوەی ئێمە بەداداچوونی بۆ بكەیـن ئەوەی جەنابیشت دەتوانی ئەو موناقەشەیە بكەی بەس نەتزانی كێ بوو رەقەمـی سـەیارەیەكت

نەبینی من ئەو نوسراوەم نەبینیوە کاك سیروان بیهێنە بۆ من من دەینێرم بۆ رەئیسی حکومەت تەواو، بەڕێزان دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەین بەڕێزان ئەوە من روونکردنەوە دەدەم لە جیاتی فراکسیۆنی ئێوەش ئەو بابەتە پەیوەندی بە رەئیسی حکومەت و کاك مەسرورەوە نییە، کاك سیروان بە رەسمی پێمان دەڵێت ئەو کەسە کێیە، ئێمە ئەگەر وازمان لە حەقی تۆ هێنا دیارە من رەئیسی پەرلەمان نیم، بەس ئەگەر واش نەبوو دیوێکی تری هەیە کاك زانا لە جیاتی هەر هەمووتان قسە دەکات فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەو قسەوە دەست پێ دەکەم کە نوقتەی نیزامی نییە لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکیسۆنەکان لەگەڵ جەنابتان دوو کۆبوونەوە باسی نوقتەی نیزامیمان کرد، راست دەکەین تەئید دەکەین ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، تکایە تکایە هەموومان رەئیمان وابوو ئەوەی نوقتەی نیزامی نییە وەریمەگرە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە نوقتەی یەکەم، وە دووەم دەستخۆشیت لێ دەکەم جەنابت مخەوەلی لە جیاتی ئێمە قسەت کرد دەست خۆشیت لێ دەکەم، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئێمە لە کاك سیروان قبوڵ ناکەین وە جارێکی دیکەش قبوڵ ناکەین ناوی جەنابی کاك مەسرور بێنێت بە بوختان و بەو قسانەی کە دەیکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کاك سیروان زەمیلێکی ئێوەیە لە ناو هۆڵی پەرلەمان ڕێزی یەکتر بگرن، بەڕێزان کاك سیروان تکایە بەسە، کاك بەڵێن بەسە با کۆتایی بەمە بێنین فەرموو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە چەند رۆژی رابردوو یادداشتێك و مەلەفێکمان تەسلیم کرد بۆ سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی ئاڕاستەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان وە لیژنەی موختەس لە پەرلەمانی کوردستان بکرێت من دوێنێش قسەم لەگەڵ کاك علی کردووە تا ئێستا مەلەفەکە نەگەیشتووە کە پەیوەندی بە کێشەی غازی ماڵانەوە هەیە، ئەو کۆمپانیایەی کە کاك علی باسی دەکات کە خۆی دەبێت ساڵانە تەندەر بکرێت ئێستا تەندەری بۆ ناکرێت بڕوا بکە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەو کێشەیەی کە ئێستا لێرە نەبوونی غازە کە غاز گران بووە ئەوە عەقدەکانیەتی کە (١٢/١)ەوە لە باشماخەوە ئەو کۆمپانیایە غاز دەنێرێت بۆ ئەرمەنستان و بۆ ئێران مەلەفەکە لای ئێوەیە ئاڕاستەی لیژنەی موختەسی بکەن با لیژنەی سامانە سرووشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ڕێك بکەون عەقدەکە لە کۆمپانیاکە بستێننەوە کە کۆتایی پێهاتووە، ساڵی پار بە بێ تەندەر پێیدراوە، ئەم ساڵیش بە دەستوەردانی خەڵکی بەرپرس دەیانەوێت بە بێ تەندەر بیدەنەوە، وە نرخی (LPG)یەکەشیان بۆ هەرزان کردووە، ئینجا ئەو بەو نەوعە مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە غاز لە سەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان گران ببێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان داش عێراق بابەت راپۆڕت لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی پاییزە ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان رۆژی چوار شەممە رێکەوتی (٢٠٢١/١٢/١) سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم راسپارد بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆڕتێك لەسەر بارودۆخی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دانیشتوانی ناوچەکە بەداخەوە جموجۆلی کردە تیرۆریستییەکانی بە ناو رێکخراوی داعش لەم دواییانەدا لەو ناوچانە زیادی کردووە و بووە هۆی شەهید بوون و بریندار بوونی چەندین فەرماندە و پێشمەرگە و هاووڵاتی، ناوەڕۆك تەوەری یەکەم خستنەڕووی کێشە و گرفتەکان لە ئەنجامی بەدواداچوونی مەیدانی، تەوەری دووەم خستەڕووی پرسیار و پێشبینییەکانی ئەندامان لە لایەنی پەیوەندیدارەوە، تەوەری سێیەم خستنەڕووی روونکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار، تەوەری چوارەم خستەڕووی راسپاردەکان، تەوەری یەکەم خستنەڕووی کێشە و گرفتەکان لە ئەنجامی بەدواداچوونی مەیدانی بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرکە پەرلەمانییە وەك لیژنەی راسپێردراو لە چوارچێوەی ئەو سەردان و بەسەرکردنەوەی کە بەردەوام کردوومانە بۆ سەرجەم میحوەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخ و بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ فەرماندە و پێشمەرگەکانی میحوەرەکان لێرەدا کۆی گرفت و پێشنیارەکان لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینە روو یەکەم نەبوونی هەماهەنگی و کارانەبوونی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراق و هاوپەیمانان ئەم بابەتە هۆکاری سەرەکی دروست بوونی ئەو زۆنەیە کە پێی دەڵێن بۆشایی ئەمنی و گروپی تیرۆرستانی داعش خۆیان تێدا رێك دەخەن و بووەتە مولگەی حەوانەوەیان و ئەمەش مەترسییەکە بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکان، دووەم نەشیاوی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەرگریکردن و رووبەڕوبوونەوەی ئەم جۆرە هێرشە تیرۆریستییانە، سێیەم نەبوونی رێژەی پێویستی سەنگەر و دووری لە نێوان سەنگەرەکان و کەمی مەوجەداتی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوە، چوارەم کەمی جۆرەکانی چەکی پێویست لە سەنگەرەکان، پێنجەم نەبوونی کەرەستەی سەردەمیانەی چاودێری کردن وەك کامێرا و دوربینی حەراری، شەشەم نەبوونی ئالیاتی پێویست لە سەنگەرەکان وەك ئۆتۆمبێلی سەربازی و قەڵغان و ئامێرەکانی سەنگەرسازی، حەوتەم خراپی رێگاکانی هاتووچۆ لە نێوان سەنگەرەکان، هەشتەم نەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکان وەك جل و بەرگ و سوتەمەنی و ئامێری فێنك کردنەوە و گەرم کردنەوە و رۆناکی بۆ دەورووبەری سەنگەرەکان، نۆیەم نەبوونی ئامرازی گواستنەوەی گونجاو، دەیەم نایەکسانی لە نێوان ئەرك و مافەکانی پێشمەرگە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم خستنەڕووی پرسیار و تێبینییەکانی ئەندامان لە لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی گفتوگۆکردن لە سەر دۆخی پێشمەرگە و هێرشەکانی ئەم دواییەی چەکدارانی داعش بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٧) هەر دوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ ماوەی چوار کاتژمێر لەگەڵ شاندی حکومەتی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە لە کۆبوونەوەکە بەڕێز (شۆڕش اسماعيل) وەزیری پێشمەرگە بەڕێز (ئومێد صباح) سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و (عبدالكريم خەسرۆ) سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە وەکالەت و ڕاوێژکارانیان ئامادەبوون ئەندامانی هەر دوو لیژنە ئامادە بوون پرس و تێبینی بۆ شاندی حکومەت خرایەڕوو کە تایبەت بوون بە دۆخی هێزەکانی پێشمەرگە و دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە کە بەم شێوەی خوارەوە بوو، هۆکاری کەم و کوڕی لە پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی گشتی، هۆکاری نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی فیدراڵ، جێبەجێ نەکردنی ماددەی (١٤٠) و بارودۆخی ئاوارەکانی هاووڵاتیانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان، هۆکاری هەبوونی نادادپەرەوەرییەکی زۆر لە نێوان دەوامی هێزەکانی پێشمەرگە و مووچەکانیان بە بەراورد لەگەڵ هەردوو هێزی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن، هۆکاری دووری سنووری نێوان ڕەبیعەکان و پتەونەبوونی سەنگەرەکان، خانەنشین نەکردنی پێشمەرگەکان، کەمی ژمارەی پێشمەرگەکان بۆ پاراستنی سنوورەکان لە ناوچە کوردستانییەکان، هۆکاری دابین نەکردنی چەکی باش بۆ پێشمەرگەکان وەك کامێرا حەراری و دڕۆن و هەروەها ئۆتۆمبێلی گولەنەبڕ، نادادپەروەری لە نێوان دابەشکردنی سنورەکان لە نێوان لیواکاندا و رووماڵکردنی خەراپ و نابەرپرسانەی ڕاگەیاندنەکان، جێبەجێ نەکردنی یاسابەرکارەکان و دەرکردنی ڕێنماییەکان کە پێچەوانەی یاساکانن، کارا نەبوونی بەشی تەندروستی لیواکان و زۆری پاسەوانی بەرپرسەکان و ڕێکنەخستنییان ئاڵوگۆڕ نەکردنی شوێنی لیواکان، شێواز و تەکنیکی بەرگریکردن و پلانی وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەت بۆ رووبەڕوبوونەوەی داعش، ڕێکخستنی میلاکی وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان يونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم تایبەتە بە خستنەڕووی روونکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار کە لەلایەن هەر دوو لیژنەی تایبەتمەندەوە کۆمەڵێك پرسیاری ئاڕاستەکرا دوابەدوای خستنەڕووی پرسیار و تێبینییەکانی ئەندامانی هەردوو لیژنە بەرپرسانی لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت بەم شێوەیە روونکردنەوەیاندا، سەبارەت بە کڕینی چەك سنووری جوگرافیا ڕێگە نادات کە چەك بکڕین و

عێراقیش رێگەمان پێ نادات کامێرای حەراری و درۆن و چەکی دیجیتاڵی و مۆدێرن بکڕین بۆ هێزەکانمان شێوازی پڕ چەککردنی لیواکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەیە و بە تایبەت ئەو لیوایانەی کە سەر بە وەزارەتن و لەم بوارە هاوپەیمانان چاودێری و سەرپەرشتی پڕ چەککردنی لیواکان دەکەن و حکومەتی هەرێم سێ ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە بۆ کڕینی چەك، سەبارەت بەە رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کە تا ئێستا چوار لیوای هێزەکانی حەفتا و هەشتا هاتوونەتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە لە گەڵ هێزەکانی پشتیوانی یەك و دوو پڕۆژەیەکمان هەیە ناردوومانە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و دەستپێکردنەوەی خانەنشینی لە پێناو دروستکردنی سوپایەکی گەنج و پێویستە پلانێك دابنێن کە وەزارەت پێویستی بە چەند پێشمەرگە هەیە بۆ پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ئەو لیوایانەی کە سنووری بەرگریان زۆرە لەبەر ئەوەیە کە چەکی پێشکەوتوو هەمەڕی زیاتریان پێیە پێویستە هەمووان هاوکار بن کە رێگە نەدەین چالاکی حیزبی بمێنێت و هەر ئەفسەرێك و فەرماندەیەك کەمتەرخەم بوو بێت ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت، سەبارەت بە بابەتی دەست بەسەردا گرتنی ژمارەیەك چەك و ئۆتۆمبێلی سەربازی وەزارەتی پێشمەرگە لە لایەن بەرپرسان و کۆگاکردنیان لە ماڵەکانی خۆیان هیچ راستییەکی بۆ نییە و تەواوی ئەو چەك و تەقەمەنی و ئۆتۆمبێلە سەربازییانەی کە وەزارەتی پێشمەرگە خاوەندارییەتیان دەکات بە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دابەشکراون و هیچ چەکێکی پێشکەوتوو لە دەست بەرپرسەکان و پاسەوانەکانیان نییە بۆ پاراستنیان، سەنگەرەکان کەم و کورتی زۆریان تێدایە و پێویستە سەر لە نوێ بۆ قۆناغێکی نوێ دروست بکرێنەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش سەبارەت بە گۆڕینی تاکتیکی شەڕ لەگەڵ داعش پلان و تاکتیکی نوێمان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین بە سەرکەوتووانە زیانی گەورە بە گروپی داعش بگەیێنین بۆشایی ئەمنی هۆکارێکی گەورەیە و لە دوای (١٦)ی ئۆکتۆبەر دروست بووە و لە هەندێك شوێن یازدە کیلۆمەتر و کەمترین شوێن پێنج کیلۆمەترە ئەمەش بواری رەخساندووە بۆ تیرۆریستانی داعش بۆ خۆ رێکخستنەوەیان ئاستی پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراق و فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە ئاستێکی باشدایە هەرچەندە حکومەتی عێراق هاوکار نەبووە لە هەماهەنگی کردن لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە بۆ نمونە سەبارەت بە رێککەوتنامەی شەنگال عێراقییەکان نایێنە پێش و نەتەوەیەکگرتووەکانیش تەنیا جەخت لە جێبەجێ کردنی رێککەوتنامەکە دەکەن، بەڵام ئێستا عێراقییەکان هاتوونەتە سەر هێڵ هەموو هەوڵێکماندا وە کە لەگەڵ سوپای عێراق هەماهەنگی بکەین لە ناوچە کوردستانییەکان ناتوانین سەربەخۆیانە ئۆپەڕاسیۆن ئەنجام بدەین، چونکە روبوڕووی کێشە و گرفتی نوێ دەبین و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هاوپەیمانانیش لە سەر ئەم بابەتە رازی نابن خۆشبەختانە دوو لیوا دروست کراوە، داوامان کردووە حکومەتی عێراق میزانیەی بۆ دابین بکات و ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری سەربازی لە مەشقدان لە هەردوو کۆلێژی قەڵاچوڵان و زاخۆ بە بەهێز کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەبارەت بە روماڵی راگەیاندنەکان هەموو هەوڵێك دەدەین کە کۆنترۆڵ و رێکی بخەین مەبەست سنوردار کردنی ئازادی راگەیاندن نییە بەڵکو لە پێناو پاراستنی نهێنییەکانی سەربازییە لە بارەی قەدەغە کردنی میدیاکان بۆ ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە و روماڵکردنی بڕیاماندا وە بۆ رێکخستنەوەی کاری

میـدیای سـەربازی و نەهێشـتنی ئەو پەرتەوازیـیە میـدیاییە کە زیـان بە هێزەکـانی پێشـمەرگە دەگەیێنێت، بۆیە رومالّی میـدیایی دەزگاکانی راگەیانـدن بـۆ نـاو بەرەکـانی جەنـگ و هێزەکـانی پێشــمەرگە راســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ بە تەواوی قەدەغە کــراوە هــیچ فەرمانــدە و پــلەدار پێشمەرگەیەك رێگەی پێنادرێت روونکردنەوە و چاوپێکەوتن بە بێ گەڕانەوە بۆ بەڕێـوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و هۆشیاری نیشتیمانی وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجام بدات بـودجەیەکی زۆر بـۆ حەشـدی شـەعبی تەرخـان دەکرێـت کە سـالاّنە دوو ملیـار دۆلارە و تـا ئێسـتا دوو سـەد هەزار کەسیان دامەزراون کەچی لە بودجەی عێراق هیچ شتێك بۆ پێشمەرگە خەرج نەکراوە، هەروەهـا لە بەر هۆکاری قەیرانی دارایی لە کوردستان حکومەت ئەولەویەتی پارە بـۆ مـوچەیە کە نـزیکەی (٨٨%) بەس بۆ موچە تەرخانکراوە و (٣%) بۆ نەسریەی دام و دەزگاکان و تەنیـا (٩%) بـودجەی تەشغیلی و بوارەکانی ترە هەولّەکان سەبارەت بە دۆخی نـاوچە کوردسـتانییەکان بڕیـاری ژمـارە (٧) لە ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆ دۆخـی نـاوچە کوردسـتانییەکان دەرچـووە لە دەسـتوری عێـراق مـاددەی (٥٨) و مـاددەی (١٤٠) هەیە بـۆ ئاسـایی کـردنەوەی دۆخـی نـاوچە کوردسـتانییەکان و پێویستە قۆنـاغ بە قۆنـاغ بە سـەرژمێری و رێفرانـدۆم جێبەجـێ بکرێـت لیژنەیەکـی تەکنیکـیش هەیە بە سەرۆکایەتی وەزیـری نـاوخۆ کە سەرپەرشـتی زۆربەی بوارەکـانی سیاسـی و یاسـایی و ئەمنی و هی تر دەکات ناوچە کوردستانییەکان بەردەوام تەعریـب دەکـرێن ئەویـش بە دوو رێگـا تەعریب کردنی ناوخۆ و تەعریب کردنی هاوردە ئەو هێرشانەی بۆ سـەر نـاوچە کوردسـتانییەکان دەکرێت لەلایەن داعشەوە ئەو داعشانە هەمـان ئەو عەرەبـی هـاوردەن کە کـاتی خـۆی هـاوردەی ئەو ناوچانە کراون و شێوازێکی تری تەعـریبە یـاخود کـۆمەڵە عەرەبێکـی شـۆڤینی لە پشـت ئەو هێرشانەی داعشن بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکان تا ئێستا بیست و پێنج راپۆرت ئامـادەکراوە لە سەر بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکان و راپۆرتی ئەم چوار مانگەش ئامـادەیە دەسـتەی نـاوچە کوردسـتانییەکان خەریکـی ئامادەکـاری راپـۆرتێکی نـوێی دانوسـتانە لەگەڵ عێـراق کە دەسـتەی نـاوچە کوردسـتانییەکان تەکلیـف کـراوە و بـۆ ئەم مەبەسـتە لیـژنەی نـاوچە کوردسـتانییەکانیش لەگەڵیان کۆ دەبێتەوە و چەند پێشنیارێك دەخەنەڕوو بۆ موفاوەزات لەگەڵ حکومەتی عێراق.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری چـوارەم خسـتنەڕووی راسـپاردەکان لێـرەدا بـۆ کەم کـردنەوە و چارەسـەری زیانەکـان لیـژنەی راسـپێردراو ئەم پێشـنیارانە دەخـاتەڕوو داواکـارین سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان رابسـپێرێت بـۆ جێبەجـێ کردنیـان، یەکەم جێبەجـێ کردنـی سەرجەم ئەو یاسا و بڕیـارانەی کە لە پەرلەمـانی کوردسـتانەوە دەرچـوون تـایبەتن بە هێزەکـانی پێشمەرگەی کوردستان وەك بڕیاری ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠١٤) و یاسـای ژمـارە (٣٣ و ٣٨)ی سـاڵی (٢٠٠٧) و یاسـای چاکسـازی ژمـارە (٢)ی سـاڵی (٢٠٢٠)، دووەم یەکخسـتن و رێکخسـتنی سـەرجەم هێزەکـانی پێشـمەرگە لە ژێـر چەتـری وەزارەتـی پێشـمەرگە، سـێیەم هەر چـی زووتـرە وەزارەتـی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراق بە هەماهەنگی ژووری ئۆپەڕاسیۆنەکان کـارا بـکەن و

پلانی هاوبەش دابنێین بۆ ڕێگا گرتن لە زەرەر و زیانەکانی هێرشە تیرۆریستییەکان، چوارەم دروست کردنی سەنگەری تۆکمە و شایستە بۆ ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی ئەم کردە تیرۆریستییانە پارێزگاریکردن لە گیانی پێشمەرگە، پێنجەم مەشق و ڕاهێنانی پێویست و بەردەوام بۆ هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجام بدرێت و دروست کردنی هێزی پارتیزانی مەبەستمان لە هێزی پارتیزانی بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ئەو شێوازە نوێیەی تیرۆریستانی داعشە کە ئێمەش هێزێکی بەرامبەریان لەو جۆرە دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کردە تیرۆریستییانە کەمتر بکرێنەوە، شەشەم ڕێکخستنی ئەرك و ئامادەبوونی ڕێژەی پێویست لە پێشمەرگە لە سەنگەر و بارەگاکان، حەوتەم دابینکردنی پۆشاکی سەربازی و پێداویستییە سەربازییەکانی دیکە بۆ سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە و ئەولەویەت بدریت بە سەنگەرەکانی بەرگری، هەشتەم دابینکردنی کەرەستەی چاودێری کردنی سەردەمیانە وەك کامێرا و دووربینی حەراری، نۆیەم دابینکردنی ئۆتۆمبێلی سەربازی و قەڵغان کە گونجاو بێت بۆ سەنگەرەکانی بەرگری، دەیەم چاککردنی ڕێگاکانی هاتووچۆی نێوان سەنگەرەکان بە شێوەیەك لە ژێر کاریگەری چەکەکانی هێزی پێشمەرگە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر کەس ئیزافەی هەیە بۆ سەر ئەم ڕاپۆڕتە، ماوە با تەواو بێت وەرتان دەگرم.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یازدە دابینکردنی سوتەمەنی پێویست و ئامێرەکانی گەرمکەرەوە و فێنککەرەوە و وزەی کارەبا و ئامێری ڕووناککەرەوە بۆ چواردەوری سەنگەرەکان، دوازدەیەم کاراکردنی بەشی تەندروستی لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گرنگیدان بەم بەشە تایبەتە لە سەنگەرەکانی ڕوبەڕووبوونەوەدا، سێزدەیەم دابینکردنی ئامێری پێویست بۆ سەنگەرسازی و کەرەستەکانی سەنگەرسازی، چواردە ڕێکخستنەوەی سەنگەرەکانی بەرگری بە شێوەیەك کە دووری نێوانیان لە ژێر کاریگەری ئاگری چەکەکانی پێشمەرگەدا بێت، پازدە کارکردن بە پرەنسیپی پاداشت و سزا و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان پێشمەرگەکاندا بە تایبەت لە پلە بەرزکردنەوەیاندا، شازدە کۆنترۆڵکردنی لێدوانی ڕاگەیاندنەکان و میدیاکان لە سەنگەرەکان، حەڤدە جێگۆڕکێ کردنی لیواکان و ئاڵوگۆڕ کردنی فەرماندە و لیوا و فەوجەکان، هەژدە داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە پێی دەستوور هەموو هەوڵێك بدەن بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەرەتا لەو فراکسیۆنانەی کە ئەندامیان نییە لە هەر دوو لیژنەکە لەوانەوە دەست پێ دەکەین، جارێ بەس ئەوانەی نوێنەریان نییە نەوەی نوێ و کۆمەڵەی دادگەری دوایی ئەوانی تر وەردەگرین بەڕێزان لە هەر فراکسیۆنێك چەند کەسێك وەردەگرێن بۆ دەوڵەمەند کردنی ڕاپۆڕتەکە کاك کاوە و مامۆستا عمر، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبداقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیریم بۆ سەرجەم راسپاردەی هەردوو لیژنە بەڕێزەکە راسپاردەکانیان هەمووی لە جێی خۆی بوو، بەڵام وەکو ئیزافەیەك بە راستی ئەوەی کە بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کەمی مەوجوداتی ناو سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە ئەویش کە بەشێکی پەیوەندی بە زۆری بندیوارەکانەوە هەیە لە ریزی هێزەکانی پێشمەرگە کە من لە چەند رۆژی رابردوو بەردەوام پەیوەندیم بە چەندین فەرماندەی هێزی پێشمەرگەوە کرد وە پەیوەندیم بە چەندین پێشمەرگەوە کرد کە بەردەوام لە پەیوەندی دان تا ئێستاش بەشێکی باش لە هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن ئامیرفەوجەکانیانەوە ئیزن دەدرێن، وە بەشێك لە مووچەکانیان بۆ خۆیان دەگێڕدرێتەوە و دەوام ناکەن، یەعنی ئەوە تەقریبەن دیاردەیەکە لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە تا ئێستا بوونی هەیە هەتا لە لیوا هاوبەشەکانیش ئەمە بەدی دەکرێت دەبێت هەوڵ بدرێت ئەوانەی کە دەوام ناکەن حەڵێك بکرێت یان بهێنرێنەوە دەوام، یاخود چارەسەرێکی تر بکرێت لە سەر کامێرای حەراری، ئێستا شێوازێکی تر هەیە بە ڤیدیۆ بۆمان هاتووە کامێرای وا هەیە کە دەتوانرێت لە دووری سێ سەد مەتر ئەو کەسانە یا هەر جوڵەیەك هەبێت هەستی پێ بکرێت و ببینرێت و تەکلیفەکەشی زۆر کەمە و لە بازاڕی هەرێمی کوردستانیش هەیە دەکرێت وەکو چارەسەرێکی ئانی وزارەتی پێشمەرگە بیر لەوە بکاتەوە ئەو جۆرە کامێرانە بۆ سەنگەرەکانی پێشەوە دابین بکات، ئینجا لە سەر ئەوەی تر لە سەر مەسەلەی چەك ئێمە دەزانین لە چەند ساڵی رابردوو چەکێکی زۆر زۆر هاتۆتە هەرێمی کوردستان و لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەعم کراوە، بۆچی ئەو هێزە تایبەتییانەی کە هی بەرپرسانن لە هەرێمی کوردستان چەکی تایبەتیان هەیە (M4وM16) و کۆمەڵێك چەکی تری پێشکەوتووانە بۆچی بۆ پێشمەرگەی ئیعتیادی تەنانەت تفەنگێش نییە دەبێت بە خۆی بیکڕێت و بە خۆی دابینی بکات، یەعنی من لە بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگەم پرسی باشە ئەو هەموو هەمەڕەتان وەرگرتووە بۆچی نایێنرنە بەرەکانی پێشەوە گوتی وەڵاهی ئێمە هەمەڕمان هەیە کێشەی هەمەڕمان نییە، بەس کێشەی گازمان هەیە، لەبەر ئەوەی گاز نییە هەمەڕەکان نانێرین توخوا مەعقولە وەزارەتێکی گەورە و گران گازی پێ دابین نەکرێت بۆ هەمەڕەکان و بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە، یەعنی ئەو پێشمەرگانەی کە لەو رۆژانە حەوت پێشمەرگە شەهید بوون لە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی ئیعتیادی، ئەگەر ئەوان لە ناو هەمەڕێك بان ئەوهایان بەسەر نەدەهات هەر چەندە ئەجەل لە دەستی خوای گەورەیە، بۆیە هەندێك شت هەیە لە وەزارەتی پێشمەرگە و لە ناوخۆ چارەسەر دەکرێت ئەگەر ئیرادەیەك هەبێت و ئەگەر زەختێکی پەرلەمانیش هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، با مامۆستا عمریش قسە بکات، لەبەر ئەوەی ئەندامیان نییە لەهەر دوو لیژنەکە دواتر تەنزیمی دەکەین هەر کەسێك چەند قسە بکات، بەڵێ مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، دەستخۆشی زۆر زۆر بۆ ئەم لیژنە بەڕێزە بە راستی خاڵی زۆر زۆر باشیان دەستنیشان کردووە، وە بە تەفاسیڵ کێشەکانیان دەستنیشان کردووە و راسپاردەکانیش هەر هەموو خاڵەکان لە خاڵی یەك بۆ خاڵی هەژدە راسپاردەی باشن، وە پشتگیریان دەکەین، بەڕێزان پێشمەرگە خاڵی هاوبەشمانە، نیشتیمان خاڵی هاوبەشمانە، گەلی کورد خاڵی هاوبەشمانە، ئاڵا خاڵی هاوبەشمانە زۆر زۆر حەیفە ئەم دروشمە گەورە و بەرزانە ئەم رەمزە گەورە و بەرزانە بچووك بکەینەوە بەوەی لە چوارچێوە حیزبەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین ئەوەی تا ئێستاش لە ژێر هەیمەنەی حیزب دا بن و ئەوەی تا ئێستاش مەسەلەن گەنجێك جوانترین شتی، بەرزترین شتی، باشترین شتی رۆحییەتی دەیبەخشێت بەم وڵاتە کەچی بێین بڵێین وەڵا ئەمە شەهیدی فلان حیزبە وەڵا فلان حیزب لە ریزی پێشمەرگە نییە لە بنەمادا، بەداخەوە ئێستا تەنانەت هەندێك فەرماندەی زۆر باش و دروست بوون کە دژی ئەم شێوازەن دژی هەیمەنەی حیزبەکانن دژی ئەوەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان دابەش بێت بە سەر دوو حیزب یا زیاتر لە دوو حیزب ئەم لیژنە بەڕێزە زۆر بە جوانی لە خاڵی شەشەمی راسپاردەکان نوسیویانە یەکخستن و رێکخستنی هێزی پێشمەرگە، بەس من زۆر زۆرم پێ باشە زۆر روون بکرێتەوە باوەڕتان بێت کەسی یەکەمی هەر دوو حیزبەکە ئێستا لەم دۆخەی کوردستان رازی نین لە هێزی پێشمەرگەی کە تێیدایە سەنگەرەکان دەبێت یەك سەنگەر بن دژی دوژمنان لە ناوەوە ئەو گەنجەی تێیدایە گەنجێك بێت بە بیروباوەڕێکی تۆکمە و بەهێز گیانی خۆی بەخت بکات بۆ ئەم وڵاتە بە بێ خوێندنەوەی ئەوەی سەر بە چ حیزبێکە وە لە سەنگەری چ حیزبێکدایە، بۆیە من زۆرم پێ باشە ئەم خاڵی شەشەمە زۆر روون بکرێتەوە رێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆتایی هێنان بە دابەشکاری هێزی پێشمەرگە بە سەر حیزبەکاندا کە ئەمە تەنانەت فەرماندەکانی پێشمەرگە ئێستا بە روونی دەڵێن باوەڕتان بێت بەرپرسە سەربازییە گەورەکان ئێستا ئەمە بە روونی دەڵێن، بۆیە زۆر باشترە پەرلەمانتارێك راسپاردەی پەرلەمان ئەمە بە روونی بڵێت خاڵی یەکەمیش بە هەمان شێوە سەرجەم یاسا و بڕیارەکانی تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە ئەمەش هەر روون بکرێتەوە، بەڕێزان فەوجمان هەیە سەد و پەنجا پێشمەرگەیە، پەنجا پێشمەرگە لە سەنگەردایە هەمانە دوو سەدە، پەنجا پێشمەرگە واجب دەگرێت سەد و حەفتاکەی تری سەد و پەنجاکەی تری بە جۆرێك لە جۆرەکان مووچە وەردەگرێت و ئەرکەکەش جێبەجێ ناکات، ئەمەش هەر بە روونی بنوسن، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەمە زیاد بکرێت باش کردنی بژێوی ژیانی پێشمەرگە ئازیزان تا ئێستاش پێشمەرگە هەیە پێنج سەد شەش سەد هەزار وەردەگرێت ئاخر پێنج سەد هەزار خەڵك دەچێتە ئەڵمانیا وەکو سۆشیاڵ وەریدەگرێت دەچێتە بەریتانیا و سوید هەر هیچ خزمەتێکی بۆ ئەو وڵاتە نەکردووە وەکو سۆشیاڵ وەریدەگرێت، بۆیە من زۆر زۆرم پێ باشە یەکێك لە راسپاردەکان ئەمە بێت لایەنی کەم تا ئەو کاتەی یاساکە هەموار دەکرێتەوە تا ئەو کاتەی هێزی پێشمەرگە یەك دەخرێتەوە خەرج کردنی دەرماڵەکانیان، شایستەکانیان، پلە بەرز کردنەوەکانیان، جیاوازی پلە بەرزکردنەوەی ساڵانی رابردوویان کە تا ئێستاش هی (٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ٢٠١٨) راگیراوە، بۆیە ئەم

راسپاردەیەش زیاد بکرێت بە روونی بنووسرێت تا لایەنی کەم پێشمەرگە لە سەنگەرە بیری لای شیری منداڵەکانی نەبێت، دەستان خۆش بێت و زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس مامۆستا عمر، ئینجا ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان کە دەیانەوێت قسە بکەن یەکەمجار ئەوانە وەردەگرین کە ئەندامی دوو لیژنەکە نین دواتر ئەوانی تر وەردەگرین دەرفەت دەدەین قسە بکەن، بەڵام ئەوانەی لەوێ نەبوون رەنگە شتێکیان پێ بێت راپۆرتەکەی پێ دەوڵەمەند بکرێت دواتر ئەوەشی لەوێ بووە با هەر قسە بکات ناوەکان دەخوێنمەوە (دکتۆر شێرکۆ، مامۆستا ابوبکر، مژدە خان، گلیزار خان، کاك سروان، کاك ادریس، دکتۆر صباح، کاك چیا، لیزا خان، کاك عبدالستار، گوڵستان خان، کاك ذکری، رۆژان خان، شنۆ خان، کاك لقمان، شیرین امین، کاك یاسین، کاك رزگار، سلمی خان، کاك زیاد، سوسن خان، کاك شاخەوان) کەس هەیە ناومان نەخوێندبێتەوە؟ بەڕێزان ئاماژە بە ماددەی (٥٤) بڕگەی سێیەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان بۆی هەیە سێ دەقە قسە بکات بڕگەی چوارەم، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، فرسەتێکە کۆبوونەوەکە داخراوە، بۆیە گرنگە کە راشکاو بین راستە ئەمە تەوسیاتە و لیژنە دەستیان خۆش بێت ماندوو بوون، بەڵام ئەگەر بۆ هۆڵی پەرلەمانیش بێت دەست بخەینە سەر برینەکان باشە هەم لەبەر ویژدانی خۆمان هەم لەبەر ئومێد کە بەڵکو بتوانین کاریگەری دروست بکەین ئەم خاڵانەی کە باس کران لە راپۆرتی لیژنەی بەڕێز نەشیاوی سەنگەرەکان تەکنەلۆجیا و کامێرا کەمە و کەمی قەڵغانەکان کەمی ئامێری خزمەتگوزاری گەرمکردنەوە و ئەمانە کە وەڵامی حکومەت ئەوە بووە کە چەکیان پێ ناکڕدرێت کە ئەوە موقنع نییە بازاڕەکان پڕە لە چەك ئەگەر بازاڕی چەك سەیر بکەین موقنع نییە کە بڵێین چەکمان پێ ناکڕدرێت ئەی بودجەی حکومەت بۆ کوێ دەچێت؟ ئەی بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە لە کوێیە؟ بەڕێزان کە بودجە نایێتە پەرلەمان حەوت ساڵە وا دەبێت بە هەشت ساڵ و ئەوە بوو بە (٢٠٢٢)ش ئا ئەوە دەرگایەکە بۆ گەندەڵی کە پارەی بودجە بۆ کوێ دەچێت ئەگەر بۆ پێشمەرگە و بۆ بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان نەبێت ئەی بۆ کوێ دەچێت؟ ئەوەتا وەڵامی حکومەت کە دەڵێت پێمان ناکرێت چەکمان پێ ناکرێت ئیجرائات و کەمتەرخەمی بەرامبەر بە کەمتەرخەمان نەکراوە ئەی کەوا بێت ئەوەی کە ئەو هەموو پێشمەرگەی دا بە شەهید کردن ئەوە کێ ئیجرائاتی لەگەڵ دەکات، وە ئەوەی کە چاوی لێ دەپۆشێت بێگومان شەریکە لەو تاوانە لە بەرامبەر کەمتەرخەمەکان سەنگەرەکان دروست بکرێنەوە ئەی چەند ساڵە ئەم بەرپرسانە ئیشیان چی بووە، یەعنی بەرپرسی لیوا هەبوو وتوویەتی من دوو ساڵە داوای کیسەی خۆڵ دەکەم، بۆ ئەوەی سەنگەرەکەم مەحکەمتر بێت دوای ئەم شەڕەی داعش ئەم جارە هەندێك کیسەی خۆڵیان بۆ هێناوە، ئاخر بەڕێزان رۆحی پێشمەرگە رۆحی رۆڵەی ئەم میللەتە ئاوا دەپارێزرێت؟ ئاوا خزمەت دەکرێت؟ ئاوا پشتیوانی لێ دەکرێت؟ هەندێك حەقیقەت هەیە دەمەوێت عەرزی بکەم دەرکەوت داعش کۆمپانیایەکی بزنسە داعش بە پارە کێی دەوێت دەتوانێت بیکڕێت هەموو شتێك بە داعش دەکرێت بە هەموو حیزب و بە هەموو لایەنەك و

بەوانە داعش بریتییە لە بزنس و پارە پەیدا کردن، ئەوەی کە داعش دەجولێنێت ئێستا بە پارە دەیجولێنێت، کەوا بێت ئەم حەقیقەتە کە لە بەرامبەریدا هێزی پێشمەرگە یەك ناگرێتەوە هەر لەبەر بزنس یەك ناگرێتەوە نەك لەبەر بەرژەوەندی نیشتیمانی...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس مامۆستا شێرکۆ سێ دەقەکەت تەواو بوو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ویستم دوو کەلیمەی تر بکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەر بزنس یەك ناگرێتەوە نەك لەبەر بەرژەوەندی نیشتیمانی گەل داوای یەك هێزی نیشتیمانی دەکات خانەنشینی بۆ بکات، بوودجەی بۆ دابین بکات، دەرگا بکەرەوە بۆ ئینتیما بۆ هیزی پێشمەرگەی نیشتیمانی با ئەو هێزە حیزبیانەی تر بچوك ببنەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس مامۆستا شێرکۆ، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەستخۆشی لە هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند دەکەم کە راپۆرتێکی زۆر باشیان ئامادە کردووە، وە دەستخۆشیش دەکەم کە کرا بە داخراو زۆربەشمان دەنگماندا درك بەوە دەکەین کە ئەو بابەتانە ئەگەر بڕوات بۆ راگەیاندن و بچێتە رای گشتییەوە رەنگە باش نەبێت، بۆیە دەنگمان پێدا، لەبەر ئەوە من لێرەوە داوا لە یەك بە یەکی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم خۆ راستە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان دنیایەك کەم و کوڕی هەیە وە باشترین شتیشە هەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان پێکەوە هەوڵ بدەین بەدوای کەم و کوڕییەکان بڕۆین بۆ ئەوەی عیلاج بکرێت و چارەسەر بکرێت، بەڵام مـن داوا دەکەم لەبەر خاتری ئەوەی کە پارێزراوتر بێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆمان بە دوور بگرین لە کۆمەڵێك لێدوان بۆ راگەیاندنەکان وە بۆ رای گشتی بە راستی ئەوەی کە دیقەت بدەین لە چەند رۆژی رابردوو هەم بۆ راگەیەندکاران وە هەم بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە وەزارەتی پێشمەرگە لە وەزارەتی رۆشنبیری ئەوە کراوە، بەڵام ئێمە پێویستیمان بەوە نییە ئەو بڕیارەمان بۆ بدرێت، بەڵام وەکو هەست کردن بە مەسئولیەتێك خۆمان بپارێزین لەوە و ئەو پێشنیار دەکەم بۆ یەك بە یەکی برادەرەکانمان، برادەرەکان زۆربەیان باسی کێشەکانیان کرد و لە راپۆرتەکەش باشی کێشەکان زۆری تێدایە ناچمە سەر ئەوە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە نەك تەنیا موئەسەسەیەکی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان موئەسەسەی سەربازی وەزارەتی پێشمەرگە هەموو موئەسەسەکانی دیکە پڕ کێشەن کە بەشی گەورەی ئەو کێشانە لە سەر نەبوونی بودجەیە لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە داوا

دەکەم پەرلەمانی کوردستان جەخت بکەینەوە کە هەوڵی تەواو بدەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی بوودجە بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەکەم دەستیان خۆش بێت راپۆرتێکی زۆر ورد و حیسابییە ئەوەی کە گرنگە لە راستی دابینکردنی کەرەستەی سەربازییە بۆ هێزی پێشمەرگە بۆ روبەڕووبوونەوەی داعش و هێزەکانی دیکە خاڵێکی دیکە بەداخەوە ئەوەی کە هەیە لە رابردوو یەعنی ئەوەی کە موتابەعەمان کردووە وە چاودێریمان کردووە بەداخەوە لە لیوا هاوبەشەکان دیاردەیەکی خراپ هەیە ئەویش هەبوونی بندیوار و دیاردەی زۆری پاسەوانی فەرماندەی لیواکان و فەرماندەی فەوجەکان و هەتا فەرماندەی سرییەکانیش بەداخەوە لە هەندێك جێگا لە هەندیك فەوج و لیوا هەیە فەرماندەی سریە هەیە دەڵێت من سێ بۆ چوار پاسەوانم هەیە یەعنی باوەڕ ناکەم ئەمە لە هیچ یاسایەك هەبێت فەرماندەیەکی سریە سێ بۆ چوار پاسەوانی هەبێت، لەبەر ئەوە گرنگە بە راستی کۆتایی بە دیاردەی بندیواری لیوا هاوبەشەکان و فەوجەکان بێت، وە ئەوەی لە هەموو گرنگترە لە راستی زۆری پاسەوانی فەرماندەی سرییەکان و فەوج و لیواکانە ئەمەش کۆتایی پێ بێت بنبڕ بکرێت، وە برای بەڕێزم هەتا ئەو برادەرانەی لیژنە هەم کاك رێڤنگ و هەم کاك عثمان و کاك رزگاریش ئاگاداری ئەو حاڵەتانەن چەند جارێك ئێمە توشی ئەو موناقەشە و ئەوانە بووین، لەبەر ئەوە گرنگە کۆتایی بەم سێ حاڵەتە بێت هەم مەسەلەی بندیوار و هەم بابەتی پاسەوانی زۆری فەرماندەی لیوا و فەوجەکان و فەرماندەی سرییەکان، وە خاڵێکی دیکەش لە راستی دەست و برد بکرێت لە دابینکردنی کەرەستەی سەربازی بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا کە قۆناغێکی گرنگ و قۆناغێکی زەرورە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە راستی دەمەوێت دەستخۆشی لە هەر دوو لیژنەی پێشمەرگە و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکەم کە بە راستی راپۆرتێکی تێر و تەسەل و پەنجەی خستۆتە سەر زۆر لە برینەکانی برا پێشمەرگەکان هیوادارم ئەو راپۆرتە ببێتە بنەمایەك بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و ئەوانی تر و بەدواداچوون بۆ بێتە کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆش لە هەر دوو لیژنە بەڕێزەکان دەکەم وەکو ئاگادارن تا ئێستا هەر شاندێکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا رۆیشتبێت لە سەر ئەوەی کە داوای مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستانیان کردووە لەمەودوا زۆر پێویستە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەك یان وەفدێك بنێرێت بە ئاگاداری هاوپەیمانان بۆ بەغدا تەنها بۆ ئەوەی چەك و تەقەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان بکات ئەگەر بڵێین بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئەساسی (١٧%) یان (١٠%) بێت بە هەمان نسبە دەبێت لەوچەك و تەقەمەنیانەی کە حکومەتی عێراق دەکڕێت بەشی هەرێمی کوردستان بدات، یانیش داوا بکەن ئەگەر نەدات روخسەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات کە خۆی پڕ چەك بکات راستە ئێمە پارچەیێکین لە عێراقی یەکگرتوو تا ئێستا فڕۆکەخانەیەکی جەنگی لە هەرێمی کوردستان نییە کە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سنووری سێ وڵات و لە جێگایەکی حەساسە و هەرێمی کوردستان توشی چەند شەڕ بووە تا ئێستا دوو فڕۆکەی جەنگی عێراق لە هەرێمی کوردستان نییە کە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بێت بۆ حاڵەتی وەکو ئێستا کە لە شەڕی داعش بەکاری بێنێت ئەگەر راستە و ئێمە بوشێکین لە عێراق دەبێت ئەو شتەمان هەبێت کە ئەوان چۆن ئیستا لە فڕۆکەخانەی جەنگی فڕۆکەی (F16)یان هەیە بە تەمان (F22)ش بکڕن سوپایەك ئەگەر چەند بەهێزیش بێت بەڵام تەختیەی جەوی نەبێت لە زۆربەی شەڕەکان سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر ئێمە هەمەڕیشمان هەبێت یان مودەڕەعەی باشمان هەبێت یان دەبابەشمان هەبێت بەرامبەر بە فڕۆکەی (F16) و (F22) وە ئیستا (F36)یش هەیە بڕوا ناکەم سەرکەوتوو بین، لەبەر ئەوە پێویستە و زەروریترە بۆ ئیمە چەك بۆ ئێمە لە پارە زۆر زۆر گرنگترە ئەگەر هەر چیمان هەبێت، بەڵام چەکمان نەبێت ناتوانین ئەو شتە بپارێزین ئەوەی کە هەمانە، دەستان خۆش زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی دوێنێ بە حوکمی ئەوەی ئێمە ئەندامی لیژنەین و لە کۆبوونەوەکە بووین هەندێك پەرلەمانتاری بەڕێز دوێنێ و ئەمڕۆش باسیان لەوە کرد کە دەنگۆی ئەوە هەیە چەك و تەقەمەنی کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن لای هەندێك بەرپرس خەزن کراون و لە کۆگاکان دانراون لە ڤێلاکانیان دانراون ئەوە چەندین جار باسکراوە، ئێمەش لە کۆبوونەوەکە بە حوکمی ئەوەی جەنابی وەزیر لەوێ بوو راستەوخۆ ئەو پرسیارەمان لێ کرد هەتا ناوی ئەو پەرلەمانتارانەشمان هێنا دوێنێ باسی ئەو بابەتەیان کردووە ئەمڕۆش دیسان چەند پەرلەمانتارێك باسیان کرد تا چەند راستە، بەڕێز جەنابی وەزیر بەو شێوەیە وەڵامی دایەوە ئەمە وەڵامی جەنابی خۆیانە وتی لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە ئەو چەك و تەقەمەنییانەی کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن هەمووی لە سەر سەنگەرەکان دابەشکراون لەلای پێشمەرگەکانەوەیە چەك و تەقەمەنی سەر بە وەزارەتی

پێشمەرگە لەلایەن بەرپرسانەوە دەستی بەسەردانەگیراوە هەر بۆ بەرچاوڕوونی هەڤاڵان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبكر فەرموو، لێرە نییە، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت لەوە دەست پێ بکەم وەڵامی حکومەت دوێنێ ئەوە بوو بۆ ڕاپۆڕتەکەی لیژنە کە عێراق ڕێگایان پێنادات چەك بکڕن ئەی ئەو هەموو چەکەی کە لە بازاڕ هەیە کاك کاوە ئاماژەی بەوە دا دووربینی حەراری لەناو بازاڕەکانی هەرێم هەیە، وە کەسێکی یاسایی دەتوانێت چەکێك بەدەست بێنێت بە پارەیەکی کەم، بەڵام پێشمەرگە بە تفەنگێکی ژەنگاوی لە سەنگەرەکانە بەداخەوە، سەبارەت بەوەی پێشمەرگەی زێرەڤانی پەیوەندی پێوە کردووم دەڵێت چووە بۆ داوای ژن ژنیان نەدامێ لەبەر ئەوەی دەڵێت بیست و یەك بە حەوت دەوام دەکەی بە مووچەیەکی کەم بیست یەك بە حەوت وەڵاهی کارەساتە پێشمەرگەیەك بە مووچەیەکی کەم بیست و یەك ڕۆژ دەوام بکات و حەوت ڕۆژ لەماڵەوە بێت وەڵاهی ئەوە تاوانە ئەوە غەدرێکی زۆر گەورەیە لە پێشمەرگە دەکرێت، سەبارەت بەوەی کە ئابوونەیان لێ وەردەگیرێت هیوادارم لابردنی ئابوونە یاخود سزادانی ئەو جیهەتانەی کە ئابوونە لە پێشمەرگە وەردەگرن بەو هەموو داهات و بەو هەموو گەندەڵی و پارە بردنە تێر ناخۆن چاویان لە سێ هەزار و چوار هەزاری پێشمەرگەیە کە مووچەکەی پێنج سەد هەزارە وەڵاهی ئەوە حەقە شەرێکی گەورەی لەسەر بکەی، وە من دەڵێم ئەگەر یەك پاداشتی بچووکی پێشمەرگە بدەینەوە ئەوانەی کە بەشداری شەڕی داعش دەکەن حەقە هەر ساڵێکی خزمەتیان بە دوو ساڵ بۆ ئەژمار بکرێت، لەبەر ئەوەی بە پارەیەکی کەم بە بارگرانییەکی زۆر و بە ئەرکێکی زۆر بەشداری شەڕەکان دەکەن و ئێمە دەپارێزن، یەعنی شایەنی ئەوە نین ساڵی خزمەتیان بە دوو ساڵ خزمەت بکرێت وەك لە ڕابردوو ئەوە هەبووە، وە پێداچوونەوە بە مووچەکانیان بکرێت، بە جدی پێنج سەد هەزار هی ئەوە نییە بۆ پێشمەرگە بێت بن دیوارێکیش پارەی هەیە لە ماڵەوە بە ئیسراحەت وەریدەگرێت و دەوامیش ناکات، بەڵام پێشمەرگەیەك بە پێنج سەد هەزار لە بەرەکانی جەنگە سەرما و گەرما و هەزار ئیهانە و لەناو عائیلەی شەڕی بۆ دروست دەبێت کاتێك بیست و یەك ڕۆژ لە دەوامە، سەبارەت بە سوتەمەنی وەڵاهی پێشمەرگە هەبووە وتوویەتی چیلکەمان کۆ کردۆتەوە خۆمان پێ گەرم کردووە یەعنی چۆن دەبێت ئێمە نەوت بفرۆشین و نەخرێتە خزمەتی هاووڵاتیشەوە دەبا تۆزێك بخرێتە خزمەتی پێشمەرگە ئەوەتا دەڵێن هەمەڕمان هەیە، بەڵام سوتەمەنیمان نییە دابینی بکەین بۆ ئەو زرێپۆشانە ئەگەر ئەوان بەدواداچوون نەکەن ئەوان دەسەڵاتیان هەیە لە حکومەت لە وەزارەتن کێ بیکات خۆ هاووڵاتی نایکات هیوادارم لە ڕاپۆڕتەکە ئەو سەرنجانە هەر چۆنێك بێت بە ڕێکارێك ڕێگەی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای دەستخۆشیم بۆ هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند سوپاسیان دەکەین بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، دەمەوێت باسی ئەوە بکەم پێم باشە لە راپۆرتەکە زیاتر جەخت لە سەر مەسەلەی لێدوانی میدیاکان و رومالکردنی رووداوەکان لە بەرەکانی جەنگ بکرێت، هەروەها زۆر بە روونی باس لەوە بکرێت کە پێویست دەکات وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لێدوانی بەرپرسەکان قەدەغە بکەن لە سەنگەرەکاندا سەرەڕای ئەو دوو بابەتەی باس دەکەم وەزارەتی پێشمەرگە بە سوپاسەوە چارەسەری کردووە، بەڵام پێم باشە لەناو راپۆڕتەکە زۆر بەروونی ئاماژەی پێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم راپۆڕتە وەکو لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان ئامادەمان کردووە وە هەموو ئەو خوشك و برایانەی ئیشارەتیان پێداوە لە راپۆڕتەکە زۆربەی ئەو خاڵانەمان جێ کردۆتەوە وە ماوەتەوە ئەوەی کە ئێمە خۆمان تێبینیمان لەسەر کۆمەڵێك شت کە لە راپۆرتە باسی بکەین، ئەویش ئەوەیە من بۆ خۆم وەکو لیژنەی پێشمەرگە سەردانی ئەو جێگایانەمان کردووە کە پار ساڵ کە روویداوە بەداخەوە ئەو کارەساتانە کە روودەدەن ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە باسمان کردووە، سێ خاڵ کە زۆر گرنگە وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی بدات، یەك لەوانە رێك و پێك کردن و توند و تۆڵکردنی رەبیعەکان، چونکە بە راستی هیچ مەرجێکی توند و تۆڵی تێدا نییە، ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە رۆیشتین وە پڕ چەککردن و ئێستا مەفهومی شەڕ گۆڕاوە و دووربینی حەراری و کۆمەڵێك چەك و پێداویستی و مەوجوداتی ناو رەبیعەکان زۆر گرنگە، یەك خاڵ هەیە زۆر گرنگە حەز دەکەم بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان لەوە ئاگادار بن کە ئێمە کە سەردانی رەبیعەی نزیك خانەقینمان کردووە لەوێ پارساڵ کە ئەو شەهیدانە لەوێ شەهید کران، بەداخەوە ئەو چەکدارانەی کە دێنە سەر رەبیعەکان بە بەرچاوی بارەگای حەشدی شەعبی کە سەد مەتر لێیان دوورە ئەوەتا ڤیدۆکەم لایە کە بە عەرەبی قسە دەکەن سەیری چەکدارەکان دەکەن دێنە سەر رەبیعەکە پێشمەرگەکان شەهید دەکەن و دەگەڕێنەوە، یەعنی ئێمە گومان دەکەین کە حەشدی شەعبی بە مەبەست ئەوە دەکات، وە کارەساتەکە ئەوەیە هەتا ئێستا پاشماوەیان جێ نەماوە نازانین ئەمانە حشدی شەعبین یا عەرەبی عەشایرن یاخود چەکداری داعشن نازانین ئەمانە کێن، چونکە من خۆم لە گەرمیانم دەزانم حەزیش دەکەم جەنابتان ئەو گرتە ڤیدۆیە ببینن دوێنێ پێشانی جەنابی وەزیر و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانیشمان دا ئەوە کارەساتە بە راستی پەرلەمانی کوردستانیش حەقە جەخت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ دەنگ نەبێت لەوە، چونکە ئەمە لە راستی چۆلکردنی ناوچەکەیە جەلەولا لە ساڵی (١٩٧٣) عەرەبی تێدا نەبوو سەعدییە مولکی بەگزادە و جافە ئێستا عەرەبی تێدایە کولەجۆش ئێستا لە خەتەردایە بە

راستی ئەمە هەمووی بە هێز دەپارێزرێت ئەوەی کە ئێمە چوینە ئەو ناوچەیە بوورن رەنگە زۆر لە کاتەکەشم تێپەڕاند، بەڵام گرنگە باسی بکەم خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەوەتا وردە وردە شوێنەکەی خۆیان جێ دەهێڵن و عەرەب لەو ناوچەیە نیشتەجێ بێت ئەگەر گوڵەجۆ پشتیوان نەبێت کەلاریش لە خەتەردایە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رزگار عیسی فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە هەردوو لیژنەی بەڕێز دەکەین بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بەو بارودۆخە مەترسیدارە تێدەپەڕێت رەنگە دەرفەتی پێویستسان لەبەر دەست نەبووبێت بە شێوەیەکی چڕ و پرتر لە ئەلیف تا ئەخیر زیاتر هەڵسەنگاندن بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و وەزعی پێشمەرگە لە هەموو بوارەکانەوە بکەن، بۆیە ئەمەی خوارەوە دەخمە رووی لیژنەی پێشمەرگە و چەند پرسیاریش ئاڕاستەیان دەکەم تەبعەن هەڵسەنگاندن لە وەزعی عەسکەری یا سەربازی وڵاتێك پەیوەندی بەو چەند خاڵەوە هەیە کە چەند عەسکەر هەیە، چ جۆرە چەك هەیە، پێویستی بە چ جۆرێکی چەکی ترەوە هەیە، ئایا تەسنیەی عەسکەریان لە ئاستی پێویستدایە، پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای چەکیان چ جۆرێکە، زانکۆی سەربازی و پەروەردەکردنی سەرباز یا پێشمەرگە لە چ ئاستێکدایە، کەرتی تەندروستی بە تایبەت وەزعی تەندروستی پێشمەرگە لەدوای برینداربوون یان شەهید بوونی وە بواری تەندروستی فیزیکی و دەروونی ئەو پێشمەرگە و خانەوادەکەی لە چ ئاستێکدایە، یەکەی دروستکردنی سەنگەری رێگاوبان و یەکەی تەکنیکی سەربازی پەرەپێدان بە مەتبەخی خێرا، بەڕێزان ئەو پرسیارە ئاڕاستەی لیژنەی پێشمەرگە دەکەم من پێموایە نەك تەنیا حکومەتی عێراق رێگا بە پێشمەرگە نادات کە چەك و تەقەمەنی بکڕێت دەوڵەتەکانی دەورووبەریش رێگامان پێنادەن، بەڵام پرسیارەکەم ئەمەیە ئایا لە دەستوور هیچ رێگرییەك هەیە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان یا وەزارەتی پێشمەرگە پەرە بە تەسنیەی عەسکەری بدەن وە سوود لە گەنجی هەرێمی کوردستان وەرگرین کە لە بواری ئای تی و لە بواری تەکنیکی زیرەکن، بۆ ئەوەی لەو بوارەوە پێویست بە کڕین یان هاوردەکردنی ئەم جۆرە عەسکەرانە نەبێت، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەکەم کە لیژنەی پێشمەرگە راسپێرن بۆ ئەوەی ماوەی درێژتر بارودۆخی وەزعی پێشمەرگە هەڵسەنگێنن بە تایبەت پەروەردەکردن و زانکۆی سەربازی وە کەم و کوڕییەکان کە خودی بەڕێزیشیان ئیشارەتیان پێدا کە بزانین دوای ئەم راسپاردەیە وەزعی پێشمەرگەکانە دەکەوێتە چ ئاستێکەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، من لە دەسپێك هاوڕای هەر دوو برای بەڕێزم کاك ادریس و کاك رزگار عیسی، وە لە کۆبوونەوەی دوێنێ لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە وەکو ئەندامی لیژنەی پێشمەرگە ئاماژەم بەوەدا لە حزوری وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکی دیوان دیارە ئیزافە نەکراوە لە راپۆرتەکە بۆیە ئەوە دەڵێم تاوانە حکومەتی هەرێم بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی خۆی بۆ هێشتنەوەی شکۆ و بەرزهێشتنەوەی ئەو ئاڵا پیرۆزە پشت بە حکومەتی عێراق ببەستێت بە راستی، چونکە حکومەتی عێراق حەز دەکات ئێمە نەبین باشە بۆ هێشتنەوەی ئێمە چۆن هاوکار دەبێت لەگەڵمان کارەستە ئێمە بۆ هەموو شتێك هەر بڵێین حکومەتی عێراق وا و حکومەتی عێراق وا ئەی توانا و شیانی حکومەتی ئێمە چییە یەعنی با تەوزیحێك بدات تا چەند دەتوانێت هەوڵ بدات پێشمەرگە پیرۆز بهێڵێتەوە دەمویست ئەوە لە راپۆرتەکەدا هەبێت، ئەوەی تریش سەبارەت بە زیادکردنی مووچەی پێشمەرگە لە وەزارەتی پێشمەرگە یەعنی پێنج سەد و یەك هەزارە مووچەی ئێمە دوێنێ ئەوەم بە وەزیری پێشمەرگە گوت ئەوانەی کە پێشڕەوییان بۆ ئەنفال دەکرد ئێستا بە عەمید و بە عەقید و بە نازانم چی خانەنشین کراون، یاخود چەند وەزارەتمان هەیە لە حکومەتی هەرێم وەزارەتی ئەوقاف هەیە کە چی مەلایە بە روتبەدار خانەشین کراوە لە وەزارەتی پێشمەرگە، هونەرمەندە روتبەی هەیە و خانەنشین کراوە لە وەزارەتی پێشمەرگە، پێشکەشکارە بە روتبەدار خانەنشین کراوە ئەگەر ئەوانە هەموویان ئەوانەی کە پێشڕەوی ئەنفالیان کردووە و ئەوانەی کە مەلا و پێشکەشکار و هونەرمەند و هەموو ئەوانەی تر کە رەنگە ناوی هەندێکیان بێنم خەڵکێك لێم زویر بێت بۆیە ناویان ناهێنم بۆ زویر کردنی خودی ئەوان نییە، بەڵام بە هەڵە تێنەگەیشتن لێم بۆیە ناویان ناهێنم ئەگەر ئەوانە فەسڵ بکرێن پارەکەی هەر بگەڕێتەوە وەزارەتی پێشمەرگە لەوێ ئیستیفادەکە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بێت ئەوەی تریش داوام لە وەزیری پێشمەرگە کرد خودی وەزیری ناوخۆش ئەوەمان پێ راسپارد تاوەکو ئێستا ئێمە نازانین فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە یان وەزارەتی پێشمەرگە ئەگەر لە وەزارەتی ناوخۆ داوای کەم و کورتی دەکەی ئەوان دەڵێن موختەسن بە وەزارەتی پێشمەرگەوە بە وەزیری پێشمەرگەش دەڵێت ئەوان تەنها ناویان پێشمەرگەیە، یەعنی یەکلایی بکرێتەوە، دیسانیش دەڵێم بۆ ئەوەی بزر بکەن لە نێوان خۆیاندا کەس راستی شتەکان هەڵناگرێت لە سەر ملی خۆی بیست و یەك بە حەوت بۆ ئەمڕۆ ئەگەر مەترسی لە سەر هەرێم هەبێت من خۆم پێشمەرگە بووم جار وابوو سی و نۆ شەو و چل رۆژ یان بیست رۆژ ماڵمان نەبینیوە زۆر ئاسایی بووە لامان، بەڵام ئێستا لە یەك فەوج چوار سریە خۆی فەوج پێنج سریەیە سریەییەکی دە بە دە بێت یان حەوت بە حەوت بێت چوار سریەی بیست یەك بە حەوت بێت بە راستی ئەوە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ من حەز دەکەم فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی لێرە بەرپرس نییە ئەوانن کە رێگری دەکەن لە جێبەجێ کردنی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەختەکەت تەواو سوپاس، کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وێڕای دەستخۆشیمان بۆ هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند کە کۆمەڵێك خاڵی گرنگیان خستۆتەڕوو، بەڵام حەقیقەتێك هەیە کە ئێمە هەموومان دەزانین ئەویش ئەوەیە کەم و کوڕیەکی یەکجار زۆر لە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەیە، وە من بەش بە حاڵی خۆم ئەو پاساوانەی کە وەزارەتی پێشمەرگە دەیانهێنێتەوە بۆ ئەو خەلەلانەی کە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەن من بەش بە حاڵی خۆم پێی موقنع نیم قاعیدەیەکی سەربازی هەیە دەڵێت تا لە مەیدانی مەشقدا زیاتر عارەق بڕێژی لە مەیدانی جەنگدا کەمتر خوێن دەڕێژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە مەشق و ڕاهێنانی سەربازییەوە لە حاڵەتێکی یەکجار خراپدایە و بە تەواوەتی پشتگوێ خراون ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە باش نەکراوە کە پێویستە بەر لە هەموو شتێك وەزارەتی پێشمەرگە بیر لە باشکردنی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە بکاتەوە وێڕای ئەوە تاوەکو ئێستا پێشمەرگە خۆی چەك بۆ خۆی دەکڕێت کاتێك کە پێشمەرگەیەك دادەمەزرێت و دەبێتە پێشمەرگە وەزارەتی پێشمەرگە چەکی پێنادات دەبێت بچێت لە بازاڕەکان خۆی چەکێك بۆ خۆی بکڕێت و تاخم بکڕێت و ببێتە پێشمەرگە دابەشکردنی چەك بە شێوازێکی عەدالەت بە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە کارێکی ڕاست و دروست نییە و نەکراوە دابەشکراوە گومانمان لەوە نییە وەزارەتی پێشمەرگە چەکی گلدابێتەوە، بەڵام ئەو چەکانە پێشکەوتوون کە لە ڕێگای هاوپەیمانانەوە دراون بە وەزارەتی پێشمەرگە ئەم چەکانە وەکو پێویست لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری نین سەنگەرسازی لە ئاستی پێویستدا نییە ناکرێت تۆ پارێزگاری لە ناوچەیەکی کێشە لەسەر بکەی بچی پێشمەرگە لە مزگەوتێك دابنێیت مزگەوت بۆ خواپەرستی دانراوە نەك بکرێتە سەنگەری دیفاع کردن لە گوندێك کە سەرەنجام کارەساتی لێ دەقەومێت تا ئێستا گواستنەوە پێشمەرگە بە سەیارەی خۆی دەچێتە جەبهەکان، بۆ من بە قەناعەتی خۆم نابێت ئێمە بکەونە ژێر پاساوانەی کە وەزارەتی پێشمەرگە دەهێنێتەوە، نەخێر وەزارەتی پێشمەرگە پڕاوپڕە لە کەم و کورتی دەبێت خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەو شەهیدانە هاووڵاتیان و پێشمەرگە بکاتە سەرەتای دەستپێکێکی بەخۆدا چوونەوەی ئەگەر لە قولەجۆوە دەست پێ بکەین تا دەگاتە بناری قەرەچوخ سەنگەرەکان پڕاوپڕن لە کەم و کوڕی پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، گوڵستان خان فەرموو.
**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ناخی دڵەوە هاوخەمی و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدەکان دەکەین و ئەو خەڵکە سڤیلەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شانبەشانی هێزەکانی پێشمەرگە گیانی خۆیان بەخت کرد ئێمە زۆر دەستخۆشی دەکەین لە هەردوو لیژنەی بەڕێز کە پێشنیارەکانیان جێگەی دەستخۆشییە و زۆر پوخت و پاکە، بەڵام هەندێك ئیزافەمان هەیە ئەگەر بە هەندی وەربگرن یەکێك لەو ئیزافانەی کە من دەمەوێت بیکەم ڕاستییەکەی ئێمە

پێویستمان بە تیمی گەڕۆکی پێشمەرگە هەیە لە ناوچەکانی کە مەترسی لە سەرە وەك مەفرەزە دەرچن کە ئەوە خاڵێکی گرنگە خاڵێکی تر سەبارەت بەوەی کە روونکردنەوەیەك درا لە سەر ئەو چەکانەی کە لە لای هێزی پێشمەرگەیە بۆ منیش جێگەی بڕوا و متمانە نییە کە ئەو چەکانە بە هێزەکان درا بێت راستە فەرماندە وەریگرتووە دەتوانم بڵێم زۆر جار لە رێی مندالەکانی فەرماندەکانەوە ئێمە دەبیستین کە خۆیان ئیعتراف لە سەر خۆیان دەکەن لە ناو ماڵەکانی خۆیان فەرماندەکان چەکەکانیان گلداوەتەوە و تەسلیمی هێزی پێشمەرگەیان نەکردووە کە پێشمەرگە کەم و کورتییەکی زۆری هەیە لە رووی چەکەوە من داوا دەکەم پەرلەمانتارانی بەڕێز هاوشانی فەرماندە عەسکەرییەکان هیچ لێدوانێك بۆ هیچ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە نەدەن، بۆ ئەوەی هیچ کاتێك ئەم هێزانەی خۆمان بە زەعیف و لاواز پیشان نەدەین لە بەرامبەر ناحەزان و دوژمنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جگە لەوە من داواکارم ئەم هێزانەی پێشمەرگە رێك بخرێتەوە لە ژێر ئەوەی کە پرۆسەیەکی نیشتیمانی هێزی پێشمەرگە هێزی هەموو خەڵکی کوردستانە لەگەڵ رێزم بۆ هەموو فەرماندەیەکی حیزبی ناکرێت ئەم هێزانە بە هێزی حیزبی ناوزەند بکرێن یا ئاڵای حیزبێکی دیاریکراو لە سەر هێزەکانی پێشمەرگە بەرز بکرێتەوە تەنیا و تەنیا ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەبێت بەرز بکرێتەوە داوا لە پەرلەمانی بەڕێز دەکەم کە بەڕێز کاك (محمدی حاجی محمود) بانگهێشتی پەرلەمان بکات لەبەر ئەوەی هەندێك لێدوانی داوە...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە چ سیفەتێك گوڵستان خان؟ نە وەزیرە نە فەرماندەیێکی سەربازییە نە پۆستێکی حکومی هەیە.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی رابردوودا هەندێك لێدوانی دا بە راستی ئەوانە هەمووی جێی سەرەنج...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەکرێت لیژنەی پێشمەرگە داوای لێ بکات زانیارییەکانی لێ وەربگرێت نەك ئەوەی کە بانگهێشت بکرێت.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا لە لیژنەی بەڕێز دەکەم سزا و پاداشت ئاماژە پێ بدەن، چونکە هەندێك لەو فەرماندانە کەم کوڕیان هەبووە لە کاتی فەرمانداری کردنیان وە ئەوانە پێویستە دوور بخرێنەوە، وە سزا و پاداشتی ئەو پێشمەرگانەش بکرێت کە ماندوونەناسانە لە سەنگەرەکاندان، وە پشتگیری ئەوەش دەکەم کە رەوشی ژیانی پێشمەرگە باش بکرێت لە رووی دارایی و بژێوی ژیانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرمووو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای ئەوەی کە دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم ئێمە زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە قسە لەگەڵ پێشمەرگەکان دەکەین ئەوان هەندێك مەعاناتیان هەیە لە راستیدا پێشمەرگەیەك بۆ نموونە لەو کاتەی کە بۆ هۆی پێوەدانی مار و دوپشك یان برینداریيەکی خەفیف ناچار دەبن رێگایەکی زۆر ببڕێت تا دەگاتە نەخۆشخانەیەك یان بنکەیەکی تەندروستی، بۆیە من پێموایە کە پێویستە لە نزیك سەنگەرەکاندا بە لایەنی کەم بنکەی تەندروستی هەبێت یاخود یاریدەدەری پزیشکی هەبێت بۆ ئەوەی چارەسەرە خەفیفانە بۆ پێشمەرگەکان بکرێت ئێمە لە ماوەکانی رابردوو بینیومانە کە جاری وا بووە بۆ ئەو حاڵەتانە گیانی پێشمەرگە کەوتۆتە مەترسی تەنانەت هەندێك جار دەبینین بە هۆی شەڕ کە لە سەنگەرەکان دەبێت تەنانەت پێشمەرگە ئیسعافێکیشی نییە بۆ ئەوەی بگاتە خەستەخانە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئیسعاف بۆ بەرەکانی جەنگ دابین بکرێت، وە پێویستە خاڵێکی تر پێداگیری لە سەر بکرێت هەڤاڵانی ئێمەش ئاماژەیان پێدا ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەك نابێت میدیاکان روماڵی سەنگەرەکان و شوێنی حەدەسەکان و پێکدادانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە بکەن، چونکە بەو شێوەیە زانیاری بە دوژمن دەدرێت و گیانی پێشمەرگەکان دەخرێتە مەترسی، وە خاڵێکی تر کە زۆر ئاڕاستەی لیژنەی ئێمەش دەکرێت وەکو لیژنەی کاروباری شەهیدان ئەو پێشمەرگانەن کە لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ سەنگەرەکانیان تووشی حادیسەی سەیارە یاخود گیان لەدەستدان دەبن، لە راستیدا من پێموایە کە ئەوانە وەکو شەهید دەبێت ئەژمار بکرێن، بۆیە داواکارییەکی زۆر هەیە بۆ ئەمە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەمانە بکرێنە شەهید، چونکە لە کاتی گەڕانەوە بۆ سەنگەرەکان یاخود گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان توشی ئەو حادیسانە دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ هەر دوو لیژنێت تایبەتمەند راستی دەستخۆشیێ ل هەر دوو لیژنا دکەم تایبەت سەرەدانا وان بۆ سەنگەرێت پێشمەرگەی د ماوەی بووریدا و هەروەسا گرنگیدانا لیژنا وان بۆ ماددا (١٤٠) و سەردانێت بەردەوام هیڤیدارم ئەڤ سەردانە بەردەوام بن ب راستی راپۆڕت بەر دەستێ مە نەبی ئیحتیمالە کێماسی هەبیت مە گەلەك باش تەنها گوهداریا وا کر من یەك دوو تێبینی هەبوون ئەوێت د راپۆڕتێدا نەهاتییە رەخساندن و باش کرنا بارێ دەروونی یێ پێشمەرگەی ئەگەر بارێ دەروونی یێ پێشمەرگەی باش نەبیت پێشمەرگە زۆر زەحمەتە د سەنگەریدا بەرگریێ بکەت، چونکی ئەگەر نەفسیەت و تەفکیرا پێشمەرگەی د ژیانا وی و کێماسیا ژیانا وی دا بیت گەلەك نەخۆشە د سەنگەریدا تو بشێی دیفاع بکەی، هەروەسا ب زووترین دەم گۆڕینا سیستەما دەواما بیست ب حەفت کو بهێتە گۆڕین یەعنی کێمترین تشت کو بهێتە کرنێ ئەو پازدە ب پازدە یان ب شێوازەکێ دی کو مەجالێ پێشمەرگەی زۆرتر هەبیت د ناڤ کەس و کارێ خۆدا بیت و دەوامەکا باشتر بکەت و رێك و پێکییا وی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هیڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی ئەو ڕاپۆڕتەیان نوسیوە لە هەر دوو لیژنە خەڵکی زۆر بەڕێزن دەستان خۆش بێت و سەرکەوتوو بن و ئەوانەی زۆربەیان کە دانیشتوون پێشمەرگەنە لە هەموومان زیاتر لە مەعاناتی پێشمەرگە دەگەن و لەو مەنتیقەی (١٤٠) جوان خان دەستان خۆش بێت ئەو ماوەی کە ئەو هێرشانە کران پێم خۆشە وەکو ئاستێکی نیشتیمانی کوردستانیانە قسە بکەین فەڕز بکرێت لە سەر وەزارەتی پێشمەرگە جگە لە ئاڵای کوردستان نە ئاڵای پارتی نە هی یەکێتی نە هی هیچ حیزبێکی تر لەو ڕەبیعانە نەبینرێت ڕەبیعەی کوردستانە لەوێ بەرگری لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەن یەکەم جار باسی حیزبی خۆم دەکەم پێویست نییە هیچ ئاڵایەکی پارتی لەوێ بێت یا ئاڵای هێزێکی تری کوردستانی لەوێ بێت ئاڵای کوردستان هەبێت هەر بە فرسەت دەزانم موشکیلەی مووچەی پێشمەرگە ئەو ماوەیە چەند جار بینیومانە لە کاتی دابەشکردنی مووچە پێشمەرگە لە ماڵییە، لەبەر ئەوەی وەزعەکە زۆر خراپە دەچێت مووچەی خۆی وەردەگرێت توشی حادیسە دەبێت ئەم مەسەلەی مووچە چارەسەر بکرێت ئەو پێشمەرگەی لە ماڵەوەیە مووچەکە بۆیان بچێتە ماڵەوە پێشمەرگە نەیێت مووچەی وەرگرێت و لە ڕێگا تووشی حادیسە بێت، وە لە ڕێگای بەڕێزتانەوە داوا دەکەین ڤیدۆیەك دروست بکرێت لە وەزارەتی پێشمەرگە و ڕۆشنبیری بۆ هەموو کەناڵەکان، ئێستا ئەم پێشمەرگانە ڕوحیەتەکەی لە ناو خەڵك زیاتر بکەن ئەوان لەوێن بەرگری لە ئێوە دەکەن ویستم لە سەر ئەو سێ بابەتە قسە بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، من سەرەتا دەستخۆشی لە هەر دوو لیژنە دەکەم، وە ڕاپۆڕتێکی پێموایە تێر و تەسەلیان ئامادە کردووە ئاماژەیان بە هەموو کەم و کوڕییەکان کردووە، بەس دەمێنێتە سەر ئەوەی کە ئایا حکومەت و وەزارەتی پێشمەرگە چەند ئەو ڕاسپاردانەی کە تۆماریان کردووە بە هەند وەردەگیرێت دەمەوێت حەقیقەتێکیش لێرە روون بکەمەوە کە ڕەنگە تۆزێك تاڵ بێت، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان دەبێت بیزانن و بەتایبەتیش ئەو سێ چوار برایەی کە وەك ئاگادارن پێشمەرگەی دێرینیش دەزانن خۆی هەر هێزێك ئەگەر دەستی بە چالاکی پارتیزانی کرد بۆ زانیاری هەموو لایەك زۆر بە زەحمەت ڕێگەی لێ دەگیرێت ئێمەش کاتی خۆی پێشمەرگە بووین حکومەتی عێراق بەو هەموو هێز و بەو هەموو زەبەلاحییەی خۆیەوە نەیدەتوانی ڕێگە لە چالاکی پارتیزانی بگرێت ئەوەی داعشیش ئێستا کە دەیکات شێوازی شەڕەکەی گۆڕیوە، چونکە دەزانێت شەڕی جەبهەی پێ ناکرێت ناچار هاتووە پەنای بردۆتە بەر پارتیزانی، بۆیە انشاالله بەڕێزان قسەیان لەگەڵ کردووە و ئەو پێشنیارە دەگات بەوان بە وەزارەتی پێشمەرگە خۆی ئەوان دەیانەوێت ئەو هێزەی ئێمە هیلاك بکات ئەمە

یەکێك لە ئامانجەکانی پارتیزانییە کاتێك کە هیلاك بوو پەلاماری رەبیعەیەکی دا لەوێ پەلاماری خـاڵێکی دا و لەسـەر جـادە کەمـین دادەنێـتەوە و مەسـەلەن نـوقتەیەك دەگرێـت ئەم هێـزە کە بەردەوام ئـاوا خـوێنی لـێ بچۆڕێـت تووشـی نەزیفییەکـی گەورەی دەکـات ئەم هێـزە دوایـی بە راستی کە پەلامارێکی گەورەی هاتە پێشەوە تاقەت و توانای موقاوەمەی نامێنێت، بـۆیە بەرایـی من دەبێت بە راستی بیر لەوە بکرێتەوە ئێستا رەنـگە دەرفەت نەبێـت بۆتـان بـاس بـکەم رەنـگە هەنـدێك ئەفکـاری خـۆم هەبێـت بە راسـتی، بەڵام دەرفەت نیـیە لە سـێ خولەکـدا باسـی ئەو مەوزوعە بە تەواوی بکەم، بۆیە پێویستە...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقەت ماوە مامۆستا، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە پێویستە بە راسـتی رێکارێـك بگیـرێتە بەر ئەویـش ئەوەیە ئەو خـاڵانەی ئـێمە پێـی دەڵێـین بەرگـری ئەوەی کە سـنووری پـێ دەگوترێـت بە (حـد الامکـان) قـایم بکـرێن و مەجـال نەدرێـت مێرویەکیش بێتە ئەم دیوە کە هاتە ئەم دیوە بە راستی کاتی خۆی حکومەت رەبیعەیەکی لەوێ بوو رەبیعەیەکی تـری لەولا بـوو بەخـوای بەنـاو رەبایعەکـان دا دەهـاتینە نـاو ئەو هەولێـرە، بـۆیە ئەمە یەك دوو مـــن پێمـــوایە خـــاڵێکی تـــر کە زۆر گـــرنگە ئەوەیە کە هێـــزی پێشـــمەرگەش و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئـێمە هەسـت نـاکەین کە ئینتیمـای نیشـتیمانی و نەتەوەیـی زۆر لاواز بووە ئێمە هەست ناکەین، مەسەلەن خەڵك زۆر وەك جاران گەرم و گوڕ نییە لە بەرگریکـردن لە هەموو روویەکانەوە بە چەك بێت لە رووی سیاسییەوە بێت موهیم پێمـوایە بەشـێکی گرنگـی وەزارەتـــی پێشـــمەرگە و حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان لەم رووەوە هەتـــا ئەم پەرلەمـــانی کوردسـتانە حەقـیقەتەن ئەوەیە راسـتە ئـێمە گلەییمـان لە یەکتـر هەیە، بەڵام بـۆ ئەم بـابەتە بە راستی پێویستی بە هەموو لایەکەوە هەیە ئەم داعشە سبەینێ سـەرکەوتوو بێـت فەرق بە هـیچ لایەك ناکات رەنگە لە هەندێکان توندتریش بێت، بۆیە من پێموایە لاوازی ئینتیمـای نیشـتیمانی و نەتەوەیی ئەوەش هۆکارێکە لەوانەیە زیانی گەورەی لێ بکەوێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، دەستخۆشـی لە هەر دوو لیـژنە دەکەم، بەڵام مـن دەمەوێـت سەرەتا بە قسەیەك دەست پێ بـکەم جارێـك سـەردانی کـاك نۆشـیروانم کـرد چـوومە لای وتیـان میوانی هەیە منیش راوەستام تا میوانەکە هاتە دەرێ دیتم (صالح موسلیم) لەوێ هـاتە دەرێ کە چـــوومە لای وتـــم کـــاك نەوشـــیروان چیـــت بە صـــالح موســـلیمی وت؟ وتـــی پـــێم وت هێـــزی پێشـمەرگەتان بـکەنە یەك هێـز ئـێمە هەرچەنـدە رەنگـی جیاوازمـان هەبێـت دەبێـت هێـزی پێشـــمەرگەمان یەك بێـــت، یەعنـــی بە راســـتی ئەگەر بگەڕێیـــنەوە بـــۆ مێـــژوو لە (٥/٣) بەرەی کوردسـتانی هەبـوو هەمـوو رەنگەکـانی تێـدابوون لە (٣/٢١) ئـاگری نەورۆز لە کەرکـوك کـرایەوە

یەعنی وابزانم هێزی داعش هێندە هێزێکی گەورە نییە بەرامبەر پێشمەرگە ئەگەر پێشمەرگە تۆکمە بکرێت و پلان هەبێت، یەعنی بە راستی هەتا ئێستا من زۆرم پێشمەرگە دیوە وە زۆریش لەگەڵیان تێکەڵاوم یەعنی شەڕ بەو کەسەی ناکرێت سی فیشەکی پێ بێت بڵێت کاك یاسین سی فیشەکم پێ بووە پازدەم فرۆشتووە بۆ قوتووە شیرێك پازدەشم پێیە بۆ ڕەبایە، بۆیە دەبێت هێزی پێشمەرگە ئەوەی هەیە تۆکمە بکرێت باقی دیکە مەوالید بگیرێت من پێشنیار دەکەم مەوالید بگیرێت ئەو گەنجانەی کە لە دەرەوە یا لە بێلاڕوسیان یا لە ئەوروپان بێنەوە ئێرە خزمەتی نیشتیمانەکەیان بکەن، بەڵام چۆن دەبێت کاتێك کە مەسئولەکەی لەگەڵی لە سەر سفرەی بێت نەك مەسئولەکەی ڤێلای هەبێت منداڵە مەسئولەکان جی کلاسیان پێ بێت و منداڵی پێشمەرگەش نانی نەبێت بخوات، یەعنی بە راستی وەزعی پێشمەرگە زۆر خراپە مەنتیقەی ئێمە نزیکەی شەست هەزار پێشمەرگەی تێدایە من پشتگیری هەموو قسەکانی هاوڕێیان دەکەم بە تایبەتی ناکرێت ئەو میدیاکارانە راستەوخۆ دەچنە ناو ڕەبایەع لە کاتێك کە شەڕە میدیاکار مایکی پێیە بەرامبەرەکەی کەشف دەبێت چۆن وا دەبێت، دەبێت ئەوە ڕێك بخرێت هەر وتەیەکی وەرگیرێت دەبێت لە وەزارەتی پێشمەرگە وەرگیرێت ناکرێت هەر کەسێك بچێت لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە وتە بدات، خاڵێکی دیکە پێشمەرگە تەقەمەنی بۆ خۆی لە بازاڕ دەکڕێت ئاخر چۆن دەبێت پێشمەرگە بکڕێت، خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئەو خوشکە چاك باسی کرد پێشمەرگە دووپشك پێوە بدات لە جەلەولا بێتەوە سلێمانی دەبێت ئەو هێزە وەکو کاك رزگاریش ئیشارەتی پێدا دەبێت مەتبەخ هەبێت، یەعنی دەبێت مەتبەخێکی تەندروستی هەبێت، تەقەمەنی هەبێت، خواردن هەبێت ناکرێت پێشمەرگە بێت بۆ نان خواردنێك بچێتە شوێنێکی دیکە، خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئەو پێشمەرگانەی کە ژیانیان خۆشە یەعنی ناکرێت پێشمەرگە وەستای دیوار بێت، پێشمەرگە وایەر مەن بێت، پێشمەرگە فیتەر بێت پێشمەرگە دەبێت پێشمەرگە بێت و ژیانی لە زۆر لە ئەندام پەرلەمانی خۆشتر بێت، بۆ ئەوەی ئەو دەتوانێت دیفاع لە خاك و نیشتیمان بکات نەك منێکی بێ چەك لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك یاسین، ڕۆژان خان فەرمووە.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، من دەستخۆشی و پشتگیری راپۆرتی هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند دەکەم کە زۆر بێ گرفت و کەم کورتی کێشە و گرفتەکانی خستۆتەڕوو، وە من داوا دەکەم لێرەوە کە ئێمە ئیتر راسپاردە لە سەر ئەم راپۆرتانە ئاڕاستە نەکەین بەڵکو بە پێی ماددەی (٤٥) بڕگەی یەکەم دوای تاوتوێ کردنی ئەو راپۆرتانە و ئەو راسپاردانەی کە لیژنە تایبەتمەندەکان ئامادە دەکەن وە بە تایبەتی لەسەر ئەم بابەتە ئێمە بڕیار بدەین لەسەر زیاد کردنی مووچەی پێشمەرگە و پڕچەککردنیان و باش کردنی سەنگەرەکان و زیادکردنی موچەکانیان دوای پلە بەرزکردنەوەیان دوای ئەوەی کە پلەیان بەرز کراوەتەوە موچەکانیان بۆ نەبەستراوەتەوە لە کاتی پلە بەرز کردنەوەکەیان، وە یەك بابەتیش هەیە لێرە بە راستی ئەگەر هەر لێکتێنەگەیشتنێك هەبێت لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەبوو

لەم بـابەتەدا وەلا بنرێـت و حکـومەت ئامـادە بـووایە و ئەم بـابەتی پێشـمەرگە و قـایم کردنـی سـەنگەرەکان تـا چیتـر شـەهیدمان نەبێـت رۆڵەی ئەم کوردسـتانە شـەهید نەبێـت، وە بە راسـتی ئەگەر حکـومەت نیەتـی تەواوی هەیە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە و گرفتەکـانی سـەنگەرەکان و پێشـمەرگە پێداویسـتییەکانیان بـۆ دابـین بـکەن دەبـوو لێـرە بـووایە لە زۆربەی وەڵامەکـانی حکومەت من تێبینی ئەوەم کرد یەعنی دەڵێن بودجە نییە رێگە نادرێـت چەك بە پێـی سـنووری جوگرافی عێراق و رێگە نادرێت چەك بکڕدرێت و ئەمانە بە راستی ئەمانە پاسـاو نـین و نـیەتەکە کەمێك لاوازە بۆ چارەسەرکردن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشـی لە لیـژنەی پێشـمەرگە و لیـژنەی دەرەوە دەکەم هـی مـاددە (١٤٠)، قسـەکانی مـن لە لایەن سلمی خانەوە کـران، بەڵام مـن تێبینیـیەکم هەیە لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان حەز دەکەم بە سینگ فراوانییەوە وەری بگرن ئەمە جـاری یەکەمـیش نیـیە ئـێمە خاسـەتەن ئەم ریـزە من هەست دەکەم بە تایبەتی خۆم ناو دەنووسن نـاوی مـن مەسـەلەن دووەم دەنووسـن و ئـاخیر کەسیش دەبـم، تەبعەن ئێسـتا چـوومە دەرەوە لە عـاجزی چـوومە دەرەوە، چـونکە دەڵێن ئەگەر یەکێك عاجز بێت یا شوێنەکەی بگۆڕێت، ئینجا من شوێنەکەم گۆڕی چوومە دەرەوە ئینجا هاتمە ژوورەوە ئەمە جـاری یەکەمـیش نیـیە، یەعنـی حەز دەکەم ئێـوە ئەو مـولاحەزەی مـن بە هەنـد وەرگرن...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك لەحزە گلیزار خان، بەڕێزان ئەم گلەییە هەندێك جار هەندێك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمـان دەکرێت بۆ ئاخیر جار پێمان خۆشە ئەو روونکردنەوەیە بـدەین بـۆ ئەوەی هـیچ پێویسـت ناکـات لەسـەر ئەم بـابەتە قسـە بکرێـت، هەمـوو ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان وەکـو یەکـن لای ئـێمە لە فراکسـیۆنەکانی خۆتـان لێـرە چـوار زۆن هەیە ئەم بەڕێـزانە، ئەم بەڕێـزانە، ئەم بەڕێـزانە، ئەم بەڕێـزانە لێـرەن لە هەمـوو فراکسیۆنە جیاجیاکـانن سـەرۆکایەتی پەرلەمـان کە نـاو دەنووسـێت مەرج نیـیە کە یەکەم کەس کە نـاوی نووسـرا یەکەم کەس وەربگیرێـت ئـێمە دەڵێـین بەڵانسـێك رابگرین لە نێوان فراکسیۆنەکان و لە نێوان ناو خودی فراکسیۆنەکانیش، بۆیە ئـێمە هەمـوو جـار هەوڵ دەدەیـن لەم فراکسـیۆنە لێـرە کەسـێك هەڵبژێـرین لێـرە دوو کەس هەڵبژێـرین یەکێـك لە فراکسیۆنی گۆڕان بێت یەکێتی بێت یا کۆمەڵ بێت لە فراکسیۆنی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان دوو کەس هەڵدەبژێرین هەوڵ دەدەین بەشێك یەکەمجار لێـرە بێـت بەشـێك لە سـەرەوە بێـت لە فراکسیۆنی ئەملاش بە هەمان شێوەیە ئەوە نییە جیاکاری بەرامبەر بە هیچ ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان بکرێـت، بـۆیە تکاتـان لـێ دەکەم ئەم بـابەتە بە حەساسـیەت وەرمەگـرن بـۆ پاراسـتنی باڵانسـی نێـوان فراکسـیۆنەکان و نـاو خـودی فراکسـیۆنەکانیش، فەرمـوو، ئەوە لە کاتەکەشـت دەچێت.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من لەلایەن سلمی خـان کـرا مـن تەئیـدی قسـەکانی سـلمی خـان دەکەم، بەڵام ئەمە جـاری یەکەم نیــیە هەمــوو جـار ئەو شـتە دووبـارە دەبێـتەوە، ئیتـر لە حەد دەرکەوت حەز دەکەم بـۆ جارێکی تر ئێوەش ڕەچاوی ئێرەش بکەن بە هەندی وەربگرن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دەستخۆشــی لە هەر دوو لیـژنەی تایبەتمەنـد دەکەم بـۆ ئامـادەکردنی ڕاپۆرتەکەیـان یەك ئیزافەم هەیە بە گویرەی بەدواداچـوونی مـن لە هەمـوو جەیشـێك تەنـانەت لە جەیشـی عێراقـی لیژنەیەکــی بــاڵا هەیە لە ســەر ئاســتی وەزارەت کە دەســەڵاتی لێپیچیــنەوەی هەیە تەقیمــی سەنگەرەکان دەکات، بەڵام لە وەزارەتی خۆمان تەنها ئەو لیژنـانە هەن کە تەقیمـی کـاری ئیـداری دەکەن زۆر جــار شــەهید بــوونی پێشــمەرگە بە هــۆی فەرمانــدە ســەربازییەکانەوەیە بە هــۆی بەرپرسە سـەربازییەکانەوەیە ئەو چەنـد پێشـمەرگەی لە چەنـد ڕۆژی ڕابـردوو شـەهید بـوون لە نێوان دوو بارەگای پێشمەرگە بووە کە دووری نێوانیان حەوت سەد بـۆ هەشـت سـەد مەتـر بـووە کە ئەمە ئەو پەڕی کەمتەرخەمی بەرپرسە سەربازییەکانە بـوونی ئەو لیـژنە بـاڵایە کە دەسـەڵاتی لێپێچیــنەوەی هەبێــت لە ســەر ئاســتی وەزارەت چارەســەری بەشــێکی زۆر لە کەم و کــورتی و گرفتەکـانی سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە دەکـات، وە داواکـارم لە لیـژنەی تایبەتمەنـد ئەم ئیـزافەیە بکەن و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، شیرین خان شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامی لیـژنەی نـاوچە کوردسـتانییەکان و هاوکـات وەکـو گەرمیـانییەك ڕەنـگە وردتـر هەنـدێك بەدواداچـوون و زانیـاریم لە بەر دەسـت بێـت، بەڵام دەمەوێ لەوە دەسـت پـێ بـکەم سەبارەت بە هێرشەکانی داعش گرنگترین خاڵ کە پێویستە لە سەری بوەستین بپرسـین بـۆ چـی هەموو ئاڕاستەکانی ئەم هێرشە تەنها بۆ خودی هێزەکانی پێشمەرگە و کوردە بە دیاریکراوی ئایـا هۆکارەکـانی کێشمەکێشـمی سیاسـیە لە عیـراق وە تەداخـول نەکردنـی کـوردە لەم کێشمەکێشـمە سیاسـییە نـازانم حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بە دیـاریکراوی چ خوینـدنەوەیەکی بـۆ ئەم هێرشـانە هەیە، وە تەنـانەت گومـانیش هەیە لە ژێـر نـاوی ئەم چالاکییـانە کە ئایـا تەنهـا خـودی داعشە یاخود لە ژێر ناوی گروپی چەکدار و لە ژێر ناوی داعشدا ئەم چالاکییانە ئەنجـام دەدرێـت ڕاسـتە بۆشـایی ئەمنـی هەیە، بەڵام بە دیـاریکراوی ئەمـڕۆ جوهـدێك هەبـووە لە نێـوان سـوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە کە هەنگاوی هەماهەنگی نراوە لە نێـوان ئەم دوو هێـزە، بەڵام هەنـدێك چالاکی کراوە بە دیاریکراوی لە ناوچەکـانی تـر کە بە فیعلـی لە ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە بـووە،

کەواتە بە دیاریکراوی کەمتەرخەمییەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کە رەنگە پلانێکی تۆکمەیان نەبووبێت، سەبارەت بە یەکنەخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەداخەوە هەر بەرپرسێك دەبینی لە سنووری کوردستانە بۆ خۆیان خاوەن گروپێکن وە رەنگە زیاتر ئەرکی ئەم گروپە لە ژێر ناوی پێشمەرگە بەداخەوە بۆ پاراستنی ژیان و ماڵ و کەرامەتی خۆیان بووبێت نەك وەك ئەرکی راستەقینەیان، وە ژمارەی پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکانی بەرگریکردن ئێگجار کەمن وە تەنانەت توانای رەنگە بەرگریکردنی پێویستیان نەبێت و تەنانەت کە پێشمەرگەکان ناتوانن پێش وەخت یان پێش هێرشکانی داعش بکەون و کەمینیان هەبێت یا هەر پلانێکیان هەبێت بۆ رووبەڕوو بوونەوەی جدی، سەبارەت بە پاك نەکردنەوەی ناوی بندیوارەکان بەداخەوە ئەمە رەنگە هەموومان درکمان بەو واقعە کردبێت بە نمونە...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر تۆزێك کورت بکەیەوە شیرین خان، چونکە وەختەکەت تەواو بوو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆم ئەمەم بە پرسیار ئاڕاستەی وەزارەت کردووە سەبارەت بە میحوەری گەرمەسێر کە ناوی حەوت سەد پێشمەرگەی فیعلی هەیە، بەڵام حەوت هەزار تۆمار کراوە، کەواتە کارەساتەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرن هەر لە هەمان کاتدا پرسیارم ئاڕاستەی وەزیری پێشمەرگە کردووە لەسەر بوونی گروپێکی چەکدار لە نزیك سنوری کفری...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس شیرین خان سێ دەقەکەت تەواو بوو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە فەرمانی تەقەکردن یەعنی دەپرسین بۆچی لەسەر جادە ئەو هێزانە...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس شیرین خان، کاك ابوبکر فەرموو

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانی دوێنێم دووبارە ناکەمەوە چوار خاڵ دەخەمە روو یەکەم دوێنێ وەزیری پێشمەرگە بۆ خۆی وتی بڕیارماندا کە روماڵی بەرەکانی جەنگ قەدەغە بکەین، من لەو دوو لیژنە بەڕێزە و لە بەڕێزیشتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان دەپرسم یەعنی ئەم بەیانییە راستەوخۆ بەپەلە ئۆپەراسیۆنی پێشمەرگە و سوپای عیراق دەستی پێکرد، ئەمە لە کوێی دونیادا بووە کە ئۆپەراسیۆن ئاشکرا بکرێت و بە رووماڵ هەر خودی ئەو فەرماندانەشن کە لە دەرەوەی چەتری وەزارەتی پێشمەرگەن، بەداخەوە ئەگەر هەر دافعێکی دڵسۆزی هەبێت دەبووایە ئەو بڕیارەی دوێنێی وەزارەتی پێشمەرگە جێبەجێ بکرایە، دووەم دوێنێ لە وەڵامێکی وەزیری پێشمەرگە کە گوتمان بۆ هەندێك لە هێزەکان و سەنگەرەکان چەکی پێویستیان لەبەر دەست نییە چەکی پێشکەوتوو وەڵامی وەزیری پێشمەرگە ئەوە بوو کە هاوپەیمانان لەبەر ئەوەی دەعمی پێشمەرگە

دەكەن، تەنانەت ئەوان مەرجیان هەیە، وە بۆ گۆڕینی فەرماندەكانیش ئەوان هەتا بە فیلتەر و ئۆكێی ئەوان تێپەڕ نەبێت گۆڕانكاریش ئەنجام نادرێت، بۆیە وتوویانە ئێمە چەك نادەین بە هێزی حزبی پرسیارە جەوهەرییەكە ئەوەیە ئەگەر ئەم هێزانە هێزی حزبین بۆ ناگەڕێنەوە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەم بارگرانییە لە كۆڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان ناكەنەوە بۆ ئەوەی كە هاوپەیمانان هاوشێوەی هەژدە لیواكەی تر لەلایەن ئەوانەوە پێداویستییەكانیان بۆ دابین بكرێت، ئەم هێزە حزبییانە و ئەم میحوەرە حزبییانە بە سوپاسەوە سوپاس بكرێن ئێوە لە شەڕی داعشدا جوامێریتان نواند قارەمانییەتیتان نواند، بەڵام مەعقول نییە دوێنێ دوو بەرپرسی وەزارەتی پێشمەرگە بە خودی وەزیریشەوە پاساو دەهێنێتەوە وەڵا ئەمانە واقعن تا كەی ئێمە بە ناوی واقعەوە سی ساڵە لە هەموو سێكتەرەكانی حكومڕانی بە ناوی واقع واقعەوە ئەم هەموو بارگرانیەمان دروست كردووە كە بە داخەوە لە راستیدا كە ئێمەش هاوشێوەی سوپای عێراق ئەو هەموو تەعەدودییەتە هێزە هەیە لە هەرێمی كوردستانیشدا ئەو هەموو عەناوینانەمان هەیە، بۆیە ئەم بابەتە بە تایبەتی دەبێت روون بێت بێتەوە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە، چونكە بارگرانی گەورە ئەمە دروستی كردووە دۆخی ئێستای سەنگەرەكان دوو هۆكاری هەیە هۆكارە كەڵەكە بووەكانی سی ساڵی رابردوو دەست تێوەردانی حیزبی و ناعەدالەتی و گەندەڵی و هەندێك هۆكاری تر ئەم بیست و پێنج هاووڵاتی و پێشمەرگەی كە شەهید بوون لە (٩٥%)ی بە هۆی ئیهمالی خۆمانەوە بووە لە ئیهمالی شەهید بوون ئەگینا دەمانتوانی زیانەكانمان كەمتر بێت ئەخیر خاڵم ئەوەیە كە بەداخەوە لێرە ئاماژەی پێنەدرا دوێنێ خستیشمانە روو هیوادارم بكرێتە خاڵێك سەنگەر گواستنەوە قەدەغە و تەحریم بكرێت لە دوای راپەڕنەوە وەڵاهی ئەوانەی لەبەر فكر سەنگەریان گواستۆتەوە بۆ حزبەكان لە پەنجەی ئەم دەستە تێناپەڕێت زۆربەی هەلپەرستی بووە زۆربەی بۆ مەسڵەحەت بووە زۆربەی ئیجرائاتی بەرامبەر كراوە حزبەكەی تر داڵدەی دەدات و پشتیوانی دەكات ئەمە تەحریم بكرێت بە تایبەت لەناو هێزی پێشمەرگەی كوردستان تا ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لەكەدار نەكرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لەو ناوانەی كە نوسراوە تەنها كاك زكری ماوە بەداخەوە بەخۆی لێرە نییە، ئەگەر نوقتە نیزامیتان هەیە ئەگینا پێشتر بەشداریتان درووە، فەرمووو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها روونكردنەوەیە لەسەر قسەی پەرلەمانتارێكی بەڕێز كە لێرە باس لەوە دەكات...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵامی یەكتر مەدەنەوە.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر یەك شت هەیە كاتێك كە ئێمە باسی وردەكارییەكانی ناو كۆبوونەوە دەكەین مەسەلە قەناعەت و قەناعەتكاری نییە كێ قەناعەتی هێناوە یان كێ قەناعەتی نەهێناوە، ئێمە باس لەوە دەكەین كە خودی كەسی تایبەتمەند كە بەڕێز وەزیرە ئەو قسەیەی كردووە دواتر ئێمە وەكو

پەرلەمانتـار و وەکـو پەرلەمـانیش ئەو جەلسـەیەمان بـۆ داخـراو کـردووە، بـۆ ئەوەی ئەم بـابەتە بـابەتێکە کە کـاریگەری دروسـت دەکـات لەسـەر کۆمەڵگا و ورەی پێشـمەرگە، بەڵام نـزیکەی دوو هەفــتەیە هەر لەم پەرلەمــانە و هەر خۆمــان چەنــد پەرلەمانتارێــك لێــدوان دەدەن کە ئەمە کاریگەری لەسـەر ورەی خەڵـك و ورەی پێشـمەرگەش دروسـت دەکـات بمانەوێـت و نەمانەوێـت، کەواتا ئێمە بەرگری ناکەین بڵێین ئێمە قەناعەتمان هێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ، نەتیجێ وا ئاخفتنێت کو هەڤالا کـری ل سـەر دوو خـاڵا ئەز ئامـاژێ پـێ بـدەم بـۆ مەعلوماتێـت وا هەڤـالا ئەوێـت کـو بەحسـێ چەك و تەقەمەنـی کـری دوهـی سـەرۆکێ دیوانـا ئەنجومەنێ وەزیران ئامـاژە ب وێ ئێکـێ کـر کـو ئەنجـومەنێ وەزیـران سـێ ملیـۆن دۆلار خەرج کرینە بۆ وەزارەتا پێشمەرگەی بۆ دابـین کرنـا چەك و تەقەمەنیـا هەڤالا گەلەك بەحسـێ کـامیرێن حەراری کر کو ل بازاڕی هەیە و ب کەسێت ئاسائی دەست دکەڤن دروسـتە ل بـازاڕی هەیە بەس چ جۆرە کامیرا هەیە ب کێل سەربازی تێت سـەنگەرێت پـێش دشـێن مفـایێ ژێ وەرگـرن یـان نە ئەو کامیرە نینە ئەوێت ب کێل سەنگەرێت پێش تێت ئەگەر هەبیت ژی گەلەك زەحمەتە، چـونکی تو هەرێمەکا فیدراڵی د چارچیڤا دەوڵەتەکا فیدراڵ دا بێت رەزامەندی پێ دڤێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دەست خۆش، ناومان خوێندەوە جەنابت لێرە نەبووی، فەرمووـ.کاك ذکری.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببـورە، ب نـاڤێ خـودێ مەزن و دلۆڤـان، دەستخۆشـیێ ل هەر دوو لیژنێـت تایبەتمەنـد دکەم کە راپۆرتەکا تێر و تەسەل ئاراستەی هەمی پەرلەمانتارێت بەڕێز کر خالێـت بـاش دەستنیشـان کـر و درسـتی ئەز پشـتگیریێ لـێ دکەم ئەز زۆر ب پێویسـت دزانـم پەرلەمـانێ کوردسـتانێ لیژنـا پێشمەرگەی راسپێریت بەردەوام بۆ دیڤچۆنا ئەوێ ناعەدالەتییا د ناڤ هێـزا پێشـمەرگەی دا هەی ب راستی ئەم هەمـی زانـین کـو ناعەدالەتییـا هەی لازمە ئەڤ نـاعەدالەتییە بێتە چارەسـەر کـرن وەکو پلە بەرز کردنا هێزا پێشـمەرگەی ب راسـتی ب واسـتە واسـتەکارییا دناڤـدا هەی خەلکەکـێ هەی یێ مستەحەقە پلا وی بەرز نەبوویە خەلکەکێ هەی یـێ نەمسـتەحەقە پـلا وا بەرز نەبـووە، هەتـا بـۆ وان کەسـا ئەو ئەفسـەرێت کـو نـووکە مەنسـباش وەردگـرن د نـاڤ هێـزا پێشـمەرگەی وەختێ هێرشا تیرۆرستێت داعشێ ل (٢٠١٤) دەسـت پـێ کـر زۆر ل ئەفسـەرا ل بەرگرییـا پێشـدا بـوون موقاوەمەکـا باشـا کـری هەتـا نـوکە پۆسـت نەدایـنێ خەلکەکـێ هەی وەختـێ ل مـاڵ بـووە پۆست داینێ لازمە ئەڤ ناعەدالەتییە بێتە چارەسەر کرن دەوامـاش هەر وەتـۆڤ خەلکەکـێ زۆر یـێ هەی هەر سـەنگەرێت پێشـمەرگەی نەدیتـنە و یـێ هەی شـەڤ و رۆژ نەرینشـتیە خـارێ و بەرگرییا ئاخا کوردستانێ دانە جل و بەرگێت واناش پێویستە بۆ بێـنە دابینکـرن، وە ئەز پێشـنیار

دکەم لێـرە پەرلەمـانێ کوردسـتانێ دانیشـتنەکا تـایبەت ل سـەر هێـزا پێشـمەرگەی ل نـاڤ سەنگەرێت پێشمەرگەیدا رێك بێخیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێزان دەستان خۆش بێت، لەبەر ئەوەی جەلسەکە داخـراوە تەنها ئیـزافەیەك زۆر لێرە قسە لە سەر ئەوە کرا کە بـۆ هەنـدێك چەك و تەقەمەنـی بـۆ پێشـمەرگە ناکرێـت تەنها بـۆ زانیاری بەڕێزتان زۆر بەدواداچوون لە سەر ئەم بابەتە کراوە بەڕێزان ئەو چەکە پێشکەوتووانەی کە پێویست دەکـات لە شـەڕی رێکخراوێکی تیرۆریسـتی وەکـو داعـش دەبێـت لە سـەنگەرەکانی پێشـەوەی پێشـمەرگە هەبـن دەبێـت هێزێکـی نیزامـی هەبێـت شـتێك هەیە پێـی دەڵـێن واتـا (ENDUSERCERTIFICATE) واتا ئیجازەی دوایین بەکارهێنەر تا ئێستا ئەوەندەی ئیمە ئاگادار بین و بەدواداچوون کرابێت حکومەتی عێراق رێگرە لەوەی کە وەزارەتی پێشـمەرگە و هێزەکـانی هەرێمـی کوردسـتان بتـوانن بەشـێك لەو چەکانەیـان دەسـت بکەوێـت، چـونکە لەو شـەریکە و کۆمپانیـــانە و لەو وڵاتـــانەی کە ئەم چەکـــانە دەفرۆشـــن پێویســـت بەوە دەکـــات (ENDUSERCERTIFICATE)ی وەزارەتـی نـاوخۆ و بەرگری عێراقـی هەبێـت، هەتـا ئێسـتاش هێـــزی هەرێمـــی کوردســـتان لە ژێـــر حســـاری ئەم جـــۆرە لە حکـــومەتی عێـــراق هەیە (ENDUSERCERTIFICATE) نادەنە وەزارەتی پێشمەرگە، نـادەنە هەرێمـی کوردسـتان، ئەگینـا بـابەتەکە ئەوە نیـیە کە ئیهمـالی کرابێـت و هەوڵ نەدرابێـت ئـیمە بەدواداچوونمـان کـردووە و زۆریش هەوڵ دراوە ئەوەی کە لێرە باس دەکرێـت لە بـازاڕ هەیە بەڕێـزان هەنـدێك شـت هەیە لە بازاڕ هەیە، بەڵام بۆ مەسائیلی عەسکەری ورد ناتوانرێت بەکار بهێنرێتەوە، جگە لەوەش مـن پـێم باشـە بەڕێـزان هەر دوو لیـژنەش کۆمەڵێـك هۆکـاری تـریش هەیە لەبەر چـاو بگـرن یەك لەو ناوچانەی کە زۆرترین پەلاماری هێزی پێشـمەرگە دراون هەر بـۆ زانیـاری بەڕێزتـان لە هەشـت نـۆ مـانگی رابـردوو هـیچ چـالاکییەکی هێـزی هاوپەیمانـان لەو ناوچـانە نەمـاوە لە رووی چـاودێری کردنی جوموجـوڵی تیرۆریسـتانەوە، بەشـێکی پەیوەنـدی بە کشـانەوەی هێزەکـانی هاوپەیمانـان هەیە و بەشـێکی پەیوەنـدی بە ململانێـی نێـوان هێـزە نارێکخراوەکـانی عێـراق و هێـزی نیزامـی عێراق هەیە لە سەر ئەوەی کە کامیان خاوەنی سوڵتەی زیاتر لەو ناوچانە دەبن هەڕەشـە لە سـەر کۆمەڵێـك پەرلەمانتـاری سـەرکەوتوو هەیە لەو ناوچـانە، چـونکە خۆتـان دەزانـن بە پێـی نزامـی ئینتیخابی ئەگەر پەرلەمانتارێك بڕوات ئەوەی دوای ئەو دێتە جـێگەی، بـۆیە هەڕەشـەی جـدی لە سـەر تەواوی پەرلەمانتـارانی کـوردیش لە نـاوچە کوردسـتانییەکان هەیە، وە پلانـی جـدیش بـۆ لەناوبردنی بەشێکیان لە ئارادا بووە بەشێکیش پەیوەندی بەوە هەیە کە دوایـی نەمـانی بەشـێك لە چالاکییەکـــانی هاوپەیمانـــان لە ســـوریا گەڕانەوەی هێزێکـــی زۆری داعـــش لە ســـوریا و بڵاوکردنەوەیان لەو ناوچانە، وە لێشتان ناشارینەوە پەیوەندی بە ململانێی ئیقلیمی هەیە لەسـەر ئەوەی کامیان لەو ناوچە جێ ناکۆکانەی هەرێمی کوردستان دەتوانن نفوزی خۆیان هەبێت، بـۆیە تەنها بابەتەکان تکاتان لێ دەکەم نەیبەستینەوە دڵنیـا بـن ئـێمە لە ئێـوە جدیتریشـین و چـووین و بینیومـانە بەشـێکی زۆری پەیوەنـدی بە کەم و کـوڕی فەرمانـدە مەیـدانییەکان هەبـووە ئـێمە لەگەڵتانین، بەڵام ئەم سیاقە عامەش لە رووی سیاسی و لە رووی نەمانی چـاودێری هاوپەیمانـان و هێزی هاوپەیمانان، وە لە رووی لاوازی هێزی عێراقی ئەو ململانێیە لە سەر سـراعی سـوڵتە لەو

ناوچانه دەکرێت بەشێکی گرنگی ئەو هۆکارانەی زیاد بوونی چالاکییەکانی داعشن ئێستا داوا لە هەردوو لیژنەی تایبەتمەند دەکەین سەرنج و تێبینی وەڵامەکانیان بۆ پێشنیار و بۆچوونی بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان یەکێ پێنج دەقەیەك بخەنە روو، فەرموون.

**بەڕێز رێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سلاڤ و رێز دەستخۆش پەرلەمانتارێن هێژا تێبینیێت هەوە د جهێ خۆدا بوون، بەس زۆربەیا وان ژی د راپۆرتا مەدا دووبارە بوون یێت هاتینە باس کرن ئەڤێن مە د راپۆرتا خۆدا نەنڤیسین ئەم جهەکێ بۆ د راپۆرتا خۆ دێکەین بۆ ئەوەی بدەنە سەرۆکایەتییا پەرلەمانێ د رێیا واندا بچیتە دەڤ حکومەتێ هندەك خاڵێت هەین جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمانێ نوکە ئیشارەت پێدا هەڤالان ئەم وەکو لیژنا پێشمەرگە و ناوچێن دابڕاو ژی زێدەتر مەعنینە ب وان دەڤەرا، ئو ب ماف و ئەرك و ئیمتیازات و حقوقێن پێشمەرگا ژی خەلکێ وان مەنتەقا، بەس هندەك خاڵ هەنە نەگرێدایی ب هێزا پێشمەرگەی کوردستانێ و حکومەتا هەرێما کوردستانێ و جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمانی ئیشارەت پێدا ململانێیەکا مەزن یا دەڤەرێ دا هەی دونێ ژی بەری نوکە ژی زۆر جارا دگەل وەزیرێ پێشمەرگەی گەل فەرماندەیێت ئەمنی بیت ئاخفتی گەل هەمی لایەنا یێت ئاخفتین ئەڤ کامیرێن حەراری ئەم ژی دبێژین پێشمەرگە بشێت ئیستیفادەی ژێ بکەت ژ دووراتی بکێشیت و تەسجیل بکەت هاوپەیمانا هەتا ڤێ گاڤێ نەهێلایە بێنە وان دەڤەرا ژبەر کو سەربوورا موسل جارا دیترێ هەمی چەکەك و تەقەمەنیەك و تەکنەلۆجیەکا پێشکەفتی دا دەستێ لەشکرێ عێراقێ و لەشکرێ عێراقێ تەسلیمی داعشا کر و داعشا ئەو شەڕ پێ کر یا مە هەمییا دیتی، ژبەر هندێ هندەك خاڵ ژڤانا گرێدایی هاوپەیمانانە هندەکا گرێدایی ب حکومەتا عێراقێنە هەتا نوکە مەجالێ نادەتە مە ئەم وان چەك و تەقەمەنییا بکڕین و ل مەتارا بینینە خارێ ئەگەر نە حکومەتا هەرێما کوردستانێ یا موهتەمە ب ڤان چەندا تەبیعەتێ شەڕێ داعش دڤێت ئەم هەمی بزانین زێدەتر هونەرێ شەڕی و سەربازی و پێشمەرگایەتیێ دزانن تەبیعەتەکێ پارتیزانییە ئەم د شەڕ و شۆڕشادا پارتیزان بووین زۆر جارا ئەمێت چۆین یەك لیوا عەسکەری ب پێنجی پێشمەرگا سەد پێشمەرگا مەیا ئیشغال کری بەلکی ب سەدا ژی لەشکرێن وان مە یێن ئێخسیر کرین، چونکی هەردەم هێزا خۆڕستال جهێ خۆ نەشێت ئەو ژی مرۆڤن شەڤ و رۆژ چاڤی ب ستێرکا تفەنگێ ڤە بیت نەشێت یێ وەسا بیت هێزا دیترێ ب رۆژا ب مەها ب هەفتییا دێ پلانێت خۆ دانێت بۆ ئەوەی خاڵەکا زەعیف ببینیت و بشێت زەربێ خۆ دانێت هەمی جارا هێزا پارتیزان دشێن زەربا بدەنە هەڤرکێ خۆ یان دوژمنێ خۆ ئو بزڤرنەڤە بنگەهێت خۆ زێدەتر ئەو ئیحتیاتا خۆ وەردگرن، ژبەر هندێ ئەڤە سەبەبەکێ رەئیسییە یا دی پێشمەرگێ کوردستانێ نە ب تنێ د چەپەرێن بەرگرییدان گەل داعشێ دایە ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینێ ژ خانەقین و گەرمیان هەتا سحێلا ژ سحێلا و هەتا سیدەکان و هەتا بزڤڕیتە پێنجوێن هەمی پێشمەرگێ کوردستانێ یێت چەپەرادا یەعنی گرانییەکا مەزنە هەم سەر هێزا پێشمەرگێ کوردستانێ ئو ئافراندنا (Discipline) و گەهاندنا هەر تشتەکێ چەك و تەقەمەنی و ئیمدادات و ئەرزاق نە کارەکێ ب ساناهییە راستە ئەم هەمی پەرلەمانتارین ئەم خەمخۆرێت پێشمەرگەینە، بەلێ ئەڤە

هەمی کارەکێ ب ساناهی نینە ژبەر هندێ ژی دڤێت ب تنێ خالا لاوازیێ بەرچاڤ نەکەین بەس خالێت ب هێز بوونێ پشتەڤانیا حکومەتێ نابێژم کەم و کورپی نینن، بەس بۆ حکومەتێ و بۆ وەزارەتا پێشمەرگەی ژی چاڤدێری و تەموینا ڤی لەشکەری هەمی سەرانسەر ژ لایێ چەکی ڤە، ژ لایێ ئازوقەی ڤە، ژ لایێ جلی ڤە، ژ لایێ سەنگەرسازی ڤە ئەڤە هەمی ب راستی بارگرانییەکا گەلەك گەلەکا مەزنن هەر وەکی دوهی وەزیرێ پێشمەرگە و سەرۆکێ دیوانا ئەنجومەنێ وەزیران ژی ئیشارەت پێدا (٨٨%) ژ بودجەیا کوردستانێ بۆ مووچا دچن و (٣%) بۆ پێداویستی و نەسریێ (٩%) ژ نیکا تێت بۆ تەشغیلا شۆل و خەدەمات و کارێ دیترێ، ژبەر هندێ ئەڤە کارەکێ ب ساناهی نینە ئەم هەمی گەل وان هەڤالاینە کو دڤێت هێزا پێشمەرگەی کوردستانێ بێتە رێکخستن و یەکخستن مە هەمییا بەلکی ئەو هەست مە یا هەی هیڤیدارین ئەم ژ خۆ دەست پێ بکەین دڤێ هۆلێدا چەند تشت مە پێنجی سالە ئەز پارتیمە و پێشمەرگەمە، بەس بۆ مـن کوردستان، شەهید، ئالا، پێشمەرگە، خاك ژ نیکا دی پارتی ئەز وەکو رێڤنگ وەکو پێشمەرگەیەك ئومێدەوارم ئەم هەمی ب وێ حسا نەتەوەیی کار بکەین سێ سالن دڤێ هۆلێدا هەڤالان ئەز دێ وێ گلەیێ کەم بەرێز سەرۆکێ پەرلەمانی ئەگەر داخازی هەبیت مە د بۆچوونێت خۆدا مە چ ڤیم کرییە ژ بلی هێرش کرنا سەر ئێك و دوو ژ بلی دەنگێ بلند ژ بلی هەمی تێکدانا ئەتەکێتێن پەیرەوێ ناڤخۆ یێ پەرلەمانی..

**بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کا رێڤنگ ئێمە ئیدارەی ئەو بابەتە دەدەین دەست خۆش، جوان خان فەرموو.

**بەرێز جوان یونس محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەبعەن کێشە و گیروگرفتەکانی پێشمەرگە کە باس کرا هەمووی ئاگادارین و لیژنەی پێشمەرگە تایبەتمەندە بەو بابەتە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا خوێندمانەوە لە راپۆرتەکەمان جێگیرمان کردووە تەنها تایبەتە بەو پێشمەرگانەی کە لە رەوشی ناوچە کوردستانییەکان بەرگری دەکەن و چیبیان پێویستە بابەتەکانی تر لیژنەی پێشمەرگە خۆی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە حەلیان دەکەن، چەند روونکردنەوەیەك دەدەم لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان کە بەرچاویان روون بێت، ئێمەش هەمان پرسیارمان کردووە بە نسبەت کامێرای حەراری کاك رێڤنگ شتێکی باس کرد، بەڵام ئەوەی کە باس دەکرێت نرخەکەی هەرزانە ئەوە ئەو کامێرا حەرارییە نییە کە پێویست دەکات لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە بکرردرێت ئەوەیان کوالێتییان زۆر نزمە بە یەك رۆژ دوو رۆژ ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێت ببینن نابینرێت و زوو تێك دەچێت ئەوەی کە بەرگری پێشمەرگە و پێشمەرگە پێویستییەتی کولفەیەکی زۆری دەوێت کە مواسەفاتی زۆرە ئەو شتانەی کە پێویستە پێی ببینێت ئەوە پارەیەکی زۆرە و ئێستا ئەو بودجەیە لەبەر دەست نییە، بەڵام ئەویش تەرتیب دەکرێت لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بە نسبەت ئەوەی کە چەك ناکرردرێت بۆ پێشمەرگە سەرۆکی پەرلەمانیش ئاماژەی پێدا ئەوە حکومەتی عێراق و هاوپەیمانان ئەو چەکانەی کە پێویستە بۆ پێشمەرگە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ ملیۆن دیناری تەرخان کردووە بۆ کرینی چەك بۆ پێشمەرگەکان کە ئەوە هاوکارییەکی زۆر باش دەبێت، بۆ ئەوەی چەکیان پێ بکرردرێت ئەوەی باسکرا لیزا خانیش

ئامـاژەی پێـدا ئەو چەکـانەی لەماڵەکـانن و لە شـوێنەکان هەڵگیـراون ئەوە وەزارەتـی پێشـمەرگە خۆی لێ بێبەری کردووە و دەڵێت ئەو چەکـانەی تـایبەتە بە وەزارەتـی پێشـمەرگە هەمـووی لەبەر دەستی پێشمەرگەی کوردستانە باسی ئالای حـزبیش کـرا وەزارەتـی پێشـمەرگەش هەمـان رەئـی هەبـووە کە ئەوە ئەقلیەتێکـی حزبـی لەنـاو سـەنگەرەکان وجـودی هەیە بە وەزارەتـی پێشـمەرگە کۆنترۆڵ ناکرێت ئەوە قسەی وەزارەتی پێشمەرگەیە باسی نەخۆشخانەشمان کرد بـۆ پێشـمەرگە سوسن خان ئەو پرسیارەی کـرد نەخـۆش و نەخۆشـخانە و دکتـۆر لە سـەنگەری پێشـمەرگە بێـت دکتۆر حازر نەبووە بەو پارە کەمەی بۆی تەرخان دەکرێت بچێتە سەنگەرەکان، ئەوش خاڵێکی تـر بـووە کە باسـکراوە ئەگەر بکرێـت دکتـۆر صـباح ئیشـێك لە سـەر ئەو بـابەتە بکـات، بەرێـزان پێشمەرگە لە نەزانین و لە ئیهمالی نەبووە کە شـەهید بـووە بەڵکـو داعـش پلانـی خـۆی گۆڕیـوە داعش تاکتیکی خۆی گۆڕیوە ئەو تاکتیکەی پێشتر بەکاری دەهێنا ئێستا بەکاری نەهێنـاوە، بـۆیە پێشـمەرگەکانمان شـەهید بـوون ئەگینـا نە لە ئیهمـالی پێشـمەرگەیە و نە لەوەیە کە شـێوازی بەرگـرییەکەی چـۆن بـووە خاڵەکـانی تـریش ئەوەی پێشـنیار کـرا هەمـووی لە راپـۆرتەکە جێـی دەکەیــنەوە، وە ئەو پرسـیارانەی لە لایەن بەرێزتـانەوە کـرا هەمـان ئەو پرسـیارانە لە لیــژنەی تایبەتمەندیش کرابوو بۆ وەزیری پەیوەندیدار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمرۆ زۆر بە تێر و تەسـەلی لە سـەر هەمـوو ئەو بابەتـانە کەوا پەیوەنـدی بە تیرۆریسـتانی داعـش و هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە هەیە قسـەکرا ئەو سـەنگەرانەی کە ئێسـتا ئـێمە لێـی جێگیــرین هەمــوو لایەکمــان دەزانــین کە ئەو ســەنگەرانە ســەنگەری ئیجبــارین بــۆ ئــێمە نەك ســەنگەری ئیختیــارین، ئــێمە خۆمــان ئەو ســەنگەرانەمان هەڵنەبــژاردووە تــاکو بەتەواوەتــی توانیبێتمـان بە تـۆکمە و قایمیـان بکەیـن، لەبەر ئەوە ئـێمە بە مـافی خۆمـانی دەزانـین بچیـنەوە شوێنە کۆنەکانی پێش شـازدەی ئۆکتـۆبەر، لەبەر ئەوە لەوانەیە سـەبەبێکی رەئیسـی بووبێـت کە ئـێمە لەم شـوێنانە وەزارەتـی پێشـمەرگە و هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان وەکـو پێویسـت سـەنگەرەکان کە کەم و کـورتی هەبێـت لەوانەیە بەشـێکی پەیوەنـدی بەوە هەبێـت، وە هەروەهـا کێشـەی داعـش یەکلایەنە نیـیە کێشـەی نەتەوایەتـی تێکەوتـووە ئەوە خۆمـان دەزانـین کێشـەی ئاینییە کێشەی مەزهەبییە وە کێشـەی کـۆمەڵایەتیش لەو ناوچـانە هەیە کۆمەڵێـك خەڵکـان هەن لە عێراق بگرە لە هەموو ناوچەکان، وە هەروەها کوردیشـی تێـدایە بـۆ نمونە ئەو تیرۆریسـتانەی داعش ئەوانەی کە لە مەنتیقەی شـێخ بزێنـی ئەو کارەیـان ئەنجامـدا مەسئولی یەکەمیـان کـورد بـووە، لەبەر ئەوە هەمـوو ئەو خەڵکـانەی کە کێشـەیان هەیە کێشـەکانیان کێشـەی یاسـاییە هەر شـتێکە ئەوانەش لەو بۆشـاییە ئەمنیـیەی کە بە هـۆی ئەم دۆخەی کە دروسـت بـووە لەوێ کـاری تیرۆریستیان ئەنجامداوە و کاری چەتەگەریش ئەنجام دەدەن، بۆیە ئێمە پێمانوایە دەبێت هەوڵ بدەین خەباتی خۆمان و شێوە تاکتیکی خۆمان وەکـو پـارتیزانی وەك بـرای بەڕێـز کـاك هێمنـیش باسی کرد بگۆڕین وەکو ئەوەی لە کۆبوونەوەی دوێنێش ئێمە باسمانکرد ئێمە خۆمـان پێشـمەرگە

بووین و پارتیزان بووین له دوای ئەنفال دەزانین کاریگەری مەفاریزی پارتیزانی چەند کاریگەری هەیە، وە لە هەموو شوێنێك مەفرەزەی پارتیزان وجودی هەیە وە لە هیچ شوێنێکیش وجودی نییە، بۆیە دەبێت تاکتیکی ئێمە چی بێت وەکو دوێنێ بە تەفاسیل باسمانکرد بە شێوەی ئەوان بە چ چەکێك وە بە شێوەیەك روبەڕووی پێشمەرگەکانی ئێمە و سەنگەرەکانی دەبنەوە بە هەمان شێوەش بتوانین روبەڕوویان ببینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك عثمان جوابی پرسیار بدەنەوە، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاسی هەموو خوشك و براکان دەکەم کە ئەو موداخەلەی کردیان لە دڵسۆزی بوو، هەموویان بۆ دەوڵەمەند کردنی راپۆڕتی هەر دوو لیژنە بوو، بەڵام تەئکید لەسەر هەندێك شت دەکەینەوە ئێمە دوێنێ چوار سەعات دانیشتین بە دوورودرێژی پەنجەمان لەسەر هەموو برینەکان دانا ئەو تەکنەلۆجیایەی ئێستا داعش شەڕی پێ دەکات تەکنەلۆجیایەکی زۆر پێشکەوتووە، مەسەلە کەلاشینکۆف و بیکەیسی نییە لە سەنگەرەکان نەبێت، مەسەلە ئەو کامێرا و دووربینی حەرارییە کاتی خۆی کە ئێمە پارتیزان بووین، ئەگەر رەبیەیەکی ستراتیژی حکومەت هەبووا دەیانگۆت جیهازی رازێتی لێیە جیهازی رازێت فیعلەن شاشەی هەبوو لە دوورەوە شتەکانی هەموو پیشان دەدا، ئێستا تەتەوری پێکراوە بووەتە کامێرای حەراری ئەو کامێرا حەرارییە وە دووربینی حەراریش زۆر مورەکەزە تەرکیز لەسەر هەموو ئەوەی گیانلەبەرە دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی کڕیون، بەڵام لە مەتاری بەغدا دەستی بەسەردا گیراوە یەعنی ئەو برادەرانەی کە دەڵێن حکومەت بێخەم بووە، بێخەم نەبووە دەستی بەسەردا گیراوە، ئەگینا حکومەتی عێراقی نە دەماندا تێ ونە دەهێڵێت بیکڕین، مەسەلەی شێوازی پارتیزانی فیعلەن ئێستا داعش شێوازی شەڕەکەی گۆڕیوە، من پێشنیارم کرد برادەران لەوێ بوون وتم با ئێمەش هەندێك مەفرەزەی پارتیزانی دروست بکەین لەو گوندە عەرەبانەی کە گومان دەکرێت مەفارزی داعش دیتە سەنگەرەکانی ئێمە دوو جار بکەونە ناو کەمینەکانی هێزی پێشمەرگە ناتوانن جارێکی تر بێنەوە ئەو پێشنیارەشمان کرد، بەڵام شتێکی تر هەیە نەمانتوانی بەڵێن لە وەزیری پێشمەرگە وەربگرین چۆن بۆشاییەك لەنێوان سوپای عێراق و سەنگەرەکانی پێشمەرگە هەیە کە داعش تێیدا هاتووچۆ دەکات بە هەمان شێوە لە نێوان سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەش بۆشایی هەیە سەنگەرەکانمان بە چەندین کیلۆمەتر لێك دوورن ناتوانن کاتێك سەنگەرێك تووشی تەقە دەبێت سەنگەرەکەی تر بە هانای بچێت و ئاگری چەکەکانیان ئیستیفادەی بۆ ئەو سەنگەرە هەبێت دیار بوو وەزیری پێشمەرگە وتی ئەوە تەکلیفێکی زۆر لە سەر حکومەت دەکات دەبێت هەموو هێزەکان بخەینە سەنگەرەکان و پێمان ئیدارە نادرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێمە لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان وەکو ئێستا شەڕی داعش بوو و بڕیارێکی زۆر باش لە بەرژەوەندی هێزی پێشمەرگە دەرچوو، وە من دڵنیام

بەڕێزتـان هەمووتـان ئەو بڕیارەتـان بینیـوە کە بڕیـارێکی زۆر بـاش بـوو حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و لایەنە پەیوەندیـدارەکان تەنهـا ئەو بڕیـارە جێبەجـێ بـکەن زۆربەی موشـکیلەکان رەنگە چارەسەر ببێت، بـۆیە ئێسـتا راسـپاردەکانی هەر دوو لیـژنە بەو ئیزافاتـانەی کە ئەنـدامانی پەرلەمان کردوویانە بۆ دەوڵەمەند کردنی دەخەیـنە دەنگدان و وەکـو را و بۆچـوونی پەرلەمـانی کوردستان دەینێرین بۆ لایەنە پەیوەندیـدارەکان هەر بەڕێزێکـی لەگەڵە بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ بە کـۆی دەنـگ بڕیــاری ژمـارە (١٩)ی سـاڵی (٢٠٠٤)، وە یەکێـك لە بڕگەکـانی تەوسـیەکان ئەوە بـوو، دەچیـنە سـەر بڕگەیەکـی تـری بەرنـامەی کـار بەڕێـزان لە لیـژنە تایبەتمەندەکان زۆر سوپاس، پەخش دەکرێتەوە بەڕێزان داخستنی پەخش بەس بـۆ ئەو بـڕگەیە بوو زۆر زۆر سـوپاس بـۆ مانـدوبوونتان دەسـتان خـۆش، بەڕێـزان ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان دەست بە جێبەجێ کردنـی بڕگەیەکـی تـری بەرنـامەی کـار دەکەیـن دوا لە سـەرۆکایەتی هەر دوو لیــژنەی یاسـایی و دارایـی دەکەیـن بفەرمـوون بـڕگەی سـێیەم کە ئێسـتا بـووە بە چـوارەم خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسایی هەمواری یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمـی کوردسـتان عێـراق بە پێـی حـوکمی ماددەکـانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پرۆژە یاسایی هەموار کردنەوەی یاسایی ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠١٠) گەیشـتۆتە لیژنەکەمـان سەرەتا روونکردنەوەیەك بدەم دیارە حەوت کۆبوونەوە ئەنجامـدراوە بـۆ ئامـادە کردنـی راپـۆڕت بۆ هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە لە ناویاندا هەم بەڕێوەبەری گشتی دڵنیایی هەم وەزیری هەرێـم بۆ کاروباری پەرلەمان بەشدار بوون لە کۆبوونەوەکان لەگەڵمان، دوایـی ئەوەی کە راپۆڕتەکەمـان ئامادە کرد بە دەستخۆشییەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵمان ئامادە بوو ئـێمە بە گرنگمـان زانـی کە پێشـنیارە یاسـایەك ئامـادە بکرێـت بـۆ مەسـەلەی تەئمین دڵنیـایی کە ئێسـتا قـانوونەکە گـۆڕاوە ئەو گۆڕانکارییـانەی کە دەکرێـت بـریتییە لەوەی کە بەڕێـوەبەرایەتییەکی گشـتی لە نـاو وەزارەتـی دارایـی هەبێـت بـۆ چـاودێری کـردن و بەدواداچـوونی ئـیش و کـاری ئەو شـەریکات و کۆمپانیایانەی دڵنیایی کە لە هەرێمی کوردستان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زیاد یەکسەر مەشروعەکە بخوێنەوە دوایی دەرفەت دەدەین.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە مەبەستمە بیڵێم ئێستا ئێمە بە گرنگمان زانی کە پێشنیازە یاسـایەك ئامـادە بکرێـت، وە ئێستا لە ئامادە کردنی پێشنیازە یاسایەین کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێت.

یاسایی هەمواری یاسایی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان داش عێـراق ژمـارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠).

ماددەی (١):

دەقی ماددەی (١٥)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە.
ماددەی (١٥):
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی (تأمین)
یەکەم/ بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دڵنیایی (تأمین) دەکات کە بە لای کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت و لە پسپۆڕی یاسا یان کارگێڕی یان ئابووری شارەزایی هەبێت و لە دوای بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامەیە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ.
دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی چاودێریکردنی کۆمپانیاکانی دڵنیایی و چالاکییەکانی و بەدواداچوونیان لە ئەستۆ دەگرێت.
ماددەی (٢): لقەکانی کۆمپانیایی گشتی دڵنیایی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگۆڕدرێن بۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی.
ماددەی (٣): گوازراوە و نەگوازراوەکانی میلاکی وەزیفی و تەرخانکراو داراییەکانی لقەکانی کۆمپانیایی دڵنیایی هەڵوەشاوە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی و بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی لە پارێزگاکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەناو سندوقتانە ئەوە ئەسڵی پڕۆژەکەیە دەیخوێنێتەوە کاك زیاد دوایی ڕاپۆڕتەکە کاك بڕار دەخوێنێتەوە، بەڵێ کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤)
پێویستە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
ماددەی (٥)
کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێکی ناکۆك لە سەر حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.
ماددەی (٦)
ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.
هۆیەکانی دەرچوواندن:
لە پێناوی دووبارە پەیکەربەندی ڕێکخستنەوەی چاودێری کردنی کۆمپانیاکانی دڵنیایی و چالاکییەکانیان وە گۆڕینی کۆمپانیای گشتی دڵنیایی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی و گۆڕینی لقەکانی کۆمپانیای ناوبراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان داش عێراق ئەم یاسایە دەرچووێنرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڵێ، ڕاپۆرت بخوێننەوە، ڕاپۆرتی راستێنراو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بابەت راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی، لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی رۆژی دووشـەممە ڕێکەوتـی (٢٠٢١/١٢/٦) کـاتژمێر (١٠)ی بەیـانی کۆبـوونەوەی خـۆی ئەنجامـدا بە مەبەسـتی پێـداچوونەوە بە داڕشتنەوەی یاسایی و دڵنیا بوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکـان بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) برگەکانی یەکەم و سێیەم لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان تـایبەت بە راپـۆرتی لیـژنەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری بـۆ خوێنـدنەوەی دووەم سـەبارەت بە پـڕۆژە یاسایی هەمواری یاسایی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری لە هەرێمـی کوردسـتان - عێـراق لیـژنەی یاسـایی ئەم داڕشـتنەوەی خـوارەوەی پـێ پەسـەندە، سـەبارەت بە ناونیشـان پـڕۆژە یاسـایی هەمواری یەکەمی یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردسـتان - عێـراق ژمـارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠).

ماددەی (١):

دەقی ماددەی (١٥)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە.

ماددەی (١٥):

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی (تأمین)

یەکەم/ بەڕێـوەبەرێکی گشـتی بەڕێـوەی دەبـات کە بە لای کەمەوە هەڵگری بڕوانـامەی زانکـۆی بەرایـی بێـت لە یاسـا یـان کـارگێڕی یـان ئـابووری ئەزمـوون و پسـپۆڕی هەبێـت و چـاودێری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و چالاکییەکانیان و بەدواداچوونیان دەکات.

دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیـایی شـوێنی لقەکـانی کۆمپانیـایی گشـتی دڵنیـایی لە پارێزگاکـان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە و دەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی.

ماددەی (٢):

پێویستە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (٣):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی (٤):

ئەم یاسـایە لە ڕێکەوتـی بڵاوکـردنەوەی لە رۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی کوردسـتان جێبەجـێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێناوی دووبـارە پەیکەربەنـدی و ڕێکخسـتنەوەی چـاودێری کـردن و بەدواداچـوونی کاروبـاری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و گۆڕینی کۆمپانیای گشتی دڵنیـایی بـۆ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی لە هەرێـم ئەم یاسایە دەرچووێنرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ ئەوەیە راپۆرت بکرێتە بنەما؟ کێ لەگەڵدایە؟
بەڵێ سوپاس فەرموون ناونیشان.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١): ناونیشان:
پرۆژە یاسایی هەمواری یەکەمی یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (٥)یی ساڵی (٢٠١٠).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لە سەر ئەو ناونیشانە با بفەمووت، بەڵێ مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان، ئەم هەموارە کە لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتەوە نێردراوە بە راستی من بە پێویستی نازانم، وە پێموایە ئەم هەموارە هەر زیادە وە شتێکی زۆر زۆر شکلییە لە کاتێکدا بابەتی دڵنیایی لە کوردستاندا لە فەراغێکی زۆر زۆر گەورەدایە دوو جۆر فەراغمان هەیە، فەراغی یەکەم ئەوەیە کە زیاتر لە شەش ملیۆن ئینسان هیچ جۆرە سیستەمێکی دڵنیایی نایگرێتەوە هاووڵاتی هەیە بە یەك شۆرتی کارەبا چەندین هەزار دۆلار زیانی کردووە بازاڕی گەورە سووتاوە کە بای ملیار دینار بووە و هیچ کەس بە یەك دینار قەرەبووی نەکردۆتەوە بە هەمان شێوە لافاو بە هەمان شێوە نەخۆشی و ئەنواع رووداوی هاتووچۆ و ئەنواع کێشە کەلێنێکی گەورە هەیە کە پێویست دەکات بە یاسایەك کە گونجاو بێت لەگەڵ بنەماکانی شەریعەت کە ئێمە زۆرینەی خەڵك موسڵمانە پڕ بکرێتەوە بەداخەوە نۆ کابینەیە ئەم فەراغە پڕ ناکاتەوە هاتووە یەك هەموارمان دەنێرێت چوار دێرە تەنها ناونیشانی بەڕێوەبەرێکی گشتی لە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانەوە دەگۆڕێت بۆ بەڕێوەبەری گشتی، بۆیە ئەمە هیچ جەدوایەکی نییە ئەمە خاڵی یەکەم خاڵی دووەم لەوەش خەراپتر لە خاڵە گومرگییەکان حکومەت گرێبەست بە دوو کۆمپانیا دەدات کە کۆمپانیای حزبین یەکێك لەم لا یەکێك لەولا بە ناوی کۆمپانیایی دڵنیا و ستار کار کە ساڵانە زیاتر لە پێنج ملیار دینار دەخەنە گیرفانیان بە بێ ئەوەی هیچ یاسایەك هەبێت ئۆتۆمبێل ناچار بکات بڕە پارەیەك بدات بەو کۆمپانیایانە لەم سەر دەڕوات بڕە پارەیەکی لێ وەردەگرێت لەو سەر دێت بڕە پارەیەکی دیکەی لێ وەردەگرێت ئەمە بێجگە لە خاڵی کردنەوەی گیرفانی هاووڵاتی تاڵان کردنی گیرفانی هاووڵاتیان کە بە گرانبوونی شمەکیش دەکەوێتەوە لە ناوخۆی کودستان هیچی تر نییە بە ژمارە (٨٨) لە (٢٠٢١/٨/٢٢) من داوام لە ئەنجومەنی وەزیران کرد کاری ئەم کۆمپانیایانە هەڵوەشێننەوە ئەمە زیانە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان وە جەختیشم لێ کرۆتەوە وەڵام نەهاتۆتەوە، بۆیە من هیوادارم و پێشنیار دەکەم هیچ پەرلەمانتارێك ئەسڵەن موناقەشەی ئەم هەموارە نەکەن هیچ نییە شتێکی زۆر زۆر شکلییە حکومەت زۆر کەمتەرخەمە لەم بابەتی دڵنیاییە هەم یاسایی نییە هەم نایاساییانەش کار دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زیاد دەتەوێت جواب بدەیتەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئامانج تەنیا گۆڕینی یەك ماددەیە، بەڵام تەواوە ئێستا کۆمەڵێك کۆمپانیا و شەریکاتی دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بەڵام لە فەراغێکی یاسایی کار دەکەن پێشتر لە عێراق شەریکەی وەتەنی هەبوو بۆ تەئمین، بەڵام ئێستا نە لە عێراق نە لە هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە نییە لە عێراقیش یاساکە دەرچووە بۆ تەئمین، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە فەراغێکی یاساییە، بۆیە ئامانجمانە لەم یاسایە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هەبێت بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە کە لە هەرێمی کوردستان هەن بە نەسیش هاتووە و روونە بۆ چاودێریکردن و بەدواداچوونی ئیش و کارەکانی ئەم شەریکات و کۆمپانیایانە راستە کۆمەڵێك شەریکات و کۆمەڵێك کۆمپانیا ئێستا لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بەڵام لە بۆشاییەکی یاساییدان ئێستا ئەمە هەنگاوی یەکەمە کە بتوانین بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابمەزرێنین کە ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە لەگەڵ ئەوەشدا من لە سەرەتا باسی ئەوەم کرد ئێمە پێشنیازە یاسایەکمان ئاماد کردووە بۆ ئەوەی کە ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە و یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (١).

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

دەقی ماددەی (١٥)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

ماددەی (١٥):

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی (تأمین).

یەکەم/ بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا یان کارگێڕی یان ئابووری و ئەزموون و پسپۆڕی هەبێت و چاودێری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و چالاکییەکانیان و بەدواداچوونیان دەکات.

دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی شوێنی لقەکانی کۆمپانیای گشتی دڵنیایی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە و دەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە با بفەرمووت (دکتۆر ڕێبوار، کاك ارشد، شێخ ظاهر، دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، کاك دابان)، کاك ارشد فەرموو.

**بەڕێز ارشد حسێن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لە بڕگەی یەکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بکرێتە بڕوانامەی بەکالۆریۆس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من لەسەر خاڵی یەکەم ئیزافەیەکم بۆ دوا دێرەکە هەیە کە بەو شێوەی خوارەوەی لێ بێت، پێشنیار دەکەم بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت و لە یاسا یان کارگێڕی یان ئابووری، وە ئەزموون و پسپۆڕی هەبێت و چاودێری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و چالاکییەکان و بەدواداچوونیان دەکات ئەمە دێرەکەیە لە کاتی بوونی کەمتەرخەمییەك لە لایەن کۆمپانیاکانی دڵنیایی لە هەمبەر پابەند بوونەکانیان بەڕێوەبەرایەتییەکە هەڵبستێت بە وەرگرتنی ئیجرائاتی یاسایی لە بەرامبەر کۆمپانیاکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت لە یاسا یان کارگێڕی یان ئابووری وە ئەزموون و پسپۆڕی هەبێت ئەزموون و پسپۆڕی وشەیەکی مەتاتیيە، بۆیە پێشنیار دەکەم دیاری بکرێت ئەزموونی دە ساڵ لە پسپۆڕییەکەی هەبێت نەك ئەزموونی پسپۆڕی هەبێت، وە چاودێری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و چالاکییەکانیان و بەدواداچوونیان دەکات بەدواداچوونی کارەکانیان دەکات خاڵی دووەم بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی شوێنی لقەکانی کۆمپانیای گشتی دڵنیایی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە دەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی لێرە وشەی دەخرێتە بکرێتە دەخرێنە، چونکە لە پێشووتر جەمعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك بڕگەی دووەم بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی شوێنی لقەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دڵنیایی لە پارێزگاکان دەگرێتەوە ئەمە غامزە لە شوێنێکدا دەڵێت شوێنی دەگرێتەوە لە شوێنێکی تردا دەڵێت دەخرێتە سەری، ئایا لە ڕووی میلاکات دەخرێتە سەری لە ڕووی کارگێڕییەوە دەخرێتە سەری؟ لە ڕووی ئیدارییەوە؟ ڕوون نییە دەخرێتە سەری شوێنی دەگرێتەوە ئەگەر ڕوون بکرێتەوە سوپاستان دەکەم، چونکە خۆت دەزانی کۆمپانیاکان زۆریان ڕەنگە بە گرێبەست بن ئایا لە ڕووی میلاکاتیشەوە دەخرێنە سەر ئەم بەڕێوەبەرایەتییە؟ یان چۆنن ڕوون نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٨٨) لە بڕگەی دووەم هاتووە ئەگەر لە کاتی خوێندنەوەی دووەمدا وەزیری پەیوەندیدار ئامادە بوو، بۆ ئەوەی گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکرێت، وە لە دانیشتنەکانی رابردووشدا وەزیرە بەڕێزەکان ئامادە بوون ئایا هۆکاری ئامادە نەبوونی بەڕێز وەزیری دارایی لەم بابەتەدا چییە ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان پێ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە ئامادە دەبن بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان و بۆ موناقەشە کردنی پڕۆژە یاساکان، ئێمە دوایی ئەوەی کە ئیعلانی دانیشتنی پەرلەمان دەکەین عادەتەن خۆیان داوا دەکەن بۆ ئەوەی ئامادە بن، چونکە لە کاتی نوسینی راپۆرت هەم لە لیژنەی تایبەتمەند وە هەم لە لیژنەی یاساییش ئەگەر پێویست بە ئامادە بوونی وەزیر یا بەڕێوەبەرێکی گشتی بکات خۆیان بانگی دەکەن هیچ وەزیرێك نییە لە کاتی موناقەشەی پڕۆژەدا خۆمان نوسراومان بۆ کردبێت عادەتەن چۆنە کاتێك کە وەزیرەکان دێن کاك بژار بۆمان شەرح بکەی.

**بەریز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەو تەجروبەی رابردوو کە هەمانە هەندێك جار وەزیری تایبەتمەند خۆی داوا دەکات جەلسە کەی دەکرێت تەنسیق دەکەین لە رێگای ئێمەوە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێی ئەو تەجروبەی رابردوو، بەڵام بۆ هەندێك راپۆرتی تر بە راستی کە وەزیر داوا ناکات قسەی دکتۆر زاناش راستە یەعنی هەندێك مەسەلە هەیە ئەگەرر وەزیر خۆی لێرە بێت بە راستی تەوزیحاتی باشتریش دەدات پڕۆژە موتەعەلقە بە وەزارەتەکەی، لەبەر ئەوە باشە ئەگەر ئەوانیش داوا نەکەن ئێمە دەستپێشخەرییەك بکەین باشترە، چونکە هەندێك جار بە راستی لە رووی یاساییەوە لیژنەی یاسایی دەتوانێت مەسەلەن جوابی ئەندامان بدات لە رووی یاساییەوە، بەڵام لە رووی مەوزوعییەوە ئیحتیماله ئێمەش دەرحەق ئەوە دەرنەکەوین و ئەوان لێرە بن باشتر بێت، وە بۆ هەر لیژنەیەکی تایبەتمەندی تریش ئەوە راستە ئەوە رەئی منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئێمە لەمەولا خۆمان بۆیان دەنێرین تا ئێستا وابووە، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەقەی کە پێشنیارکراوە وە ئەو دەقەی کە لە یاسا کۆنەکەدا هاتووە باس لە دروستکردنی کۆمپانیایەکی گشتی تەئمین دەکات لە لایەن حکومەتەوە کە ماوەی یازدە ساڵە ئەو دەسەڵاتە دراوە بە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەموو دونیادا وەزارەتەکانیان دەستەنەبەستراوەکان

داوا دەکەن دەسەڵاتیان زیاد بێت، بەڵام بەداخەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ خۆ دزینەوە لەو ئەرکە کە یازدە ساڵە ئەو دەقە یاساییەی جێبەجێ نەکردووە هاتووە دەیەوێت ئەو ماددەیە بگۆڕێت وە دەسەڵاتەکەی لێ بسەندرێتەوە بدرێت بە کۆمپانیای تایبەت، بۆیە هەموار کردنی بریتییە لە خەس خەسە کردن و تایبەت کردنی هەموو ئەو کەرتانە کە پێشتریش کەرتی ئاو و کارەبا، وە ئەوەی دەمێنێتەوە تەندروستییە و خوێندنی باڵا و پەروەردەیە تەسەوڕ دەکەین لە چەند ساڵی داهاتوو حکومەت بەس پاسەوان بێت خۆی لە هەموو ئەرکەکان بدزێتەوە، بۆیە من لەگەڵ هەموار کردنی ئەو یاسایە نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك دکتۆر، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، ئەز بێژم پێتڤییە دائیمەن مرۆڤ هەسپی بێخیتە بەریکا عەرەبانێ نە عەرەبانێ بێخیتە بەریکا هەسپی ئەڤە هێشتا قانونا تەئمینێ بۆ مە نەهاتییە و مە بۆشاتییا هەی ئەمێت مودیرییەکێ چێدکەین، وە ئەڤ مودیرییە پێتڤیە ئەرزیا خۆ هەبیت مەفروزە یاسایا خۆ هەبیت ئەز گەل هندێمە ئەڤ هەموارە نەهێتە کرن، وە ئەڤ ماددە وەکی خۆ بمینیت و کۆمپانیا بێتە چێکرن و چ مودیرییە نەهێنە درستکرن، چونکی چ قانون نینە کارێ ڤێ مودیریێ رێك بێخیت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەکان قسەتان هەیە؟ بەڵێ کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە دکتۆر اسماعیل باسی کرد و داوای کرد کە وەکو خۆی بمێنێتەوە دیارە کۆمپانیا ناتوانێت چاودێری کۆمپانیا بکات، ئێستاش کۆمەڵێك کۆمپانیای دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن لە فەراغێکی یاسایی کار دەکەن پێویستی بەوەیە کە شوێنێك هەبێت چاودێری ئەمانە بکات، راستە لە رابردوودا ئەو کۆمپانیایە دروست نەکراوە دکتۆر محی الدین وتی وەزارەتی دارایی لە پێشتر دروستی نەکردووە بە پێی ئەو قانوونە ئەو حەقەی هەبووە کە دروستی بکات، بەڵام نەیکردووە، بەڵام ئێستا ئەگەر ئەو کۆمپانیایەش دروست بکەن ناکرێت کۆمپانیا چاودێری کۆمپانیا بکات، لەبەر ئەوە پێویستە بگۆڕێت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ ئەوەی ئیشی چاودێری کردن بێت ئەوەی کاك دابان روون نەبوو لام ئەگەر لوتف بکەن دووبارە بکەنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دابان دەڵێت ئەو لقانەی کۆمپانیا کە دەچنە سەر بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە و دەبنە بەڕێوەبەرایەتی، بۆ لە هەندێك شوێن وتووتانە دەخرێتە سەری وە لە هەندێك شوێن وتووتانە دەبێتە بەشێك لەو، کاك دابان جەنابت وا تێگەیشتوویت کە کۆمپانیاکان کەرتی تایبەتن؟

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس یەك ڕوونکردنەوە ئێستا تێکەڵاو بوونە کەرتی تایبەت و گشتی بۆ نموونە کۆمپانیایەکی دڵنیایی لە یەکێك لە مەرجەکاندا ئیجبارییە هەموو کەسێك دەبێت بڕوات خۆی بیمە بکات، لێرە لێکنەچوون هەیە دەڵێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنی لقەکانی کۆمپانیا دەگرێتەوە لە هەمان کات دەڵێت دەخرێتە سەری ئێستا ئەم بەڕێوەبەرایەتییە شوێنی لقەکانی کۆمپانیا دەگرێتەوە یان دەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە؟ دەقەکە بخوێنەوە حەز دەکەی بۆت دەخوێنمەوە دەڵێت بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی شوێنی لقەکانی کۆمپانیای گشتی دڵنیایی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە و دەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەرەتا باسم کرد وتم لە عێراق شەریکەی (تأمین وطني) هەبوو لقەکانی لە هەموو پارێزگاکان هەیە و سەر بە وەزارەتی دارایییە کاتێك کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە دروست دەبێت ئەو لقانەی کە هەیە نەك کۆمپانیاییەکی ئەهلی تەئمین ئەو لقانەی کە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەیە خۆیان مۆزەفن و سەر بە وەزارەتی دارایین و دەخرێنە سەر ئەم بەڕێوەبەرایەتییە یەعنی ئەوە هەڵدەوەشێتەوە ئەوەی کە هەبووە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەن و جێگەیان لەوێ دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك بژار ئەگەر تەوزیحی زیاتر بدەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە بیدایەتەکەی دەڵێت بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی شوێنی ئەو بەڕێوەبەرایەتی دڵنیاییە باسی بەڕێوەبەرایەتییە لە پارێزگاکان، ئینجا دێت دەڵێت دەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە لە وەزارەتە، ئەوە یەك دوو تێبینی تریش هەیە سەبارەت بە سیاغەی ماددەکە کە باس نەکراوە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت ئێمە لەبەردەم هەمواری یاسایەکداین لەم یاسایەدا لە ماددە حەوت تا ماددە شازدەیەم هەموو باسی هەیکەلیەتی وەزارەت کراوە تایبەت بەم بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکان کە ئێمە لەبەردەم هەموارێکداین هەوڵ دەدەین بۆ هەموو جارێك سیاغەکە بەو شێوەیە بێت کە بگونجێت لەگەڵ ئەسڵی یاساکە، چونکە جیاوازە لەگەڵ یاسایەکی نوێ ئەگەر یاسایەکی نوێ بێت ئێمە بە شێوەیەکی تر دەتوانین سیاغە بکەین، بەس کە هەمواری ماددەیەك بێت لە یاسایەك هەوڵ دەدەین ئەو سیاغەیە بە شێوەیەك بێت بگونجێت لەگەڵ کۆی سیاغەی ئەسڵی یاساکە تێبینی دووەم سەبارەت بەوەی کە بۆ ماوە دیارینەکراوە ماوەی شارەزایی و ئەزمون ئێمە گفتوگۆمان

کـرد لە لیـژنەی یاسـاییش پەیـڕەوی ژمـارە (٦)ی سـاڵی (٢٠٢٠) هەیە تـایبەت بە مەرجەکـانی دامەزراندنی پلە باڵاکان، لەبەر ئەوە لێرە بـاس نەکراوە ئایـا ئەو ئەزمـون و شـارەزاییە پێویسـتە هەبێـت و چەنـد سـاڵ بێـت ئەوە پەیـڕەو هەیە و پەیـڕەوی نـوێ دەرچـووە و ژمـارە (٦)ی سـاڵی (٢٠٢٠)، بۆیە لێرە دامان نەناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك علی حمە صاڵح فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێسـتا مـودیرییەتی تەئمـین هەیە لە وەزارەتـی دارایـی یەکـێکە لە دە مـودیرییەتەکە فەرعـی سلێمانیش هەیە، هەولێریش هەیە، دهـۆکیش هەیە پێشـتر ئیشـیان دەکـرد گرفتیـان نەبـوو کـۆی ئیشـەکانیان لـێ وەرگیـراوە بە تـایبەتی ئەوەی خـاڵە سـنوورییەکان درا بە کەرتـی تـایبەت، وە تەئمیـنەکەش تەئمینێکـی ئیجبـارییە کە لە دونیـا تەئمـین ئیختیـارییە کە مـن تەئمینـی سـەیارەی خۆم ناکەم قەربووش ناکرێتەوە، یەعنی هەر پارەکەی وەردەگیرێت هەیە رۆژێ سێ جار تەئمـین دەکرێــت کە شــتی وا لە دونیــادا نیــیە کە دەڕۆن تەئمــین دەکــرێن دێــنەوە تەئمــین دەکرێــت ئیجبارییە، ئێمە دەبێت کۆمپانیـایەکی تـایبەتی تەئمـین قـانوونی تەئمیـنەکە دانێـین ئێسـتا هـیچ کێشەیەکی فەراغ نییە لە وەزارەتـی دارایـی مـودیرییەتی تەئمـین و دامەزراوەی تەئمـین نەبێـت کێشەکە ئەوەیە خەڵکی تەئمینەکە تەلەفۆن دەکەن ئەوانەی لە سـلێمانی بـوون دەڵـێن کـاکە ئـێمە شوێنمان هەیە مۆزەفمان هەیە دەتوانین ئیش بکەین تەجمید کراوین بەس مەعاش وەردەگـرین ئیشەکانی ئێمە دراوە بە کەرتی تایبەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دوو بابەتە دوو بابەتی جیاوازە ئەوەی کـاك علـی لەگەڵ ئەمەیـان جیـاوازە، ئەوەی کـاك علـی من لە سـەرەتا باسـمکرد کە پێشـنیازە یاسـایەك کە لە ئێسـتادا لە فەراغێکـی یاسـاییە راستە ئەو کۆمپانیایانە لە فەراغێکی یاساییدان ئەگەر ئیختیـارییە و ئیجبـارییە و هەر چـۆنێکە ئەو فەراغە یاساییەمان هەیە، ئێمە بـۆ ئەوەی ئەو فەراغە یاسـاییە پـڕ بکەیـنەوە ئەو پێشـنیازە دەکەیـن ئەو بەڕێـوەبەراییەتییە بەڵـێ هەیە لەنـاو وەزارەتـی دارایـی و لقەکـانیش هەیە لەمەولا بە پێـی ئەو هەموار کردنەوە دەسەڵاتی ئەوە دەدرێت کە چاودێری کۆمپانیاکـانی دڵنیـایی بکـات کە ئێسـتا لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەکانی کاك علی لەسەر تەئمینی ئیجباری لە هەموو دونیا تەئمینی ئیجباری هەیە، کاك علی بەلێ هەیە هەتا لە وڵاتانی نزیك خۆمان لە ئێرانیش هەیە لە تورکیاش هەیە، تەئمینی ئیجباری هەیە و تەئمینی ئیختیاری لە سەر بنەمای تەئمینی ئیجباری داڕێژراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەم لە قانوونی وڵاتان و هەم لە دیراساتی قانوونی مەجالی قانوونی موقارەن دوو جۆر تەئمین هەیە (تأمین الالزامی) وە (تأمین الاختیاری) ئەوە مەجالی هیچ موناقەشەیەکی تێدا نییە، بەڕێزان ئیختساسم تەئمینە هەر دوو جۆرە تەئمینەکەیە بۆ ئەوەی فەلسەفەکەی تێبگەین بگەینە نەتیجەیەك بەڕێزان ئەم مەشروعە یەك ماددەیە ئەم پرۆژە یاسایە یەك ماددەیە لە مانگی نۆوە لە لای بەڕێزان لە لیژنەی داراییە ئەو مەترسیانە، ئەو تەرەدودەی ئێوە هەتان بووە لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان وە بە تایبەتی لیژنەی داراییش هەیان بووە لە سەر ئەو بنەمایە زیاتر لە جارێك حکومەتی هەرێمی کوردستانیان بانگ کردووە ئێمە دوو مەجالی تەئمین دەبێت تەنزیم بکەین مەجالی هەیکەلی و مەجالی مەوزوعی قانوونێك لە عێراق دەرچووە لە هەرێمی کوردستان بەرکار نەکراوە، واتا ئێمە قانوونی مەوزوعی تەنزیمی تەئمینمان لە هەرێمی کوردستان نییە، چیمان هەیە قانوونە کۆنەکانی کە پێش ساڵی (١٩٩١) لە هەرێمی کوردستان ئیشیان پێکراوە ئەو کاتەی کە هەرێم نەبووە هەر ئەو قانونانەمان هەیە، بەڵام بەشێکی ئەو قانوونانە بە قانوونە تازەکە ئیلغا بوونەتەوە ئەسڵ ئەوەیە وە ئەوە داواکاری لیژنەی داراییە بە فەرمی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە کە دەبێت قانوونی مەوزوعی تەنزیم کردنی تەئمین لە هەرێمی کوردستان دابنرێت، ئەگەر نا تەبعەن عێراق قانوونێکی زۆر باشی هەیە بە هەندێك دەستکارییەوە دەتوانین بیکەین بە قانوونی خۆمان دوای ئەوەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی دەکەین ئەمە بەس هەیکەلەکەیە هەیکەلەکەش لەوەی کە خۆی موباشەرەی تەئمین بکات وەکو شەریکەیەکی تەئمین، واتا ئەقساتی تەئمین وەربگرێت و هەر کات زەرەرت پێکەوت و مەبلەغی تەئمینت بداتێ ئەم پرۆسێسە بەڕێوە ناچێت لە ماوەی رابردووشدا نەبووە و نەکراوە ئیشەکەی خۆی دەگۆڕێت بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەلسەفەکەی ئەوەیە ئیشەکەی خۆی دەگۆڕێت لە جیاتی ئەوەی خۆی موباشەرەی ئەعمالی تەئمین بکات خۆی چاودێری پرۆسێسی تەئمین دەکات کە کەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبات، بڕۆنە ماددەی (٢).

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢): پێویستە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سروان حەز ناکەم موناقەشە لەگەڵ جەنابت بکەم ئەوە ناوەکانە، بۆ ئەوەی کەس نەڵێت ناوم نەنوسراوە ناوتان نەنوسیم دەیخوێنمەوە جارێکی تر دوای ئەوەی دەنوسین ئینجا دەڵێم کێ ماوە ناوی نەنوسرابێت، ماددەی (٢) بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

پێویستە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە بەڕێزان لە سەر ئەو ماددەیە؟ (مامۆستا عمر، کاك علی حمە صالح، کاك کاروان، کاك سروان، کاك شێخ ظاهر)، فەرموو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، تەبعەن من پرسیارێکم هەیە لەسەر هەمواری ئەو دوو ماددەیە ئەویش لە لیژنەی موختەس لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی بۆ هەموار کردنەوەی ئەو ماددەیە پێشنیارەکە هی حکومەتە، یا هی هەر دوو لیژنەی موختەسە یا هی پەرلەمانتارێکی ترە؟ حەز دەکەم ئێستا مایکم هەر کراوە بێت بۆ ئەوەی شتێکیان لەگەڵ باس بکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شتێك نییە بە ناوی پرسیار و وەڵام بێت گفتوگۆ هەیە لە نێوامان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر کێشەکە ئەوەیە کە مایکم کوژاوە ڕێگا نادەن قسە بکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری وەزارەتی داراییە.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتا وەك خۆی جێبەجێ دەکرێت و تەواو کات کوشتنی ئێمە بۆ چییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورن لە ماددەی یەکەم من پێ ڕانەگەیشتم موناقەشە بکەم لە سەر ماددەی دووەم پێویستە لە هیچ شوێنێك ئەمە جێبەجێ نەکرێت ئەمە کارەساتێکی گەورەیە لە کوردستان خەریکە دەگوزەرێت، یەعنی هەمووی بە ئاڕاستەی ئەوە دەڕوات شتەکان بەرەو کەرتی تایبەت بڕۆن، وە شەرعییەت دانێکە بە کەرتی تایبەت من لەگەڵ ئەوە نیم کە کەرتی تایبەت بە تەواوی پەراوێز بخرێت لە هەرێمی کوردستان، بەڵام قەتیش لەگەڵ ئەوە نیم کەرتی تایبەت بە شێوەیەك ئیحتیکاری بازاڕ بکات نان و ئاو بۆ خەڵك نەهێڵێت ئێستا فەرموو سحە لای کەرتی تایبەتە پەروەردە خەریکە دەدرێتە کەرتی تایبەت ئێمە کێشەکانمان چییە لە خاڵە سنوورییەکان لە داهات کێشەمان ڕێك ئەو تەئمیناتەیە کە کۆمەڵێك کۆمپانیا دەیکەن کۆمپانیاکان ئیحتیکاری

دەستی چەند کەسێکن وە لە سێ چوار کۆمپانیاش تێناپەڕێت ئێ مەجالی وزەش وای لێهاتووە، مەجالی نەوتیش وای لێهاتووە، مەجالی سحەش وای لێهاتووە، بۆیە تکا دەکەم ئەم بابەتە خەتەرە راستە هەمواریکە بۆ خۆی تەنها ماددەیەکە کە هەموار دەکرێتەوە، بەڵام بە نەتیجە دەرگا دەکاتەوە بۆ کارەساتی گەورە لە هەرێمی کوردستان وە بەو شێوەیە بڕوات خەڵك نابێتە خاوەنی هیچ شتێك، وە خۆزگە کەرتی تایبەتیش بە شێوەیەك بووایە کە فەزایەك بووایە خەڵك بیانتوانی بەشداری بکەن وەڵاهی خەڵك ناتوانێت بەشداری بکات، من لێرەوە بە ئاشکرا ئەم قسەیە دەکەم خەڵك هەبووە لە هەرێمی کوردستان لە مەجالی نەوت بۆ نموونە عەقدێکی وەرگرتووە پێیان گوتووە لە کۆی (١٧٠٠٠٠$) سەد و حەفتا هەزار دۆلار (١٠٠٠٠٠$) سەد هەزار دۆلار بدە بە ئێمە حەفتا هەزار بۆ خۆت کە ناتوانێت ئیدارەی مۆزەفەکانیش پێ بکات ئێ ئەمەیە کەرتی تایبەت کە لە هەرێمی کوردستان بە و شێوەیە دەگوزەرێت، بۆیە تەمەنا دەکەم و هیوادارم هیچ کەسێك ئەمە جێبەجێ نەکات و یەك تاکە دەنگیش لە ناو قاعەی پەرلەمان نەهێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی حمە صاڵح فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیوادارم لایەنی پەیوەندیدار ئەمە جێبەجێ نەکات فکرەکەشم ئەوەیە زۆر ئیشم لە سەر ئەم دۆسیە کردووە ئەمەیان هەبێت بۆ ئەوەی رەتی بکەنەوە ئەو کۆمپانیایەی ئێستا لە دڵنیایی فەعالە تەنیا لە خاڵە سنورییەکان فەعالن تەئمینی دڵنیایی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوە دەوڵەتە و سەرنجمان نییە لە سەری تەئمین نەبووە ئیحتیکار بێت ئێستا مەرزی دیاریکراو جگە لە کۆمپانیا کەسی تر نییە بۆ نمونە تەئمینی سحەی خۆم دەکەم لە وڵاتێك لەم کۆمپانیایە نایکەم لەوی تر دەکەم ئەمە وانییە ئەم قانونە شەرعییەتێکی قانونی بە ناڕاستەوخۆ دەدات بەو کۆمپانیایانە بەردەوام بن حکومەت چاودێری بکات لە کاتێك جهودی ئێمە زۆر بە چڕی دەستی پێ کردبوو بۆ ئەوە وەریبگرینەوە بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت بڕۆن بپرسن ئامار کۆ بکەنەوە کە سەیاریەك سی جار باری هەیە لە مانگێك سی جار تەئمین دەکرێت بزانن چەند سەیارە سووتاوە و زەرەری کردووە و قەرەبوو کراوەتەوە یەك ساڵ دەیبەن و دەهێنن وا دەکەن واز لە قەرەبووەکەش بهێنێت ئەمە جگە لە پەیدا کردنی پارە بۆ کۆمەڵێك کۆمپانیا لەم ئیتارە قانونییە ئێستا ئەمە ئیتاری قانونی پێ دەدرێت رەقابە دەیداتێ شەرعییەتی هەیە، بۆیە ئەمە خەتەرە شەرعییەتی قانونییە بە کێبڕکێ نەدراوە هەمووی بە عەقدی دائیرە کراوە رێگاش نادرێت سێ کۆمپانیا لە خاڵە سنوری من ئەلف دەیکەم تۆ لە باء دەیکەیت، وە تەئمینی رۆژانەی ئیجباریش لە یەك وڵاتی دونیا نییە هیچ نییە هەموو رۆژێك من تەئمین کەم و هیچ قەرەبوو نەکرێمەوە، بۆیە با ئەم قانونە نەڕوات فەرموو با حکومەت کۆمپانیای دڵنیایی دروست بکات لە بری ئەمانە با کۆمپانیاکە لەگەڵ حکومەت بکەونە کێبڕکێوە کێ باشترین خەدەمات جێبەجێ دەکات، بۆیە هیوادارم ئەمە هیچ شتێك نییە جگە لەو بەدواداچوونەی ئێمە کردوومانە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان هەموومان بە یەك دەست ئەمە رەت بکەینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر قسەم کرد لەسەر ئەو کارە نایاساییەی دوو کۆمپانیای دڵنیا و ستار کار لە خاڵە گومرگییەکان دەیکەن وە ئەو گرێبەستە نایاساییانەی کە حکومەت لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە کردوویەتی، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە بە ڕاستی لە لیژنەش ئێمە زۆر گفتوگۆمان کرد لەگەڵ خوشك و برا بەڕێزەکان لە لیژنەی دارایی نازانم چۆن نەتیجە گەیشتینە ئەوەی بینێرین نازانم بە زۆرینە بوو بە زۆرینە و کەمینە بوو تەوافوق بوو چی بوو بە هەر حاڵ من ئەو بۆچوونەی کاك زانا بە دروست دەزانم نابێت ئەگەر هەموارێك دەکرێت یاسایەك دەکرێت هۆیەکی مەعقول هەبێت بۆ دەرچوواندنی دەبوو جەنابی وەزیری دارایی بێتە ئێرە پێمان بڵێت ئەم هەموارە چی لە ژیانی خەڵك دەگۆڕێت چ شتێك ڕاست دەکاتەوە و چ شتێك باش دەکات، تەنانەت لە هۆیەکانی دەرچوواندنیش کە نووسراوە لە پێناو دووبارە پەیکەربەندی و ڕێکخستنەوەی چاودێریکردن و بەدواداچوونی کاروباری کۆمپانیاکان چاودێری کردنی کاری کۆمپانیاکان بە چ سیستەمێك بە چ یاسایەك خۆ نابێت حکومەت دەستکراوە بێت و خەریکی شەریکایەتی بێت لەگەڵ کۆمپانیاکان بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێت ڕێك بکەون و بەرژەوەندی خەڵکیش لەولا تەحقیق نەبێت، بۆیە من هیوادارم هەموو خوشك و برایانی پەرلەمانتار ئەم پڕۆژە یاسا هەموارە ڕەت بکەنەوە و هیچ جەدوایەکی نییە و ئەسڵەن خراپیشە بەم جۆرە حکومەت لێگەڕێین هەموار بنێرێت بۆ کاری نایاسایی ئەسڵەن ئەمە هەموزارێکە بۆ کاری نایاسایی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرموو، با کاك شێخ ظاهر تەواو بێت کاك زیاد.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕاستی دیارە ئەو بابەتە بابەتێکی گرنگە ئەم یاسایە هاتووە وەکو ئەمری واقیع موناقەشە بکرێت و گفتوگۆی لە سەر بکرێت و یاساکەش دەربچێت، بەڵام ئەوەی لەوە گرنگترە ئەوەیە کە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان یاسایەکی قانوون تەئمینمان هەبێت قانوون تەئمینی سەربەخۆمان هەبێت بە ڕاستی ئینجا قانون تەئمینی لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتییە بە هەر شێوەیەکە لە خزمەت هاووڵاتیان بێت جێی بکرێتەوە، بۆیە من ماددەی (٢) بە ڕاستی لە زۆربەی یاساکان هاتووە پێویستە وشەی پێویستە لە عەرەبیەکە ئەگەر تەماشا بکەین (علا)یە، بۆیە پێویستە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن پێم باشە سیاغەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو قانونە تەئمینەی عێراق کە هاتووە دیوانی تەئمین دروستکراوە لە جیاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەئمین، یەعنی عێراقیش وزی لە شەریکەی وەتەنی تەئمین هێناوە

ئەگەر ئـێمە قـانونە مەوزوعیـیەکەی عێـراقیش بێنـین جێبەجێـی بکەیـن کە لە سـاڵی (٢٠١٦) دەرچـووە عێـراق خـۆی پرۆسـەی تەئمـین بەڕێـوە نابـات ئێسـتا وەکـو دەوڵەت دەسـتبەرداری ئەنجامـدانی عەمەلـیەی تەئمـین بـووە وەکـو دەوڵەت یەك فەرقـی هەیە لەگەڵ ئەمەدا لە جیـاتی ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەئمین هەبێت لە عێراق دیوانی تەئمین هەیە لە عێراق.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە مـن نامەوێـت بچـمە ئەو بـابەوە کـام جـۆرە سیسـتەمی حـوکمڕانی کـام جـۆرە لە تەئمینـی پێویستە، بەڵام ئەوەی کە جەنابت باست کرد ئێستا دووبارەی دەکەمەوە ئەو پێشـنیازە یاسـایەی ئـێمە ئێسـتا ئامـادەیە، بـۆ ئەوەی ئێسـتا ئەنـدامانی پەرلەمـان ئامـادەی بـکەن بـۆ ئەوەی ئەو قانوونەمـان هەبێـت بـۆ تەئمـین، ئەوە یەك دووەم مامۆسـتا عمـر باسـی کـرد زۆربەی برادەرانـی لیژنەی دارایی لێرەن تاوەکو ئێستا لە لیژنەی دارایی هیچ شتێك بە زۆریـنە و کەمیـنە تێنەپڕیـوە، هەتـا لە قـانوونی ژمـارە (٢)ی سـاڵی (٢٠٢٠) کە زۆر گرنـگ بـووە هەر بـڕگەیەك کە نەمانویسـتووە بخرێتە دەنگدان ئیلا هەموو بە کۆی دەنگ پشتیوان بووین، هـیچ شـتێك بە زۆریـنە و کەمیـنە لە لیژنەی ئێمە تێنەپەڕیوە مامۆستا عمر خۆشـی لەوێ بـوو نـازانم بـۆچی بیـری چـۆتەوە، ئەگینـا بە زۆرینە و کەمینە تێنەپەڕیووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمـان سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان ئـالیەتەکەی دیـارە بـۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ پرۆژە یاسا و پێشـنیازە یاسـاکان دەنێـرینە لیـژنە و لیـژنە راپـۆرتی نووسی خوێندنەوەی بۆ دەکەین زیـاتر لە سێ ئەنـدامی پەرلەمـان داوای کـردووە ئەسـڵەن ئەمە هەر نەبێتە قانوون دەتوانن وەکو بژاردەیەك لیـژنە تایبەتمەنـدەکان و لیـژنەی قـانوونی بەیەکەوە دایبنێن، بەڵام سەبارەت بەوەی قانوونێکی مەوزوعیمان هەبێت بۆ رێکخسـتنی ئەعمـالی تەئمـین کاری تەئمین، لە راستیدا حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان خۆشـیان ئەوە دەزانـن ئەو فەراغەمـان هەیە وەکو کاك زیاد باسی کرد ئێمە چاوەڕێ دەکەیـن لیـژنەی دارایـی پێشـنیازە یاسـایی خۆیـان پێشکەشـی سـەرۆکایەتی بـکەن، بـۆ ئەوەی هەمـاهەنگی بـکەن لەگەڵ حکـومەتی هەرێمـی کوردستان، سـەبارەت بەوەی کە هەرێمـی کوردسـتان قـانوونێکی تـازەی بـۆ رێکخسـتنی تەئمـین هەبێت کە لەگەڵ هەڵومەرجی ئێستا بگونجێت، ئەگەر نیزامییە فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە چوارچێوەی قسەکانی جەنابتدا ئەوە سێ مانگ زیاترە ئەو قانوونە لە لیژنەی دارایـیە ئەو دوو فەقەرەیە تێپەڕێـنن، تێنەپەڕێـنن، چـۆن تێپەڕێـنن، ئەگەر تێپەڕێـنن قـازانجەکەی چییـە گەیشـتە ئەوەی جەنابـت خـۆت بێـیە لیـژنە و قەنـاعەت بە ئـێمە بـکەی کە ئەم شـێوازەی هەیە تێبپەڕێـت ئەگەر تێنەپەڕێت ئەو فەراغە یاسـاییەی هەیە ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان ئەگەر ئەمە نەڕوات ئێستا وەزارەتی دارایی بە کەیفی خۆی چاودێری دەکـات، یەعنـی هـیچ قانونێـك نیـیە بـۆ ئەوەی موراقەبە بکات ئەمە مولزەم دەکات کە چاودێری دەکـات بەو شـێوەش رێککەوتـین لەگەڵ بەڕێـز

سەرۆكی پەرلەمان رۆژێك جەنابت موقابەلەكت هەبوو لەم پەرلەمانە باسی كرد ئێمە قانونێك هەر كاتێك پێویست كرا لەو وڵاتە بۆشاییەكی قانوونی هەبێت قانوونێك لەو پەرلەمانە دەردەچێت وابوو؟ ئێستا بە راستی بۆشاییەكی زۆر هەیە لە سەر مەسەلەی ئەم بابەتە هی دڵنیایی ئێمە وەكو لیژنەی دارایی نە داوا دەكەین بەڕێز كاك زیاد لەوێیە و هەموو متمانەمان پێیە، داوا دەكەین سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان نامەیەك بۆ بەڕێز سەرۆكی حكومەت بنێرن بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەمە بۆشاییە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان رێگای داوە پەرلەمانتاران پرۆژە یاسا و پێشنیازە یاسا ئامادە بكەن، وەكو پرۆژە ئەگەر نەكەن ئێمە لێرە ئەو فەراغەی كە لێرە هەیە وەكو پەرلەمانی كوردستان دركی پێ دەكات پڕی دەكەینەوە من لەگەڵ ئەوەم ئەوەی كە ئێستا هەیە بۆ ئەوەی بۆشاییەك پڕ بكەینەوە با تێبپەڕێت وەعدێك بدەین هەموو پەرلەمانتاران ئەو یاسایە ئامادە بكەین، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە لە سەر ئەساسی ئەو بەڵێنەی كە بە لیژنەی داراییمان دابوو پێشنیازە یاسایی تەنزیمی تەئمینمان حازر كردووە و داومانە بە سەرۆكی لیژنەی دارایی لە سەر جەنابتان عەرزە ئەگەر پێتان باش بوو ئێمە راستەوخۆ دەینێرین بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان دەڵێین پەرلەمانی كوردستان، لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی كوردستان و پەرلەمانتارانی كوردستان لە روانگەی درك كردنیان بەو فەراغە یاساییەی كە لە تەنزیمی مەوزوعی تەئمین هەیە ئەم پێشنیازە یاساییەتان بۆ دەنێرین بۆ ئەوەی دیراسە بكەن و رامان پێ بڵێن بەڕێزان كاك زیاد پێشنیازە یاساكەمان نەداونەتێ بۆ ئەوەی جەنابت عەرزی بكەی؟ تەواو بووە دەبێت عەرزی بكات لە سەر لیژنە ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەڵێت موبەڕڕەكە ئەوەیە لایەنی رەقابی بە سەر شەریكاتی تەئمینەوە نییە، ئەگەر وا بێت لایەنی رەقابی بەسەر شەریكاتی كوالێتی كۆنترۆڵیشەوە نییە بە چ قانون لایەنی رەقابی بە سەر سۆنار نییە لایەنی رەقابی بە سەر تەعقیمیشەوە نییە، بەڵام ئەم كۆمپانیایە عەقدی بۆ كراوە لە عەقدەكە خاڵەكانی دیاریكراوە وەزارەتی دارایی كە عەقد دەكات ئۆتۆماتیكی خۆی بەرپرسە لەوەی چاودێری عەقدەكە بكات، ترسەكەی ئێمە ئەوەیە دەمانویست موئەسەسانە كە تەنیا پارە وەردەگرن لە سەر سەیارە لابرێن و دەوڵەت بیكات ئێستا شەرعیەتێكی قانونی پێ دەدرێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت یەعنی فكرەكەمان روونە كە چییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئێستا هەیە كۆمپانیای تەئمینی نیشتیمانی ئەو پرۆسەیە بەڕێوە بات؟

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەت بەڕێوە دەبەن پێشتر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەئمین پرۆسەكەی بەڕێوە دەبرد لە دەوڵەتدا لابران...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زیاد بە بێ مۆڵەت قسە مەکە، کاك علی ئێستا ئێمە ئەمە دەخەینە بەر دەستی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان و بە دەنگدان دواتر یەکلایی دەبێتەوە و تەواو، بڕۆنە سەر ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لە سەر ماددەی (٣) قسەی هەیە؟ ماددەی چوار بخوێننەوە.

**بەڕێز سارا دلشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کێ قسەی هەیە لە سەر ماددەی چوار؟ هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن

لە پێناو دووبارە پەیکەربەندی و ڕێکخستنەوەی چاودێریکردن و بەدواداچوونی کاروباری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و گۆڕینی کۆمپانیایی گشتی دڵنیایی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە هەرێم ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە؟ بەڵێ کاك علی.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان تەئکید دەکەمەوە فەراغی چاودێری نییە بڕۆن هەموو کۆمپانییەکی تەئمین کە ئێستا ئیش دەکات بە عەقدێك ئیش دەکات کە لەگەڵ وەزارەتی دارایی کردوویەتی لە هەموو عەقدەکاندا ڕێ و شوێنی چاودێری دیایکراوە، بۆیە بە ڕاستی هیچ فەراغێکی چاودێری نییە بۆ شەریکاتی تەئمین ئەی ئێستا چەند ساڵە شەریکاتی تەئمین ئیش دەکات کێ چاودێری دەکات؟

یەعنی بێ چاودێری بەڕێوەچووە ئەی ئیشی دادگا چییە؟ بە پێی عەقدەکە بڕوات ناکرێت لە دادگا سکاڵا بکات؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان زۆر سوپاس بۆ هەر دوو لیژنەی بەڕێز یاسایی و دارایی بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |